# پرسی کوردو پەیوەندییەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرەو گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی¬ بەگشتی دەدات.

رۆبێرت ئۆلسۆن

وەرگێڕانی بۆ کوردی:
ڕەفعەت موڕادی

# پرسی کوردو پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو تورکیا

پرسی کوردو پەیوەندییەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا
نووسین: ڕۆبێرت ئۆلسۆن
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕەفعەت مورادی
دیزاین: کەمال حامد
هەڵەبڕی: داسیار محمد حمەصالح
تیراژ: 750 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2023
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
چاپ: چاپخانەی حەمدی
زنجیرە (560-58)

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (١٥٣٨) ی ساڵی پێدراوە

**بەڕێوەبەری هونەری**
**ئەمیرە عومەر**

**بڵاوکراوەکانی**
**مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری**

www.pukhoshiari.com inf@pukhoshiari.com

# پێرستی بابەتەکان


پێشەکی ........................................................................ ٩

پرسی کوردو پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ساڵی ١٩٨٨ .............................. ١٩

**بەشی یەکەم: زەمینەی تیۆریی‌و پرسی کورد لەتورکیا لەڕوانگەی مێژوییەوە** ............................................. ٣٧

پرسی کورد لە روانگەی مێژویی لەتورکیا .............................. ٤٧

**بەشی دووەم: پرسی کورد لە ئێران** ............................................ ٥٧

هاوکاریی تورکیاو ئێران لەدژی کورد لەساڵانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم ................................................................ ٦٤

کۆماری کوردستان(مەهاباد) و کاریگەرییەکانی ......................... ٧١

**بەشی سێیەم: لە شۆڕشی ئیسلامی ئیرانەوە بۆ شەڕی کەنداو** ....................................................................... ٧٩

**بەشی چوارەم: پرسی کورد پاش شەڕی کەنداو** ................ ١٠٩

رێککەوتن‌و بەڵێننامەکانی نێوان ئیران‌و تورکیا بۆ رێگری لەدروستبوونی دەوڵەتی کوردی ............................................. ١١٥

رێککەوتنە ئەمنییەکانی نێوان ئێران و تورکیا پاش شەڕی کەنداو و تا ساڵی ١٩٩٥...................................................... ١٢٣

**بەشی پێنجەم: پرسی کورد و بزاڤی ئیسلامی لەتورکیا**...... ١٢٩

ڕووداوی سنجان‌و دەرنجامەکانی ........................................ ١٥٢

**بەشـی شەشـەم: ئیسـرائیل، ئیسـلامگەراکان‌و بڕیـاری دادگای میکۆنـوس (هاوپەیمانێتـی تورکیـاو ئیسـرائیل‌و کارلێکـەری لەسـەر پەیوەدندییەکانـی ئیـران – تورکیـا) .........................** ١٥٧

پرسـی کـورد، چالنجـی ئیسـلامگەرایان‌و ڕووخانـی کابینـەی ئەربـەکان ........................................................................ ١٧٣

**بەشـی حەوتـەم: پرسـی کـورد لـە١٩٩٧ و هێرشـی تورکیـا بـۆ باکـووری عیـراق ..........................................................** ١٨٣

داڕووخانی حزبی ڕەفا لە دەسەڵات ........................................ ١٩٣

**بەشـی هەشـتەم: پرسـی کـوردو کاریگەرییەکانـی لەسـەر سیاسـەت‌و خواسـتی جیۆپۆلیتکـی‌و جیۆسـتراتژیکی ئیـران لـە دەیـەی ١٩٩٠ ........................................................................** ٢٠٥

پرسـی کـوردو کاریگەرییەکانـی لەسـەر سیاسـەت‌و خواسـتی جیۆپۆلیتیکی‌و جیۆستراتیژیکی تورکیا لە ١٩٩٠ .................... ٢٢٠

ئەنجام گیریی١ ........................................................................ ٢٢٦

**پاشـکۆ( پەیوەندییەکانـی ئیـران‌و تورکیـا لـە١٩٩٧–٢٠٠١ پرسـی کـوردو ئیسـلام ) ..........................................................** ٢٣٣

ماجەرای دوو سەرۆک شارەوانی ........................................ ٢٣٩

ماجەرای کاواکچی ........................................................................ ٢٥٠

ئایا کێشمەکێشی نێوان ئێران‌و تورکیا شەڕی لێدەبێتەوزە؟!...... ٢٥٧

ئەنجامگیری ٢ ........................................................................ ٢٩٥

# سپاسگوزاریی

پێمخۆشە سپاسی هەریەک لەهاوکارانی خۆشەویست بەرێـزان: کریسـتن سـتەیپڵتۆن، دۆن رۆناڵـد، بـروس ئیسـتوود و دەیڤـد ئۆڵسـتەر بکـەم کـە لەگەرمـەی کارو سـەرقاڵبوونیان لـە نیوەی ساڵو لەپاییزدا کاتی خۆیـان دانا بۆ پێداچوونەوەی ئەم دەستنووسـە، لەم پەیوەندییەدا بەرێـز کریسـتن ئەوپـەری لوتفـی نوانـد ئەمـەش تەنیـاو تەنیـا لەکەسـێکی بێپـەروای وەک ئـەو چـاوەڕێ دەکـرا. هەروەهـا جێـی خۆیەتـی سپاسـێکی تایبەتـی ئەنجلێـک گلاسـکیس بکـەم بـۆ قەڵەمـە بەبڕشـتەکەیو چـاوە تیژەکانـی، بەڕاسـتی لوتـفو مێهرەبانـی بەرێزیـان بـە قووڵـی هەسـت پێدەکەم.هاوڕێیانـی گیانـی بـە گیانـی، هاوسـەفەرەکانم ئـارت رۆبێڵ، جۆن کاوێڵتـی نیشـانیاندا لەتوانایدندایـە نموونـەی چاپکـراوی لـەم چەشـنە ورتـر لەخـۆم بخوێننـەوە.

لەڕاسـتیدا بەهـۆی ئـەو هەمـوو تاقـەتو حەوسـەڵەی لەگوێگرتـن بـە وتـە پـەرتو بڵاوەکانـم کـە بـەدەم پیاسـەکردندا لەخۆیـان نیشـانی دەدەن چێـژ وەردەگـرم، سپاسـی نـادر ئینتیسـار دەکـەم کـە لوتفـی نوانـدو هەنـدێ تێبینـی بەنرخـی پێـدام، هەروەهـا بەرێـز دکتـۆر ئەحمـەد جەبـاری کـە بـۆ دەسـپێکی پـرۆژەی

لێکۆڵینـەوەو خوێندنـەوەی نـوێ لەسـەر کـورد هانیـدام ئـەم کتێبـە بنووسـم دواجـار دەمـەوێ بڵێـم بەهـۆی هاوکارییەکانییـەوە ڕێـزی زۆرم هەیـە بـۆ بەڕێـز جودیت.

# پێشەکی

خۆشحاڵم ئەم نووسینەم وەک دەسپێکی کردنەوەی گەڕی نوێی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە لەسەر پرسی کورد لە ڕێگای دەزگای چاپو پەخشی مەزدا دەخەمە ڕوو، بەرێز دکتۆر ئەحمەد جەباری خاوەنی ئەم دامەزراوەیە سوورە لەسەر ئەوەی بە چاپو وەشانی گەڕی نوێی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی پرسی کورد باشترینو نوێترین بەرهەم لە بواری ئەدەبو سیاسەت و کەلتووری کوردی بخرێتە بەر دیدەی هۆگرانو خوێنەران.

بۆیە ئێستاکە کاتی لەبارە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم ئامانجە چونکە مێژوی کوردو ئەو ڕۆڵەگرنگەی ئەم گەلە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەمێژوی ئیسلامدا بینیویەتی، ئەمانە پرسگەلێکن کە لەلایەن لیکۆڵەران و تویژەرانی بواری رۆژهەڵاتناسیو ئیسلامناسیدا پشتگوێ خراون! هۆکارێکی ئەم پشتگوێ خستنە ئەوەیە پرسی خۆرهەڵاتناسیو ئیسلامناسی زەمەنێکی زۆر لەلایەن ئەو زاناو لێکۆڵەرە ئەمریکی و ئەوروپیانەوە قۆرخ کرابوو و زیاتر گرنگییان بە مێژوی وڵاتانی عەرەبو تورکیا و ئێران دەدا! لە ڕاستیدا ڕێژەی ئەو کتێبو نووسراوانەی لەماوەی بیستو پێنج ساڵی ئەم دواییە لەسەر مێژوی یەهوود نووسراون لەکۆی ئەو نووسراو و کتێبانەی لەبارەی

مێژوی کورد نووسراون زیاتره! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە کە لێکۆڵەرانو مێژونووسانی ئەوروپیو ئەمریکی لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا لەسەر پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئیسلام گرنگی زیاتریان بە کەلتوورو مێژوی وڵاتانی عەرەبو تورکیەو ئێران داوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین کەمی بەرهەمو لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە لەسەر پرسی کورد ڕەهەندو هۆکاریتریشی هەبوەو هەیە، وەک لەم نووسینەدا دەردەکەوێت لێکۆڵینەوەی لەمجۆرە بەدڵنیاییەوە خزمەت بە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەمپریالیستی بەتایبەت ئەمپریالیزمی بریتانیای گەورەی دەکات. بۆیە چاکتر وایە ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیو جیۆستراتیژیک گرنگی بە پرسی کورد بەتایبەت ئەو پرسانە بدات کە لەماوەی پێنج سەدەی ڕابردوو و ئەم دوو دەیەی دواییەدا ڕوویانداوە.

تەوەری سەرەکی ئەم کتێبە پرسی کوردە واتە ئاستەنگەکانی بەردەم بزوتنەوەی کوردو ناسیۆنالیزمی کوردیو کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیە و ئێران! هەڵبژاردنی ئەم تەوەرە بۆ من چەند هۆکارێکی لەپشتەوە بوو لەوانە:

یەکەم: ئەو کتێبو لێکۆڵینەوە کەمانەی لەبەر دەستە بەشێوەی گشتی تەرخان کراون بۆ پرسی کورد لەعێراق، وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا

هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوەی بـۆ ئـەوەی هەژمـوونو ئامانجـی بریتانیـای گـەورە لەخۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەپـاش شـەڕی جیهانـی یەکـەم زیاتـر کونترۆڵکردنـی عێـراق بـوو کـە کـوردەکان لـەو هاوکێشـەیەدا ڕۆڵـی سـەرەکییان دەبینی، گومانـی تێدا نییە لـەڕووی میژوییو سیاسـییەوە کـورد لەعێـراق ڕۆڵـی یەگجـار بەرچـاوی بینیوە، دەرنجامـی شـەڕی ١٩٩١ ی کەنـداو بەڵگەیـە بۆ ئـەم وتەیـە بـەڵام نەتیجـەو دەرهاوێشـتەکانی شـەڕی کەنـداو لەهەمانکاتـدا ئەوەمـان بـۆ پشتڕاسـتدەکاتەوە کـە تورکیاو ئێـران رۆڵـی سـەرەکییان لـەو هاوکێشـەیەدا هەبووە وەک چۆن ڕۆڵیـان هەیـە لەرووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ هاتنەئـارای ناسـیۆنالیزمی کوردیدا، واتـە هەمـان ئـەو شـتەی کـە بـۆ خـۆی لەڕەهەنـدە ناوخۆییەکانـدا بـە کێشـەی کـورد نـاوی دەبـنو لەپەیوەنـد لەگـەڵ سیاسـەتی دەرەکیدا بە« پرسـی کـورد «باسـی دەکـەن.
مـن هەوڵمـداوە ڕاسـتییەکانی پەیوەسـت بە«کێشـە«و پرسـی کـورد لەپەیوەنـدی لەگـەڵ سیاسـەتی ناوخۆیـیو دەرەکـی هـەردوو وڵاتـی ئێـرانو تورکیـا لـەم لێکۆڵینـەوەدا هەڵینجێنـم، تورکیـاو ئێـران لەگـەڵ کێشـەی کورد بـەرەو ڕوون لـەم نێونجـەدا حەشـیمەتی بەرچـاوی کـورد بـۆ خـۆی هـۆکاری سـەرەکییە لەگەورە بوونـی ئـەو کێشـەیە بۆ هـەردوو وڵات، بەپێـی ئامـارە نافەرمییـەکان حەشـیمەتی کـورد لـە تورکیـا نزیکـەی ١٢ تـا ١٤ ملیـۆن کەسـە واتـە بەرێـژی ١٨بـۆ

٢١٪ی حەشیمەتی شەستو پێنج ملیۆنی تورکیا[١] کێشەی کورد لە تورکیاو تێکەڵبوونی لەگەڵ پرسی کورد بەگشتی پتر لە دەیەیەکە سیاسەتی تورکیای بەخۆیەوە مەشغوڵ کردووە، خستنە ڕووی هەندێ ئامارو ئەرقام لەم هاوکێشەیەدا گرنگی ئەم پرسەمان بۆ دەخاتە ڕوو، تورکیا لەماوەی ئەم دەیەی دواییەدا نزیکەی ٤٠٠٠٠٠سەربازی لەخۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵاتی وڵاتدا جێگیر کردووە، تێچووی شەڕ لەگەڵ پ ک کو سەرکوتی گەلی کورد تا ساڵی ١٩٩٧ بۆ ئەو وڵاتە ١٠ملیارد دولاری بەدواوە بووە، ئەمەش ئەو ٣ تا ٤ ملیار دولارە لەخۆ ناگرێت کە لەبەشەکانیتری ئابووریدا خەرجی دەکات، کەچی لەبەرابەر ئەم خەرجە زۆرانەدا سێ هەزارو شەشسەد گوند وێران بووەو زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژنامەنووس کەزۆربەیان کورد بوون بوونەتە قوربانی، پتر لەسێ هەزارکەسیتر لەو پەیوەندییەدا گیانی خۆیان لەدەستداوە کە چۆنیەتی کوژرانیان هێشتا بەشاراوەیی ماوەتەوە ! دەرنجامی ئەم شەڕو پاکتاوە ڕەگەزییە کە ئەنقەرە بە مەبەستی بێبەشکردنی پ ک ک لەدەستەبەرکردنی ژینگەیەکی یەکدەستو هاودەنگ پەیرەوی کردووە سەرگەردانی

---

(١) پێدەچیت ئەم ئامارانە ئاماری دەیان ساڵ پێش وەرگێڕانی ئەم کتێبە بێت بۆ سەر زمانی کوردی ئەگینا لەئێستادا داتاکان پێمان دەڵێن ژمارەی دانیشتوانی کورد لەتورکیا بۆ سەروی ٢٥ ملیۆن کەس بەرز بۆتەوەو کوردی ئێرانیش لەسەروی ١٢ ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت(و-کوردی).

و ئاواره بوونی سێ ملیۆن هاووڵاتی کوردی بەدواوە بووە کە بەناچاری ڕوویان کردۆتە شارەکانی خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵاتو تەنانەت ئەنقەرەو ئەستەمبوڵو ئەزمیر لەبەشەکانیتری وڵات، بەهۆی ئاوارەبوونی ئەم حەشیمەتە زۆرەوە ئێستاکە نیوەی دانیشتووانی هەندێ لەشارەکانی لیواری مەدیتەرانە کە لەماوەی بیستو پێنجساڵی ڕابردوو کوردی تێدا نەبووە کورد بووەتە پێکهاتەی سەرەکی ئەوناوچانە.

کێشەی کورد یان بە قەولی تورکەکان»واقیعی کورد» کە تورکەکان کەمتر هەستیان پێکردووە ئەوەندە ئاشکرایەو ئەوەندە قورسایی داناوە کە دەوڵەتی تورکیاو دەزگای سانسۆری ئەو وڵاتە لەم دواییەدا ڕێگای بە زاناو لێکۆڵەری تورک واتە کەمال ئیشکجیو هاوکارە بریتانیاییەکەی «گارت ڤینرۆ» داوە کتێبێک بە ناوی»پرسی کورد لەتورکیا نموونەی کێشمەکێشێکی نەتەوەیی لەسەروی سنوورەکان» بڵاو بکاتەوە! ئەمە یەکەمین کتێبی لەم چەشنەیە کە بەزمانی ئینگلیزی لەتورکیا بڵاو دەبێتەوەو بە شێوەیەکی جیدیو میتۆدیانە ئەم چالنجو ئالینگارییە دەخاتە بەرباس کە لەدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە١٩٢٣ تاکو ئێستا بەرەو ڕووی دەوڵەتی تورکیە بۆتەوە.

بەڵام بەدووری دەزانم دەوڵەتی ئێستای تورکیا یان هەر دەوڵەتێکیتری ئەو وڵاتە ئەو ڕێکارو چارەسەرانەی نووسەرانی ئەم کتێبە خستویانەتە

ڕووو بەهەنـد وەربگرێـت. هـۆکاری ئـەم ڕەشـبینییە ئەوەیـە زەمینـەی تێڕوانیـن‌و سـەرنج‌و تێبینییەکانـی کەسانی وەک ئیشکجی‌و ڤینـرۆ لـەڕووی جیۆپۆلیتیکی‌و جیۆسـتراتیژیکییەوە ئەوەنـدە بەریـن نیـن تورکیـا ناچـار بـە بەردەوامـی شـەڕ لەگـەل پ ک کو هاوتەریـب لەگـەڵ ویشـدا خەریکـی پاکتـاوی ڕەگـەزی بێـت لەناوچەکوردییـەکان بەتایبـەت بەدرێژایـی سـنوورەکانی عێـراق‌و سـوریە! لـەم کتێبـەدا هەوڵـدراوە ئـەم زەمینـە جیۆپۆلیتیـک‌و جیۆسـتراتیژییە بخرێتـە پێـش چـاو.

ئـەو کێشـانەی کـە لێکۆڵـەرە تورکـەکان لەنووسـین‌و وتـارو تۆژینەوەکانیـان سـەبارت بـە پرسـی کـورد لەگەڵیـدا بـەروڕوون «مەتیـن هیپێـر» سـەرۆکی کۆلیجـی زانسـتە ئیدارییـەکان‌و وانـە کۆمەڵایەتیەکانـی زانکـۆی «بیل کێنت» کـە بـە یەکەمین زانکـۆی تورکیا ئەژمـار دەکرێت بەجوانـی وسـف‌و وێنـای دەکات، هیپێـر ڕەنگە بەناوبانگترین نووسـەری تورکیا بێت لـە بواری سیاسـیدا، ناوبـرا لەگۆڤاری»هێـزە چەکدارەکان» سـەبارەت بـە سـپاو دیموکراسـییەت لەتورکیـا بـەم ئەنجامـە دەگات کـە: «سـپای تورکیـا کـە لـە پێگـەی بـاڵاو تۆکمـەی خۆیـان لەحکومەتـدا دڵنیـان لەبـەر خۆبواردنیـان لەشـەڕی ڕۆژانـەو بەردەوامـی سیاسـیدا دەتوانـن چاوپۆشـی لـە زۆربـەی دەسـەڵات‌و ئیمتیازاتـی خۆیـان بکـەن. سـاڵێک دواتـر هـەر ئـەم شەخسـە لـە گۆڤاری»ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت» لەژێـر نـاوی ئیسـلام‌و دیموکراسـی لـە تورکیـا دەنووسـێت: ئیسـلام

و دیموکراسی بۆیان هەیە لێک نزیک ببنەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە لایەنگرانی توندڕەوی پرسی جیایی دین لەسیاسەت واز لەسەپاندنی ڕەنگرێژیکردنی شێوەی دڵخوازی ژیانو زاڵکردنی بەها ئایدیۆلۆجییەکانیان بەسەر ئیسلامگەراکاندا بهێنن و لەبەرامبەردا ئیسلامگەرایان کار بۆ ئەوە نەکەن بە کردەوە یان بە گوفتار بنەما دیموکراتییەکانی سیستمی سیکۆلاری تورکیا پێشێل بکەن! کەچی سەرەڕای خستنە ڕووی ئەو ڕاو بۆچوونە لەماوەی کەمتر لە شەش مانگ پاش بڵاو بوونەوەی ئەم وتارە هێزە چەکدارەکانی تورکیا نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی دەوڵەتی یاساییان لەکار خست! پاش ئەم نافەرمانییە فەرماندەکانی سپا بەوە پاساویان هێنایەوە کە کۆنەپەرستیی بزوتنەوەی ئیسلامی هەڕەشەیە بۆ سەر وڵات!ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەو تۆژینەوەو لێکۆلینانەی کە لەم دواییەدا لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کراون تا چ ڕادەیەک دوورن لە واقیع! من ئۆمێدوارم ئەم نووسینە بەشێک لە پێشبینییە نابەجێکانی پەیوەست بەم پرسە ڕاست بکاتەوە.

کێشەی کورد لەئێران پێکهاتەو کابینەی دەوڵەتو بەگشتی دەوڵەتی ئێران وەک ئەوەی لەتورکیا دەگوزەرێت ناخاتە بەر مەترسی بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی کەمایەتییە، ژمارەی دانیشتووانی کورد لەئێران لەدەوروبەری شەش تا دە ملیۆن کەسە بەواتایەکیتر ١٠٪ حەشیمەتی شەست

ملیۆنـی ئێـران پێـک دەهێنـن[1] ئاسـتەنگی نەتەوەگەرایـی کـوردی ئێـران سـەرەڕای ئـەو ڕاسـتییە کـە یەکەمیـن کۆماری سـەربەخۆی کوردی لـە سـاڵی ١٩٤٥- ٤٦ لـەو وڵاتـە هاتـە ئـاراوە کەچـی بەدرێژایـی سـەدەی بیسـتەم کێشـەو گرفتـی کـوردەکانو دەوڵەتـی ئێـران لەئاسـتی کێشـەو ناکۆکییەکانـی کـوردو دەوڵەتـی تورکدا نەبـووە، بـەڵام دروسـتبوونی کۆمـاری کـوردی مەهابـاد!» کۆمـاری کوردسـتان»[2] هەرچەنـد کـە ڕەنگدانـەوەی ڕۆحـی نەتەوەخـوازیو ئیـرادەی گەلـی کـورد بـوو بەلام نابێ ڕۆڵو دەرهاوێشتەی سیاسـەتەکانی سالآنی دوای کۆتایـی شـەڕی جیهانـی دووەمو ململانێـی شـەڕی سـاردی نێـوان جەمسـەرە جیهانییـەکان لەبـەر چـاو نەگـری.

پـاش شـۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران دەوڵەتـی تـازە دەسـتبەکاربووی ئێـران بـە پێداگـری لەسـەر ئیسـلامو بـاوەڕو بەهـا ئاینییـەکان بەهـۆی ئامـرازی ئاینییـەوە

---

(١) نووسـەر وەک چـۆن سـەبارەت بـە ڕێـژەی کـورد زانیارییەکانـی کۆنـن بەوجـۆرەش ڕێـژەی کـوردی ئێرانـی بەکـەم داوەتـە قەڵـەم و دەکرێ بڵێن ژمارەی دانیشـتوانی کورد لەئێران لەسـەروی ١٢ ملیۆن کـەس مەزەنـدە دەکریـت کـە سـەرەڕای چـوار پارێـزگای کرماشـان، ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا، کوردسـتانو ئیـلام لەشـارەکانی هەمـدانو تـاران و بەرێژەیەکـی بەرچـاو نیشـتەجێن. و کـوردی

(٢) پێدەچێـت نووسـەر کۆمـاری کـوردی مەهابـادی لەزمانـی خەڵکانی غەیەری کوردەوە وەرگرتبێت ئەگینا ئەم کۆمارە کوردییە بـە سـەرۆکایەتی قـازی محەمـەد نـاوی کۆمـاری کوردسـتان بـووەو لەمەهابـاد دامـەزراوە. و کـوردی

توانـی ڕێگـری بـکات لـە گەشـە سـەندنی ناسـیۆنالیزمی کـورد واتـە ئامرازێـک کـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا لێـی بێبـەری بـوون !لەتورکیا پاش ئـەوەی سـپای ئـەو وڵاتـە لـە ١٩٨٠ دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت جەنراڵەکانـی سـپا هەوڵیانـدا ئـەم ئامـرازە لـە دژی چالنجـی چەپـەکان بـەکار بـەرن بـەڵام ئـەم ڕەوتـە لەباتـی ئـەوەی ڕێ لەگەشـەکردن‌و فراوانبوونـی ناسـیۆنالیزمی کـورد بگرێـت ڕێـگای بـۆ زیاتربوونـی هەمـوار کـرد!

ئەمـەش نیگەرانـی لای ئێـران دروسـت کـرد، ئێـران لـەوە نیگـەران بـوو کـە نارازیبوونـی ئەنقـەرە لـە هەمبـەر هاوکارینەکردنـی ئێـران بـۆ لاواز کردنـی پ ک ک تورکیـا ناچـار بـکات پشـتگیری لـە بزاڤـی ناسیۆنالیسـتی ئازەریەکانـی ئـەو وڵاتـە بـکات کـە ژمارەیـان بـە زیاتـر لـە دە ملیـۆن کـەس لەوانـە ١٦,٥٠٪ کـۆی حەشـیمەتی شەسـت ملیۆنـی ئێـران دەخەملێنرێـت. ئەمـەش وایکـردووە کـە ئێـران پرسـی کـوردو تـورک بەیـەک پاکیـج سـەیر بـکات‌و بەیەکـەوە بیانبەسـتێتەوە.

یەکێـک لەلایەنـە سەرنجڕاکێشـەکانی لێکۆڵینـەوەو خوێندنـەوەی لەسیاسـەتی دەرەکـی ئێـران ئەوەیـە کە ئەم ناوەندانـە گرنگییەکـی ئەوتـۆ بـە پەیوەندییەکانـی ئێران‌و تورکیـا نـادەن وەک ئـەوەی بیانـەوێ لەخوێندنەوەیـان بـۆ پرسـی سیاسـەتی دەرەکـی ئێـران تەنیـا گرنگـی بـە پەیوەندییەکانـی ئـەو وڵاتـە لـە گـەڵ ڕۆژئـاواو ئەمریـکاو پرسـی کەنـداو بـدەن! ئـەم مەیـل‌و ئاراسـتە سـتراتژییە لـە میانـەی دوو لێکۆڵینـەوە لەباشـترین لێکۆڵینەوەکانـی

ئەم دواییە کە لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئێران کراوە دەکەوێتە بەرچاو.

لەلێکۆڵینەوەی یەکەم لەکتێبی»پاش خومەینی، ئاراستەی نوێ لەسیاسەتی دەرەکی ئێران « لە نووسینی ک. ل. ئەفراسیابی بەدەگمەن باسی تورکیاو ئێرانو کوردەکان کراوە، لە لێکۆلێنەوەی دووەمدا لەژێر ناوی «پاش خومەینی، کۆماری دووەمی ئێران لە نووسینی ئەنەوشیروانی ئیحتیشامی هەندێ زیاتر بە بابەتەکەدا چونەتەوە بەلام لەمەشیاندا پرسی کوردەکان تەنیا لەدوو ڕەهەندەوە تەماشا کراوە: لەڕهەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە لەم کتێبەدا هەوڵدەدرێت ئەم هەڵەیە پشتڕاست بکرێتەوە ئەویتریان گرنگی کێشەی کورد لە هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێرانە، گرنگی پرسی کورد لەتورکیا کەژیانی سیاسی ئەو وڵاتەی لە ئێستادا خستۆتە بەر هەڕشە هەردوو وڵات ناچار دەکات بەوەی هەوڵ بدەن ئەو کێشەیە لەرێگای سیاسەتی دەرەکیانداو لەرێگای هاوکاریکردنی یەکتر لەپرسی جیۆپۆلیتیکی هاوبەشو دڵخوازی هەردولادا چارەسەر بکەن، چونکە مانەوەی هەردوو دەسەڵات و بەتایبەتتر مانەوەی سەروەریی نیشتمانی تورکیا پەیوەستە بەم واقیعەوە کە کرۆکی باسو خواستی ئەم کتێبەیە.

رۆبێرت ئۆڵسۆن، زانکۆی کنتاکی

دیسمبەری ١٩٩٧

## پرسی کوردو پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ساڵی ١٩٨٨

بۆچی پاش شەڕی جیهانی یەکەم دەوڵەتی کوردی دانەمەزرا؟

دەبێ بڵێم گەلو نەتەوەی کورد کە ژمارەیان ٢٠ بۆ ٢٥ ملیۆن مەزەندە دەکرێت کەوتۆتە نێوان چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەتورکیا ١٢ بۆ ١٤ ملیۆن کەسن لە ئێران ٦ ملیۆنو لە عێراق ٣,٥ بۆ ٤ ملیۆنو لەسوریە بە ١ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت[١] سەرەڕای ئەوەش نزیکەی ١٠٠بۆ ١٥٠ هەزار هاووڵاتی کورد لە ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا دەژین، ڕاپۆرتو زانیارییەکانی ئەم ساڵانی دواییە باس لەوە دەکەن لەنێوان ٣٠٠٠٠٠بۆ ١ ملیۆن کورد لە فیدراسیۆنی ڕوسیا دەژین، لەوەتا بەشێوەی گشتی گەلی کورد لەناوەچە پێکەوەلکێنراوەکانی خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عێراقو لەرۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەژین، کوردی لانیکەم لە سەدەکانی ناوەڕاست بەملاوە خاوەنی شوناسێکی تایبەت بەخۆیانو ژینگەو ناوچەی هاوبەشن، شۆڕشەکانی

---

(١) وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەو زانیاریو داتایانەی نووسەر پشتی پێبەستوون زانیاری و ئاماری ئێستاو ئەم سەردەم نین ڕەنگ بێت لەسەرچاوە کۆنەکانی مێژوی کورد وەریگرتبێت.و.کوردی٥

ئـەم چارەکـە سـەدەی دوایـیە هەسـتکردن بـە شوناسـی کوردیـی بەهێـز کـردووەو ئـەم هەسـتەش بۆتـە خاڵـی هاوبەشـی کوردەکان.لـەڕووی باگراوەنـدی مێژوییـەوە گەلـی کـورد خـۆی بـە پاشـماوەی مـادەکان دەزانـێ «هەرچەند لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە جۆرە گومانێکی بـۆ ئـەم ئیدیعایـە دروسـتکردووە!» ئـەوان پێیانوایـە بەهـۆی داگیـرکاریو سـەرکەوتنە سـەربازییەکانو هەروەها شکستو ڕووخانی ئیمپراتۆرییەکان لەجێیو ڕێـی خۆیـان هەڵکەنـراون و لەدەوروبـەری ٢٠٠٠سـاڵ پێش لـە ناوچەشـاخاوییەکانی تورکیـاو ئێـرانو عێـراقو سـوریە گیرسـاونەتەوە[١] کـوردەکان لـەم ناوچـە سـتراتژیکو دەسـت پێڕانەگەێنـراوەدا توانیویانـە شـوناسو ناسـنامەی خۆیـان لەنـاو ئەمپراتۆریەتەکانـی ئەرمینیـا، عۆسـمانی، ئێـران، بیزانـسو یۆنـانو عەربـەدا بپارێزن و تەنانـەت بە پێی مادەکانی ٦٢-٦٣ی پەیمانی سـیڤەر لـە ١٠ی ئوتـی ١٩٢٠ مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی بەدەسـت بێنـن.

پاش شـەڕی ١٩٩١ کەنداو جیۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت وا نیشـانی دەدا کـە بـۆ یەکەمینجـار لـە شـەڕی جیهانـی یەکـەم بەمـلاوە زەمینـەی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی لەباکـووری عێـراق فەراهـەم

---

(١) ئـەم بۆچوونـە بۆچوونێکـی گشـتگیرو متمانـە پێکـراو نییـەو بەپیـێ زۆربـەی سـەرچاوە مێژوییـەکان گەلـی کـورد میراتگـری کەلتـوورو شارسـتانیەتی ئەوخەڵکەیـە کـە لەدێرزەمانـەوە لـە داوێنـی زاگـرۆسو لـە میزپۆتامیـادا نیشـتەجێ بـوون.

بووبێت واتە هەمان ئەو ناوچەیە کە ئەمپراتۆریەتی بریتانیا لەساڵەکانی نێوان ١٩١٨-١٩٢٦خستبووی سەر عێراق، ئەو دۆخو هەلومەرجەی ڕێگای نەدا دەوڵەتێکی کوردی لە ساڵەکانی دەیەی ٢٠ پێک بێت هاوشێوەی ئەو هەلومەرجەیە کە لەدەیەی ١٩٩٠ دەبینرا! چونکە ساڵی ١٩٩٠ دۆخی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە ڕێگر بوو لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام بەهۆی وێکچوونی دۆخی جیۆپۆلیتیکی ساڵانی دەیەی ١٩٢٠و ١٩٩٠ دەبێ ئەم پرسیارە بوروژێنین ئاخۆ بۆ زلهێزەکانی ئەوروپا بەتایبەت بریتانیای گەورە پاش شەڕی جیهانی یەکەم گرنگییان بەم بیرۆکەیەداو لەهەوڵی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا بوون.

هۆکاری سەرەکی لەکۆدەنگی و پشتگیری وڵاتانی ئەوروپایی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەو قۆناخەدا دروستکردنی بەربەستێک بوو لەنێوان سنووری تورکەکانی ئاناتۆلیو گەلی تورک زمان لەوڵاتانی ئاسیای ناوەندی و قەوقاز بەتایبەت ئازەربایجان، گرنگە بزانین بەشێکی زۆر لەتورکەکانی ئاناتۆلی و ئاسیای ناوەندی سەر بەئاینزای سوننەن بەڵام تورکەکانی ئازەربایجان شیعەن، لەمەش گەرێین بەستێنێک سوننەکان لەئەستەمبوڵ تا بیشتک «فرۆنزەی جاران» کە دەکاتە پایتەختی قرقیزستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەگەری یەکێتی نێوان مسوڵمانان کە دواتر دەرکەوت

ئـەم بیرۆكەیـە زیادەڕۆیـی تێـدا دەكرێـت وای لـە بەریتانیـای گـەورە كـردووە كـە بەجیـدی لەهەولّـدا بێت بـۆ ڕێگریكـردن لـە یەكگرتوویـی و یەكێتییەكـی لـەو چەشـنە.

هۆكارێكیتـر بـۆ ڕەخسـاندنی زەمینـەی دامەزراندنـی دەوڵەتێكـی كـوردی جیاكردنـەوەی توركیـای ناسیۆنالیسـتو كۆمـاری ئازەربایجانـە، هەروەهـا دەكرێ ئامـاژە بـە هـۆكاری سـێهەم بدەیـن كـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی كـوردی دەتوانـێ ببێتـە دیوارێـك لەنێـوان توركیـاو توركەكانی ئێران، كوردەكان بـە زۆری سوننەن ئەمـەش ئاسـتەنگێكە بـۆ توركـە شـێعەكانی ئازەربایجـان! بوونـی دەوڵەتـی كـوردی تـا ئـەو جێگایـەی پەیوەنـدی بەوڵاتانـی ئەوروپـاو بریتانیـاوە هەیـە ئیمتیازێكیتـری هەبـوو ئەویـش ئەوەیـە لەهێـزو هەژموونـی سـێ دەوڵەتـی بەهێـزی ناوچەكـە واتـە ئێـرانو عێـراقو توركیـا كـەم دەكاتـەوە، ئـەو دەوڵەتـە كوردییـە هەمـوو ئـەو ناوچانـەی لەخـۆ دەگـرت كـە نەتەوەخوازانـی كـورد بەناوچەكانـی خۆرهـەڵاتو باشـووری خۆرهەڵاتـی توركیـا ناویـان دەبـرد ئەمـەش كۆمـاری توركیـای نوێـی لـەو ناوچانـەی دادەبـڕی كـە ناوچـەی سـتراتیژی و هێڵـی پەیوەندیـن لەگـەڵ قەوقـازو عێـراقو سـوریەو دەبـووە دیـوارو قەڵخانێـك لـە نێـوان توركیـاو وڵاتانـی عـەرەب! لەئەگەرێكـی وادا زۆربـەی سـەرچاوەكانی ئـاو و ئیدرۆلیـكو سیسـتمی ئـاوداری توركیـا دەكەوتـە نـاو سـنووری ئـەم دەوڵەتـە كوردییـەوە یـان ئـەو ناوچانـەی

لەتەنیشـتیەوە هەڵکەوتـوون، دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردی بۆ ولاتانی دراوسێی تورکیاو رووسیاو ولاّتانی ئەوروپایی بەتایبەت فەرەنساو بەریتانیا دەرفەتێک بوو بۆ لاوازکردنو گوشار لەسەر تورکیاو ئێران بەریگای وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستیو بەرپاکردنی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردییـەوە.

لەمیانـەی شۆڕشـی سـالاّنی ١٩٢٥و ١٩٣٠ کـە لـەدژی دەوڵەتـی تورکیـا بەرپاکـرا دەوڵەتـی تورکیـاو کاناڵەکانـی ڕاگەیاندنـی ئـەو ولاّتـە بەریتانیـاو ڕووسـیەیان بەهانـدەرو پاڵپشـتی ئـەو جولاّنەوەیـە تۆمەتبـار دەکـرد هەروەهـا بـە درێژایـی جولاّنـەوەی بەناوبانگـی ئـارارات لە١٩٣٠تورکیـا دەوڵەتـی ئێرانـی بـە هاریکاریکردنـی شۆڕشـگێڕان تۆمەتبـار دەکـرد. بـە شـێوەی گشـتی دەوڵەتـی کـوردی گـەر تەنانـەت بەرتەسـک کرابـا بـۆ باشـووری عێراقیـش خـۆی لەخۆیـدا دەیتوانـی لـەلاواز کـردنو ترسـاندنی تورکیـا و ئێـران کاریگـەری دابنێـت هەرچەنـد کـە بریتانیـا هەوڵـی ئەوەیدا دەوڵەتێکی کوردی لەباکووری عێـراق لەژێـر چاودێـری و سەرپەرشـتی خۆیـدا دابمەرزێنێـت بـەلاّم بـۆی نەلـواو وەک هەمیشـە بـەردەوام بـوو لەسـەر پەیرەوکردنـی سیاسـەتی وروژاندنـی هەسـتی نەتەوەخوازیـی میانـەڕو لـە نـاو کوردانـدا بـۆ ئـەوەی هـەم وەک ئامرازێک بۆ دروسـتکردنی بالاّنس لەنێوان کـوردو عەرەبـدا سـوودی لێببینێـت هـەم بیکاتـە پێگەیـەک بـۆ سـەپاندنی هێژموونـیو دەسـەلاّتی خـۆی

بەسەر عێراقدا، لەبەرامبەرئەوەشدا لەدەوڵەتی عێراق وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی «شەریفی» خۆی سوود وەربگرێت واتە« سوود وەرگرتن لە بنەماڵەی هاشمی وەک هاریکارو وابەستەی خۆی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی».

هەڵبەتە سەبارەت بەوەی بریتانیا پاش ١٩٢٣ پشتگیری لەجوڵانەوەی نەتەوەخوازی کوردەکانی تورکیاو ئێران کردبێت بەڵگەیەک لەبەردەست نییە.

هاندانی ناسیۆنالیزمی رادیکاڵو چەکدار هەڕەشە بوو بۆ خودی بەریتانیا بۆیە بریتانیا زیاتر لەرێگای ناسیۆنالیزمێکی نەرمو میانەڕەو دەیتوانی کوردەکانی عێراق ناچار بکات سیاسەتی ئەو دەوڵەتە بەرابەر بە وڵاتانی عەرەبی قەبووڵ بکەن! تەعامولی کوردەکانی عیراق لەگەڵ بەریتانیا پاشساڵی ١٩٢٣ وێکچوونێکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی کوردەکان پاش شەڕی ١٩٩١ی کەنداو لەبەرامبەر ئەمریکادا لەپێشیان گرتووە.

بەریتانیا تا ئەوکاتەی حاکمی عیراق بوو پاڵپشتی لەنەتەوەخوازیی میانەڕەوی کوردەکان دەکردو کوردەکانیش بەدوای هەمان ئامانجی جیۆپۆلیتکو جیۆستراتیژی بوون کە لەپەیوەندی لەگەڵ ئێرانو تورکیا بریار بوو بخرێتە ئەستۆی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، هەڕەشەی ناسیۆنالیزمی کورد کە لەعێراق ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا سەرچاوەی دەگرت بۆ ناچارکردنی تورکیاو ئیران لە سەرقاڵبوونیان بە

پرسە ناوخۆییەکانیانو دوورکەوتنەوە لەدەستێوەردانی وڵاتانیتر کاریگەریی خۆی هەبوو، سەرەڕای ئەوەش ناسیۆنالیزم کورد ڕێگر بوو لەوەی وڵاتانی ئێرانو تورکیا بەشێوەیەکی جیدی لەوڵاتانی عەرەبیدا کە لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیاو فەرەنسا بوون دەستێوەردان بکەن بەتایبەت لە دەوڵەتی عیراق چونکە لەڕاستیدا ئەگەر ئەوەیە هەڕەشەی ناسیۆنالیزمی کورد ڕۆڵی گەورەی هەبێت لەو دروشمەی کەمال ئاتاتورک هەڵیگرتبوو کە دەیگوت:» ئاشتی لەناوخۆ، ئاشتی لەدەرەوە«ئەم دروشمەی ئاتاتورک تا ساڵەکانی ١٩٩٠ بەشێوەی فەرمیی لەلایەن دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیاوە پەیرەو دەکرا بەڵام سەیر ئەوەیە لەگەڵ شەڕی کەنداو و بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لەباکووری عیراقو لەناو تورکیادا، دەوڵەتی تورکیا ئەم ئامۆژکارییەی ئاتاتورکی بەفەرمیی پشتگوێ خست.

هەرچەند لەنێوان هەردوو شەڕی جیهانی یەکەمو دووەمدا ناسیۆنالیزمی کورد لەئێران لاوازتر بوو لەتورکیا بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناسیۆنالیزمی کورد لەڕاگرتنی ئێران بۆ گرتنە پێشی سیاسەتی ماجەراجۆیانەو مەترسیدار هاوچەشنی تورکیا کاریگەریی خۆی هەبوو، پەیرەوکردنی ئەمجۆرە لەسیاسەتکردن دەرفەتی بۆ بەریتانییەکان دەڕەخساند تا بەهاندانی کوردەکانی ئێران بەتوندی بەرەوڕووی سیاسەتی ماجەراجۆیانەی تورکیاو ئێران ببێتەوە،

یەکێک لەهۆکارەکانی نزیک بوونەوەی تورکیاو سۆڤییەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وێرای ئەو یارمەتیو پشتگیرییەی بەلشویکەکان لەشەڕی سەربەخۆییو سەرخستنی کەمالیستەکان کردیان کەچی تورکیا لەو ڕێگایەوە دەیویست بەلشویکەکان نەکەونە داوی سیاسەتی پشتگیری لەپرسی کوردوناسیۆنالیزمی کوردی، ڕاگرتنی یەکیەتی سۆڤییەت لە گرنگیدانی بە پرسی ناسیۆنالیزمی کوردی بەتایبەت بەدوای ئەوەی تورکیا لەدەیەی ١٩٢٠و ٣٠دا لەڕووی سیاسەتی دەرەکیدا بەدیاریکراوی سیاسەتی نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوای گرتبووە پێش پرسی ناسیۆتالیزمی کورد لەسەروی پرسەکانیتریدا بوو.

پاش ڕووخانی یەکیتی سۆڤییەت کارتی کوردستان بەبەردەوامی وەک هۆکارێکی گرنگ لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕوسیە ماوەتەوە، لەسەرەتای سالانی ١٩٩٠ لەشەڕی نێوان چیچانو ڕوسیا کاتێک تورکیا یارمەتی سەربازیی چیچانی دەدا ڕوسەکانیش لەبەرامبەردا پشتگیری «پ ک ک»یان دەکرد، ساڵی ١٩٩٦ پاش شکستی هێزەکانی ڕوسیا لە چیچانییەکان پرسی کورد ببوو بە فاکتەرێکی گرنگ لە چۆنییەتی پەیوەندیو تەعامول لەنێوان ڕوسیاو تورکیادا.

جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە واتە گرنگی پرسی کورد لەوەوە دەردەکەوێت کە لەکێشەی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراق، بەریتانیا لەسەرکوتو کوشتاری ناسیونالیزمی سەرسەختی کورد پشتی ئێرانی گرت

چونکـە هـەرجـۆرە بزاڤێکـی نەتەوەخوازیـی بەهێـز لەئێرانـدا بـۆی هەبـوو ڕاسـتەوخۆ کار بکاتـە سـەر سیاسـەتی بەریتانیـا لەعێـراق، سـەرەڕای ئـەوەش بەریتانیـا لـە سـەرکوتو بوردومانـی سـەنگەری هێـزی پێشـمەرگە لـە عێراقـدا دەسـتی بـاڵای هەبـوو، تـا سـاڵی ١٩٣٢ زۆربـەی ڕێبەرانـی بزوتنـەوەی نەتەوەخوازیـی کورد وەلا نرانو عیراق و بەریتانیا توانییان بزوتنەوەی کـورد شکسـت پـێ بێنـنو هێژموونـی خۆیـان بەسـەر عیراقدا بسـەپێنن، سـەیید تەهـا، شـێخ مەحمـود، سمکۆ و زۆرێکیتـر لـە سـەرکردە کوردەکان یـان کوژران یـان دەسـت بەسـەر کـران.

ئێـران سـمکۆی کوشـت[1] چونکـە دەیانزانـی ئـەم کارەیـان لەگـەڵ سیاسـەتی بەریتانیـا یـەک دەگرێتـەوە! لەنێـوان هـەردوو شـەڕی جیهانیـدا وڵاتانـی تورکیـا، عێـراق و ئێـران لەژێـر کاریگـەریو چاودێـری بەریتانیـا چەندیـن ڕێککەوتنیـان ئەنجامـدا کـە بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنانـە بڕیـاردرا لەهاندانـی بزاڤـی ناسیۆنالیسـتی لـە وڵاتەکانیانـدا خـۆ بوێـرنو تەنانـەت ڕێگریـی لـێ بکـەن،

ئەمـەش بـەو واتایـە بـوو ئێـرانو تورکیـا ئـەو سیاسـەتە پەیـرەو دەکـەن کـە ئامانجەکـەی سـەرکوتی

(١) ئـەم بۆچوونـە بۆچوونێکـی گشـتگیرو متمانـە پێکـراو نییـەو بەپێـی زۆربـەی سـەرچاوە مێژوییـەکان گەلـی کـورد میراتگـری کەلتـوورو شارسـتانیەتی ئەوخەڵکەیـە کـە لەدێرزەمانـەوە لـە داوێنـی زاگـرۆسو لـە میزپۆتامیـادا نیشـتەجێ بـوون.

بزاڤی نەتەوە خوازی کوردە لەکاتێکدا بەریتانیا بەهۆی هۆکارو زەرورەتی تایبەت بەخۆی ناسیۆنالیزمی میانەڕەوی لەعیراق پێ خراپ نەبوو! پشتگیری نەکردنی بەریتانیا لەدروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەباکووری عیراق تەنانەت لەژێر سەرپەرشتی خۆیشیدا هۆکارو ڕەهەندی تریشی هەبوو کەتا ڕادەیەکی زۆر هەموو ئەم هۆکارو ڕەهەندانە لەگەڵ نەخشەی جیۆپۆلیتیکی بەریتانیا یەکیان دەگرتەوە کە بۆ وڵاتانی عەرەبو بەشی ناوەندیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگرێژی کردبوو.

کاتێک مەلیک فەیسەڵ لە ئەگۆستی ١٩٢١ دەسەڵاتی عیراقی گرتە دەست، ئاشکرا بوو خانەدانی شەریف لە مەکە بۆ بەرفراوانکردنو تەواوکردنی سیاسەتەکانی بەریتانیا لەخۆرهەڵاتی ناوەراست بێجگە لە لوبنانو سوریە کە ژێردەستەی فەرەنسە بوون ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە، بەریتانیا پاش ساڵی ١٩٢١ بەمەبەستی بەهێزکردنو جێگرکردنی سیاسەتی»شەریفی» خۆی لەئەردەنو حیجاز ناچار بوو زەمینەی پاشایەتی بۆ فەیسەڵ لەعیراق بڕەخسێنێت، عیراق هێلی سەرەکی ئەم سیاسەتە بوو بەڵام یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیاسەتە کێشەی جیدی دیاریکردنی سنووری نێوان عیراقو تورکیا بوو. پەیمانی لۆزان لە١٤ی جۆنیوەری ١٩٢٣ پرسی مووسڵی یەکلا نەکردبووەوە و لەئاکامدا سنووری نێوان هەردوو وڵات بەچارەسەر

نەکراوەیی مابووەوە! تەواو کردنی ئەم کارە مایەوە بۆ ئیمزاکردنی پەیمانێک لەنێوان ئینگلیزو عیراقو تورکیا کە لە٥ی جوولای ١٩٢٥ بەئەنجام گەیشتو سنووری نێوان تورکیاو عیراق دیاری کرا، واتە ئەو سنوورەی کە لە ١٩٢٦پشتڕاستکرایەوەو لەلایەن هەرسێ وڵاتەوە دانی پێدانراو بەئیمزای هەرسێ لایەن گەیشت، ئێستاکە سەرەڕای ئەوەی تورکیا بەپاساوی هەڕەشەی پ ک ک ١٥مایل(نزیکەی ٢٤ کیلۆمەتر)[١] لەهێڵی سنوور بەئاراستەی باشوور هاتۆتە پێشەوە گوایا مەبەستیەتی رێگا لە هێرشی چەکداری پ ک ک بگرێت بەڵام سنووری دیاریکراوی نێوان هەردوو وڵات وەک خۆی ماوەتەوە.

بەریتانیای گەورە پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٢١فەیسەڵی هێنایە سەر دەسەڵات بۆ چەسپاندنو هێقمکردنی پێگەی خۆی دەبوو دەوڵەتێکی کوردی چ لەچوارچێوەی خاکی عێراق چ لەدەرەوەی ئەو وڵاتەدا دامەزراندبا بەڵام سەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردو ئەگەری هاتنەئارای دەوڵەتێکی کوردیی لەو ناوچانەی کە کۆماری نوێی تورکیا پاش ١٩٢٣دەسەتی بەسەردا گرتبوو بەهۆی ئەو کۆمارە نوییەی تورکیاوە نەهاتە ئاراوە، کۆماری نوێی تورکیا لەو ناوچانەی کەدەستی بەسەردا گرتبوو هیچ مافێکی بۆ کوردەکان بەڕەوا نەدەزانی، کاتێک لەکۆتایی

(١) هەر مایل بە ١٦٠٠٠ مەتر واتە ١کیلۆمەتر و ٦٠٠ مەتر بەراورد دەکرێت(و- کوردی)

١٩٢١ بڕیاردرا عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتی «شەریفی» کە مەبەستەکەی سەپاندنی هێژموون‌و ڕۆڵی چاودێری بوو بەسەرخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی سەرەکی ببینێت پێویستی بەوەدەکرد بەریتانیا بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەدەروەی قەڵەمڕەوی عێراق وەلا بنێت، هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی بەریتانیا لە هەڵوێستی پێشووی ئەوە بوو ئینگلیزەکان بەو دەرنجامە گەیشتن کە کوردەکانی عێراق دەتوانن لەچەسپاندن‌و تۆکمەکردنی هێژمون‌و پێگەی بەریتانیا لەعیراق کە بۆ چەسپاندنی دەسەڵات بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زەروری‌و حەیاتی بوو ڕۆڵی یەکلاکەرەەوە ببینن. سەرەڕای ئەوەش چاڵەنەوتەکانی کەرکووک کەوتبوونە ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی کورد بوون.

کوردە سوننەکان بەتایبەت سەرکردە ئاینی‌و غەیری ئاینییەکانیان لەبەرامبەر عەرەبی شیعەدا فاکتەرێک بوون بۆ دروستکردنی هاوسەنگی، لەڕاستیدا نیگەرانی مەلیک فەیسەڵ وەک نوێنەری عەرەبی سوننە سەبارەت بە ئەگەری بەهێزبوونی شیعەکان زیاتر لە ئینگلیزییەکان بوو، فەیسەڵ چەند ماگ پاش گرتنە دەستی دەسەڵات ئەم نیگەرانییەی خۆی لە نامەیەکدا بۆ «سیر پێرسی کۆکس» کۆمیساری باڵای بەریتانیا لە عیراق دەربڕی! ناوبراو لەنامەکەیدا بۆ کۆکس دەڵێت:

«پرسی کوردستان بۆ من وەک پاشای عێراق ڕەهەندێکیتری هەیە کە ڕەنگبێت بەوشێوەیە ئێمە مەبەستمانە وانەبێت، ئەویش مەسەلەی باڵادەستی سوننە یان شیعەیە بەهۆی ژمارەوەیە بۆ بەدەستگرتنی ئەو ئەنجومەنەی بڕیار وایە بەم نزیکانە پێکبهێنرێت، وەک دەزانن پێشتر شیعەکان لەڕووی کەمایەتیو چۆنایەتییەوە لەپێشەوە بوون بۆیە ئێستاکە ڕێگری لە بەشداری نوێنەرەکانیان بۆ ئەم ئەنجومەنە پێگەیان بەهێزتر دەکاتو ئەمەش مایە نیگەرانی ئێمەیە.

سیاسەتە شاراوەکان لەبەیاننامەی سپتەمبەری ١٩٢١ هیدی هێدی لەلایەن عیراقو بەریتانیاوە ئاشکرا کرانو دواجار لەرێککەوتننامەی ٥ی ئەگۆستی ١٩٢٦ ئەو سیاسەتانە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەگشتی عیراقو بریتانیا تا ساڵی ١٩٥٨ لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتانە بەردەوام بوون، پرسی پەیوەندی نێوان عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەو هەروەها کوردو سوننە تا ئەوکات وەک پرسێکی سەرەکیو ناوەندی وەک خۆی مایەوە، هەڵبەتە دەبێ ئەم خاڵەشی پێ زیادکەین کە لەبەرەوپێشبردنی هەرچی زیاتری هێڵی سنووری عیراقو تورکیا بەئاراستەی باکوور کۆمیسەر کۆکس ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، لەو پەیوەندییەدا زۆرێک لەبەرپرسانی باڵای وەزارەتی دەرەوە ئامادە بوون بەشێکی زیاتر لەناوچەکانی

کوردسـتان پێشکەشـی تورکیـا بکـەن بـۆ نموونـە: وەزارەتـی دەرەوە لـە١٩٢٦ ئامـادە بـوو عیمادیـە تەسلیم بـە تورکیا بکات! لـەو چوارچێوەیـەدا لەدواییـن دانوسـتانەکانی ١٩٢٦دا هـەم وەزارەتـی دەرەوەو هـەم وەزارەتـی هێـزی ئاسـمانی(air ministry ) بـۆ قەناعـەت پێکردنـی تورکیـا بـە ئیمـزا کردنـی خێرای رێککەوتنەکـە ئامـادە بـوون هێڵـی سنووری تـا شـاخەکانی باکووری روانـدوز درێـژ بکەنـەوە! ئەفسـەرانی هێـزی ئاسـمانی بەریتانیـا هەمـان ئـەو فەرماندانـە بـوون کـە هێـزە چەکـدارەکان و دەزگای سـیخوڕیو ئەمنـی عیراقیـان لەژێـر دەسـتدا بـوو.

سـیر هێنـری دابـز کـە لەسـاڵی ١٩٢٣ وەک کۆمیسـەری بـاڵای بەریتانیـا جێگای کۆمیسـەر کۆکسـی گرتبـوەوە هاوشـێوەی هاوپیشـەکەی بوونـی کوردەکانـی بـۆ پاراسـتنی هەژموونـی سـوننە بەسـەرعیراقدا بـە زەرورەت دەزانـی، لەولاشـەوە سـیر رۆناڵـد لینـدز باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە تورکیـا کـە رۆڵـی سـەرەکی لـە دانۆسـتانەکاندا دەبینـی پێیوابـوو: بـۆ گەیشـتن بەچارەسـەری کۆتایـی پرسـی مووسـڵ چاپۆشـیکردنی تورکیا لـەو ناوچەیـە یارمەتیدەر دەبێت بـۆ رێکەوتننامەیەکـی نـوێ، لینـدز لـە کۆمیسـەر دابـز دەپرسـێت: ئایـا ڕازیـت بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆکان بەئـاکام بگـەن بەشـێکی بەرچـاو لەخاکـی کوردسـتانی عیـراق بدرێـت بـە تورکیـا؟! دابـز رۆژی دواتـر پـاش گفتوگـۆ

لەگەڵ رۆناڵد ليندز لە١٦ی مارچ هۆكاری نارەزايی خۆی لەبەرامبەر ئەو پێشنيارەدا شيدەكاتەوە، ناوبراو لەپاساو هێنانەوە بۆ ئەو نارەزايەتييە هۆكارە ستراتيژیو تاكتيكیو سياسييەكانی بەم شێوەيە بۆ كونسوڵی بەريتانيا لەتوركيا باس دەكات:

«كوردەكانی نيشتەجێی ئەم ناوچانەی كە توركيا خوازياری لكاندنيانە بە وڵاتەكەيەوە لەنگەرێكن بۆ سەپاندنی هێژموونی بەريتانيا لە عيراق، تەنيا بە پاڵپشتی ئەم كوردانە توانيمان لەجۆنی ١٩٢٤ رێككەوتننامەی نێوان عيراقو بەريتانيا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەند بكەين بۆيە كوردەكان لەو كاتەوە بەبەردەوامی پشتگيری ئێمەيان كردووە!ئێستا ليككردنەوەی پارچەيەك يان بەشێك لە وڵاتەكەيان و لكاندنی بە توركيا نەتەنيا لە ناو كوردەكاندا بەڵكو لەسەرتاسەری عيراقدا كاردانەوەی دەبێتو دەبێتە هۆی بێ متمانەيی بە بەريتانيای گەورە و زيان بە پێگەو دەستكەوتەكانمان دەگەيێنێتو دەوڵەتی عێراقيش لەبەرامبەر ئەو فشارو داگيركارييەوە لاواز دەبێت».

دابز لەدرێژەی قسەكانيدا باس لە كاريگەريی نەگەتيڤی ئەم كارەدەكات بۆ سەر هێژمونی سوننەكان لەعيراقو دەڵێت: لكاندنی بەشێك لە قەڵەمرەوی عێراق بەتوركيا نيگەرانيی دەسەڵاتدارانی سوننە زياد دەكات چونكە ئەم كارە هاوسەنگی پێكهاتە ئاينيەكانی

عیراق تێک دەداتو لەئەنجومەنی نوێنەراندا زیان بە سوننەکان دەگەیێنێتو شیعەی دوگمو موتەحەجیر دەسەڵات دەگرنە دەست، بەمەش عەرەبی سوننەی میانەڕەو لەوانە کەسانی وەک عەبدولموحسینی سەرۆک وەزیر لەبەرامبەر قەبوڵکردنی ئەم داواکارییەدا لەپڕ سەر لەتورکیا دەردەهێنێت!

وتەکانی دابز بەئاشکرا دەریدەخات بۆ دابینکردنی باڵادەستیو هیژمونی سوننەکان بەسەر ئەنجومەنی نیشتمانیو دەوڵەتی عێراقدا پاڵپشتیی کوردەکان پێویستو زەرورییە چونکە ڕاگرتنی باڵانس لەپەرلەمان تەنانەت بێگانەکردنو دژایەتیکردنی تورکیاش ئەمرێکی زەروری بوو، لەسەرو ئەوەشەوە ئاشکرایە کۆمیسیەری باڵا بۆچوونێکی زۆرخراپی لەسەر شیعەکان هەبووە! دابز لەماوەی مانەوەی لەعیراق وەک کۆمیسەری باڵای بەریتانیا واتە لە١٩٢٣-١٩٢٩ لەڕەنگریژ کردنی سیاسەتەکانی وڵاتەکەی لەعیراق رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، هەموو ئەو سیاسەتانەی لەماوەی شەش ساڵ خزمەت لەو پۆستەدا پێشکەشی وەزارەتی وڵاتانی ژێردەستەی بەریتانیاو وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی پێشنیاری کردوون پراکتیزەی کردون.

ئەوەی شایانی گرنگی پێدانە ئەوەیە لەبەسەر کردنەوەی ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانە دەردەکەوێت پاش ١٩٢٢ ئەو دۆخ و هەلومەرجەی لەئەنجامی

ئیمزای پەیماننامە لۆزان (جۆنی ١٩٢٣) هاتە ئاراوە سیاسەتی بەریتانیا چیتر بەهۆی زەنجیرە هۆکارو ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتیژیکییەکانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەبار نەبوو! چونکە پاش شەڕی جیهانی یەکەم باڵادەستبوونو سەپاندنی هێژمون بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەڕێگای عێراقداو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وهاوکاریی وڵاتانی ئیرانو تورکیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکیان نەدەگرتەوە، زۆرێک لەم زەرورياتە جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتیژیکیانە لەپاش شەڕی کەنداو وەک پێشوو فاکتەری کاریگەربوونو بەربەستیان لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا دروست دەکرد، هەندێ لەتوێژینەرانو لێکۆڵەرانی ئەم پرسە لەوباوەڕەدان ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپایی پێیان باشنەبوو پاش شەڕی کەنداو دەوڵەتی کورد بێتەئاراوە! بەڵکو ئەوەی ئەوان دەیانویست ئەو قەوارەیە بوو کە پێویستی دەکرد بۆ ڕێگریکردن لەهێژمونو دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی بەعسو سەدام حسێن بۆ سەر کوردستانو ناوچەکە بەهێز بکرێت، لەوتارەکانی دواییدا دەردەکەوێت وڵاتانی تورکیاو ئێرانو سوریەی لاواز پێیانوابوو سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە دەوڵەتێکی کورد لەباکووری عیراق بێنێتە ئاراوە، بۆیە هەرچوار وڵات سەرەڕای جیاوازیو ناکۆکییەکانیان دەستی هاریکارییان بۆ یەکتر درێژ

کـردو بەکۆدەنگی بڕیاریانـدا نەهێڵـن دەوڵەتـی کـوردی دروسـت ببێـت، هەڵبەتـە تورکیـاو ئێـران چالاکانەتـر لەبـەردەم ئـەم ئەگـەرەدا وەسـتانەوەو کاریـان کـرد هۆکارەکەشـی ئـەوە بـوو هاتنەئـارای دەوڵەتـی کـوردی تەنانـەت تەنیـا لەباکـووری عیـراق مەترسـییە بـۆ سـەر پرسـە جیۆپۆلیتـکو جیۆسـتراتیژییەکانیان.

# بەشی یەکەم

# زەمینەی تیۆریی‌و پرسی کورد لەتورکیا لەڕوانگەی مێژوییەوە

مانشـێتو کرۆکـی تەوەرەکانـی ئـەم کتێبـە پرسـی کـوردو پەیوەندییەکانـی تورکیـاو ئێرانـە لەشـەڕی جیهانـی یەکەمـەوە تـا ١٩٨٨، هەروەهـا باسـێکی کورتیشـە لەبارەی کاریگـەری پرسـی کـورد لەسـەر ئـەو پەیوەندییانـە کەبەدرێژایـی دەسـەڵاتی ئیمپەراتۆریەتـی عۆسـمانیو سـەفەوی یـان بەواتایەکیتـر ئێـران لەئـارادا بـوون، لـەم تۆژینـەوەدا پرسـی کـورد تایبـەت کـراوە بـە ڕەهەنـدە سـەرو سـنوورییەکانی بزوتنـەوەی نەتەوەخوازانـەی کـورد، واتـە ئـەو چالنجەی(ئاسـتەنگ) کـە بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لەنـاو هـەردوو وڵاتـدا دروسـتی کـردووە.

هەڵبەتـە لەسیسـتمی سیاسـی جیهانـدا یـان تەنانـەت لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا تیۆرێکـی نێودەوڵەتـی تایبـەت بوونـی نییـە کـە وەک پێویسـت ڕووی دەمـی تورکیـاو ئێـران بێـتو لەسـەر ئـەو بنەمایـە کێشـەکانی ئـەو دوو دەوڵەتـە بەشـێوەیەکی رێـکو پێـکو بەپێـی میتۆد شیبکاتەوە. یەکێک لەشیاوترینی ئەو تیۆرییانەی خراوەتـە ڕوو تیۆریـی «هاوسـەنگی گشـتگیرە»(١) بـە پێـی ئـەم تیۆرییـە هاوسـەنگی لەگشـتییەتدا توخمـە سـەرەکییەکانی تیۆرییەکانـی پەیوەسـت بەهاوسـەنگی لەمەکتەبـی نیـۆ ریالیسـتی لەخـۆ دەگرێـت بـەڵام لەروێکـەوە لەگـەڵ ئەومەکتەبـە جیـاوازە ئـەم تیـۆرە

(١) ئیسـتڤان ئـار، دەیڤیـد» روونکردنـەوەی ململانێیـە جیهانییـەکان» سیاسـەتە جیهانییـەکان، بەرگـی ٤٣ ژمـارە ٢(١٩٩١): ٢٣٢-٥٦

جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت رێبەرەكانیان لەو باوەڕەدان دەبێ هاوكاریی‌و یارمەتی پێشكەشی نەیاران‌و دوژمنانی پلە دووی خۆیان بكەن بۆ ئەوەی توانا‌و ئیمكانیاتی سەرەكی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمن‌و نەیارانە تەرخان بكەن كە مەترسیدارترن! بۆ ئەم كارەشیان هەوڵدەدەن درز بخەنە ناو ریزی دوژمنەكانیان‌و بەمەش هاوپەیمانە جیهانییەكانی نەیارانی ناوخۆ سست‌و لاواز بكەن.[1] رەهەندی سەرەكی «هاوسەنگی گشتی» لەوەدایە ئەو بڕیارانەی لەم چەشنەجەسەربەندییانەدا دەدرێن بەدەر لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو كاریگەرییەی هەڕەشەكانی ناوخۆ لەسەر رێبەرانی ئەم جۆرە وڵاتانە دادەنێت، هەست پێكراو نین، بەرجەستەترین لایەنی ئەم هاوسەنگییە گشتگیرە ئەویە بەپێچەوانەی مۆدێلە ریالیستی‌و نیۆریالیستییەكان، چەقی سەرنجەكان ئەو هەڕەشە ناوخۆییانەن كە مەترسین بۆ سەر سیستمی سیاسی، نەك هەڕەشەو مەترسییە دەرەكییەكان.[2]

---

(١) نموونەی ئاشكرای ئەم مەسەلە هەوڵەكانی ئیران‌و توركیایە بۆ ئەوەی بەرێكخراوە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ رایگەیێنن لە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە كورد بەپێی پێوەرە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ هەڵس‌و كەوتیان كردووە

(٢) بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ئەم سێ مۆدێلە چاوبگێرن بە كتێبی»نیۆریالیزم و ڕەخنەگرەكانی» نووسینی رۆبێرت ئۆڵسۆن(نیۆیۆرك، زانكۆی كۆلۆمبیا ١٩٨٦) كە تێیدا باس لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردو مەترسییە سەرەكییەكانی بۆ سەر

تیۆری هاوسەنگی گشتگیر لەسەر ئەو شیمانەیە کار دەکات کە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەبری ئەوەی لەبەرابەر ئانارشیزمی جیهانی خۆیان بپارێزن دەبێ کار بۆ ئەوە بکەن ئانارشیزم لەشوێنەکانیتردا بێننەئاراوە، سیاسەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم مۆدێلێکی بچووکتری سیاسەتی نێودەوڵەتییە، بۆیە پاراستنی هاوسەنگیی گشتی وەک چۆن لەپەیوەندییەکانی نێوان وڵاتاندا کارێکی حەیاتیە بۆ ڕەوتو گروپە نێوخۆییەکانیش بەهەمانشێوە گرنگی تایبەتی هەیە، ئەم تیۆرییە بە پێچەوانەی «تیۆریی هێز» کار لەسەر ئەوە دەکات وڵاتانی جیهانی سێیەم ململانێو هاوپەیمانێتییەکانیان لەسەر ئەو تێگەیشتنە ببیننەوە کەچۆن دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر لەبەرابەر ئەو هەڕەشە ناوخۆیی یان دەرەکییانە کە بەرەوڕوویان بۆتەوە خۆیان بپارێزن.

ناوچەی ئاراموو پارێزراو کە هێزەکانی هاوپەیمان بەسەرکردایێتی ئەمریکا بەدوای شەڕی ١٩٩١ی کەنداو لەعیراقدا بۆ کوردەکان دابینیانکرد نموونەیەکی بەرچاوی پەیرەوکردنی ئانارشییە کە لەبری دابینکردنی ئارامی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەچاو کراوە [١]

---

ئیرانو و تورکیە کراوە، ئەم مەترسییە لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا گەورەترین مەترسییە کە لە ١٩٢٣ بەدواوە بەرو ڕووی ئەو وڵاتە بۆتەوە

(١) نووسەر دەیەوێ بڵێت ناوچەی ئارامی باکووری عیراق

هاوسـەنگی گشـتگیر بـە پێچەوانـەی «تیۆریـی هێـز» پێیوایە ئـەو وڵاتانـەی بەرەو ڕووی هەڕەشـەی ناوخۆیی بوونەتـەوە پێدەچـێ زۆر لاواز بـن هـەر لەبـەر ئەمـەش کاریگەرییـان لەسـەر هاوسـەنگی جیهانـی هێـزدا نییـە[1] بۆیـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە پێموایـە ئێـران‌و تورکیـا ئەوەنده لاواز نین بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵەکانیان بۆ ڕێگری لـە بەرەوپێشچوونی جوڵانـەوەی ناسیۆنالیستی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کار دەکاتە سەر هاوسـەنگی جیهانیـی هێز.

ئەنەوشـیروان ئیحتشـامی و ریمۆنـد هێنـس بـوش لەتۆژینـەوەی ئـەم دواییـەی خۆیاندا بەڵگە لەسـەر ئـەوە دێننـەوە کـە ئێـران‌و سـوریە لەسیسـتمی ناوچەییدا کـە

---

لەژێـر کونترۆڵـی دەوڵەتێکـی تایبـەت نییـەو شـوێنی مشـتو مـڕی نێوان ئەمریـکاو وڵاتانـی ئێـران‌و تورکیـاو عێراقدایـە! بۆیـە هەریـەک لـەو دەوڵەتانـە دەخـوازێ سیاسـەت‌و هەژمونـی خـۆی لەوناوچەیـەدا بسـەپێنێت، بەمجـۆرە ئـەم ناوچەیـە بۆتـە ناوچەیەکی ئاڵۆز(ئانارشـی)، بۆیـە بەپێـی تیۆریـی نیۆریالیسـتی لەپەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا هـەر وڵاتێـک بـەدوای بەرژەوەنـدی خۆیەتـی، بۆیـە هاوپەیمانێتیـەکان زیاتـر بـۆ دابینکردنـی ئـەو جـۆرە بەرژەوەندیانەیـە، هـەر وڵاتێـک بەپێـی ئاسـتی هـەوڵ‌و پلانەکانـی دەتوانـێ بەرژەوەندییەکانـی دابیـن بکات.ئەمـەش بـەو واتایـە نییـە ململانێـی هێـز هەمیشـە بوونـی هەیـە، بەڵکـو تەنیـا شـتێک پێـش بەئانارشـیزم دەگرێـت بالانسـی هێـزە لەنـاو وڵاتـان بەتایبـەت زلهێزەکانـدا، لەمـڕووەوە کاتێـک بالانسـی هێـز لەئـارادا نەبێـت پەیوەنـدی نێـوان وڵاتـان تووشـی ئاڵـۆزی دەبێتـەوە، لەسـەر ئـەم تێگەیشـتنەیە نووسـەر پێیوایـە ناوچـەی ئارامـی باکووری عێـراق دەربـڕی تیۆریـی نیۆریالیسـتی یان»ئانارشـییە«.

(١) دەیڤید،٢٥٣

ولاتانیتر نفوزیان تێدا هەیە هێزی دەرەجە دووەمن[1] ئەم توێژەرانە هێزە مامناوەندەکانی ناوچەکە لەریزی ولاتانیک دادەنێن کە لە سیستمی جیهانیدا لەپلەی دووەمی هیزدا جێیان گرتووە، بەڵام لەسیستمی ناوچەییدا دەوری سەرەکییان هەیە، ئەم دوو نووسەرە لەسەر ئەم شیمانەیەدا دەوەستن کە هێزە مامناوەندەکان لەوانە ئێرانو سوریە لە ولاتانی کەم هێزترو بچوکتری ناوچەکە جیاوازتر و کاریگەرترنو دەتوانن بەپێی پەیوەندی زیاترو قوڵایی ستراتیژییانو بەهۆی مەرکەزییەتی هێزو توانای بەرگریکارییانەوە کە لەبەرابەر هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا هەیانە لەبەرابەر ولاتانیتری هاوپەیمان بوەستنەوەو بەمەش رۆڵی سەرکردایتی و سەرەکی خۆیان دەربخەن.

دواجار دەتوانین بڵێین ئەم هێزانە ولاتانێک ریبەرایتییان دەکەن کە پێگەو هێزو دەسەلاتیان زیاتر لەئاستی ئەو دەسەلاتە لۆکاڵیەیە کە هەیانە، بۆیە دەستڕۆشتووییو هێژمونیان سنوورە لۆکاڵی و ناوچەییەکان تێدەپەرێنێت[2] لەوانە تورکیا کە لەم نووسینەدا هەوڵدراوە بەسەلمێنرێت ئەم پێوەرانەی لەخۆ گرتووەو دەسەلاتێکی سەرو ناوچەییە.

پێوەرەێکیتری دەسەلاتی هێزە مامناوەندکانی

---

(١) ئەنەوشیروان ئیحتیشامی و ریمۆندا، هینس بوش، سوریەو ئیران، دەسەلاتە مامناوەندەکانی سیستمی ناوچەیی کە خەڵکانیتر تێیدا ئامادەن(لەندەن، رۆت لیج،١٩٩٧)

(٢) هەمان سەرچاوە، ل-٧

ناوچەکـە ئەوەیـە ئـەم هێزانـە لـەڕووی ئابـووریو تەکنۆلۆجیـاوە هێشـتاکە وابەسـتەن بـە وڵاتـە زلهێـزو پێشـکەوتووکان، بۆیـە بـۆ ئـەوەی لەڕێـژەی ئـەم وابەسـتەییەیان کـەم بکەنـەوە دەبـێ ئابووریـی خۆیـان فـرە چەشـن بکـەن، لەهەمووشـی گرنگتـر کاتێـک باسـی ئێـرانو تورکیـاو سـوریە دەکەیـن دەبـێ بڵێیـن: ئـەم هێـزە ناوچەییانـە لەدەسـەڵاتیاندایە ببنـە بەربەسـت لەبـەردەم ئەگـەری دروسـتبوونی هێزێکـی باڵادەسـتو نێودەوڵەتـی لەناوچەکـەدا! هەرچەنـد کـە لەئێسـتادا بەهـۆی نزیکبوونـەوەی تورکیـا لەرۆژئـاوا ئـەم رۆڵـە زیاتـر بـەر ئێـران کەوتـووەو توانیویەتـی ببێتـە ڕێگرێکـی جیـدی لەبـەردەم هێژمـوونو باڵادەسـتی وڵاتـە زلهێـزەکان لـە ناوچەکـەدا.

هێـزە مامناوەندەکان بەشـێوەی گشـتی لەتوانایاندایـە لەبـەردەم دوورخسـتنەوەو لـە پەراوێزخسـتنو دەسـتێوەردانی وڵاتانـی زلهێـز لەناوچەکـەدا خۆیـان بپارێـزنو ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن چونکـە زلهێـزەکان لەوانەیـە لەبەرابـەر نەیارەکانیانـدا پێویسـتیان پێیـان بێـتو تەنانـەت بـەو هۆیەشـەوە لەشـەڕو دەسـتوەردانی ڕاسـتەوخۆی سـەربازی لـە دژیـان خـۆ بوێـرن[1] V.

نفـوزو هێژمونـی وڵاتانـی زلهێـز هەرچەنـدە زیاتـر بێـت هەوڵـی هێـزە دەسـەڵاتدارەکانی ناوچەکـە لەوانـە تورکیـاو ئێران لەسـنووردار کردنی پانتایی هێژمـوونو

---

(١) هەمان سەرچاوە

باڵادەستی ئەو وڵاتانە زیاتردەبێت لەم پەیوەندییەشدا ئەوەی ئاشکرایە هەوڵ و کاریگەریی ئێران زیاتر لە تورکیایە. وەک چۆن ئیحتشامیو هێنس بوش لەپەیوەندی لەگەڵ ئێرانو سوریە بەڵگە دێننەوە منیش لەو باوەڕەدام تورکیا لە ناوچەیەکدا سەرقاڵی خۆتاقیکردنەوەیە کە چ پێش ئەو چ لەڕابردوو و چ لەداهاتووش هێزەکانیتر جێ پێی خۆیان کردۆتەوەو هێژموونیان هەیە، ئەم هێژموونەش بەهۆکاری جۆراوجۆر لەوانە هێژموونی ئابووریو گرتنە دەستی مەلەفی نەوت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرابیل لە ١٩٤٠ بەدواوە درێژە کراوەتەوە، لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین پاش کۆتایی هاتن بە جیهانی دوو جەمسەری واتە تا کۆتایی ١٩٨٠هێژمونی وڵاتانی بێگانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەی باڵکانو قەوقاز تا ئاسیای ناوەندی زیاترو فراوانتر بووە، بەم هۆیەوە تورکیاو ئێران بە مافی خۆیان دەزانن لەم ناوچانە رۆڵی سەرەکی ببینن.

هەم تورکیاو هەم ئیران لەمۆدێلی سیاسەتی بیرۆکراتیک پەیرەوی دەکەن کە لەم جۆرە سیاسەتکردنەدا، سیاسەتی دەرەکی لەلایەن ئەو چینە نوخبەوە دادەرێژرێت کە لەرکابەرایێتیدانو بەرژەوندیو خولیاکانیان جیاوازە! بەڵام لەو ڕووەوە کەدەوڵەت پێویستی بە پشتگیری چینو توێژی ناوخۆی وڵاتەو بیروڕای گشتی رۆڵێکی کاریگەری لەسەر سیاسەتکردندا هەیە، سیاسەتی دەرەکی

چەكێكـە بـۆ یەكلاییكردنـەوەی ململانێـی ناوخۆییـەكان.
ئـەو رۆڵو كاریگەرییـەی كە«پـرس»و «كێشـە«ی كـورد لەپـاش شـەڕی كەنـداو بـەدواوە لەسیاسـەتی توركیـادا هەیبـووە نموونەیەكـی باشـە بـۆ مۆدێلێكـی لەوجـۆرە، مۆدێلـی بیرۆكراتیـك جەخـت لەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە سـەرۆكی دەوڵـەت ئـەو توانـاو لێهاتویـەی هەیـە لەنێـوان گروپەكانـدا داوەری بـكات، ئەمـەش دابینكردنـی سیاسـەتێكی دەرەكـی عاقڵانـەو لۆجیكی »هاوسـەنگی گشـتی» بـەدی دێنێـت(١) لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەكـرێ سیاسـەتی دەرەكـی ئێـران پێـش شۆرشـی ئیسـلامی بەپشتبەسـتن بەتیۆری »سیاسـەتی سـەربەخۆو بەردەوامـی دەسـت بژێـران» وەك ئـەوەی لەسـوریە پەیـرەو دەكرێـت پێناسـە بكەیـت.
تێـزی سـەرەكی ئـەم نووسـینە لەسـەر ئەوەیـە هاوسـەنگی گشـتی مۆدێلێكـە باشـتر لەمۆدێلەكانیتـر كەسیاسـەتی دەرەكـیو ناوەكـی ئێـرانو توركیـا دەردەخـات، بۆیـە «یـرس»و «كێشـە«ی كـورد رۆڵێكـی یەكجـار گرنـگ دەبینێـت لـەم مۆدێلـەدا، لـەم نوسـینەدا ئـەوە دەسـەلمێنرێت كـە «پـرس» و «كێشـە«ی كـورد لـە ١٩٩١وە بەمـلاوە شـوێنی سـەرەكی هەبـووە لەسیاسـەتی دەرەكـیو ناوخۆیـی توركیـاداو پـاش شـەڕی كەنداویـش لەسیاسـەتی ناوخۆیـیو دەركـی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢١

ئێراندا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.[١]

## پرسی کورد لە روانگەی مێژویی لەتورکیا:

رۆڵی کورد لەمێژوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئیسلامدا هەمیشە گرنگ بووەو تەنانەت لەهەندێ ڕووەوە یەکلاکەرەوەیە، ئەم قسەیە بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ ئێرانو تورکیا بەتەواوەتی رەنگی داوەتەوە، تەنانەت لەدروستبوونو بیچمگرتنی ئیمپەراتۆریەتی عۆسمانی و سەفەویدا رۆڵو ئامادەبوونی کورد لەناوچە سنووریەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا بەرچاو و کاریگەرە، کوردکان لەو ناوچانەی کە تێیدا دەژین هەمیشە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی توند بوون لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا، ئەم ڕەوتە تا ڕووخانی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە واتە تا چارەکەی سەرەتایی سەدەی بیستەم بەبەردەوامی دەبینرێتو لەم شەڕو ململانێیەدا فاکتەری چارەنووسساز لەمێژوی کورد ئەوە بوو کە بەشە گەورەکەی پشتی عۆسمانیان گرت. [٢]

---

(١) سەرنجدان بەم خاڵە گرنگە کە لەتوێژینەوەکانی ئەم دواییە باس لە دوو شەڕ لە کەنداو کراوە، یەکەمیان لەنیوان ئیراو عیراق(١٩٨٠-١٩٨٨)، دووەمیان شەڕی هاوپەیمانانو ئەمریکا لە دژی عیراق بە ریبەریی ئەمریکا (١٩٩١)

(٢) میهرداد ئیزەدی، نامیلکەی رێنمایی: کوردەکان(واشنتۆن، کرین راسڵ، ١٩٩٢)، ٧٢ نامیلکەیەک بۆ ئەم سەردەمە، سەیری ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی بکەن

تۆژینەرانی ئەم سەردەمە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کوردەکان رۆڵی چارەنوسسازییان هەبووە بەتایبەت لەمێژوی عۆسمانیداو لەپەیەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سەفەویی‌و ئەو ڕکابەری‌و ململانێی نێوانیان بۆ باڵادەستبوون لە ناوچەکەو کێشەی نیوان سوننەو شیعەدا.[1] کێشەی ئەرزی‌و سنووری نێوان ئێران‌و عۆسمانی بە بەستنی «پەیمانی قەسری شیرین»کە هەندێجار بە پەیمانی «زەهاو» یان « پەیمانی ئاشتی و پرسی سنووری» ناو دەبرێت کۆتایی پێهێنرا، ئەم پەیمانە لە ١٧ی مایسی ١٦٣٩ ئیمزای لەسەر کرا(روحۆڵا. ک)، »ڕەمەزانیی

(١) بۆ ئاگادار بوون لە چۆنیەتی ئەو ململانێی پاش مشتو مڕە دینییەکان هاتە ئاراوە سەیری نووسراوەکەی رۆبێرت ئۆڵسۆن بکەن بەناوی(گەمارۆی مووسڵ‌و پەیوەندییەکانی ئیران‌و عۆسمانی١٧١٨-١٧٤٧(بلۆمینگنتۆن، زانکۆی ئیندیانا،١٩٧٥ هەروەها ژیانی تایبەتی دەوڵتمەردانی عۆسمانی ، رۆبێرت دانکۆف، مەلیک ئەحمەد پاشا بەوجۆرەی لە سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی هاتووە(ئەلبانیا، زانکۆی دەوڵەتی نیۆیۆرک، ١٩٩١ئەولیا چەلەبی لە دیاربەکر، ن، مارتین برۆئین سێن ، هیندریک بوس چاتێن ئیزەدی پێی وایە گۆڕانکارییەکانی سەدەی شانزەیەم‌و هەفدەیەم رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە میژوی کورد هەبووە، چونکە دابەشکاریی کەلتووری کۆمەڵگای کوردییان لە ڕگو ریشەوە دەرهێناوە و گۆرێویانەو بوونەتە هۆی باڵادەستی کوردی کرمانج‌و کۆچەر بەسەر کوردی پاڵەوی زوان‌و یەکجا نشین لە باکوورو رۆژئاوای کوردستان ئەمەش رەوتێکە پێشتر لە ئەنجامی گۆڕانی رێگا بازرگانییەکان و بۆڕدانی لووتکەی «ئۆمیدی نیک» دەستی پێکردبوو (نامیلکەی رێنما، ل ١٠٣

ئـەم پەیمانـە بـە وەرچەرخانێـک دەزانـێ لـە سیاسـەتی ئێرانـداو دەڵێـت:

«ئـەم دوو وڵاتـە مسـوڵمانە پشـتیان بـەو بنەمـا و بڕیـارە ئیسـلامییە بەسـت کـە دەفەرمـوێ: لەخـوا بترسـنو ئاشـت بـن پێکـەوە« فاتقواللـە و اصلحـوا زات بینکـم» ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە بـۆ یەکەمجـار پەیوەندییەکانـی خۆیـان لەسـەر بنەمـای پرسـە ئـەرزی و سـنوورییەکان دادەڕشـت.(١)

خاڵێکـی گرنـگ کـە دەبـێ لـەم پرسـەدا ئامـاژەی پێبدەیـن ئەوەیـە سـەرەڕای ئـەو ریفـۆرمو گۆڕانکارییـە کەمـەی لەئاکامـی پەیمانـی ١٩٣٢ هاتـە ئـاراوە کەچـی سـنوورەکانی نێـوان تورکیـاو ئێـران تـا ڕادەیەکـی زۆر هەمـان ئـەو سـنوورانە بـوون کـە بەپێـی پەیمانـی ١٦٣٩ لەنێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریەتـی عۆسـمانیو سـەفەوی دیـاری کرابـوونو بەدرێژایـی پەیمانـی ١٦٣٩ لەنێـوان دوو ئیمپراتۆریەتـی عۆسـمانیو سـەفەویو دواتریـش قاجـارو دەوڵەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانیتـردا وەک خـۆی مایـەوە. ئـەو گۆڕانکارییانـەش کـە ڕوویانـدا دەرهاوێشـتەی ئـەو گێـرەو کێشـانە بـوو کـە لەناوچـە

---

(١) دەقـی پەیماننامەکـە لـە نووسـینەکەی جـی سـی، هۆرویتـس ، بەنـاوی (دپلۆماسـی لـە خۆرهەڵاتـی نزیـکو ناوەراسـت) لەبەردەستدایە(پرینستێن، س، ڤان نۆستراند،١٩٥٦، بەرگی ١، ل ٣-٢١ -سیاسـەتی دەرەکـی ئیـران، رۆحـولا ک رەمەزانـی ولاتێکـی ڕوو لـە گەشـە لە ئاستی جیهان، ٥٠٠-١٩٤١ (چارلۆتس دیل، چاپو پەخشی زانکـۆی ڤیرجینیـا، ١٩٦٦).

سنووریی‌ەکانی قەوقازدا ڕوویانده‌دا واته ئه‌و ناوچانه‌ی که کورده‌کانی تێدا نیشته‌جێ بوو و به‌پێی په‌یمانی ساڵی ١٦٣٩و ١٩٣٢ دیاریکرابوون وەک خۆی مایه‌وه. (نه‌خشه‌ی ژماره ٣).

گرنگترین گۆڕانکاری که له‌سنووره‌کانی نێوان ئه‌م دوو ئیمپراتۆرییه‌(وه‌ک ئه‌وه‌ی له په‌یمانی ١٦٣٩ هاتووه) به‌دیده‌کرێت له ناوچه سنوورییه‌کانی قه‌وقاز روویدا که‌به‌هۆیه‌وه هه‌ندێ ده‌ڤه‌رو ناوچه‌ی ئێران بوو خرانه سه‌ر روسیا و له‌په‌یماننامه‌کانی گوڵستان (١٨١٣)و په‌یمانی تورکمانچای(١٨٢٨) ئاماژه‌یان پێدراوه‌و جێگیر کرا (نه‌خشه‌ی شماره ٤).

دیدگاو تێڕوانینی ئیمپراتۆریی عۆسمانیو سه‌فه‌وی‌و دواتریش قاجار له‌سه‌ر هه‌مان مۆدێلی هاوپه‌یمانێتی‌و دژایه‌تی کردنه‌ی یه‌کتر بوو که له‌سه‌ر بنه‌مای هاوسه‌نگی گشتی په‌یره‌و ده‌کراو پێشتر ئاماژه‌مان پێدرا. له‌م دواییه زۆر شت له‌سه‌ر جولانه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کورد له تورکیاو ئێران‌و عیراق نووسراوه[1] که پێویست ناکات جارێکیتر له‌سه‌ر ئه‌و

---

(١) باشترینی ئه‌و لێکۆلینه‌وانه‌ی له‌سه‌ر کورد کراون:

-مێژوی هاوچه‌رخی کورد، ده‌یڤید مه‌ک داڤیل، له‌نده‌ن، ئای بی توریس ،١٩٩٦

-ئاغا، شێخو ده‌وڵه‌ت، پێکهاته‌ی کۆنه‌لایتی‌و سیاسی کوردستان، ن، مارتین ڤان رۆئین سێن، له‌نده‌ن ١٩٩٢

-بزوتنه‌وه‌ی نه‌ته‌ویی کورد بنه‌ماکان‌و گه‌شه‌کردنی، ن، وادی جۆیده، زانکۆی سیراکۆز ١٩٦٠

بابەتانـە بڕۆیـنو ئاخێزگـەو سـەرچاوەی زانیارییەکانـی ئـەو نووسـەرانە لەسـەر ناسـیۆنالیزمی کوردو تـورکو ئێرانـی هەڵدەینـەوە، بـەڵام بەگشـتی ئـەم نووسـەر و توێژەرانـە کۆکـن لەسـەر ئـەوەی ناسـیۆنالیزمی تـورک وەک بزاڤێکـی ئایدۆلۆجیکـیو فیکـری لەدەیـەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمو لەسـەردەمی سـەرهەڵدانی تورکـە لاوەکان(تورکانـی لاو) هاتـە ئـاراوە.[1] بـەڵام ناسیۆنالیزمی فـارس جیاوازتـر لەناسـیۆنالیزمی ئێرانـی دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش سـەدەی بیسـتەم هەرچەنـد کـە بـە هاتنەسـەر دەسـەڵاتی بنەماڵـەی پاڵـەوی لـە١٩٢٥ ڕەنـگو بـۆی تایبەتـی بەخۆیـەوە گـرت، لەبەرابـەر ئـەم دوو ناسـیونالیزمەدا قۆناخبەنـدی ناسـیۆنالیزمی کـورد زۆر دژوارتـرو ئاڵۆزترە!ئێسـتا بـاس لەسـەر ئەوەیـە ئایا شۆڕشـی ١٩٢٥ی شـێخ سـەعید زیاتـر بزوتنەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی بـوو یـان ئاینـی؟ بۆیـە قۆناخبەنـدی پانتاییو گەشـەکردنی ناسـیۆنالیزمی کـورد نەتەنیـا لـەم ڕووەوە گرنگـە کـە یارمەتیـدەرە بـۆ تێگەیشـتنی زیاتـر لـە مێـژوی کـورد بەڵکـو لـەم ڕووەشـەوە گرنگـە کـە بـۆ تێگەیشـتن لەمێـژوی تورکیـاو ئێـران بەدرێژایـی سـاڵانی

-دەرکەوتنـی ناسـیونالیزمی کـزردو شۆڕشـی شـێخ سـەعید ١٨٨٠-١٩٢٥(زانکۆی ئاستین، چاپو پەخشـی زانکۆی تەکزاس، ١٩٨٩
- ناسـیۆنالیزمو زمـان لەکوردسـتان ، ن، ئەمیـر حسـێن پـوور، سانفرانسیسـکۆ ١٩٩٢
(١) تورکـە گەنجـەکان لـە پێگـەی دژایەتیـدا، نیۆیـۆرک، زانکـۆی ئەکسـفۆرد، ١٩٩٥

نێوان هەردوو شەڕی جیهانیو تێگەیشتن لە پرۆسەی گشتیگیری ناسینی مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپاش شەڕی جیهانی یەکەم، زۆر بەسوودە.(١)

تاڕادەیەک هەموو ئەو قسەو باسانەی لەسەر ئاخێزگاەو دەسپێکی ناسیۆنالیزمی کورد نووسراوە بەتێکرا جەختدەکەنەوە لەسەر ڕۆڵی سەرەکی جوڵانەوەی شێخ سەعیدی پیران لەمەڕ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی کوردی باکوور، دەوڵەتی تورکیا پێیوایە ئەم شۆڕشە دەریخست ناسیۆنالیزمی کورد تەنانەت لەدەسپێکو قۆناخە سەرەتاییەکەیدا دەتوانیٚ ببێت هەڕەشە بۆ سەر ناسیۆنالیزمی تورک کە لەسەر بنەمای نەتەوایێتی و لەسەردەستی کەمالیستەکان لە دەیەی ١٩٢٠ بونیاتنراوەو ڕۆڵێکی سەرەکی لەبونیاتنانی ئەو وڵاتەدا بینیوە(٢).

---

(١) شۆرشەکانی کورد( شۆرشی شیخ سەعید ١٩٢٥، ئارارات ١٩٣٠، درسیم ١٩٣٧-٣٨، ن، رۆبێرت ئۆڵسۆن

(٢) یەکێک لەو دواین راپۆرتانەی بە ئەمری دەوڵەت ئامادە کرا تایبەت کراوە بە باشووری خۆرهەڵات(گونی دوگورا پیرتو) ئەم راپۆرتە لەلایەن گروپی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایتی دوگۆراگیل مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە ئەنجام دراوە نارەزایەتی کوردانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا بەرامبەر بە دەوڵەت شیدەکاتەوەو چارەسەرەکان دیاریدەکات، لەم راپۆرتەدا گرنگی شۆرشی شیخ سەعید لەدروستکردنی ترسو دڵەڕاوکیٚ بەرامبەر بەناسیۆنالیزمی کورد جەختی لەسەر کراوەتەوە(حورییەت، ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٩٥)

لەڕاستیدا لەساڵی ١٩٢٥ بەملاوە تورکیا بەبەردەوامی لەشەڕ بووە دژ بە نەتەوەی کورد لەوانە لەمیانەی ساڵەکانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٣٨ شەڕێکی گەورەی دەستپێکرد کە لەئەنجامدا بەتوندی کوردەکانی دێرسیم یان تونجلی ئێستای سەرکوت کرد، ئەم هێرش و سەرکوتکارییە بەڕادەیەک بوو کە توێژینەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بە جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی ناویان هێناوە[١].

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە سەرکوت و جینۆسایدی جوڵانەوەی کوردی لەساڵی ١٩٣٠ بەملاوە لەو ناوچانە هەموارکرد گەشەکردنی هێزی ئاسمانی تورکیا بوو بەجۆرێک کە لەساڵی ١٩٣٠ ئەو وڵاتە خاوەنی ٣٠٠ فڕۆکەی شەڕکەر بوو[٢]. گرنگی شۆڕشی کورد بەدرێژایی ساڵانی( ١٩٢٥ بۆ ١٩٣٠و ١٩٣٧ بۆ ١٩٣٨) هاوکات ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی تورک لەلاوازکردنی

---

(١) بۆ ئاشنایی لەگەڵ هەوڵەکانی دەوڵەتی تورک لە راکێشانی کورد بۆ لایەخۆی سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن:
-تونجلی قانونو، ن، ئیسمائیل بیشکچی، ١٩٣٥
-پاکتاوی ڕەگەزی کورد لە درسیم، ن، ئیستەمبول بەڵگە یاین لری، ١٩٩٠
-سەرکوتی شۆرشی دیرسیم(١٩٣٧-٣٨)ن، ڤان برۆئین سۆن
-شەری کیمیایی لە دژی کورد(١٩٨٨)ن، ڤان برۆئین سۆن
جینۆساید، پانتایی میژوییو وێنایی، ن، جۆرج جی، ئاندرا پۆلۆس، فیلادلفیا ، زانکۆی پینسلڤانیا، ١٩٩٤
(٢) شۆرشەکانی کورد، ن، ئۆڵسۆن

ناسیۆنالیزمی کورد کە لەلێدوانەکانی بەرپرسانی باڵای تورکیا لەپاش کۆتایی هێنان بەو شۆڕشانە دەردەکەوێت، وێنای ڕونترمان پێدەدات.

لە ئەڤریلی ١٩٢٥ پاش سەرکوتی شۆڕشی شێخ سەعیدو قۆڵبەستکردنی، عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆک وەزیری تورکیا دەڵێت: «ئێمە بێ پێچو پەنا ناسیۆنالیزمین چونکە ناسیۆنالیزم هۆی هاوپشتیو یەکگرتوویی ئێمەیە، کەمەنەتەوایەتییەکانیتر لەبەرامبەر زۆرینەی تورک هیچ کاریگەریو نفوزێکیان نییە ئێمە دەبێ بە هەر نرخێک بووە دانیشتووانی وڵاتەکەمان بکەین بە تورک ! ئەوانەی دژایەتی تورکو تورکیزم دەکەن لەناویان دەبەین، بۆیە چاوەڕوانیمان لە خزمەتکارانی وڵات ئەوەیە پێش هەموو شتێک تورک و تورکیزم بن...، پێماندەڵێن حەزمان لەڕەوتە ئاینییەکان نییە، ئێمە هەموو ئەوانە لە لەناو دەبەین کەبەرامبەرمان دەوەستنەوەو ئایین وەک ئامرازێک بەکار دەبەن لەژمان «.[١]چل ساڵ پاش ئەو دەربڕینە ئینۆنۆ هێشتا لەو تێڕوانینە پاشگەز نەبووبوەوەو لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی دیاری تورک بەناوی «عەبدی ئیپیکچی» کە بۆ ماوەیەکی زۆر وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو دەڵێت: «چارەنووسی رژێم لە بواری سیاسەتی نێوخۆییو سەربازیدا بەتەواوەتی پەیوەندی

(١) بیلال ن، شمشێر، ingilir belegelerriel “turkiye,de” kurt sorunu

بـە ئەنجامـی دیاریکـراو و ئەرێنـی شۆڕشـی خۆرهـەڵات هەبـوو.[1]

پێنـج سـاڵ پـاش ئـەم دەربڕینـەی ئینۆنـۆ لەسـاڵی ١٩٢٥ لـە ئاکامـی سـەرکوتی شۆڕشـی ئارارات «مەحمـود ئەسـعەد بوزکـورت» وەزیـری ناوخـۆی تورکیـا لـە وتەیەکـی بەناوبانگدا دەڵێت: « تەنیـا گەلـی تورکیـا بـۆی هەیـە سـوود لـە ئیمتیـازی مافـی نەتەوەیـی خـۆی ببینێت! هیـچ ئەگەرێـک نییـە بـۆ ئـەوەی مافـی نەتـەوەی تـر بـە فەرمیی بناسرێت و ئەمـەش پێویسـتی بە شـاردنەوە نییـە تەنیا تورکـەکان خاوەنـی ئـەم وڵاتـەن ئەوانـەی بنەچەیان تـورک نییـە تەنیـا یـەک مافیـان هەیـە کـە ئـەو مافـەش ئەوەیـە بەبـێ چەنـدو چـون گوێڕایـەڵو خزمەتـکاری گەلـی شـەریفی تـورک بـن.[2]

ئاتاتـۆرک پـاش سـەرکوتی شۆڕشـی دێرسـیم لـە سـاڵی ١٩٣٨ چەنـد مانگێـک پێـش ئـەوەی بمرێـت لـە میانـەی وتەیەکیـدا گوتـی: «بەختـەوەرم ئەوەتـان پـێ بڵێـم کـە ڕێگامـان نـەدا و ناشـیدەین هیـچ بەربەسـتێک لەبـەردەم گەیشـتنمان بـە ئاسـتی بـەرزی شارسـتانییەتو بەختـەوەری بـۆ دروسـت بکـەن.[3]

---

(١) عەبدی ئیپیکچی ، ئینۆنۆ ئاتاتۆرکۆ ئانلاتیور(ئەستەمبول: ئام یایین ئووی، ١٩٨١، ل ٢٧)

(٢) ل ١٠٣ ئاگری داغی تـووڕە، ئیحسـان نـووری پاشـا، وتەکانـی بوزکـورت سـەرەتا لـە ڕۆژنامـەی میلیـەت ، ١٩ی ١٩٣٠ بـڵاو کرایـەوە

(٣) حەمید بوزارسـیلان، کەمالیـزمو پرسـی کـورد لای کوردەکانـی

ئەوەی کە ئاماژەمان پێدا ئەو بابەتو لێدوانانە بوون پاش شکستی سێ شۆڕشی سەرەکی کورد لە پێش شەڕی جیهانی دووەم دەربڕاون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیو بایەخدانی رێبەرانو دەوڵەتمەردانی تورک بە شکست پێهێنانی شۆڕشی کوردو جەختکردنەوەیان لەسەرکەمالیزمو ناسیۆنالیزمی تورک، سەرکوتی ئەو سێ شۆڕشە کوردییە لەسالانی نێوان دوو شەڕی جیهانی هۆکارێک بوو بۆ پەرەسەندنو بەرفراوان بوونی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تورک کە لەسەر قەومییەتو ناسیۆنالیزمی تورک بونیاتنرا، چونکە سەرکوتو جینۆسایدو دوورخستنەوەی کورد ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی گەلی کوردی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورکدا کە ڕۆژ لەدوای رۆژ پەرەی دەسەند لاوازتر دەکرد.

---

سەردەمی دوورخراوەیی، بەهەوڵی ه. حەکیم(پاریس، چاپی لارتماتان، ١٩٩٢، ل ٧٦

# بەشی دووەم

# پرسی کورد لە ئێران

ئەزموونـی کـورد لـە ئێـران لەگـەڵ ئـەو ئەزموونـەی لـە عۆسـمانیدا دەبینـرا جیـاواز بـوو، ئـەو یەکێتیـە سیاسـی، سـەربازییەی عۆسـمانییەکان لەپـاش سـاڵی ١٥١٤ لەگـەڵ کوردەکانـدا پێکیـان هێنـا بەزیانـی ئیمپراتۆریەتـی سـەفەوی دەکەوتـەوە، سـەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٢٤) و جێگرەوەکانیـان واتـە قاجارەکان (١٧٩٥-١٩٢٥) پێیـان باش نەبـوو ئـەو جـۆرە ئەزموونانـە جارێکیتر دووبـارە بکەنـەوە لەئاکامـدا ئاراسـتەی سیاسـی خۆیـان گـۆڕیو دەسـتیانکرد بەدژایەتیکـردنو لەناوبردنـی ئیماراتـە کوردییـەکان، بۆیـە هـۆز و عەشـیرەتە کوردییـەکان لەبـەردەم سیاسـەتێکی توندتـرو سـەختگیرانەترو چاودێـری دارایـی کەمتـردا بـوون لەچـاو نەتـەوەو هـۆز و عەشـیرەتەکانیتر، عەبـاس والـی پێیوایـە ئامانجـی سـەرەکی لەگرتنـە بـەری ئـەم سیاسـەتە دابینکردنـی پاڵپشـتی سیاسـیو سـەربازیی هـۆزو عەشـیرەتە کوردەکانـی هـەردوو دیـوی سـنووری بـوو لـە دژی دەوڵەتـی عۆسـمانی، ئەمـەش لەکاتێکـدا بـوو ئـەم دەوڵەتـە ڕێگریـی دەکـرد لـە دروسـتبوونی هەرجـۆرە یەکێتـیو هاوپەیمانێتـی بەهێـزی هـۆزە کـوردەکان.[1]

(١) عەبـاس والـی، بونیاتـی شوناسـی کـوردی لـە ئێـران، نقـد، ژمـارە ٧، ١٩٩٥، وتارەکـە لەئەسـڵدا بەفەرەنسـی بڵاوکراوەتـەوە لەژێـر نـاوی « دروسـت بـوونو پێکهاتـەی ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە ئێـران، گۆڤـاری گەلانـی لێـواری مەدیتەرانـە، ژمارەکانـی ٦٨-٦٩، ل ٦٤-١٤٣

عەباس والی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: لەناوبردنی ئیماراتە کوردییەکان دەبووە هۆی عەشیرەتگەرایی لەناوەندە شارییەکان ئەم ڕەوتەش تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا ئەندامانی بنەماڵی پاشایێتی جێی سەرۆک هۆزە کوردەکانیان گرتەوە.ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی دەوڵەتی سەفەویدا لەوانەیە لە ژێر کاریگەریی ئەو وەرچەرخانە سیاسییە بێت کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لەساڵانی ١٨٨٠-٨١ دروستی کرد، ئەگەرچی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بەئەژمار نایەت بەڵام بۆ خۆی نموونەیەکە لەو بزاڤە بەهێزە کوردییەی کە خوازیاری سەربەخۆیی زیاتر بوو.(١) لای من گرنگی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا لەوەدایە ئەم شۆڕشە بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکوردنشینەکانی هەردوو دیوی سنووری ئێرانو عۆسمانی گرتەوە، دوانزە هەزار سەربازی ئێرانی لەسەرکوتو دامرکاندنی ئەم شۆڕشە بەشدار بوونو ئەم شۆڕشە کاریگەریی نەگەتیڤی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان سەفەوی و عۆسمانی دروست کرد، ئێرانییەکان پێیانوابوو ئەو شۆڕشە

---

(١) سەبارەت بە شۆرشی شیخ عوبەیدوڵا هاوشێوەی شۆرشی شیخ سەعید مشتو مرِی لەسەرە ئایا نەتەوەیی بووە یا نا؟ زۆربەی توێژەران پێیانوایە نەتەوەیی نەبووە، سەرەڕای نووسراوەکەی والی ، سەیری نووسراوی مەک داویل بکەن(ل ٩-٥٣) هەروەها ئۆڵسۆن، سەرهەڵدانی ناسیۆتالیزمی کورد، ل ١-٧

بەفیتی عۆسمانییەکان سەری هەڵداوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بەدروستکردنی «ئەنجومەنی کورد» ڕێگری لە گەشەکردنو بڵاو بوونەوەی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی بگرێت لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا! بەڵام جیا لەوەش گرنگییەکیتری شۆرشی شیخ عوبەیدوڵا لەوەدایە ئەم شۆڕشە بەهۆی داخوازیی ناسیۆنالیستی یان غەیری ناسیۆنالیستییەوە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردیان لەخۆگرتبوو تووشی کێشەو گرفت دەکردەوە.

جیا لەم شۆڕشە شۆڕشی سمکۆ یەکێکیتر لەو شۆڕشە کوردییانە بوو کە پرسی کوردی وروژاند بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا سمکۆ کەسێکی ناسیۆنالیست بوو و ئەو شۆڕشەی ئەو ڕێبەرایەتی دەکرد شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو؟ نادر ئینتیسار پێیوایە شۆڕشی سمکۆ شۆڕشو جوڵانەوەیەکی گرنگ بوو کە بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ سەریهەڵدا، هەروەها « مارتین ڤان برۆئین سێن» ئەم شۆرشە بە شۆڕشێکی نەتەوەیی ناو دەبات هەرچەند کە لەگەڵ شۆڕشە عەشایەرییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە! دەیڤید مەک داڤێڵ لەو باوەڕەدایە نەتەوەگەرایی سمکۆ ئەوەندەی لایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتیەکەی زەقە ئەوەندە لایەنە نەتەوەییەکەی بەرچاو نییە! عەباس والی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم شۆڕشە لەبنەڕەتدا شۆڕشێکی عەشیرەتیو خۆسەریی

سمكۆیە[1] بەڵام ڕەزا شا بەشێوەیەک بەرەو ڕووی بووەوە وەک بڵێی بەرووڕووی شۆڕشێکی نەتەوەیی بۆتەوەچونکە پێیوابوو مەترسییە بۆ سەر سەروەریی نیشتمانیی ئێران!.

پاش شۆڕشی سمکۆ سەرکوتو ڕاوەدونانی سەرۆک هۆز و سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بەڕادەیەک توندو سەختگیرانە بوو کە بەهۆی دەرکەتەکانییەوە ساڵانی دوایی واتە لە ١٩٤٤-٤٦ شۆڕش و سەرهەڵدانی کورد نەتەنیا سنووری هۆز و عەشیرەتی تێپەڕاند بەڵکو پێگەیەکی شاریی بەدەست هێنا ئەمەش ئەو ناسیۆنالیزمە بوو کە کۆماری کوردستان یان مەهابادی لێکەوتەوەو بە یەکەمین‌و تاکە دەوڵەتی کوردی دێتە ئەژمار.

عەباس والی دەڵێت: سەرکوتو لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی کورد بەدرێژایی دەسەڵاتی ڕەزاشا بەشێک بوو لەجەوهەرو سروشتی سیاسی دەوڵەتی ئێران، هەر بەهۆی ئەم ستەمکارییەو ناچارکردنی بە قەبووڵکردنی شوناسی غەیری کوردی‌و هێنانە بەرباسی جیاوازییەکانی بوو کە

---

(١) مەک داوێڵ، ل ٢٣-٢١٤
- نادر ئینتیساب، ئەتنۆناسیۆنالیزمی کورد، باولدرلین رینەر، ١٩٩٢
-عەشیرتەکوردەکان‌و دەوڵەتی ئیران، مارتین ڤان برۆئین سین.
-پرسی شۆرشی سمکۆ لە کێشمەکێشی نێوان هۆزەکان‌و دەوڵەت لە ئیران‌و ئەفغانستان، لەندەن، کرۆم، هێلم، ١٩٨٣، ل ٩٩-٣٦٤

بناغـەی‌و سیمای ناسـیۆنالیزمی کـورد بـە دروسـتبوونی «کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان» دەرکـەوت.[1]

هاتنـە ئـارای کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد لـە سـاڵی ١٩٤٤ حزبی دیموکراتی کوردستانی بەدوای خۆی هێناو ئـەم حزبـەش رۆڵێکـی گرنگـی لـە بونیاتنانـی کۆمـاری کوردسـتان گێڕا کە لەدیسـەمبەری ١٩٤٥-١٩٤٦ واتـە بۆ نزیکـەی سـاڵێک درێـژەی کێشـا.

سـەرکوت‌و دامرکاندنـەوەی شۆڕشـە کوردییـەکان لەسـاڵانی نێـوان هـەردوو شـەڕی جیهانـی چ لەتورکیـاو چ لەئێـران دەرهاوێشـتەو ئەنجامـی هاوچەشـنی لەسـەر ناسـیۆنالیزمی کـورد دانـا، ئـەم سـەرکوت‌و کوشـت‌و بڕە بەشـێک بـوو لـە جەوهـەرو سروشـتی ناسـیۆنالیزمی تورکـی، ئێرانـی، ناسـیۆنالیزمی کـوردی کـە لـە هـەردوو وڵاتـدا هێشـتا لەسـەرەتاو قۆناخـی سـەرەتایی گەشـەکردندا بـوو بەرپرسـان‌و دەسـەڵاتدارانی ئـەو دوو وڵاتـەی والێکـرد چاودێـری‌و هێژمونـی یەکدەسـت‌و گشـتگیر بەسـەر هەمـوو ئـەو جووڵـەو بـاس‌و خواسـتانە بسـەپێنن کـە لەسـەر شوناسـی نەتەوەیـی تـورک‌و ئێرانیـدا چـڕ دەبـوەوە!

(١) والی ، ل ٨-١٧

## هاوکاریی تورکیاو ئێران لەدژی کورد
## لەساڵانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم

نیگەرانی هاوشێوەی هەردوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیا لەئاست جموجۆڵی نەتەوەیی کورد ئەو دوو وڵاتەی ناچار بەهاوکاریی‌و ئیمزاکردنی چەندین پەیماننامە کرد بۆ چاودێری بەسەر دۆزی کورد بەگشتی‌و ناوچە سنوورییەکان بەتایبەتیتر! دەوڵەتی ئێران هەر لەساڵی ١٩٢٠ واتە لەو کاتەوە کە هەندێ ڕووداو لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لەئارادا بوو ترسی‌و نیگەرانی دایگرتبوو بۆیە زۆر بەجیدی چاوی لەسەر جموجۆڵی نوێنەرایەتییەکانی کورد بوو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و باس‌وخواستی کورد لەو وڵاتانە(١). لەو چوارچێوەیەدا دەستەی نوێنەرایەتی ئێران لەئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاریان کرد لەبری ئەوەی دەوڵەتی ئێران بە ڕێگای زەبرو زەنگ بەرەو ڕووی پرسی ناسیۆنالیستی کورد ببێتەوە، هەوڵبدات لەڕووی کەلتوورییەوە کار بکاتە سەر کورد، ساڵی ١٩٢٧ دەوڵەتی ئێران بەڕادەیەک لە پانتایی چالاکییەکانی شێخ سەعیدو کاریگەرییەکانی شۆڕشی سمکۆ هەراسان

(١) هەمان سەرچاوە ل ١٥

بـوو کـە بـۆ سـەرکوتی ئـەو شۆڕشـانە پێشـنیاریکرد لەگـەڵ تورکیـا پێکـەوە کار بکـەن بـۆ نەهێشـتنی ئـەو مەترسـییانە، هـەر لەوسـاڵەدا سپای تورکیا کـە بـەردەوام لەهەوڵـی سـەرکوتی شۆڕشـگێڕانی جوڵانـەوەی شـێخ سـەعیدی پیـران بـوو ئـەو چەکدارە کوردانـەی بـەرەو سنوورەکانی ئێران ڕاونـا بەو نییەتـەوە بتوانێ بیانگرێت کەچـی بەپێچەوانـەوە ژمارەیەکـی زۆر لەسـەربازانی تورکیـا لەلایـەن شۆڕشـگێڕانەوە بەدیـل گیـران! دەوڵەتـی تورکیا کـە پێیوابـوو سـەربازە دیلکراوەکانی بـە ئاگاداری و فەرمانـی دەڵەتـی ئێـران ڕەوانـەی تـاران کـراون !باڵیـۆزی خـۆی لەتـاران گەڕانـدەوەو نارەزایەتـی خـۆی بەرامبـەر بـە ئێـران راگەیانـد، ئەمـەش یەکەمیـن جـار بـوو لـە مێـژوی ئـەو دوو وڵاتـە ولاتێـک لەسـەر پرسـی کـورد وەک نارەزایەتـی دەربڕیـن باڵیـۆزی خـۆی لەوڵاتیتـردا بانگهێشـت بکاتـەوە.[١]

بەدرێژایـی دەیـەی١٩٢٠ کـوردەکان چ بـە نییەتـی پەنابردنـی ناچـاریو چ بەنییەتـی کێشـە دروسـتکردن لەنێـوان هـەردوو وڵاتـی ئیـرانو تورکیـا ئازادانـە لەنێـوان دوو وڵاتـدا هاتوچۆیـان دەکـردو دەمانـەوە، زۆرێـک لـەو

(١) پەیوەندی تورکەکا وئیرانیەکان، چنیز.ه ، پاڵوان
-دراوسـێی نـارازی ، رۆڵـی تورکیـا لـە خۆرهەلاتـی ناوەراسـت، ن ، هێنری جی بارکی، (واشـنتۆن دی سی، ریکخـراوی ئەمریکی پێشـکەوتنی ئاشـتی،ل ٧٢

کوردانە پاش شۆڕشی سالانی ١٩٢٥-١٩٣٠ بەهۆی سەرکوتو زەبرو زەنگی تورکیاوە پەنایان بردبووە خاکی ئێرانو عێراق، سمکۆ بەر لەوەی بکوژرێت لە ٢١ی جۆنی١٩٣٠ پەنای برد بۆ تورکیاو عیراق، سیاسەتی کوشتنو لەناوبردنی ڕێبەرانو سەرکردە کوردەکان سیاسەتێک بوو کە دەوڵەتی ئێران تا ساڵی ١٩٩٢ پەیرەوی کرد، ساڵی ١٩٢٨ سمکۆ لەسەر بەڵێنی دەوڵەتی تورکیا وەک فەرماندەی یەکێک لە هەنگە عەشایەرییەکان و سوودمەند بوون لەماڵو ملکو قەڵەمڕوی دەسەلات ڕۆشت بۆ تورکیا![1]سمکۆ لە ڕواڵەتدا بەتۆمەتی دەست تێکەڵاوکردنی لەگەڵ تورکیاو دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ناوچە سنوورییەکانی ئێران لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە کوژرا.

بەدرێژایی شۆڕشی کوردەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری ئارارات لە هاوینی ١٩٣٠تورکیا چەندین جار ئێرانی لەوە ئاگادار کردەوە ئەگەر لەپاڵپشتیو پشتیوانی کوردەکان دەست نەکێشێتەوە قەڵەمڕەوی ئێران دەبەزێنێتو ئەو ناوچانەی شۆڕشگێڕە کوردەکانی تێدا جێگیر کراوە بۆردومان دەکات، تورکەکان پێیانوابوو ئێران لەپشت شۆڕشی ئاراراتدایە بۆیە وەک کاردانەوەیەک گەورەترین فڕۆکەخانەی لە نزیک سنوورەکانی ئێراندا

(١) مەک داوێڵ، ل ٢٢١

دروست کرد کە سەدان فڕۆکەی لەخۆ دەگرت[١]

شۆڕشی ئارارات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بگرە بە کردەوە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرا، بەڵام پاش بوردومان چڕی هێزی ئاسمانی تورکیا لە پاییزی ١٩٣٠ شەڕڤانانی کورد ناچار بە پاشەکشە کران و بەرەو سنوورەکانی ئێران داکشان، لەژێر گوشاری هێزەکانی تورکیا دەوڵەتی ئێران بەبێ هیچ بەربەستێک دەروازە سنوورییەکانی بۆ کردنەوەو ئازادانە لەخاکی ئێران گیرسانەوە.

نادر ئینتیسار پێیوایە ڕەزاشاە بەمەبەستی بەکاربردنی کوردەکان وەک کارتی فشار دەیویست لەو ڕێگایەوە کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات و تورکیا لەژێر ئەو گوشارەدا مل بە سازش و نەرمی نواندن بدات[٢].

لە شەڕەکانی ئاراراتدا هێزەکوردییەکان بە فەرماندەیی ئیحسان نووری پاشا کە لەشۆڕشی شێخ سەعیدا دەوری کاریگەری بینیبوو لەلایەن ئێران و ئازەربایجانەوە پاڵپشتی لۆجستیکی دەکراو پێداویستییەکانی لە کوردستانی ئێرانەوە پێدەگەشت، ئەم شۆڕشە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیاو دەسپێک و وەرچەرخانێکی مێژوویی نوێ بوو چونکە

---

(١) شۆڕشەکانی کورد، ژمارە ١٨، ڕۆژنامەی حورییەت

(٢) ئینتیسار، ل ٨٥

ڕێککەوتننامـەی سـنووریی ٢٢ی جۆنـی ١٩٣٢ی بـەدواوە بوو بۆ هەردوو وڵات کە بە هەندێ گۆڕانکاریی بچووکەوە کـە لـە١٩٣٧ تێدا کـرا تـا ئێستاش وەک بنەمایـەک هـەردوو لا پێـی پابەنـدن، بـە پێـی ئـەم ڕێککەوتنـە سـنوورییە زەمینـەی بالادەسـتبوون‌و چاودێـری کردنـی تورکیـا بـە سـەر ناوچـە خۆرهەڵاتییەکانـی ئـارارات فەراهـەم کـراو ئـەو ناوچانـە درایـە تورکیـا لـە بەرابـەردا ناوچەکانـی نزیـک لـە «قتـوور و بـازرگان» ڕادەسـتی ئێـران کـران، هـەر لـەو چوارچێـوەدا لەسـاڵی ١٩٣٧ هەنـدێ گۆڕانـکاری لەناوچـەی (ماربیشـۆ)[١] خۆرهەڵاتـی ورمـێ بـە قازانجـی ئێـران کـرا کـە لەپەیماننامەکـەدا جێکرایـەوە[٢]

هـەر لـەو پەیوەندییـەدا تورکیـاو ئێـران لـە٢٣ی جۆنیـوەری ١٩٣٢ پەیمانێکـی لێـک تێگەیشـتن‌و دۆسـتایەتییان بـۆ چارەسـەری کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان بـە ڕێگای یاسایی‌و دادوەرییەوە ئیمزا کرد، دواتـر لـە٥ی نۆڤەمبـەری ١٩٣٢ پەیمانێکـی هاوشـێوەیان بەسـت کـە لەسـەربنەماو پرەنسـیپی نـوێ پەیوەندییەکانیـان ڕێـک

(١) لـە دەقەکـەدا Mar Bicho هاتـووە کـە ڕاسـت نییـە، ماربیشـۆ ئێسـتاکە گوندێکـی کوردنشـینە و پێشـتر مەسـیحییەکانی تێـدا ژیـاون.» و-فارسـی»

(٢) مەک داوێڵ، ل ٢٠٦، ئینتسار، ل ٨٥،

-پرسـی کـوردو سـنوورە نێودەوڵەتییەکانـی ئێـران، چاپـی کیـس مـەک لاچـان، نیۆیـۆرک، چاپـی سـینت مارتیـن، ١٩٩٤

بخەنـەوە.[1] لـەو سـەروبەندەدا فاكتـەری سـەرەكی و كاریگـەر بـۆ دیاریكرنـی هێڵـە سـنوورییەكانی نێـوان توركیـاو ئێـران پرسـی كـورد لـە هـەردوو وڵات بـوو، ئەمـەش بنەمـای ئـەو ڕێككەوتـن‌و پەیوەندییانـە بـوو كـە بەهۆیـەوە تـاران‌و ئەنقـەرە هاریـكارو چاودێـر بـوون بەسـەر جموجۆڵـی كـوردو تاشـەڕی نێوان ئێـران، عێـراق لـە ١٩٨٠ بـۆ ١٩٨٨و بگـرە تـا ١٩٩١ ئـەم هاوئاهەنگـی‌و هاوكارییـە هاوبەشـانە بـەردەوام بـوون. بـەڵام پـاش شـەڕی كەنداو لە ساڵی ١٩٩١ وتوویـژو دانوسـتانی نوێ بەمەبەسـتی كونترۆڵـی چالاكییەكانـی پ ک ک كـە پـاش شـەڕی كەنـداو بـە شـێوەیەكی بەرچـاو و بەرفـراوان لـە باكووری عیـراق‌و ناوچـە سنوورییەكانی ئێران كەوتبووە جموجـۆڵ، هاتـە ئـاراوە[2].

پەیماننامـەی ١٩٣٢ لـە گـەڵ پەیماننامـەی سـەعدئاباد كـە ناوەرۆكەكـەی بریتـی بـوو لـە دەسـتدرێژی نەكـردن لـە سـەر قەڵەمـڕەوی یەكتـر و ڕەچاوكردنـی سـەروەریی نیشـتمانی یەكدی لـە نێـوان هەرچـوار وڵاتـی ئێـران‌و توركیـاو عیـراق و ئەفغانسـتان لـە ٨ی جـۆلای ١٩٣٧ پەسـەندو ئیمـزا كـرا. بێجگـە لـە دەوڵەتـی ئەفغانسـتان نیگەرانـی سـەرەكی ئیمزاكەرانـی ئـەم پەیماننامەیـە پرسـی كـوردو ئەو هەڕەشـەیە بوو كـە لەو ڕووەوە بـەرەو

---

(١) ڕەمەزانی، ل ٢٧٢

(٢) هوروتیس ، بەرگی ٢، ل ٧-٢١٤

ڕوویـان دەبویـەوە، لەکـۆی ١٠مـادەی سـەرەکی ئـەم ڕێکەوتننامەیە٤مـادەی ڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بـە زەرورەتـی چاودێری و کونترۆڵکردنی جموجۆلی سیاسی کوردەکان دەکات ئەمـەش جێگای تێرامانـە بـۆ ڕێککەوتنامەیـەک کـە ئامانجـە سـەرەکییەکەی بـەرەو ڕوو بوونـەوە لەگـەڵ هێـرش‌و پەلامـاری دەرەکـی بـوو بـۆ سـەر قەڵەمـڕەوی هەریـەک لـەو وڵاتانـە!

پەیمانـی سـەعدئاباد لـەکات‌و سـاتێکدا ئیمـزا کـرا کـە تورکیـا لەگەرمـەی سـەرکوت‌و پاکتاوکردنـی شۆڕشـی دیرسـیم بـوو، ئـەم شۆڕشـە بە سـێیەمین شۆڕشی گرنگ‌و بەرچـاوی کـورد لـە میانـەی نێـوان دووشـەڕی گـەورەی جیهانی بەئەژمار دێت، شۆڕشـی دێرسـیم بـە پێچەوانـەی شۆڕشـی شـێخ سـەعید و شۆڕشـی ئـارارات لەنزیـک ناوچـە سـنوورییەکانی ئێرانـدا ڕوویـنـەدا، بۆیـە کێشـە هەمیشـەییەکانی وەک هاتوچـۆی نایاسـایی‌و پشـتگیری ئێـران لەشۆڕشـگیرانی کـورد بـەدواوە نەبـوو.

عەبـاس والـی پێیوایـە یـەک لـە ئامانجەکانـی پەیمانـی سـەعد ئابـاد لۆکاڵیکردنـی پرسـی کـورد لەچوارچێـوەی هاوپەیمانێتییەکی دژە کۆمۆنیسـتی بـوو، ئەمـەش دەربڕی ئـەوە نیگەرانییەیـە کەئـەو وڵاتانـە دەرهـەق بـە پرسـی کـورد هەیانبـوو و پێیانوابـوو پرسـی نەتەوەیـی کـورد لەئەگـەری فەراهـەم بوونـی بارودۆخـی لەبـاری ناوچەییـدا دەتوانێ ببێتـە هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر ئاسایشـی هەرسێ

وڵاتـی ئێـران، تورکیـاو عیـراق.[1]

## کۆماری کوردستان (مەهاباد) و کاریگەرییەکانی:

دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان بۆ مـاوەی سـاڵێک واتە لـە دیسـەمبەری ١٩٤٥- ١٩٤٦ کاریگـەری نەگەتیڤی نەکردە سـەر ئـەو پەیمانناماـنەی لـە١٩٣٢و ١٩٣٧ واژۆ کرابـوون، توێژینەوەکانی ئـەم دوایيە جەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە هـۆکارو پاڵنـەری کۆمـاری مەهاباد(کوردسـتان) بەدەرەجـەی یەکـەم ناسـیۆنالیزمی کـورد بـوو [2]دامـەزرانو پاشـان هەڵوەشـانەوەی کۆمـاری مەهاباد(کوردسـتان)ئەو ڕەوتـە ناسـیۆنالیزمە کوردییـە بـوو کـە کاریگـەری کردبووە سـەر کوردەکانـی هەرسـێ وڵاتـی ئێـران، عیـراقو تورکیـا، ڕاسـتە کۆمـاری کوردسـتان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کاری نەکردبـووە سـەر پەیوەندییەکانـی ئێـرانو تورکیـا بـەڵام ئەنقـەرە بـە بیسـتنی هەواڵـی ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان بەهـۆی محەمەدرەزاشـای پەهلـەوی پاشـای نوێـی ئێرانـەوە زۆر خۆشـحاڵ بـوو چونکـە تورکـەکان بـەو ئۆمێـدە بـوون پاشـای نوێـی وەک ڕەزاشـای باوکـی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کوردەکانـدا لەهاوکاریکردنـی تورکیـا دریغـی نەکـەن. بـەڵام هەرچۆنێـک سـەیری

---

(١) والی، ل ١٥ ، یاداشتی ٢١

(٢) مەک داوێڵ،٢٤٦،والی، ل ١٨-٢٢، ئینتیسار ، ل ١٤-٢٣

بکەیت کۆماری کوردستان کاریگەریی لەسەر کوردەکانی تورکیا دانا چونکە وەک نادر ئینتسار دەڵێت: ئەم ڕووداوە لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوی ناوچەکەدا دەمێنێتەوە.[1] کۆماری کوردستان سەرمەشقی ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردییانە بوو کە لەتورکیا سەریانهەڵدەدا نیگەرانییەکیتری ئەو وڵاتانەی کە کوردیان لەخۆگرتووە لەوانە تورکیا ئەوە بوو کە پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ یەکەمینجار پاش ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر لە ۱۹۲۰ پرسی کورد بوو بە پرسێکی نێودەوڵەتی هەرچەند ئەزموونی لەو چەشنە تا ساڵی ۱۹۹۱ دووبارە نەبوەوە، ئەوەی کە کۆماری کوردستان و کۆماری دیموکراتیکی ئازەربایجان ڕۆڵێکی گرنگییان لەسەرهەڵدانی شەڕی سارد هەبوو بەڵگەی ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەیە کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نە تەنیا کاریگەری لەسەر هەرسێ وڵاتی ئیرانو تورکیا و عیراق دانا بەڵکو لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە گرنگیی تایبەتی هەبوو، بەریتانیای گەورە پێی باش نەبوو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی کوردی لەدایک ببێت! لە راستیدا بەدوور دەزانرێت تەنانەت ڕازی بووبێت بەپێکهاتنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بەهێز لەهەریەک لەو سێ

---

(۱) ئینتیسار، ل ۲۲

دەوڵەتـە! پشـتگیری بەریتانیـا لـە ناسـیۆنالیزمی کوردیـی میانـەڕەوو بۆرۆکراتیک لـە باکووری عیراق بە مەبەستی بەردەوامیـدان بـە سیاسـەتی «شـەریفی» خـۆی لـە وڵاتانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێویسـت بـوو، چونکـە بوونـی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بەهێـزی کوردیـی چ لـە ئێـران‌و چ لـە تورکیـا بەربەسـتێک بـوو لەبـەردەم ئـەم سیاسـەتەدا.

سـاڵی ١٩٤٥ بەریتانیـاو ئەمریـکاو ئەوروپـا بـەم ئەنجامـە گەیشـتبوون لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئـەوە تورکیایـە دەتوانـێ رۆڵـی سـەرەکی ببینێـت لـە دژی یەکیەتـی سۆڤییەت، بۆیـە ئـەم لێک تێگەیشـتنە لـە ساڵانی ١٩٤٦-٤٧ لـە نەخشـەرێگای «ترۆمـەن»دا خرایـە بـواری کارەوە ئەمـەش یارمەتیـدەر بـوو بـۆ وەرگیرانـی تورکیـا لـە هاوپەیمانێتـی ناتـۆ لەسـاڵی ١٩٥٢، هـەر لەوکاتـەدا بەشـداری و ئەندامێتـی کـوردەکان لـە ڕەوتـە چەپەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوڕاسـت بـە مەترسـی دادەنـرا، کۆمـاری کوردسـتان نموونـەی هەمـان ئـەو هەڕەشـەیە بـوو کـە بەهـۆی شـێخ سـەعیدی پیرانـەوە بیست سـاڵ پێش کۆمـار لـە تورکیـا دروسـت ببـوو، هـەردوو شـۆڕش لـە لایـەن کەسـایەتییە ئاینیەکانـەوە ڕێبەرایەتـی دەکـران بۆیـە ڕێبـەران‌و دەسەڵاتـدارانی تورکیاو ئێران‌و عیراق لەسـەرو ئەوانیشـەوە بەریتانیـای گـەورە کـە ئەمپریالیزمـی سـەرکەوتوو و بەهێـزی ناوچەکـە بـوو چاویـان بـەم

بزوتنەوەناسیۆنالیستی ئاینییە هەڵنەدەهات، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا عیسمەت ئینۆنۆ لە سالی ١٩٢٥ بەئاشکرا گوتی ئێمەی تورک رێگا نادەین بەناوی ئیسلامەوە دژمان بوەستنەوەو ئەوانەی ئیسلام وەک ئامرازێک لە دژی ئێمە بەکار دەبەن دەیانهاڕینو لەناویان دەبەین».

من لە شوێنێکیتردا ئاماژەم بەوەداوە سەرکوتی شۆڕشی شێخ سەعید لەگەورەییو پیرۆزی ئیسلامی لە تورکیاو بگرە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەمکردەوە کاتێک وەک ئامرازی هەڕەشە یان بۆ دژایەتیکردنی لایەنێک بەکار برا، ئەو گروپانەی حەزیان دەکرد لە ئیسلام وەک ئامرازێک بۆ هاریکاریکردنی وڵاتانی ئیسلامی یان ئامانجە نێودەولەتیو ناوچەییەکانیان سوود وەربگرن بەو ئەنجامە گەیشتن کە لەکاریگەریی ئیسلامیان کەمکردۆتەوە[١]

سەرکوتی هەر گروپێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی یان لەوبابەتە کە هەولبدەن ئیسلام وەک ئامرازێک لە دژی سیستمێکی حوکمڕان بەکار بەرن ئامانجی سەرەکی هەموو دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەندی(بێجگە لە ئەفغانستانو پاکستان) بوو کە بەوردی تاساڵی ١٩٩٨ بەجیاکردنەوەی دین لەسیاسەت وەک بنەمایەک بۆ رەوایی دەسەڵاتەکانیان جەختیان لەسەر دەکردەوە، هەڵبەتە دەبێ ئێران هەڵاوەرد بکەین چونکە ئەم

(١) السن، ظهور ناسیونالیسم کرد, ١٥١-٣.

وڵاتـە لەسـاڵی ١٩٧٩ دەوڵەتێکـی لەسـەر بنەمـای ئیسـلام بونیاتنـا[١]
لـە تورکیـا سیاسـەتی دژ بـە کـوردو تەنانـەت دژە ئیسـلامی کـە هەنـدێ کـوردی ناسیۆنالیزمیشـی لەخـۆ دەگـرت تاوەکـو ئێسـتا بـەردەوام پەیـرەو دەکرێـت لەسـاڵی ١٩٩٧ یەکەمیـن حزبـی ئیسـلامی واتـە حزبـی رەفـا بـە رێبەرایێتـی نەجمەدیـن ئەربـەکان کـە لەجۆنـی ١٩٩٦ بەدروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبی رێگای حەقیقـەت بـە سـەرۆکایێتی سـەرۆک وەزیـران پێپێشـوتر تانسـۆ چیللـەر دەسـەلاتی گرتـە دەسـت بـەلام ئەوەنـدەی نەبرد لەلایەن سپا و جەنراڵە سەربازییەکانەوە وەلا نرا، سـپای تورکیـا حزبـی رەفـای بـە حزبێکـی کۆنەپەرسـتو داخـراو ڕاگەیانـد، لەڕاسـتیدا بـۆ یەکەمینجـار لەسـاڵی ١٩٩٧بەدرێژایـی پانزەسـاڵ کـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی تورکیە سیاسـەتی ئەمنیو تەنانە ناوخۆیی و دەرەکیشـیان دیـاری دەکـرد جەختیـان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە دوژمنـی سـەرەکی تورکیـا حزبـی رەفـا و ئایدیۆلۆژیـای کۆنەپەرسـتانە و داخـراوی ئـەو حزبەیـە نـەک پ ک ک ! لەو چوار چێوەیەدا سپای تورکیاو دەوڵەتی ڕاستگەرای

(١) بـە هـۆی رۆڵێـک کـە پیـرۆزی و سـیمبولە دینییـەکان لـە ڕەوتـی ئـەم شۆرشـانەدا بینیویانـە، وشەی»ئیسـلامی« م بـۆ شۆڕشـی ١٩٧٩ی ئێـران بـەکار بـردووە، هەروەهـا دەسـتەواژەی «ئیسـلامییەت یـان ئیسلامگەرا»م بۆ بزوتنـەوە سیاسـی، ئاینییەکانی خۆرهەلاتـی ناوەڕاست و تورکیـا بـەکار بـردووە

«مـام میهـەن» لـە ٢٠ی جۆنـی ١٩٩٧دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـتو رایانگەیانـد: گەورەتریـن هەڕەشـە بـۆ سـەر بنەماکانـی سیسـتمی کەمالیـزم هـاوکاریو نزیکبوونـەوەی ئیسـلامگەرایانی حزبـی رەفـا لەگـەڵ پ ک ک یـان بـە واتایەکیتـر ناسـیۆنالیزمی کـوردە [1]

لەمایسـی ١٩٣٢ تـا دەسـپێکی شـۆڕشـی گەلانـی ئێـران لەسـاڵی ١٩٧٩ ئەنقـەرەو تـاران هیچـکات پشـتگیرییان لـە بزوتنـەوەی کـورد لـەدژی یەکتـر نەکـرد، پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئیسـلامی ئیرانیـش هـەردوو دەوڵـەت بە بەردەوامـی ئەوەیان دووبـارە دەکردەوە کەلـە هیـچ بزاڤێکـی ناسیۆنالیسـتی کـوردی نـاو وڵاتەکانیـان داکۆکـی ناکـەن، ئـەم دوو دەوڵەتـە ئـەم سیاسـەتەشـیان بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەو کەمکردنـەوەی مەترسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانو یەکیتـی نیشـتمانی پەیـرەو کـرد بـەڵام بەپێچەوانـەوە دەوڵەتـی ئێـران پشـتگیری لـە بزوتنـەوەی ئیسـلامی کوردسـتان بـە رێبـەری شـێخ عۆسـمان دەکـرد کـە لـە رانیـەو سـنووری هەڵەبجـەدا چالاکییـان دەکـرد.

قسـەی مـن ئەوەیـە نیگەرانییـە جیۆپۆلیتیـکو جیۆسـتراتیژییەکانی تورکیـاو ئێـران لـە سـاڵی ١٩٢٠ بـۆ ١٩٧٨ بـە ڕادەیـەک بەریـنو جیـدی بـوو کـە هیچـکام لـەو وڵاتانـە ئامـادە نەبـوون بـە هـۆی پاڵپشـتییان بـۆ

---

(١) حریت، شماره مورخ١١ ژوئن، ١٩٩٧.

ڕێکخراو یان حزبو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی کورد بەرژەوەندییە گەورە جیۆپۆلیتیکەکانیان بخەنە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە، تەنانەت کاتیک لە دەیەی ١٩٩٠ دەرکەوت تارانو عیراقو ئەوروپاییەکان پشتگیری پ ک ک دەکەن و لەبەرامیەردا تورکیا پاڵپشتی موجاهیدینی خەلقی دەکرد لەعیراق و لەناو وڵاتەکەیدا، بۆ پاساوی ئەو دەستێوەردانەشیان هەردوو وڵات هەوڵیاندەدا بیانووو پاساوی مەعقولانە بۆ ئەو راستییە بهێننەوەو خۆیان لێی بێبەری بکەن.

# بەشی سێیەم

# لە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بۆ شەڕی کەنداو(١٩٧٩-١٩٩١)

تورکیا لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دوو نیگەرانی سەرەکی هەبوو، نیگەرانییەکی ئەوە بوو شۆرشی ئیسلامی ببێتە هۆی وروژاندنی ئیسلامییەکانی تورکیا، نیگەرانیتری تورکیا ئەوە بوو لە ئەگەری شکستی شۆڕشی ئیسلامی، ئێران بەرەو پارچە پارچە بوون بڕواتو ئەمەش زەمینە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات، دووریش نەبوو نەتەوەگەرایی‌و ئیسلامگەرایی کورد یەک بگرنەوە واتە هەمان لۆلۆی سەردەمی نێوان دوو شەڕی جیهانی کە ئەنقەرە زۆر لێی دەترسا! سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە شۆرشی ئیسلامی ئێران لەسەر ئەوە ئاراستەیە دارێژرا بوو کە ڕێگا نەدات ئەم شۆڕشە پرسی نەتەوە و بیروباوەڕی کۆمەڵگای تورکیا بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بۆ دەتوانین بڵێین سیاسەت تورکیا سیاسەتێکی موحافیزکارانە بوو.

سوها بلوکباشی پێیوایە: سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر بە شۆرشی ئیسلامی ئێران لەژێر کاریگەری سێ فاکتەری سەرەکیدا بوو، ئاشتەوایی لەگەڵ ئەو وڵاتە، بێلایەنی تەواو لەشەڕی نێوان عیراق، ئێران، دواجار سوود وەرگرتن لە دەرفەتی شەڕ بۆ برەودان بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لە گەڵ ئێراندا، سوها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بڕیاری تورکیا بۆ نەرمی نواندن

لەگـەڵ ئێـران هەوڵێکـی ژیرانـە بـوو بـۆ ڕێگریکـردن لـە نزیکبوونـەوەی ئـەو وڵاتـە لـە روسـیا. [١] ناوبـراو ئەوەشـی پـێ زیـاد دەکات کـە ئەمریـکا ئـەم سیاسـەتەی تورکیـای پێباشـبوو.

گومانـی تێدا نییـە هیچکام لـەم دەوڵەتانـە نەیدەویسـت ئێـران بچێتـە نـاو بازنـەی روسـیاوە بـەڵام بـە لەبەرچـاو گرتنـی ئـەم راسـتییە کـە پـاش هەڵوەشـانەوەی یەکیەتـی سـۆڤییەت تورکیـا سـەرەڕای باوەڕمەنـد بوونـی بـە پێشگۆییەکانی »سـیا« سـەبارەت بـە هێژمـونو بەهێـزی روسـیا، دیسـان لـەو بـاوەڕەدا بـوو روسـیا ناتوانـێ ئێـران بخاتـە ژێـر رکێفـی خـۆیو دەسـتەمۆی بـکات.

هێرشـی عیراق بۆ سـەر ئێران لە سـپتەمبەری ١٩٨٠دوو نیگەرانـی سـەرەکی بـۆ تورکیـا دروسـت کـرد، ڕاسـت ١٠ رۆژ پێـش ئـەو هێرشـە کودەتایەکـی سـەربازی لەتورکیـا ڕویدا، یەکێـک لـە هـۆکارو رەهەندەکانـی ئـەو کودەتایـە کـە باڵادەستبوونو دەسـەڵات گرتنەدەسـتی سـپای لێکەوتـەوە تـرسو نیگەرانیـی فەرمانـدە سـەربازییەکان بـوو لـە یەکگرتوویـیو یەکگرتنـی هێـزە چەپەکانـی تورکیـاو ڕەوتـە نەتەوەخوازەکانـی کـورد، ئـەو ئەگـەرە هەیـە دەوڵـەتو سـپای ئـەو وڵاتـە لـە هێرشـی سـەربازی عیـراق بـۆ سـەر ئێـران ئـاگادار بووبـن، چونکـە بـە لەبەرچـاو گرتنـی

---

(١) سوها، بلوک، باشی مقابله ترکیه با ایران انقلابی در مجله مطالعات جنوب آسیا و خاورمیانه جلد ،٨ شمارههای ١و ٢ (١٩٨٩): ٩٥.

ئاڵۆزی دۆخی سیاسی تورکیا سپا دەیویست ڕێوشوێنی پێویست لەپێش بگرێتو لە هەموو پارێزگا کوردییەکاندا دۆخی نائاسایی‌و سەربازی ڕابگەیێنێتو بەمەش بتوانن پێش بە هەرجۆرە ئەگەرێکی ئاڵۆزیو پشێوی بگرن، حکوومەتی سەربازی کە لە ١٩٨٠ -٨٣ بەردەوام بوو وزەو تواناکانی خۆی بۆ سەرکوتی ئیسلامییەکان‌و ڕێگریی لەسەرهەڵدانی پ ک ک پەرە پێداو ئەو مەجالەی بۆ دەسەڵاتی سەربازی ڕەخساند کە بە بیانووی بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ شەپۆلی بانگەشە ئیسلامییەکانی ئێران پەنا بۆ هەموو ڕێوشوێنێکی سەربازی بەرێت.

هۆکارێکیتر کە تورکیای هاندەدا بیر لە گرتنەبەری سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو دۆستایەتی لەگەڵ ئێران‌و شۆڕشی ئیسلامی بکاتەوە بەتایبەت پاش پێکهەڵپژانی سەربازی ئەو وڵاتە لەگەڵ عیراق، ئەو دەرفەتە ئابووریو بازرگانییە بوو کە بۆ تورکیا دەڕەخساو بەهۆیەوە دەیتوانی قەبارەی ئاڵوگۆڕەبازرگانییەکانی لەگەڵ هەردوو لایەنی شەڕدا بەرفراوان بکات، پاش ئەوەی سپا لە ١٩٨٠ دەسەڵاتی گرتە دەست دەوڵەتی سەربازیی ڕایگەیاند: تورکیا دەستی کردووە بە ئازاد کردنی ئابووریی بازاڕو فەراهەم کردنی زەمینەی سەرمایەداری کەرتی تایبەتو هەوڵدەدات گرنگی بە بەرزگردنەوەی ئاستی هەناردە بدات. ئەنقەرە بەم ئەنجامە گەیشتبوو یەکێک

لەسەرچاوەکانی دابینکردنی سەرمایەو پیداویستییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە وڵاتی ئێرانەو بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان بەرز بکرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئاڵوگۆڕی بازرگانی تورکیا و ئێران لە ١ملیارد دولارلەساڵی ١٩٨٠ بەرز بووەوە بۆ ٢,٥ ملیارد دولار لە ١٩٨٥ هەرچەند کە ئەم رێژەیە دواتر کەم بووەوە.[١]

ئەو ولاتانەی کە زۆر بەجیدی لەهەوڵدان بۆ پیشەیی کردنی خۆیانو بۆ ئەو مەبەستەش سەرمایەگوزاری دەکەن بەزۆری خۆیان لە شەڕو ئاڵۆزی لەگەڵ وڵاتاندا دەبوێرن مەگەر بە پێچەوانە رێبەرانو سیستمی سیاسی ولاتەکەیان هەست بە ترسو هەرەشەی دەرەکی بکەن، ئەم خاڵە لە مۆدیلی «هاوسەنگی گشتیدا» کە لەدەسپێکی بابەتەکەدا ئاماژەی پێکرا بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

فرید لاوسۆن لەم دواییەدا لەسەر بنەمای توێژینەوەو لێکۆلینەوەکانیدا بەو ئەنجامە گەیشت سوریە لە دەیەی ١٩٩٠ بۆیە لەشەڕ لەگەڵ تورکیا خۆی لادا چونکە بۆ بەرەو پێشبردنی ستراتیژی ئابووری پێویستی بە فەراهەمکردنی زەمینەی سەرمایەگوزاری بوو، هورچەند کە نێوانی ئەو دوو دەوڵەتە بەهۆی ناکۆکییەکانیان لەسەر گلدانەوەو دابەشکردنی ئاوی

---

(١) بلوک باشی، ١٠٠.

ڕووباری فوراتو پشتگیری سوریه له ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵا ئۆجالان و پەنادان بە گریلاکانی پ ک ک ئاڵۆز بوو بەڵام ئەم هۆکارانە نەبوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا.[1] ئەم بۆچوونە دەتوانێ لەسەر تورکیاش ڕاست دەرچێت، بۆ تورکیا سەرمایەگوزاریو گەشەدان بە ئابووری زۆر لەو مەترسییە گرنگتر بوو کە لەلایەن ئێرانەوە هەستی پێدەکرا، دۆزینەوەی بیانوویەک بۆ شەڕ لەگەڵ سوریە زۆر ئاسانتر بوو لەوەی بەدرێژایی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠ بەرووڕووی ئێران ببێتەوە، ئەو هۆکارە ئابوورییانەی سوریای لەشەڕ بەرامبەر تورکیا دوور خستەوە بۆ تورکیاش وابوو، پێویستی تورکیا بە ئابوورییەکی بەهێزو بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ گرتنە پێشی سیاسەتی ئاشتەوایی و دوورکەوتنەوە لە ململانێو ناکۆکی لە گەڵ ئیران، بەڕای من ئەم پێویستییە ئابوورییە بەدرێژایی دەیەی ١٩٩٠ بەردەوام بوو هەرچەند ئەم لایەنە ئابوورییە واتە بەرزکردنەوەی توانا ئابوورییەکان

(١) فرد اچ، لاوسن چرا سوریه وارد جنگ، شود سی سال مقابله و کشمکش (ایتاکا، نشر دانشگاه کارنل، ١٩٩٦) ١٢٩ - ١٥٦. بۆ ئاگا بوون له پەیوەندییەکانی تورکیه و سوریه سەیری نووسراوی رابرت، السن له ژێر ناوی «روابط ترکیه و سوریه از جنگ خلیج به این سو: کردها و مسألة آب، مجله سیاسەت بکەن
خاورمیانه، جلد ٥ شماره ٢ (١٩٩٧), ١٦٨- ٩٣.

لەساڵانی سەرەتایی شۆڕشی ئیسلامی ئێران چەندان گرنگی پێنەدرا [1]و لەو ماوەیەدا سیاسەتی سەرەکی ئێران بەدەست هێنانی مەشروعییەتی سیاسی بوو بۆ رژێمو سەرکەوتن بەسەر عیراقو کەمکردنەوەی ئەو گوشارە نێودەوڵەتییانەی کە لەلایەن سیاسەتە ناوچەیی‌و جیهانییەکانەوە بەسەریدا سەپێنرابوو، بەڵام دەکرێ بڵێین پاش ساڵی ١٩٨٩ زەرورەتی کۆکردنەوەی سەرمایەو بەهێزکردنی ئابووری رۆڵێکی هاوسەنگو شیاوی لەپەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو وڵاتانی جیران بەتایبەت وڵاتێکی غەیرە عەرەبی وەک تورکیا هەبوو.

فاکتەرێکی سەرەکی کە دەیتوانی زیان بە پەیوەندییەکانی تورکیاوئێران بگەیێنێت پرسی کوردو ئەو کێشەو گرفتانە بوون کە لەلایەن کوردەکانی سەر بەو وڵاتانە بۆیان دروست ببوو!چەقی کێشەو گرفتەکانیان لەگەڵ کورد ئەو سیاسەتانە نەبوون کە ئەو دوو دەوڵەتە بەرامبەر بەکورد لەپێشیان گرتبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو هەوڵو و سیاسەتانەوە بوو کە پاش کەمبوونەوەی دەسەڵاتی عیراق لەباکووری وڵاتەکەی بەمەبەستی هەژمونو نفوزی زیاتر بەسەر کوردی باکوری عیراق لەپێشیان گرتبوو، نیگەرانی سەرەکی تورکیا ئەوە بوو بەغدا چیتر توانای ئیدارەدانی

---

(١) انوشیروان، احتشامی پس از خمینی: جمهوری دوم ایران (لندن، راوتلج ١٩٩٥) ٢٧-١٢٥.

باکووری وڵاتەکەی نەبێتو بەوەش پارتی دیموکرات یان یەکیتی نیشتمانی کوردستان یان بەهەردوویان لەگەڵ پ ک ک دەستی هاوکاری درێژ بکەنو ئەو ناوچانە بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، پ ک ک لە ساڵانی سەرەتای شەڕ لەباکووری عیراقو باکووری خۆرئاوای ئێران گیرسابوەوەو لەگەشەکردندا بوو، ئەنقەرە هۆکاری هەبوو بۆ ئەم نیگەرانییە، چونکە لەسەرەتای جولای ١٩٨٣ پارتی دیموکراتی کوردستانو پ ک ک رێککەوتنێکیان بە ناوی «پرانسیپەکانی یەکگرتوویی» ئیمزا کردبوو کە بەپێی ئەو رێککەوتنامەیە هەردوولا لەدژی دوژمنی هاوبەش دەوەستانەوە[1] بەڵام ئەم پەیماننامەیە ئەوەندە دەوامی نەهێناو ئەم دوو حزبە لە باتی دوژمنی هاوبەش بەربوونە گیانی یەکترو تا پاش شەڕی کەنداویش ئەو ناکۆکییانە بەردەوام بوو. ئەنقەرە کە تەنانەت پێش ئەو رێکەوتننامەیە ترسو نیگەرانی بەرامبەر بە کورد دەربڕیبوو لە ٢٦ی مایسی ١٩٨٣ لە رێگای ٨ بۆ ١٠ هەزار سەرباز ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لەدژی پ ک ک بۆ ناو خاکی عیراق سازداو تاقوولایی ٢٥ مایل هاتە ناو خاکی عیراقو گورزێکی

---

(١) مایکل گونتر جنگ خانگی (Infighting) کردها: جنگ دموکرات کردستان و اتحادیە میهنی کردستان در جنبش ملی گرد در سالهای دهە ١٩٩٠: اثرات آن بر ترکیە و خاورمیانە بە کوشش رابرت السن (لگزنیکتن کنتاکی: نشر دانشگاه کنتاکی ١٩٩٦)، ٥١-٢ و ما بعد.

گەورەی لە پ ک ک وەشاندو دەیان کەس لە ئەندامانی ئەم حزبەی بەدیل گرت[1]

رەزامەندی عیراق لەبەرامبەر ئەم ئۆپەراسیۆنە تارانی تورە کرد، قسەی سەرزاری ئێرانییەکان لەدژی تورکیا ئەوە بوو دەیانگوت: تورکیا یارمەتی عیراق دەدات بۆ ئەوەی ناتۆ و ئەمریکا سوود لە سەرچاوە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە وەربگرن، لەکاتێکدا بەغدا داواکاریی تورکیای بۆ ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە قەبووڵکردبوو کە بە هێزەکانی تورکیا رێگای دەدا بۆ ڕاوەدونانی پ ک ک سنووری عیراق ببەزێنێت بەڵام تاران داواکاریی لەو چەشنەی رەتکردەوە، لەئۆکتۆبەری ١٩٨٤ ئەو پەیمانە لە نێوان عیراقو تورکیا واژۆ کرا، لەبەرامبەردا ئێران رێککەوتنێکی ئەمنی لەگەڵ تورکیا خستە بەرباسو ئەم رێککەوتنە لە٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ لەلایەن هەردوو وڵاتەوە ئیمزا کرا، بە پێی ئەم رێککەوتنە هەردوو وڵات پابەند دەکران رێ لە دروستبوونی هەرچەشنە چالاکییەک لەناو وڵاتەکەیاندا بگرن کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتی هاوپەیمان[2].

---

(١) نامەوێ خۆم سەرقاڵ بە یاری لە گەڵ ژمارەکان بکەم بەڵام کوژرانی ئەم ژمارە زۆرە لە گریلای پ ک ک بە ڕاست نازانم بۆیە دوور نییە کوشتنی خەڵکی سڤیل بە حەسابی جەنگاوەرانی پ ک ک دانرابێت

(٢) بلوک باشی. ١٠٣-٤.

چالاکیی ئاماژە پێدراو بۆ تورکیا جموجۆڵی پ ک ک بوو هەروەها بۆ ئێرانیش چالاکیی سیاسی دژبەرانی ئێران بەتایبەت موجاهدینی خەلق بوو، بەلاّم تا ساڵی ١٩٨٥ بێجگە لە موجاهدین زیاتر لە ١,٥ملیۆن ئێرانی هاتبوونە تورکیا کە چالاکیی سیاسی بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانە ببووە مایەی نیگەرانی دەوڵەتی ئێران، پەیمانی ئەمنی ئیران- تورکیا کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ بەسترا عیراقی لەخۆ نەدەگرت بۆیە هەردوو دەوڵەتی ئێران‌و تورکیا لە پشتگیریکردنی نەیارانی عیراق سەرپشک و خاوەن بڕیار بوون.

لە ١٥ی ئەگۆستی ١٩٨٦ تورکیا جارێکیتر بە بیانووی بوونی پ ک ک سنووری عیراقی بەزاند و ناوچەکانی سنوورییەکانی باکووری عیراقی کردە مەیدانی جموجۆلی سەربازیی بەلاّم بەوەش نەوەستاو لەرۆژانی ٣-٤ و ٢٧ی مارچ ١٩٨٧ لەسەر ئەو هێرشانە بەردەوام بوو، وەک کاردانەوەیەک هاشمی رەفسەنجانی سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمانی ئیران ئەنقەرەی بەوە تۆمەتبار کرد پلانی هەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، ئەم جۆرە تۆمەتانە بەدریژایی دەیەی ١٩٩٠ لە لایەن ئیرانەوە لەدژی تورکیا دووبارە دەبوویەوە، هەرچەند کە تاران تورکیای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە ئەنقەرە دەیەوێ دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی کەرکووکدا بگرێت بەلاّم گومان

دەكرا ئامانجی سەرەكی توركیا لەو هیرشانە چاڵە نەوتەكانی كەركووك بێت چونكە دەستبەسەراگرتنی نەوتی كەركووك بەواتای كونترۆڵكردنو داگیركردنی كوردستانی باشوور بوو كە لانیكەم ٣,٥ ملیۆن كوردی تێدا نیشتەجێیە! فەرهاد هالیدەی ئاشكرای دەكات رێژەی یەدەكی نەوتی كەركووك پێویستی بیست ساڵ دابین دەكات[١]، هەروەها گراهام فولەر پێیوایە نەوت لە ئێستادا بۆ عیراق فاكتەرێكی گرنگە چونكە لە ساڵی ١٩٩٠، ١,٥ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنرا [٢]هەر لەو چوار چێوەیەدا نادر ئینتسار باوەڕی وایە تاران لەوە دەترسێت توركیا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كیڵگە نەوتییەكانی كەركووك بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوەو بەمجۆرە هاوكێشەی هێز لە ناوچەكەدا تێك بدات![٣]

---

(١) فرد هالیدی، «جنگ خلیج و عواقب و آثار آن تأثرات نخستین مجله امور یادداشت ها
بین المللی جلد ٦٧ شماره ٢ (١٩٩١) ٢٣٢. هالیدی ماخذ اطلاعات خود

(٢) ٥/ ١ میلیون بشكه در روز (؟) گراهام-ای - فولر. گراهام فولر رویكرد جدید تركیه به شرف در ژئوپولیتیكهای جدید تركیه: از بالكان تا غرب چین به كوشش گراهام ای فولر و ایان اولستر (باولدر، نشر وست ویو (١٩٩٣)، ٦٠

(٣) نادر انتصار كشمكش «گردها در چشم انداز منطقه» در ادامه تغییرات در خاورمیانه: حل كشمكش و آینده صلح، به تصحیح ام. أي. احراری (نیویورک: نشر سنت مارتین، ١٩٩٦)، ٦٦.

هێنری بارکی کە بابەتی زۆری لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا نووسیوە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی فەرهاد هالیدەی کۆکە و پێیوایە ئامانجی سەرەکی تورکیا لە باکووری عیراق نەوت نییەو ئەنقەرە ئامانجێکی گرنگتری هەیە کە رێگریکردنە لە گەشەکردنی رەوتی ناسیۆنالیزمی کوردیو هەوڵەکانی کوردی باکوور بۆ سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی، تورکیا لەوە دەترسێت بەدروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان تەنانەت دروستبوونی قەوارەیەکی فیدراڵی لەعێراق ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لەتورکیا ببوژێتەوەو سەرهەڵبداتەوە، بۆیە نیگەرانیو دڵەڕاوکێ تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ کورد هەموو نیگەرانییەکانیتری لەناوچەکەدا لەوانە بوونی عێراقێکی سەرەڕۆ و تا بیناقاقا پرچەکو درندەو خاوەن ٢٠٪یەدکی نەوتی جیهان و خاوەن چەکی قەدەغەکراو خستۆتە ژێر کاریگەری لەبیری بردۆتەوە[١]

سەختە بتوانی سیاسەتی تورکیاو ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ کورد لەسەر بنەمای ئەگەر و گومان بخوێنیتەوە بەتایبەت کاتێک ڕاوبۆچونەکان پشتبەستوو بە بەڵگەیو زانیاری سەلمێنراو نەبێت، بارکی لە ١٩٩٣ شیکارییەکی خستەڕوو کە پێجسال

---

(١) هنری جی. بارکی، «گرفتاری ترکیه در پیوند با کردها» بقا، جلد ٣٥، شماره ٤ (١٩٩٣): ٦٤

دواتر شیاوی متمانە پێکردن بوو، من پێموایە هێژمونی تورکیا بەتایبەت بەهۆی داگیرکارییە سەربازییەکانی باکووری عیراق گرنگترین نیگەرانی ئێرانییەکانە، ئەم نیگەرانییە پێدەچێت لە دەیەی ١٩٩٠ هاوشێوەی دەیەی ١٩٨٠ بە بەردەوامی دەردەبڕا چونکە تاران ترسی ئەوەی هەیە باڵادەستی و هێژمونی تورکیا بۆ سەر باکووری عیراق تەنانەت دابینکردنی هێژموونی سیاسی لەرێگای پارتی دیموکراتەوە سنوورە ئەمنییەکانی خۆی چەند کیلۆمەترێک بەئاراستەی باشوورو خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە بەرێتە پێشەوە! ئەم جووڵەو پەلهاوێشتنە ئەمنییەی تورکیا بەکردەوە نیگەرانی ئێرانی لێکەوتۆتەوە چونکە هەرجۆرە جووڵەیەک یان سنووربەزاندنێک بە ئاراستەی خۆرهەڵات دەبێتە هۆی ئەوە تورکیا بەدرێژایی دوسەد مایل لەهێڵە سنوورییەکانی ناوچەکوردنشین و ئازەرییەکان نزیک ببێتەوەو ببێتە هاوسنوور! ئازەرییەکان نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس واتە ١٦,٥٪ حەشیمەتی ٦٠ ملیۆنی ئێران پێکدەهێنن، لەرووی کاریگەرییان بەسەر ئابووری ئێراندا دەگوترێت ٧٥٪ بازاڕی تاران لە ژێر کونترۆڵی ئازەرییەکانەو لە زۆربەی جومگەکانی کۆمەڵگای ئێران نفوزیان هەیە.

وەک ئاماژەی پێدرا گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر سەروەریی نیشتمانیی ئێران لە ساڵی ١٩٢٥ روویداو

لـه سـالّی ١٩٤٦ بـه دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان‌و کۆمـاری دیموکراتـی ئازەربایجـان ئـەم مەترسییە گەیشـتە ترۆپک بۆیە ئێران تا بۆی بکرێت ناهێڵێت جارێکیتر ئەو ئەزموونانـە دووبـارە ببنـەوە.

ڕووخانـی یەکیەتـی سـۆڤییەت‌و سـەربەخۆیی ئازەربایجـان ئـەو نیگەرانیـەی ئێرانـی زیاتـر کـرد چونکـە لـەوە دەترسـێت سـەربەخۆیی ئازەربایجـان‌و پـارت‌و گروپـە ناسیۆنالیسـتە تورکەکانـی ئـەو وڵاتـە کاریگـەری بخاتـە سـەر ڕەوتـی نەتەوەگەرایـی ئازەرییەکانـی ئێـران، سیسـتمی ئایینـی تـاران سـەرەڕای ئـەو هەمـوو کێشـەو گرفتانـەی کـە هەیەتـی نایـەوێ ڕەوتـی ناسـیۆنالیزمی ئازەرییەکانـی باکـووری خۆرئـاوای ئـەو وڵاتـە کـە دوو پارێزگای »ئازەربایجانـی خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا »[1] پێکدێنـن کاریگـەری بخاتـە سـەر ئازەرییـەکان، کەواتـە ئەگـەر تورکیـا کیشـەی کـوردی هەیـە ئێـران بێجگـە لـە کێشـەی کـورد لەبـەردەم کێشـەی ئازەریەکانیشـدایە هەرچەنـد ئێـران نایـەوێ هـاوکات لەگـەڵ کێشـەی کـوردا بـە کێشـەی ئازەریـەکان سـەرقاڵ ببـێ بـەڵام ئەمـە واقعێکـی سیاسـییە و ئێسـتاکە ئێـران لەبـەردەم کێشـەی

(١) کـورد زۆرینـەی دانیشـتوانی ئازەربایجانـی خۆرئـاوا پێکدێنێت لـە راسـتیدا ئـەم ناوچەیـە پێشـتر بـە کوردسـتانی باکـووری دەناسـرا و لەسـەردەمی حکوومەتـی محەمـەد رەزاشـای پەهلـەوی نـاوی ئازەربایجانیـان بەسـەردا سـەپاند «و. فارسـی»

دو کەمەنەتەوەدایە کە بە ٢١ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن واتە «١٠ملیۆن ئازەری، پێنج ملیۆن ئازەری کۆماری ئازەربایجان، ٦ ملیۆن کورد».

سیاسەتی تاران بەرامبەر بە ئازەربایجان پاش ١٩٩١ و لە پەیوەندی لەگەڵ قەوقاز واتە کێشمەکێش و ململانێی ئازەربایجانو ئەرمەنستان لەسەر پرسی ناگۆرنۆ قەرەباغ بەشێوەیەک دارێژراوە کەئازەربایجان بیر لەپرسی نەتەوە گەرایی نەکاتەوەو بە کێشەی قەرەباغەوە سەرقاڵ بێت، بە رواڵەت ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتەش ئەوە بوو و پرسی بەرەو ڕووبوونەوە لە گەڵ هێژمونی تورکیا لە باکووری عیراقو لە ئازەربایجان بە پلەی دووەم دێت.

بەپارێزگاکردنی شاری ئەردەبیل کە شارێکی ئازەری نشینی باکووری ئیرانە لە ئەڤریلی ١٩٩٣ لەڕاستای هەمان ئەو نیگەرانییانە بوو کە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ئازەرییەکان هەستی پێدەکرێت، ئەردەبیل پێشتر سەربە ئازەربایجانی خۆرهەڵات بەناوەندێتی تەورێز بوو بەڵام هۆکاری جیاکردنەوەی ئەمشارە لەئازەربایجانی خۆرهەڵاتو کردنی بەپارێزگا کەمکردنەوەی گرنگیو سەرنجڕاکێشبوونی پارێزگای ئازەربایجان بوو لەڕووی گەشتیاریو ئابووریو هەروەها دوورخستنەوەی بوو لە کاریگەریی بانگەشەی

نەتەوەخوازیی کۆماری ئازەربایجان.[1] گومانی تێدا نییە تاران بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٨ بەملاوە بەهۆی چۆنیەتی دابەشکردنو بەرکەوتنی پشکی نەوتو گازی دەریای خەزەر بەرەو ڕووی کێشەو گرفت بۆتەوەو ئەمەش نیگەرانییەکیتری بۆ ئەو وڵاتە دروست کردووە، لە جولای ١٩٩٧کاربەدەستانو چاودێرانی سیاسی، ئابووری ئەمریکا یەدەکی نەوتی دەریای خەزەریان بە ٢٥٠ بلیۆن بەرمیل مەوەندە کرد کە ئازەربایجان ٣٢ بیلیۆن بەرمیلی بەردەکەوێت، هەروەها بوونی سەرچاوەی گەورەی نەوتو گاز بەتایبەت لە تورکەمەنستان و قەزاقستان دەخوازێ ئێران سیاسەتێک لە پێش بگرێت کە دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێنێت بتوانێ بەشداری بکات لە سەرمایەگوزاریو بەرهەمهێنانی نەوتو گازی لەو ناوچانەدا.[2]

ئەم ڕێژە زۆرەی پشکی ئازەربایجان لەنەوتی دەریای خەزەر لەلایەن ستڕۆپ تالبۆت جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە میانەی دیداری مانگی ئەگۆستی حەیدەر عەلی ئۆف بۆ واشنتۆن ئاشکرا کرا، دیلیپ هیرۆ پێیوایە هۆی خستنە ڕووی ئەم بەراوردە

---

(١) هـ ا، چلبی «اردبیل به استان تبدیل میشود: روابط مرکز – حاشیه ای در ایران در مجله مطالعات بین المللی و خاورمیانه، جلد ٢٩، شماره ٢ (١٩٩٧):٢٣٥ – ٥٣

(٢) نگاه کنید به نوشته، فولر، صفحه های ٣٧ – ٩٨.

قەبـەو گەورەکراوەیـە بـۆ ڕێـژەی نـەوتو گازی دەریـای خـەزەر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ئەمریـکا دەیـەوێ دڵنیایـی بـە ئەمریکییـەکان بـدات لـەدەرەوەی کەنداویـش نـەوتو گاز هەیـەو ئەگـەر ڕۆژێـک نەوتـی کەنـداو نەمێنێـت یـان ڕابگیردرێـت ئـەوە دەریـای خـەزەرو ناوچەکانـی دەوروبـەری نەوتێکـی زۆرتـری تێدایـە، هەروەهـا لەوباوەڕەدایـە دروسـتکردنی ئەودەنگۆیانـە بەمەبەسـتی تـرسو نیگەرانـی خسـتنە نـاو وڵاتانـی کەنـداو و ناچارکردنیـان بەدابەزاندنـی نرخـی نـەوت![1]

گۆڤـاری زانیـاری بریتیـش پترۆلیـۆم لەبـارەی ڕێـژەی سـەرچاوی وزە لەجیهانـدا لـە ١٩٩٦ یەدەکـی پشتڕاسـتکراوی نەوتـی ئازەربایجـان ٧بلیـۆن بەرمیـل بەراورد دەکات واتـە چوارو نیو هێندە کەمتر لـەو ڕێژەیە کـە سـەرچاوە ئەمریکییـەکان ڕایانگەیاندبـوو.

بەشـێکی زۆر لەپرۆژەکانـی گواسـتنەوەی نـەوتو گازی دەریـای خـەزەر بـۆ بازاڕەکانـی ڕوسـیاو ئەوروپـاو ئەمریـکا هێشـتا نەچوونەتـە بواری پراکتیکـەوەو گفتوگۆیان لەسـەرە، ئێـران پێیباشـە بەراکێشـانی بۆرییـە نەوتـیو گازییـەکان بەخاکـی وڵاتەکەیـدا سـوودی ئابـووریو بازرگانـی ئـەو پرۆژانـەی بەرکەوێـت، هەنـدێ لـەو هێڵانـە

(١) دیلیـپ هیـرو، «چـرا ایـالات متحد امریـکا ارقـام مربـوط بـه منابـع دریـای خـزر را متـورم ارائـه میکنـد؟» میـدل ایسـت، اینترنشـنل، شـماره ٥٥٨ (١٢ سـپتامبر ١٩٩٧) ١٨- ١٩.

دەكەونە باكووری ڕۆژئاوای ئێران كە هاوسنوورە لەگەڵ توركیاو بەزۆری ناوچەی كوردنشینن بەتایبەت ناوچەكوردنشینەكانی توركیا كە پ ك ك لەو ناوچانە چالاكە، ئەمەش وادەكات ئێران‌و توركیا بۆ دابینكردنی ئاسایش‌و پاراستنی بۆرییە نەوتی‌و گازییەكان هاوكاریی یەكتر بكەن.[1] ئێران‌و توركیاو ئەرمەنستان لەمایسی ١٩٩٧ ڕایانگەیاند: سەرقاڵی ڕاكێشانی بۆری گواستنەوەی گاز لەرۆژئاوای توركەمەنستانەوە بە ئاراستەی توركیادان كە بەدرێژایی ١٢٥٠كیلۆمەتر دەكەوێتە ناوخاكی ئێرانەوە و پاش ١٠٠ كیلۆمەتر لە شاری وان كۆتایی پێدێت، ئەم بۆرییە لەئێستادا لەهەردوو بەشی ئێران‌و توركمەنستان یەكی گرتۆتەوەو پێشتریش كاری جێبەجێكردنی لەنێوان توركیاو ئێران كۆتایی پێهاتووە، بەڵام ئەو بەشەی كە بۆ شاری وان ڕادەكێشرێت لە قۆناخی كاركردندایە و بڕیار وایە لەكۆتایی ١٩٨٨ تەواو بكرێت.

وەک باسمانكرد بەشێک لەم بۆرییە كە لەئێرانەوە بەرەو وان ڕاكێشراوە لەوناوچانە تێدەپەرێت كە كوردنشینن لەكاتێكدا چەندین ساڵە لەوناوچانە شەڕو

---

(١) لە مانگی ئەگۆستی(ئووت) ١٩٧٧ لە میانەی سەفەری حەیدەر عەلی ئۆف سەرۆک كۆماری ئازەربایجان بۆ واشنتۆن ڕاپۆرتی زۆر لە سەر ئەم تەوەرە لە میدیاكان بڵاو بوەوە و عەلی ئۆف ڕایگەیاند لەبارەی بەشداریی ئەمریكا لە سەرچاوەی نەوت و گازی ئازەربایجان لە گەڵ كۆمپانیاكانی ئەو وڵاتە چەندین گرێبەستیان ئیمزا كردووە.

پێکدادان لەنێوان پ ک کو تورکیا لە ئارادایە، تەواو کردنی کاری ڕاکێشانی هێڵیٚ بۆری گازی نێوان ئەم سێ وڵاتە لەوابەستەیی تورکیا بە هیڵی نەوتی باکو، تفلیس، سۆپسا بۆ بەندەری جیهان کەم دەکاتەوە، ئەم بۆرییە بێجگە لەو بەشەی کە دەکەوێتە ناوچەکانی گورجستانەوە کارەکانی تەواو بووە، ئەمە لەکاتێکدایە مۆسکۆ رایگەیاندووە ئەو بەشە لە هێڵی بۆریی گواستنەوەی گاز کە دەکەوێتە بەشی گورجستانەوە هیچکات بە ئەنجام ناگات چونکە لەو ناوچانەوە تێدەپەڕێت کە پ ک ک تێیدا چالاکەو بۆ ماوەی ١٥ساڵە لەگەڵ سپای تورکیا لەشەڕدایە.

ماهیر وڵات نوێنەری پ ک ک لە وڵاتانی ئەوروپا دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەم بۆرییە لەناوچەی ژێرکونترۆڵی پ ک ک تێپەڕێت دەبیٚ یەکەمجار پ ک ک لەو ناوچانە هەڵکەنرێت یان لەناو ببرێت [1] ئەمەش ئامانجو نییەتی تورکیایە، تورکیا لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئێران دەخوازیٚ لە تۆڕی گواستنەوەی نەوتو گازی دەریای خەزەر بەشدار بێت دەبیٚ بۆ لەناوبردنی پ ک ک یارمەتی تورکیا بکاتو لانیکەم لە خاکی ئێراندا نەیانهێڵێت!

وەلحاسڵ لەکۆتایی دەیەی ١٩٩٠ بەهۆی پێویستی

(١) اخبار ترکیه (TRKNWS-L – سرویس خبری ترکیه مبتنی بر اینترنت) ١٩ دسامبر ١٩٩٦ از روزنامه کومرسانت، نوشته جورجیلي دوالی و أندرا اسمیرنف.

هـەردوو وڵاتـی تورکیـاو ئێـران بـە گەشـەی ئابـووری پرسـی کـورد وەک فاکتەرێکـی گرنـگ لەپەیوەندییەکانـی نێـوان دوو وڵات گرنگـی جارانـی نامێنێـت! پێویسـتی تورکیـا بـە وزە لەچەنـد سـاڵی داهاتـوو بەڕادەیەکـی زۆر بـەرز دەبێتـەوە، لەمـڕووەوە دەوڵەتـی ئێـران کـە خاوەنـی سـەرچاوەی دەوڵەمەنـدی نـەوتو گازە لەجیهانـداو پـاش رووسـیا لـە پلـەی دووەم دێـت پێویسـتی بەوەیـە نـەوتو گازی خـۆی ڕەوانـەی بازاڕەکانـی جیهـان بـکات، بەشـداری تـاران لـە بەرهەمهێنـانو دابەشـکردنی سـەرچاوەکانی وزەی دەریـای خـەزەر سـەرەڕای ئـەوەی یارمەتیدەریەتـی بـۆ گەشـەی ئابـووری لەهەمانکاتـدا ئـەو وڵاتـە لەگۆشـەگیریی سیاسـی دەربـاز دەکات.

وێـڕای ئـەم هـۆکارە چەنـد هۆکارێکیتریـش ئێـرانو تورکیـا ناچـاردەکات نەتەنیـا لـە پرسـی کـورد بەڵکـو لـە زۆربـەی بوارەکانیتریشـدا هاوکاریـی یەکتـر بـن لەکاتێکدا لەئاسـیای ناوەنـدیو لەقەوقـاز ڕکابەرایێتـی و ململانێیانـە! ژمـارەی دانیشـتووانی هـەردوو وڵات لـە سـاڵی ٢٠٠٠ دەگاتـە حەفتـا ملیـۆن کـەس، لەبـواری کشـتو کاڵییـەوە بـەدەر لـە ئیسـراییل کـە فرەچەشـنترینو پێشـکەوتووترین ئابووریـی ناوچەکەیـە تورکیـاو ئێـران بەهێزتریـن وڵاتـی ناوچەکـەن هەرچەنـد کـە ئابووریـی ئێـران هێشـاکە پشـت ئەسـتوورە بـە نەوتـەوە بەرهەمـی ناخالسـی دەوڵەتیـی تورکیـا لەسـاڵی ١٩٩٧ لەسـەروی ٢٠٠ ملیـارد دولارەوە

بووه بەڵام بەرهەمی ناخالسی ئێران دەوروبەری ٩٠ ملیارد دولار بەراورد کراوە، تورکیا ئۆمێدی لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو تا ساڵی ٢٠٠٠ هەناردەی خۆی لە ٣٣ملیاردەوە بگەیەنێتە ٥٠ملیارد دولار، لەبەرامبەردا ئێران بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە گەورە نەوتو گازییەکانی زەمینەی ئەوەی تێدایە بەرهەمی ناخالسی خۆی بۆ دوو دەیەی داهاتوو بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئێرانو تورکیا بەهۆی دەستێوەردانی سەربازی یان پلانە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاوە تووشی زیان نەبن بەدەر لە ئیسرائیل کە لەهەوڵی باڵادەستی بەسەر بەشی عەرەب نشینی کەنداوە، ئەم دوو دەوڵەتە بەخێرایی دەتوانن ببنە بەهێزترین دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە راستیدا بەدرێژایی چارەکە سەدەی سەرەتای سەدەی ٢١ بۆی هەیە هاوشێوەی سەدەی هەژدەیەم شایەتی نفوزو باڵادەستی ئەم دوو دەوڵەتە بین لەناوچەکەدا، بەر لەوەی ئەوروپییەکان بەهۆی جیاکردنەوەی بەشێک لەقەڵەمڕەوی ئێرانو تورکیا لە دەسەڵاتو هێژمونی عۆسمانیو قاجار کەم بکەنەوە ئەو دەسترۆشتوویيو نفوزەی وڵاتانی عەرەبی کە بەدرێژایی سەدەی ٢٠ هەیانبوو لە سەدەی ٢١ کەم دەبێتەوە، چونکە لەسەدەی ٢١ گرنگیو پێگەی وڵاتانی عەرەبیی لێواری کەنداو بەندە بە سەرچاوەکانی

وزەوە، کەچی ئێران‌و تورکیا لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لەپرۆژە نەوتی‌و گازییەکانی ئەو ناوچانەو بۆ بازرگانیی لەگەڵ روسیاو ئەوروپا و ئاسیا پێگەیەکی بەهێزو زەمینەیەکی لەباریان هەیە.

ئەگەرچی لەوانەیە هەریەک لەم دووولاتە نەتوانن بە هەموو ئەو ئامانجە ئابوورییانەی مەبەستیانە بگەن، بەڵام بەدوور دەزانرێت رێگا بە کوردی عێراق یان کوردی ناو قەڵەمڕەوی خۆیان بدەن ببنە مەترسی بەسەر ئابووری وڵاتەکەیان بەتایبەت تورکیا کە بەهیچ جۆرێک رێگا بەکوردی سوریا نادات ئەو کارە بکەن، تورکیا لەشەڕی دژ بە پ ک ک لە تورکیاو باکووری عیراق ئەم راستییەی دەرخستووە، ساڵی ١٩٩٣ وا بەراورد کرا تورکیا هەموو ساڵێک ٨ ملیار دولار خەرجی شەڕ بکات لە دژی پ ک ک بەڵام پاش هێرشە بەرفراوەکانی بۆ سەر باکووری عیراق لەساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٧ ئەم رێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە، تێچووی ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵی ١٩٩٧ پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئەربەکان لە ١٨ی جۆنی هەمانساڵ[1] بوو بە پرس‌و کێشەیەکی جیدی لە نێوان دەوڵەت‌و سپای ئەو وڵاتە، دەرکردن و دوورخستنەوە و پاکتاکردنی سێ ملیۆن کورد لەباشووری خۆرهەڵات‌و

(١) بارکی، ٥٨-٦٠.

خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتەو ڕووخاندنی نزیکەی ٣٦٠٠ گوندو سەرپەنا بەڵگەی ئەوەیە سپای ئەو وڵاتە چۆن لێبڕاوانە کار بۆ ریشەکەنکردنی پ ک ک و دامرکاندنی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕانەی کورد دەکات.

لەڕاستیدا هەندێجار مرۆف بیر لەوە دەکاتەوە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بە تایبەت پاش ١٩٩١ تەنیا بەو مەبەستە نەبووە کە کوردەکان لەگەیشتن بەئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی بێبەش بکات بەڵکو مەبەستیشی ئەوە بووە بەدابینکردنی ئاسایش‌و ئارامی ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵات‌و خۆرهەلاتی وڵاتەکەی زمینە بۆ راکێشانی بۆری نەوت‌و گازی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاست لەو ناوچانە فەراهەم بکات، پاش تێکدانی ژینگەی ناوچەکوردییەکان کە بەهۆی ئەو پرۆژەوە ئەنجامدرا دانیشتووانی کورد سوودێکی ئەوتۆ لەپرۆژەی پەرەدان بەکشت‌و کاڵ لەو ناوچانە نابینن، ئەمەش لەپەیوەندی لەگەڵ پرۆژەی ئاناتۆلی لەباشووری خۆرهەڵات ناسراو بە«گاپ» ڕاستە کە بەهۆیەوە پرۆژەیەکی ٥٠ملیارد دولاری بۆ دابینکردنی کارەبا، پەرەدان بەتۆڕی ئاوی میکانیزەو بواری گەشتیاری لەو ناوچانە ڕەچاو کراوە![1] بۆیە

---

(١) برای اطلاعات بیشتر دربار این پروژه نگاه کنید به نوشته رابرت السن تحرر عنوان «روابط سوریه و ترکیه»، ١٩٠-١، و یادداشتهای منضم به آن؛ کارل ای نستور «ابعاد مسأله کرد در ترکیه و اثرات

تەنانەت ئەگەر پرۆژەی گاپ بەهەموو ئەو ئامانجانە کە بۆی داڕێژراوە بگات دیسان سوودێکی ئەوتۆ بەر دانیشتووانی کورد ناکەوێت، لەڕاستیدا ئەگەر ئەم کۆچکردنەی دانیشتووانی کورد لەو ناوچانەوە بەرو ناوچەکانی خۆرئاوا بەردەوام بێت ئەوا ئەو ناوچانەی پرۆژەی گاپ تێیدا جێبەجێ دەکرێت بەرەو چۆڵی دەڕواتو خەڵکەکەی سوود لە گەشەی ئابووریی‌و ئەو پرۆژانە وەرناگرن، تەنیا هەندێ خاوەن زەوی‌و ژمارەیەک سەرمایەدار نەبن کە سوودمەند دەبن.

دابەزینی ڕێژەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە کار دەکاتە سەر چالاکییەکانی پارتی کرێکاران‌و گروپە نەتەوەییەکانیترو بەمەش ئەگەری بەرەو ڕوو بوونەوەو ڕێگریکردن لە پرۆژەی گاپ لاواز دەبێت، وێرای ئەوەش کۆچی دانیشتووانی ئەوناوچانە لەڕووی گەشتیاری‌و سەرمایەگوزاریی دەرەکییەوە لە گرنگی‌و بایەخی پرۆژەی گاپ نەک کەم ناکاتەوە بگرە لەڕووی سەرمایەگوزاری و پرۆژەسازییەوە مەجالی باشتر بۆ سەرمایەداران دەڕەخسێنێت، وەک دەبینین هەر

---

آن بر پروژه گاپ بخش ۱، مجله بین المللی مطالعات» کردی جلد۸، شماره های ۱ و ۲ (۱۹۹۵) ۳۳- ۷۸ بخش ۲، جلد ۹، شماره های ۱ و ۲ (۱۹۹۵) ۳۵-۷۸؛ ثروت موتلو، «پروژه جنوب شرق آناتولی (گاپ): محتوا، هدفها و انتظارات آن» اورینت جلد ۳۷ شماره ۱ (۱۹۹۶)، ۵۹- ۸٦ موتلو پێیوایە ئەو بودجەیە کە بۆ پەرە پێدان بە کەرتی کشت و کاڵ بە سیستمی نوێ تەرخان کراوە لە ئاستی پێویست نییە، م (۸۱).

لەئێستاوە ئیسرایيل لەهەوڵدایە لەرێگای ئەم پرۆژەوە سوود لە ئاوی ڕووباری فورات‌و جیهان‌و سیهان‌و ئەو بەنداوانە ببینێ کە بەهۆی ئەم پرۆژەوە زەمینەی بۆ دەرەخسێنرێت. ئەم سیاسەتە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە بەتەواوەتی پاڵپشتی لێدەکرێت چونکە پێیانوایە بۆ دابینکردنی ئاوی ئیسرایيل و وڵاتانی عەرەبیی نزیک لەو وڵاتە دەستپێڕاگەیشتن بەو سەرچاوە ئاوییانەی تورکیا زەرورییە، ئەمەش تاڕادەیەک زەمینەی بۆ ئیمزاکردنی چەند ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان ئیسرایيل‌و تورکیا لە ساڵ ١٩٩٥ بەملاوە فەراهەم کردووە، ئەم ڕێکەوتنانە گوشار دەخاتە سەر سوریە بۆ ئەوەی واز لە پشتگیریکردنی پارتی کرێکاران‌و ڕێگادان بەچالاکییەکانی عەبدوڵا ئۆجالان بێنێت[١]

ڕێککەوتنەکانی نێوان تورکیاو ئیسرایيل لەپەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیاو ئێران نەبووە، بەڵام تاران لەوە نیگەرانە گوشار خستن لەسەر سوریە بۆ پشت کردن لە پ ک ک رۆڵ و تواناکانی ئەو وڵاتە لەپرۆسەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستوخۆڕاگری لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لاواز دەکات، هەروەها لەوانەیە لەکاردانەوەی ئەو وڵاتە بەرابەر بە پشتگیرییەکانی تورکیا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کەم بکاتەوە

(١) هەمان سەرچاوە.

چونکە پشتگیری سوریە بۆ پ ک ک لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقو بەدەست هێنانی پێگەی سیاسی لەو ناوچەیە بە قازانجی ئێران دەشکایەوە، ئەمەش لە ڕاستای ئەو سیاسەتەدا بوو کە پاش ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن ئێرانەوە پەیرەو کراو ئەم سیاسەتە واتە پشتگیریکردن لە پ ک ک لەبەرانبەر هاوپەیمانیی و پەیوەندی نزیکی تورکیاو پارتی دیموکرات چ لە باکووری عیراق و چ لە ئیران ڕەوایی زیاتری پێبەخشرا.

بەمجۆرە سێ فاکتەری گرنگی جیۆستراتژیکیو جیۆپۆلیتیکی تورکیاو ئێران وادەکات ئەم دوو دەوڵەتە لەبەرامبەر پرسی کوردا هاوکارو هاوبەرژەوەندی بن لەوانە:

١-بەرژەوەندی هاوبەش لەبەشداریو پشکداری لە سەرچاوە نەوتیو گازییەکانو پرۆژەی ڕاکێشانی بۆرییە نەوتی و گازییەکان.

٢- خۆ دوورخستنەوە لە سیاسەتی ناوخۆی یەکتر بەتایبەت لە پرسی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست.

٣-زەرورەتی ڕێککەوتن لەسەر ئاستی دەستتێوەردان و هێژموونیان بەسەر باکووری عیراقدا.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم ڕاستییەکەی ئەوەیە تورکیا نابێ چیتر هەژموونی خۆی لە باکووردا بەرفراوان بکات بەجۆرێک کە لەسنوورەکانی ئێران نزیک ببێتەوەو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە

ڕێگای هاوپەیمانو گروپەکانی نزیک لەخۆی لەوانە: ئازەرییەکان(تورکمانەکان) دەست لەکاروباری باکوور وەر بدات، لەبەرانبەردا ئەنقەرەش چاوەڕانیی لەتاران ئەوەیە سیاسەتێک لەپێش نەگرێت کە ئۆتۆنۆمییەکی بەهێزی لێبکەوێتەوە! بەجۆرێک کە کوردی تورکیا (باکوور) بوروژێنێت.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە تاران نایەوێ هێڵی بۆریی گواستنەوەی نەوتو گاز لەباکووری عیراق واتە لە هەرێمی کوردستان لەژێر کونترۆڵی تورکیادا بێتو ئەو وڵاتە لەگروپو لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەوانە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە هەردوو باڵەکەیەوە نزیک ببێتەوەو پاڵپشتییان بکات، تاران پێیباشە دەوڵەتی ناوەندی عیراق کونترۆڵی بۆری نەوتو گازی باکووری لەدەستدا بێت نەک ئەنقەرە، هەرچەند کە بەغداو ئەنقەرە لە مایسی ١٩٩٧ ڕێکەوتننامەیەکیان بە بڕی ٢,٥ملیارد دولار بە مەبەستی هەناردەکردنی گاز بۆ تورکیا ئیمزا کردووە کە لەئەرزی واقیعدا دەسەڵاتو هێژموونی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان واتە پارتی دیموکراتو یەکیتی نیشتمانی لە ناوچە کوردییەکان کەم دەکاتەوە، ئاماژەکان وا دەردەخەن لەناوەڕاستی ماسی ١٩٩٧ تورکیاو ئیران سەبارەت بە چۆنێتی دابەشکردنی ڕۆڵ و هێژمونیان لە باکوور ڕێککەوتبن، تورکیا لایەنگری لە پارتی دیموکرات دەکاتو ئیرانیش

لە یەکیتی نیشتمانی، ئەمەش وایکردووە لەشەڕی نێوان پارتیو پ ک ک دا لە پاش ئۆپەراسیۆنەکەی بەهارو هاوینی ١٩٩٧ تورکیاو هێزەکانی پارتی دیموکرات شانبەشانی یەک لە دژی گەریلاکانی پ ک ک چوونە شەڕەکەوە بەڵام لەبەرامبەردا یەکیتی نیشتمانی خۆی لەو شەڕە لادا هەرچەند دواتر ناچار بە شەڕ کرا، یەکیتی نیشتمانیو پارتی کرێکاران کە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن لەوانەیە لە ئەنجامی رێککەوتنەکەی تورکیاو ئیران پانتایی چالاکیی و هەژمونیان بەرتەسک بکرێتەوە، ئەمەش دەتوانێ ببێتە دەرفەتێک بۆ بەغدا بۆ ئەوەی هەوڵ بدات جارێکیتر دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکوردییەکاندا بسەپێنێتەوە، بەڵام عیراق ئەگەر بیەوێت دەسەڵاتی خۆی بۆ باکووری ئەو وڵاتە واتە هەرێمی کوردستان بگەرێنێتەوە دەبێ پێش هەموو شتێک لەگەڵ تورکیاو ئێران گفتوگۆ بکاتو پشتگیریی ئەو وڵاتانە بەدەست بێنێت ئەمەش کێشەیەکیتر لە بەردەم پرسی کورد لەنێوانە ئەو وڵاتانەدا دێنێتە ئاراوە.

لە درێژەی ئەم نووسینەدا هەولدەدەین دەربخەین چۆنچۆنی پاش شەڕی ١٩٩١ی کەنداو نە تورکیاو نە ئێران هیچیان رێگایان نەدا پرسی کورد بەهۆی دەرکەوتە ئەرێنیەکانییەوە لەوانە: زەرورەتی وەک کارتی فشارو دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکان بکەوێتە بەر مەترسییەوە. هەڵبەتە

ئـەو کێشـەو گرفتانـەی لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـەدا هاتنـە ئـاراوە بەهـۆی پرسـی کـوردەوە نەبـوو بەڵکـو بەهـۆی ئـەو پاڵپشـتییانەوە بـوو کەئیـران لەئیسـلامگەراکانی تورکیـا دەیکـرد بەتایبـەت لـە حزبـی ڕەفـا کـە کاریگەریـی خراپـی کـردە سـەر پەیوەندییەکانیـان بەجۆرێـک هـەردوولا باڵیـۆزو نوێنەرایەتییـە سیاسـییەکانی یەکتریـان لەوڵاتەکانیانـدا دەرکـرد.

# بەشی چوارەم

# پرسی کورد  پاش شەڕی کەنداو

کێشـەیەکی سـەرەکی کـە لەنێـوان ئەنقـەرەو تارانـدا سـەریهەڵدا پەیوەندی بـە پرسـی کـوردەوە بـوو بەتایبـەت ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی کە تورکیا لـە ساڵەکانی ١٩٩٢-١٩٩٥ و ١٩٩٧ لەباکـووری عیـراق بەڕێـوەی بـرد، ژمارەی ئـەو هێزانـەی لـەو ئۆپەراسیۆنانەدا بەشداربوون لـە ١٠٠٠٠ سـەرباز لـە ١٩٩٢ هەڵکشـا بـۆ ٥٠٠٠٠ سـەرباز لـە سـاڵی ١٩٩٧، سـاڵی ١٩٩٢ئێـران لەهەمبـەر ئـەم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییە بێدەنگـی هەڵبـژارد بـەڵام پـاش هاوپەیمانێتـی تورکیـا لەگـەڵ ئەمریـکاو هێزەکانـی هاوپەیمـان لەشـەڕی کەنـداو گومـان لای ئێرانییـەکان دروسـت بـوو، هەرچەنـد کـە هـەردوو وڵات لەمـەڕ ئـاوارە بوونـی بەلێشـاوی کـورد بـۆ نـاو وڵاتەکەیـان وەک یـەک نیگـەران بـوون بـەڵام هیـچ یـەک لـەو دوو لایەنـە نەیاندەویست کوردەکان بەو ڕادەیە لاواز بن کە سەدام بتوانێ وەک ئامرازێکو کارتێکی فشار بەکاریان بەرێت، ئێـران پێـی بـاش نەبـوو پارتـی دیموکـراتو یەکێتـی نیشـتمانی شانبەشـانی شـیعەکان بـۆ راپەریـن لـەدژی رژێمی بەعس بەکار ببرێن، کەچی هەوڵی دەدا لەرێگای پاڵپشتیکردنی هێزە کوردییەکان موجاهدینی خەلق لەناو بەرێـتو لەخاکـی عیـراقو نزیـک سـنوورەکانی خـۆی دووریـان بخاتـەوە[١].

(١) انتصار: کشمکش گردها در چشم انداز منطقه ای، ٦٢.

لەبەرامبەردا ئەنقەرە وەک هەمیشە دەیویست بەر بەوە بگرێت جموجۆڵی کوردەکانی باکووری عیراق کاریگەری لەسەر کوردی ئەو وڵاتە دابنێت، لەبەر ئەمەش پشتگیریی لەدروستکردنی ناوچەی ئارام دەکرد لە باکووری عیراق. پێشنیاری دابینکردنی ناوچەی ئارام پێش ئەوەی لەلایەن جۆن میجەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە بخرێتە ڕوو سەرەتا لە لایەن تۆرگۆت ئۆزاڵ سەرۆک کۆماری تورکیاوە باسی لێکرا[1].

ئێرانییەکان چەندان گەشبین نەبوون بەدروست کردنی ناوچەی ئارامو دژی بەکاربردنی هێزی سەربازیو ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی»ڕەفا و ئارامی« بوون کە وەک ئامرازێ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دیاریکرابوو! تاران پێیوابوو پاش دەستێوەردانو حزوری ئەمریکا لەوڵاتانی کەنداو، ناوچەی ئارامو ئۆپەراسیۆنی» دابینکردنی ڕەفا« زەمینەو بیانوویەکە بۆ دەستێوەردانیئەو وڵاتە لەباکووری عیراقو ناوچەکە، بەهۆی ئەم بڕیارەوە ئۆپەراسیۆنی ئاسمانیو فڕینی فرۆکەکانی عیراق بەسەر ناوچەی ئارام کە دەکەوێتە هێڵی ٣٦ دەرەجەوە قەدەغەکرا، ئێران لەهەمانکات کە دەترسا لەوەی ناوچەی ئارام ببێتە پەناگایەک بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامیو حزبە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەهەمانکاتدا بیری لەوە دەکردەوە لەو ناوچانەوە بەفیتی

(١) هەمان سەرچاوە.

ئەمریـکا دەسـتدرێژی بکرێتـە سـەر قەڵەمـڕەوی ئێـران، هـەر لـەو سۆنگەوە دەوڵەتی ئێران وەک تاقیکردنەوەیەک لەبەهـارو هاوینـی ١٩٩٣ بنکەکانـی حزبـی دیموکراتـی کـە کەوتبوونـە ناوچـەی هێڵـی ٣٦ بۆردومـان کـرد، نیگەرانـی تـاران زیاتـر لـەوەوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد گوایـا سیاسـەتی تورکیـا بەرامبـەر بـە کـوردی ئـەو وڵاتـە زۆر باشـترە لـەو سیاسـەتەی کۆمـاری ئیسـلامی لەبەرامبـەر بـە کـوردی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان پەیـرەوی دەکات، هەڵبەتـە ئـەم بەراوردکارییـە بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو پاکتـاوە ڕەگـەزی‌و نەتەوەییـەی کـە تورکیـا لـەدژی کـوردی باکـوور گرتبـووی پێـش بەراوردێکـی پـووچ و بێمانـا بـوو.

لەسـاڵی ١٩٩٣ بـۆ ١٩٩٥ئەنقـەرە ئامادەیـی ئـەوەی تێدابـوو لـە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران وەک ئامرازێـک بـۆ ڕاگرتنـی ئێـران لەپشـتگیری کردنـی پ ک ک سـوود وەربگرێـت، پێشـینەو بەڵگەنامـەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە هـاوکاری‌و پاڵپشـتی ئیران بۆ پ ک ک هـەم لەباکـووری عیـراق‌و هـەم لـە ئۆردوگاکانـی باکـووری رۆژئـاوای ئێران زیاتـر لـەو یارمـەتی و هاوکارییانەیـە کـە تورکیـا بـە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران دەیـکات. دەوڵەتـی ئێـران لەپاسـاوهێنانەوە بـۆ ئـەم هاوکارییانـە لەسـاڵی ١٩٩٣وە پێویسـتی بـە هـۆکارو پاڵنەرێـک بـوو تـا

بە شێوەیەکی مەعقول حاشا لەپشتگیری کردنی پ ک ک بکات بۆ ئەوەی تورکیا ناچار نەبێت وەک کاردانەوەیەک پاڵپشتی زیاتری حزبو گروپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت موجاهدینی خەلق بکات، لەساڵی ١٩٩٢ –١٩٩٨ هەردوو وڵات پێیانوابوو لەقازانجیاندایە پرسی سنووربەزێنی کوردیباشوور» باکووری عیراق « بەشێوەیەک ئیدارە بدەن کە لەکاریگەریی ئەو پرسە بۆ سەر کوردی ناو قەڵەمڕەوی خۆیان کەم بکەنەوە، جگە لەوەش لەهەمانکاتدا ئێران دەیویست بەجۆریک لەگەڵ ئەو پرسە بەرەو ڕوو ببێتەوە کە گروپەنەیارەکانی خۆی نەوروژێنێتو ناچاریان نەکات پەرچەکردار نیشان بدەن! نادر ئینتسار پێیوایە: هەڵبژاردنە پەرلەمانیو سەرۆکایەتییەکەی مایسی ١٩٩٢ ئێرانو تورکیای ناچار بە هاودەنگیوهاوکاری کرد لەمەڕ پرسی کورد چونکە پێیانوابوو لەئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا ئەگەری دەستبردن بۆ هێنابەرباسی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەئارادایە بۆیە دەبی بەهاوکاریی یەکتر پێش بەو مەترسییە بگرن.

## ڕێککەوتـنو بەڵێننامەکانـی نێـوان ئێـرانو تورکیـا بـۆ ڕێگـری لەدروسـتبوونی دەوڵەتـی کـوردی

ئەگەرچـی تـارانو ئەنقـەرە لەژێـر گوشـاری ئەمریـکاو ئەورووپـا ڕازیبـوون بەدروسـتبوونی قـەوارەی ئۆتۆنۆمـی لەباکـووری عیـراق بـەڵام هـەردوو وڵات لەسـەر ئـەوە هاوڕابـوون کـە لەقازانجیانـدا نییـە ئـەم قەوارەیـە دەوڵەتێکـی کوردیـی لێبکەوێتـەوە [١]

لە١٩٩٣بـەدواوە هـەم تورکـەکانو هـەم ئێرانییـەکان بـە کۆدەنگـی لـە گـەڵ سـوریاو عیـراق نەیاندەویسـت دەوڵەتێکـی کوردیـی لەباکـووری بێتـە کایـەوەو بـۆ ڕێگریکـردن لـەو مەترسـییە چەندیـن خولـی دانوسـتانو چەنـد بەڵێننامەیـان ئیمـزا کـرد، بـۆ تـاران ڕاکێشـانی سـوریە بـۆ نـاو ئـەم ڕێککەوتننامانـە ئاسـان بـوو چونکـە لەلایەکـەوە لەسـاڵانی دەیـەی هەشـتا بـەم لاوە ڕێککەوتـنو پرۆتۆکۆڵـی جۆراوجـۆر لەنێوانیانـدا هەبـوو[٢] بۆیـە سـەرەڕای ناکۆکـی قووڵـی سـوریاو تورکیـا لەسـەر پرسـی کـوردو پشـکی ئـاوی فـورات، هـەردوولا بەهەوڵـی

---

(١) بۆزانیـاری زیاتـر سـەیری نووسـراوی «مایـکل گونتـر: کشـور بالفعـل کـرد در شـمال عـراق» بکـەن فصلنـام جهـان سـوم جلـد ١٤ شـمارە ٢ (١٩٩٣) ٢٩٥ - ٣١٩

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە هـۆکار و بنەماکانـی ئـەم هـاوکاری و هاوپەیمانییـە سـەیری کتێبـی» احتشـامی و هینـس پـوش؛ بکـەن

ئیران بۆ پێشگیریکردن لەهاتنە ئارای دەوڵەتێکی کوردی کە پێیانوابوو لەبەرنامەی ئەمریکاو ئەورپاییەکاندایە گەیشتنە ڕێککەوتن.

پاش هێرشی تورکیا بۆ باکووری عیراق لەمارچی ١٩٩٢ ئەنقەرەو تاران بۆ ڕێگری لەدروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەتایبەتو هەروەها بۆ بەرتەسککردنەوەی جموجۆڵی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا کە هەڕەشە بوو بۆ سەر هەرسێ وڵاتی تورکیاو ئیرانو سوریە لەگەڵ دیمەشق زەنجیرەیەک ڕێککەوتنو بەڵێننامەی ئەمنییان واژۆ کرد، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە ئەمنییانە ئەم وڵاتانە دەبوو هەر شەش مانگ جارێک لەئاستی وەزیرانی دەرەوە دابنیشن، لەماوەی ئەو کۆبوونەوانەدا چەند دانیشتنێک بە بەشداری بەرپرسانی ئەمنی خواروتر سازدەکرێت، یەکەمین بەڵێننامەو ڕێککەوتنی لەوچەشنە پاش ساڵی ١٩٩٢ لە نۆڤەمبەری ١٩٩٣ لە ئەنقەرە ئیمزا کرا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە هیچ یەک لەو سێ لایەنە ڕێگا بە بوونی گروپی تیرۆریستیو دژبەر لەوانە پ ک ک لەوڵاتەکەیان نادەن، غوڵامحوسەین بوڵندیان ئەندامی دەستەی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامی ئیرانو نوینەری سەرۆک کۆمار هاشمی ڕەفسەنجانی لەو پەیوەندییەدا دەڵێت: «ئێران ڕێکاری پێویست لە دژی پ ک ک دەگرێتە بەر» هەروەها ڕۆژنامەی سەباح

لەژمارەی ٧ی دیسەمبەری ١٩٩٣ بە مانشێتیکی گەورە نووسی:» بڕیاری ئێران بۆ کوشتنی ئەندامانی پ ک ک» بەپێی ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامەیە بڵندیان گوتویەتی: ئێران بە هێزەکانی سەرسنوور ئەمریکردووە تەقە لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش بن یۆنیفۆرمی «پ ک ک» یان لەبەردا بێت یان قاچاخچییەتی بکەن! لە کۆتاییدا دەڵێت: پاش تەواوبوونی گفتوگۆکانمان لەهەفتەمین کۆبوونەوەی ئەمنی نوێنەرانی هەر سێ وڵات بەڵێننامەیەکیان لەپەیوەندی لەگەڵ هاوکاریی هاوبەش و کارکردن لەدژی تیرۆریسم ئیمزا کرد.»

لە ٤ی مایسی ١٩٩٤ «ناهید مینتشە« وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند دەوڵەتی ئێران ٢٨ ئەندامی پارتی کرێکارانی تەسلیم بە تورکیا کردووە کە لەم ٢٨ کەسە ١٠ کەسیان بە کوژراوی رادەست کراونەتەوە! لە١٣ی جۆنی هەمانساڵ محەمەد بەشارەتی وەزیری ناوخۆی ئێران داوای کرد رێگا بدرێت بە تورکیا بنکەکانی پ ک ک لە ناوچەکانی دەوروبەری ئاراراتو شاخی تەندۆرک لە ناوخاکی ئێران بۆردومان بکات! ئەم ناوچەیە هەمان ئەو ناوچانەیە کە لەساڵی ١٩٢٧-١٩٣٠ مەیدانی شەڕی نێوان پ ک ک و دەوڵەتی تورکیا بوو، لە١٤ی جۆن سەرۆک سلێمان دەمیریل لە میانەی پشوویەکی هاوینانەدا لە پشووگاکەی خۆیدا

رایگەیاند ئەنقەرە و تاران ڕێککەوتوون بەهاوکاریی یەکتر لەدژی پ ک ک بوەستنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٦ی جۆنی ١٩٩٤ میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردوە: ئیران ڕەزامەندی دەربڕیوە تورکیا بنکەو بارەگاکانی پ ک ک لە ناو خاکی ئەو وڵاتەدا بوردومان بکات، ئەم ڕاگەیاندنە ئاماژە بوو بۆ سێ خاڵی گرنگ کە تورکیاو ئیران لەسەری ڕێککەوتبوون لەوانە:

١-هاتنەناوەوەی هێزەکانی پ ک ک لە باکووری عیراقەوە بۆ ناو خاکی ئێران قەدەغە بکرێت.

٢-ڕێگری بکرێت لە هاتوچۆی پ ک ک بۆ ئەرمەنستانو ڕوسیا

٣-ڕێگا بە تورکیا بدرێت ڕێگای لۆجستیکیو حەشارگەکانی پ ک ک لە ئیران بۆردومان بکات.

بەشارەتی لە کونفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆیدا بە فەرمیی جەختی نەکردەوە ئایا ئیران ڕێگا بە تورکیا دەدات پێگەو بارەگاکانی پ ک ک لەناو قەڵەمڕەوی ئیراندا بۆردومان بکات؟ بەڵام ئەوەی ڕاگەیاند کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنی هاوبەش ئێرانو تورکیا پێکەوە هەنگاو دەنێن، لەبەرامبەر لێدوانەکانی بەشارەتی تورکیا ڕایگەیاند: لەدژی موجاهدینی خەلق کە بنکەو بارەگایان لەتورکیا پێکەوە ناوە دەوەستنو وەدەریان دەنێن، مینتشە ڕایگەیاند : تورکیا ڕێگا بەهیچ گروپێک نادات لەخاکی تورکیاوە زیان بە ئێران بگەێنێت.

هەر سەبارەت بە گفتوگۆو دانیشتنە سێ قۆڵییەکانی ئێران‌و تورکیاو سوریە لە ١ی سپتەمبەری ١٩٩٤ نزیکەی ١٠ کۆبوونەوە بەرێوە چوو کە تەوەری سەرەکی ئەم دانیشتنانە پرسی کوردو چالاکی نەیارەکانیان بوو کە مەترسی لای هەر سێ وڵات دروست کردووە. لە دیدارو چاوپێکەوتنی سلیمان دەمیریل لە گەڵ هاشمی رەفسەنجانیدا لە١٥- ١٧ی جولای ١٩٩٤ لەتاران سازدرا بۆ یەکەمینجار بوو پاش دەیان ساڵ سەرۆک کۆمارێکی تورکیا بچێتەئێران‌و باس لە مەترسییەکانی کورد بکات بۆ سەر ئاسایشی هەردوو وڵات! هاشمی رەفسەنجانی لە چاوپێکەوتنە میدیاییەکانیدا لە پێش ئەم سەفەرەی دەمیریل دڵنیایی دا بە تورکیا کە وڵاتەکەی ئەو پەڕی هاوکاریی تورکیا دەکات لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ پ ک ک، هەروەها راشیگەیاند ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ئەگەرێکی مەحاڵە[1] هەرچەند کە رەفسەنجانی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کۆماری ئیسلامی ئێران پرسی کوردی لەسەر بنەماو باوڕە ئیسلامییەکان چارەسەر کردووە بەڵام ئەم گوتەیە تەنیا بۆ رازیکردنی حزبی ئیسلامی رەفا لە تورکیا بوو کە لەبەرەی دژ بەپارتی رێگای حەقیقەتی دەمیرێڵ وەستا بوەوە، دیداری سلیمان دەمیرێڵ‌و رەفسەنجانی لەمیدیاکانی ئەو دوو وڵاتەدا ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی

---

(١) حریت، ٢٢ ژوئیە ١٩٩٤.

هەبـوو کـە چـی پانتایـی ڕەنگدانـەوەی ئـەم هەڵوێسـتەی ڕەفسـەنجانی بەهـۆی ئـەو هـەراو هوریایـەی سـەبارەت بـە سـەروەتو سـامانی چیلـەرو هاەسـەرەکی هەمـوو جیهانی گرتبوەوە بەرتەسک مایەوە(چیلـەر و مێردەکەی بەوە تۆمەتبار بوون ٤-٥ میلیۆن دولار ملکو ماڵیان لە ئەمریـکا کڕیـوە).

لـە میانـەی سـەردانەکەی دەمیرێـڵ بـۆ تـاران حکمـەت چتیـن وەزیـری دەرەوەی تورکیـا بەناچـاری وازی لـە پۆسـتەکەی هێنـا کـە تاکـو ئێسـتاش هـۆکاری ئـەم وازهێنانـە ڕوون نەبۆتـەوە! بـەڵام دوور نییـە پەیوەندی بە هەڵسـوکەوتو تێڕوانینەکانییـەوە هەبێت بەرامبـەر پرسـی کـوردو دەرکەوتەکانـی سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا لەئاست ئەو پرسـەدا، چتین کە هاووڵاتییەکی کورد بوو لەلایـەن بەرپرسـانی بـاڵای سـپاوە بـەوە تۆمەتبـار دەکـرا لەئاسـت پرسـی کـورد نەرمـی نوانـدووە، ناهیـد مینتشـە وەزیـری ناوخـۆی تورکیـا ڕایگەیانـد: دڵنیاییـە ڕێکەوتنـە ئەمنییـە دووقۆڵییەکانـی نێـوان وڵاتەکـەی‌و دەوڵەتـی ئێـران و سـوریە دواجـار دەسـتگیر کردنـی ئۆجالانـی لێدەکەوێتـەوەو ئەویش هاوشێوەی کارلۆس کە ناسـراوە بە«چەقـەڵ» قۆڵبەسـت دەکرێت و ناتوانـێ بـۆ هەمیشـە لـە چنگـی دادو یاسـای وڵاتەکـەی هەڵبێـت![1]

(١) کارلوس (معروف به)، شغال نام مستعار ایلیچ رامیرز سانچز، تروریست معروف است که دولت سودان وی را در ١٥ اوت ١٩٩٤ به

پەیوەندییەکانی ئیران‌و تورکیا لەسەرەتای ١٩٩٥بەرەو باشی دەڕۆشت ئەم باشبوونەش ئاکامی بەشداریکردنی ئێران بوو لەکۆنسیرسیۆمی پێکهاتوو لەکۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەدروستکردنی هێڵی بۆری گازی نێوان تورکەمەنستان‌و تورکیا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا[١] خێرا پاش ئەو وتووێژانە لەسەر ڕاکێشانی هێڵی بۆری گازی نێوان ئەو وڵاتانە ئێران ٢٠٠ملیۆن دولاری هەناردە کارانی تورکیای دایەوە کە بەقەرز لای مابووەوە[٢]

پێشگرتن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عیراق وەک هەمیشە پرسی سەرەکی گفتوگۆکانی هەفتەمین کۆبوونەوەی نێوان تورکیاو ئیران‌و سوریە بوو ئەم کۆبوونەوەیە لە٨ی سپتەمبەری ١٩٩٥ لە تاران بەرێوە چوو، کۆبوونەوەکە یەکەم دانیشتنی وەزیرانی دەرەوەی ئەو سێ وڵاتە بوو پاش هێرشی بەرفراوانی تورکیا بۆ باکووری عیراق لە بەهاری هەمانساڵ، تاران‌و دیمەشق ئەو هێرشەیان وەک پێشێلکردنی سەروەریی نیشتمانی عیراق‌و مەترسی دابەشبوونی مەحکووم کرد بەڵام ئەم مەحکوومکردنە

---

دولت فرانسه تحویل داد.

(١) برای آشنایی با تفصیل این معامله که در اوایل ١٩٩٥ مورد گفت و گو برد نگاه کنید به شماره مورخ ١٠ ژانویه ١٩٩٥ حریت.

(٢) حریت ٣ فوریه ١٩٩٥

زارەکییـە کاری نەکـردە سـەر پەیوەندییەکانـی نێوانیـانو هـەردوو لایـەن دانۆسـتانو وتووێژیـان لەگـەڵ لایەنـی تورکـی بەبـاش دەزانـی. لەسـەر ئـەم ڕوانگەیـە هەرسـێ وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتانـە جەختیـان کـردەوە لەسـەر ڕێکەوتنەکانـی پێشـووی نێوانیـان کـە لەسـەر ئـەم سـێ خاڵـە چڕکرابـووە:

١-دژی دابەشـکردنی عێراقـن ٢-دژ بـە تیرۆریـزم دەوەسـتنەوە٣-لە پڕچـەک کـردنو میلیتاریزەکردنـی باکـووری عیـراق نیگەرانـن.[١]

کاتێـک مورتـەزا محەمەدخـان وەزیـری کاروبـاری ئابووریو دارایی ئێران لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥ سەردانی دەمیریلـی کـرد لـە ئەنقـەرە، دەمیرێـل گوتـی: دەوڵەتەکـەی بـە تەواوەتـی ڕەزامەنـدی دەربڕیـوە لەسـەر ئەنجامەکانـی دانیشـتنی سـێقۆلی هەفتەمیـن کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوە لـە تـاران، هەروەهـا ڕایگەیانـد: وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لەهەوڵـی ئـەوەدا بـوون دەوڵەتێکـی کوردیـی بەهـاوکاری جیاخوازانـی کـورد لـە باکـووری عیـراق دابمەرزێنـن[٢] هەروەهـا دووبـارەی کـردەوە کـە ئێـرانو تورکیـا هیـچ ململانێیەکیـان نییـە، محەمەدخـان لەوەڵامـی زەرورەتـی هاوکاریـی ئابووریـی نێـوان دوو وڵات جەختـی کـردەوە کـە ئۆنـوور ئۆیمـەن جێگـری وەزیـری دەرەوەی تورکیـا

---

(١) اطلاعات، شماره مورخ ١٦ سپتامبر ١٩٩٥.
(٢) اطلاعات مورخ دهم نوامبر ١٩٩٥

لە١ی دیسەمبەر سەردانی ئێرانی کردو لەگەڵ سەرۆک ڕەفسەنجانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات وتوویژیان کردووە، لەمیانەی ئەم گفتوگۆیانەدا سەرۆک ڕەفسەنجانی جەختی لەسەرباشتر کردنی پەیوەندییەکانیان نیوانیان بە تایبەت لە بواری ئابووریدا کردۆتەوە.

**ڕێکەوتنە ئەمنییەکانی نێوان ئێرانو تورکیا پاش شەڕی کەنداو تاساڵی ١٩٩٥ لەچەند روێکەوە گرنگن لەوانە:**

١. باسیان لە ڕێگریکردن گەشەو کاریگەریی ناسیۆنالیزمی کورد دەکردەوە بەتایبەت پ ک ک لە تورکیا
٢. تورکیا و ئێران بە پێچەوانەی چاوەڕاونیی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بەسیاسەتو ستراتیژی دواڕۆژیان لەئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ ئازەربایجانو ئەرمەنستانو کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغ و دواجار بوونی ڕووسیا لەناوچەکەئامادەی هاوکاری بوون لەگەڵ یەکتردا
٣. ئەم ریککەوتنانە جەختیان لەسەر هاوکاریی هەردوو وڵات دەکردەوە لەسەر گرتنە بەری سیاسەتی هاوبەش لەبەرابەر وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست .

٤. پێداگرییان لەسەر زەرورتی هاوکاریی‌و سیاسەتی هاوبەش دەکردەوە بۆ پێشگرتن لەدروست بوونی دەوڵەتی کوردی کە وەک خەنجەرێک سنگی هەردوو لای نیشانە دەگرت و کیشەو گرفتی جیۆپۆلیتیکی‌و جیۆستراتیژیی بۆ ئەو دوو دەوڵەتە دەهێنایە ئاراوە.

لەدەسپێکی شەڕی کەنداو تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٥پەیوەندییەکانی ئێران‌و تورکیا لەمەڕ پرسی کورد هەڵکشان‌و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیبوو، بۆیە سەرەڕای دەرکەوتنی نیشانەکانی هاوکاریی نێوانیان لەسەر بنەمای کۆبوونەوە سێقۆڵییەکان، دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان کە لەدەروەی دەسەڵاتی عیراق بوو بە ئەمری واقیع و ململانێ‌و ڕکابەرایەتی نێوان تورکیاو ئێرانی بۆ باڵادەستبوون لەو ناوچەیە تیژتر کرد، کێشەی سەرەکی ئەوەیە هێڵی کۆتایی قەڵەمڕەوی ئەو دوو وڵاتە دەبێ تا کوێ بێت! ئەمەش ئەو کێشەیە کە بەدرێژایی ساڵەکانی ١٩٩٤-٩٥ پەرەی سەند واتە کاتێک دووگروپی ناسیۆنالیزمی کورد لەوانە پارتی دیموکرات‌و یەکێتی نیشتمانی لەئاکامی شەڕی ناوخۆیی لە هەریەک لەو دوو دەوڵەتە نزیک بوونەوە. نموونەی دیاریکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو کە بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی هەواڵ لەنێوان ئێران‌و

جەلال تاڵەبانیدا ئیمزاکرا کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە تاڵەبانی ڕەزامەندی دەربڕی ٣-٥ هەزار چەکداریی پێکهاتوو لە شیعە ئۆپۆزسیۆنەکان کە لەژێر نفوزی ئایەتوڵا باقر ئەلحەکیم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عیراقدا بوون [1] لەهەرێمی کوردستانو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبانی جێ بکاتەوە، لەو پەیوەندییەدا تاڵەبانی رایگەیاند: ئەو هێزانە شانبەشانی هێزی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا لەدژی رژێمی بەعس دەجەنگێن، سەفین دزەیی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنقەرە رایگەیاند پارتی دیموکرات نەتەنیا ئاگای لەو ریککەوتنە نییە بەڵکو بەتەواوەتی بڕیاری تاک لایەنەی تاڵەبانییە، ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی پارتی دیموکرات بە وردی چاودێریی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لەناوچەکەدا لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە هاتوونەتە ئاراوە(ئەم ناوچەیە لە ١٩٩٥ نیوەی خاکی هەرێمو ٧٠٪ دانیشتوانی عیراقی لەخۆ دەگرت).

دزەیی ئاماژەی بەوەدا بڕیاردان لەسەر جێگیر بوونی ئەو هێزانە وەک بنەمایەک دەبوو لەسەر بڕیاری «کونگرەی میللی عیراق» دەربکرایا نەک بە شێوەیەکی تاک لایەنە لەلایەن یەکیتی نیشتمانییەوە، بڕیاری تاڵەبانی بۆ جێگیرکردنی ئەم هێزانە کە لەژێر هێژموونی ئیراندا

---

(١) اطلاعات مورخ دهم نوامبر ١٩٩٥

بوون پێدەچوو وەک نارەزایەتییەک بووبێت لەبەرامبەر پشکی داهات لە سنوورەکانی ئیبرایم خەلیلو دەروازەی خابور کە لە رۆژێکدا ٢٠٠ هەزار- ٣٠٠ هەزار دولار مەزەندە دەکرا، دەروازەی خابوور لە نێوان تورکیاو عیراقدا لەلایەن پارتی دیموکراتەوە کونترۆڵ دەکرێت کە دۆستێکی نزیکی تورکیایە، کاتێک پارتی دیموکرات لە رووی ئابوورییەوە بەسترایەوە بە تورکیاو لەلایەن ئەو وڵاتەوە هاوکاریی کرا یەکیتی نیشتمانی ناچار بوو بۆ ڕاگرتنی باڵانس سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا بکاتەوە، بەلام مەرجی ئێران بۆ پەیوەندی ئابووری لەگەڵ یەکیتی حزووری بەرینتر بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تورکیا، تاساڵی ١٩٩٥ هەریەک لەم دوو گروپە سیاسییەی باشووری کوردستان لەڕاستیدا وەک نوێنەرو لایەنی نیابەتی هەریەک لەو وڵاتانە دەر دەکەوتن.

عەزیز قادر کە خۆی بەنوێنەری ٢٥٠ هەزار تورکمانی باکووری عێراق پێناسە دەکات پێیوایە مووچەو ئیمکانیاتی ئەو هێزە شیعانە بە تەواوەتی لە لایەن ئێرانەوە دابین دەکرێت هۆکاری ئەمەش ئاکامی نزیک بوونەوەی زیاتری پارتی دیموکراتە لەتورکیا کە تاڵەبانی ناچار دەکات داوایەکی وا بخاتە بەردەم ئێران. ئەم نزیکایەتییەی پارتی دیموکراتو تورکیا ترسی بۆ هەردوو لایەنی ئێرانی و یەکێتی نیشتمانی دروست کردبوو بەتایبەت کاتێک لە ئاگۆستی ١٩٩٥ پ ک ک

هێرشی کردە سەر پارتی دیموکراتو ئەو حزبە پەنای برد بۆ تورکیا و بەهاوبەشی سپای تورک هێرشی کردە سەر پ ک ک.

جێگیر بوونی هێزێکی چەکداری شیعە کە مەلایەکی بەڕەگەز ئێرانی لە قەڵمڕەوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەرپەرشتیان دەکات ئاماژەیە بۆ بێمانابوونی ئەو ڕێکەوتنانەی لە میانەی کونفرانسەکانی مانگەکانی ئاگۆستو سپتەمبەردا لە«درڤیدا »ی ئێرلەندا ئیمزایان لەسەر کرا، دەرنجامی سەرەکی یەکەمین کونفرانس ئەوە بوو پ ک ک کردی بە بیانوویەک بۆ لێدانی پارتی دیموکرات، عەبدوڵا ئۆجالان، مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی بە بووکڵەی دەست ئەمریکاو تورکیا ناو دەبردو پێدەچوو بەم دەستەواژەیە دەیویست لەزووترین کات ئاستی نارەزایی دانیشتووانی بادینان کە ناوچەی قەڵەمڕەوی بارزانی بوو هەڵسەنگێنێت.

یەکێتی نیشمانی کوردستانیش بەهەمانشێوەی پ ک ک لەهەندێ برگەی کونفرانسی»درڤیدا»نارازی بوو، کەچی کاتێک لە٢٥ی ئاگۆست هێزەکانی پ ک ک پەلاماری پارتی دیموکراتییاندا خۆیان بەوشەرەوە نەگلاندو نەچوونە بەرەی پ ک ک وە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ لەئاکامی ناکۆکییەکانی نێوان ئێرانو تورکیا دۆخێک هاتە پێشەوە کە بەهۆیەوە ناوچەی ژێر کونترۆڵی پارتی دیموکرات لە ڕووی سیاسیو ئابوورییەوە بوو بە ناوچەیەکی وابەستە بە تورکیا،

بـەو هۆیـەوە تـا دەهـات بەهـۆی هێرشـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی سـپای تورکیـا و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ سـەر پ ک ک، یەکێتـی نیشـتمانی لـە ڕووی سیاسـیو ئابووریيـەوە لـە ئیـران نزیـک دەبـوەوە، بـەڵام تورکیـا بەمەبەسـتی پاراسـتنی هاوکارييـە جیۆپۆلیتیکەکانـی لەگـەڵ ئێـران بەناچـاری شکسـتی کونفرانسـی «درڤیـدای» قەبـووڵ کـرد کـە ڕۆڵـی ئێرانـی تێیـدا نادیـدە گیرابـوو، بۆیـە لەبەرامبـەر هێژموونـی زیاتـری ئیـران لەباکـووری عیـراق نەوەسـتایەوە بـە واتایەکیتـر پێویسـتی جیۆپۆلیتیکـی ئەنقـەرە بـە بەرتەسـک کردنـی مەیدانـی چالاکییەکانـی پ ک ک ئـەو وڵاتـەی ناچـار کـرد دەسـتی هـاوکاری بـۆ ئیـران درێـژ بـکات ئەمـەش دەرفەتێـک بـوو بـۆ ئێـران بـۆ ئـەوەی درز بخاتـە نـاو سیاسـەتی «کونترۆڵـی دووڵایەنـەی» ئەمریـکاو کێشـەی بـۆ دروسـت بـکات. ئەمـە نموونەیەکـی بـاش بـوو بـۆ خسـتنەڕووی پێداویسـتییە جیۆپۆلیتیکەکانـی هێـزە مامناوەنـدە ناوچەییـەکان بەتایبـەت تورکیـا کـە بـۆ هاوکاریـی لەگـەڵ ڕکابـەرە ناوچەییەکـەی واتـە دەوڵەتـی ئێـران کـە لـە دژی سیاسـەتی جیۆسـتراتیژیکی ئەمریـکا وەسـتاوەتەوە، بـۆ ئـەوەی بەهـۆی مەترسـی پ ک ک و ناسـیۆنالیزمی کوردییـەوە ناچـار بەپێداچوونـەوەو تەنانـەت هەڵوەشـاندنەوەی هاوکاریـیو هاوپەیمانیەتـی بێـت لەگـەڵ ئەمریـکادا، چونکـە لـەم هاوکێشـەیەدا ئـەو وڵاتـەی کـە دەیتوانـی لـە کونترۆڵکردنـی پ ک ک زیاتـر یارمەتـی تورکیـا بـدات ئێـران بـوو نـەک ئەمریـکا.

# بەشی پێنجەم

# پرسی کورد و بزاڤی ئیسلامی لەتورکیا

یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە تورکیـای ناچـار کـرد لەسـەر پرسـی کـورد لەباکـووری کوردسـتان هەڵوەسـتە بـکاتو پرسـی کـوردی ئێـرانو ئازەرییـەکان بوروژێنێـت ئـەو بزوتنـەوە ئیسـلامییانە بـوون کـە لەنـاو ئـەو وڵاتـەدا رۆژ لـەدوای رۆژ لەگەشـەکردنو پـەرە سـەندندا بـوو، سـاڵی١٩٩١ بەرپرسـانی بـاڵای سـەربازی تورکیـا نیگەرانـی هاوکاریـیو نزیکبوونـەوەی ئیسـلامگەراکانو پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان بـوون کـە لەلایـەن ئێرانـەوە پاڵپشـتی دەکـران، ئـەم نێگەرانییـە قۆناخێکـی ئاڵـۆزی لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـرانو تورکیـا هێنایـە ئـاراوە، نموونەیەکـی بەرچـاوی ئـەم ئاڵۆزییـە ئیسـلامگەرایانی تـورک بـوون واتـە ئـەو گروپـە ئیسـلامییە تورکانـەی کـە خوازیـاری ڕەنگدانـەوەی زیاتـری ئیسـلام بـوون لەکۆمەڵـگادا بەتایبـەت لـە خوێندنگاکانـدا، ئەمانـە داوایـان دەکـرد لەهەڵبژاردنی باڵاپۆشـی ئیسـلامی ئـازاد بـن، ژنـان پەچـەو جلـو بەرگـی شـیاوی ئیسـلامی واتـە سـەرتاپاگیر لەبـەر بکـەنو پیاوەکانیـش ریـش بهێڵنـەوەو کڵاو»عـەرەق چیـن» لەسـەر بکـەن....

لـە ٢٤ی جنیوەری ١٩٩٣ بەکوژرانی»ئوگۆر مومجو» کـە رۆژنامەنووسـێکی بەرجەسـتە و لایەنگـری جیایـی دیـن لـە سیاسـەت بـوو ئاڵۆزییـەکان زیاتـر تەشـەنەیان سـەند، وەک دەوترێـت ئـەم تیـرۆرە کاری گروپێکـی

ئیسلامی توندڕەو بووە هەرچەندە تا ساڵی ۱۹۹۷ هێشتا شوناسی بکوژەکە ئاشکرا نەبوو، تیرۆری ئۆگۆر مومجو زەنجیرەیەک خۆپیشاندانی جەماوەریی لەلایەن حزبو گروپە سیکۆلارەکانی لێکەوتەوە، پاش کوژرانی «مومجو» هەندێ لە لایەنگرانی گروپە سیکۆلارەکان شەوانە کۆ دەبوونەوەو بە نیشانەی ڕێزگرتن لە مومجوو بیروباوەڕەکانی مۆمیان دادەگیرساندو پاشان دەیانکوژاندنەوە! ئەم کارە لای ئەوان بەو واتایە بوو:»خولەک تاریکی بۆ ڕووناکاییەکی بەردەوام پێویستە« (۱)

لە ڕێو ڕەسمی ناشتنی مومجو لایەنگرانی سیکۆلاریزم هاواریان دەکرد: «تورکیا نابێت بە ئێران، مەلامان ناوێت بڕوخی شەریعەت»تورکەکان بەدووریان نەدەزانی ئێران لەکوشتنی مومجۆ دەستی هەبێت! بەڵام سەرۆک دەمیرێڵ رایگەیاند: پێویستە زۆر وریا بین، بەرلەوەی قامکی تۆمەت بۆ ئێران ڕابکێشین دەبێ زانیاریی وردمان لەسەر ئەم ڕووداوە لەبەردەستدا بێت» لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانە وتەبێژی کونسوڵخانەی ئێران لە تورکیا بەخێرایی بوونی هەرجۆرە پەیوەندییەکی لەوبارەوە ڕەتکردەوە بەڵام ئەندامانی موجاهدینی خەلق کە

(۱) این گزارشی که از قتل مومجو به دست داده از نوشته هیوهوپ تحت عنوان «انگشت اتهام به سوی ایران نشانه رفته است برداشت شده: مجله میدل ایست اینترنشنل» شماره ٤٤٣» ٥ فوریه ۱۹۹۳.

لەتورکیـادا بـوون رایانگەیانـد پێدەچێـت ئێـران دەسـتی هەبـوو بێـت لـە کوشـتنی مومجـو دا، چونکـە ئـەم وڵاتـە تەنیا لـە تورکیادا دەستی هەبووە لـە کوشتنی ٥٠ نەیاری خۆی ئـەوە بـا لێگەرێیـن لـە ئەوروپا چۆن زەنجیرەیـەک لـە تیـرۆری رێکخسـت لەوانـە تیـرۆری قاسـملۆ رێبـەری حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڤییەنـا لـە ١٩٨٩و پاشـانیش بەهەمانشـێوە تیـرۆری سـادق شـەرەفکەندی جیگـری قاسـملۆ لـە بەرلیـن لەسـالی ١٩٩٢.

ترسـی تورکیـا لەسـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی ئیسـلامی لـە وڵاتەکـەی کاتێـک زیـادی کـرد کـە پێشـەنگی ئـەو بزوتنەوەیـە واتـە حزبـی ڕەفـا لـە هەڵبژاردنـی شـارەوانییەکاندا سـەرکەوتنی گـەورەی بەدەسـت هێنـاو توانـی کاندیداکانـی خـۆی لـە شـارە گەورەکانـدا لەوانـە ئەنقـەرەو ئیسـتەمبۆڵ سـەر بخـات.

لـە فیبریـوەری ١٩٩٣ واتـە چەنـد هەفتـە پـاش کوژرانـی مومجـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـرانو تورکیـا بەشـێوەیەکی بەرچـاو ئاڵـۆزی لێکەوتـەوەو تـا ئاسـتێکی زۆر سـاردو سـڕی کەوتـە نێوانیـان، ئەمـەش کاتێـک بـوو پۆلیسـی تورکیـا١٩ ئیسـلامگەرای توندڕەوی تورکـی دەستبەسـەر کـرد کـە بەپاسـپۆرتەکانیاندا دەرکـەوت چەندینجـار هاتوچـۆی ئێرانیـان کـردووەو لەسـاڵی ١٩٧٠ بـەدواوە لەگـەڵ دەزگا ئەمنییەکانی ئـەو وڵاتـە پەیوەندییان

هەبووە[1]

هەر لەو ماوەیەدا تەرمی ئەندامێکی رێکخراوی موجاهدینی خەلق دۆزرایەوە، بەڵگەو زانیارییەکان دەریاندەخست پاش ڕفاندنی لە ئەستەمبوڵ ئەشکەنجە دراوە و تاساندوویانە، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاوبۆچوونی دەوڵەتی تورکیا لەسەر پشتگیریی ئیران لەپارتی کرێکارانی کوردستان وەک هەمیشە دۆسیەی تیرۆریستانی ئاراستەی ئێران کرد کەچی سەرەڕای ئەو بەڵگانە ئیران هەرجۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو دۆسیانەدا ڕەتکردەوە، بەڵام سلێمان دەمیرێل بەهۆکاری جیۆپۆلیتیکی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە لەئێستادا گرنگترین شت پاراستنی سەقامگیریی وڵاتە، لەم ڕووەوە بەستنی کۆبوونەوە سێقۆڵییەکان بە مەبەستی رێگریکردن لەهاتنەئارای دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەداو بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی جموجۆڵی ناسیۆنالیستی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە سەروی هەموو پرسەکانیتر لەوانە پرسی ئیسلامییەکانو یارمەتیدانیان لەلایەن ئیرانەوە بوو

یەکێکتیر لە کۆبوونەوەکانی خولییەکانی نێوان ئەو سێ وڵاتە کۆبوونەوەی ١٠ی فیبریوەری ١٩٩٣ بوو، هەرچەند کە هەردوو وڵات دەیانویست باڵانسی پێشوی

---

(١) هیوهوپ، طکشمکش بر سر کشتن» میدل ایست اینترنشنل، شماره ٤٤٤، ١٩ فوریه ١٩٩٣، ١١-٢.

نێوانیـان بگەڕێننـەوە بـەڵام ئەنقـەرە بـۆ ڕێگریکـردن لـە خۆپیشـاندانی لایەنگرانـی پرسـی جیایـی دیـن لەسیاسـەت ودژبەرانـی ئیسـلامگەرایان هیـچ کاردانەوەیەکـی نەبـوو، عەزیـز نەسـین تەنـز نووسـی بەناوبانگـی تورکیـە بەڵێنیـدا ئایەتـە شـەیتانییەکانی سـەلمان ڕوشـدی بکات بەتورکـیو تەنانـەت هەنـدێ بەشیشـی لـێ بڵاوکـردەوە، لەئێـران ڕۆژنامـەی بونیاتگەرای»کۆمـاری ئیسـلامی» هاوشـێوەی ئایەتـوڵا خومەینـی لەسـاڵی ١٩٨٩ کـە فتـوای کوشـتنی سـەلمان ڕوشـدی دەرکـرد ئەمیـش بەهەمانشـێوە داوای کوشـتنی عەزیـز نەسـینی دەکـرد! بـەڵام ئێسـتاکە(١٩٨٩) ئێـران لـە ژێـر ڕێبەرایێتـی هاشـمی ڕەفسـەنجانی کـە سیاسـییەکی میانەڕەوتـرو نەرمتـرە بەرێـوە دەبـرێ، ئـەم سیاسـتمەدارە حـەز نـاکات کێشـەی هاوشـێوەی سـەلمان ڕوشـدی جارێکیتـر دووبـارە ببێتـەوەو ئەمجارەیان تورکیـا لـەدژی وڵاتەکـەی بوروژێنێـت، بۆیـە چیتـر ئایەتـوڵاکان فتـوای کوشـتنیان بـۆ عەزیـز نەسـین دەرنەکـردو ئـەم نووسـەرە گەورەیـە لەسـاڵی ١٩٩٦ بـە شـێوەیەکی سروشـتی ماڵئاوایـی لـە ژیـان کـرد.

لـە ئاگۆسـتی ١٩٩٤ دیسـان پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیـاو ئێـران تووشـی ئاڵـۆزی بـوو کاتێـک ئەنقـەرە ئێرانـی بـەوە تۆمەتبـار کـرد دەسـت لەکاروبـاری ناوخۆیـی وڵاتەکـەی وەردەداتو پشـتگیریی پ ک ک دەکات، لـەو چـوار چێوەیـەدا وەفدێکـی پێکهاتـوو لـە بەرپرسـانی ئەمنـی

تورکیا سەردانی تارانیان کردو ئەو دۆسیەو بەڵگانەیان خستە بەردەستی کاربەدەستانی ئێران کە نیشانی دەدا ئیران چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە یارمەتی جموجۆڵەکانی «پ ک ک»ی داوە، تورکەکان هەموو ئەو وێنەو کاسێتو دۆکیۆمێنتانەیان پێبوو کە لەلایەن ئەندامە دەست بەسەرکراوەکانی پارتی کرێکارنەوە کەوتبوونە دەست دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاو ئەو بەڵگانەش ئاماژە بوون بۆ بوونی پەیوەندی دەزگا ئەمنییەکانی ئێران لەگەل پ ک کو هەروەها بوونی حەشارگەی چەکو تەقەمەنیو ناوەندی راهێنان ئەندامانی پ ک ک لە ناو خاکی ئیرانو لە خانووە تیمییەکاندا.[1]

دیسان لەجونی ١٩٩٥ ئەنقەرە ئیرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەدوای ئۆپەراسیۆنی سپای تورکیا بۆ باکووری عیراق لە وەرزی بەهاری ئەوساڵە کە بەپاڵپشتی ٣٥هەزار سەرباز بەرێوە چوو هێزەکانی پ ک ک بەرەو خاکی ئێران کشاونەتەوەو ئیران رێگای پێداون بنکەو بارەگا لە ناوچە سنوورییەکاندا بکەنەوە، بەپێی وتەی «ئیرگول ئۆزکوک» سەرنووسەری رۆژنامەی حورییەت کە رۆژنامەیەکی نزیک لە دەوڵەتو سپای ئەو وڵاتەیە، تورکەکان لەبەر ئەوەی بەدوای پ ک ک نەکەوتوون کە هێرش بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی

(١) مایکل .ام گونتر، «گردها و آینده ترکیه» (نیویورک، نشر سنت مارتین، ١٩٩٧)، ٩٥.

ئـەو حزبـە لەنـاو خاکـی ئیرانـدا زۆر مەترسـیدارە چونکـە بوردومانـی باکـووری عیـراق جیـاوازە لـە بوردومانکردنـی خاکـی ئێـران[١]

ناکۆکـیو ئاڵـۆزی نێـوان تورکیـاو ئێـران بەدرێژایـی سـاڵی ١٩٩٥ بـەردەوام بـوو، هـۆکاری سـەرەکی ئـەم ناکۆکییـەش ئـەوە بـوو کـە تورکیـا سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی تـاران رێـگای بـەو رێکخـراوە داوە لەناوچـە سنوورییەکانی ئێـران چالاکییەکانـی رێکبخاتـەوە هەروەهـا هۆکارێکـە بۆ هاندانو وروژاندنی هەسـتی ئیسـلامگەرایانی تورکیـا بـەڵام ئێـران وەک هەمیشـە حاشـای لـەو تۆمەتانـە دەکـرد کـە بـەرەوڕووی دەبوونـەوە، لەلایەکیتـرەوە ئێـران نیگەرانـی پەرەسـەندنی پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو کـە بـەدوای هێرشـی بەربڵاوی مارچـی ١٩٩٥ زیاتـر پـەرەی سـەند، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا تـاران لەهەوڵـدا بـوو ئـەو رێککەوتنانـەی کـە لەئەنجامـی کۆبوونـەوەی پاییـزی ١٩٩٥ لە«درڤیـدا»ی ئیرلەنـدا کـرا بـوو لـە ڕووی کردەییـەوە سـڕ بـکاتو هەڵیوەشـێنێتەوە چونکـە وەک لایەنێکـی کاریگـەر لـەو کۆبوونەوەیـە بێبـەش کرابـوو.

ئێـران پێـی خـۆش نەبـوو ئاڵۆزییەکانـی نێـوان وڵاتەکـەیو تورکیـا زیاتـر تەشـەنە بـکات چونکـە لـە ٢٤ی دیسـەمبەری ١٩٩٥ لـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی

---

(١) همان ٩٦، حريت ١٠ ژوئن ١٩٩٥.

تورکیـادا حزبـی ڕەفـا بـە سـەرۆکایەتی نەجمەدیـن ئەربـەکان زۆرترین ڕێژە واتـە ٢١,٣ ٪هێنا بـوو، بۆیە لـە جونـی ١٩٩٦ حزبـی ڕەفـا پـاش وتوویژێکـی زۆر دواجـار توانـی دەوڵەتێکـی هاوپەیمانیـی بـە بەشـداریی حزبـی ڕێگای حەقیقـەت بـە سـەرۆکایتی تانسـۆ چیللـەر پێـک بێنێـت، چیللـەر کرایـە وەزیـری دەرەوەی تورکیـا، تـاران ئـەم گۆڕانکارییانـەی بـە پۆزەتیـڤ دەزانـی و ئامـادەی هـاوکاریو دۆسـتایەتی بـوو لەگـەڵ کابینـەی ئەربـەکان چونکـە ئەربـەکان کەسێکی ناسـراو بـوو لای ئێرانییـەکان، ناوبـراو یەکێـک لەلایەنگرانـی کۆمـاری ئیسـلامی بـوو کـە ویـرای پەیوەنـدی بـاش لەگـەڵ دەوڵەتمەردانـی کۆمـاری ئیسـلامی گرنگییەکـی ئەوتـۆی بـە ئەمریـکا نەئـەدا، ئەربـەکان لایەنگـرو پاڵپشـتی ولاتانـی ڕوو لەگەشـە ناسـراو بـە وڵاتانـی گروپـی «٨» بـوو کـە بریتیبـوون لـە تورکیـا، ئیـران، پاکسـتان، بەنگلادیـش، نەیجریـە، مالیزیـا، ئەندونیزیـا و میسـر، ئـەم وڵاتانـە دەیانتوانـی پێویسـتی «وابەسـتەیی» ئابووریـی وڵاتەکانیـان بـە ئەورپـاو ئەمریـکاو ژاپـۆن لـە ڕێـگای یەکتـرەوە کـەم بکەنـەوەو پشـت ئەسـتوور بـن بـە خۆیـان ئەمـەش دڵخـوازی تـاران بـوو، لـەو سـۆنگەیەوە ئەربـەکان خیـرا پـاش گەیشـتنی بەکورسـی دەسـەڵات گوتـی: بـە بـاوەڕی وی ئیـرانو سوریا هیچکامیان پاڵپشـتی لـە پ ک ک ناکـەن بەڵکو ئـەم تۆمەتانـە زیاتـر لەلایـەن دەزگا ئەمنـیو سـیخورییەکانی

ئەمریکا»SIA«وە بەمەستی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکرێت.

ئەربەکان بەلێنەکانی سەبارەت بەدروستکردنی پەیوەندی باشتر لەگەڵ تاران چ لەبواری ئابووریو چ لەپێکەوە کارکردنیان بۆ سەرکوتی پ ک ک بردە سەر، ناوبرا پاش کەمتر لە شەش هەفتە لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران لەرۆژانی ١٠-١١ی ئاگۆستی ١٩٩٦ سەردانی ئیرانی کرد ئەمەش یەکەمین سەردانی بوو بۆ وڵاتێکی دەرەکی، میدیاکانی تورکیا لەگەڵ ئەوەی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵانە دۆستایەتیو نییەت پاکی هەبوو بەرامبەر بەئێران کەچی کەوتنە چیرۆک هۆنینەوەی بێ بنەماو دروستکراوی بەرپرسانی باڵای سەربازی ئەو وڵاتە کە لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەربەکان هەستیان بە مەترسی دەکرد هەربۆیە ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی نیوان تورکیا و ئیران بە شێوەی جۆراوجۆر دەربڕی.

هەرلەو پەیوەندییەدا میدیاکانی هەردوو وڵاتی ئیرانو تورکیاو بگرە میدیا نێودەوڵەتییەکان هەواڵی ئیمزاکردنی گرێبەستێکی ٢٣ملیار دولاریی گازیان لەنێوان هەردوو دەوڵەت بە جۆشو خرۆشەوە بڵاو کردەوە ئەمەش بەپێچەوانەی یاسای ئەم دوایەی کۆنگرێسی ئەمریکا بوو کە سەمایەگوزاریی سەرو

٤٠ميليۆن دولاری لەنەوتو گازی ئێران قەدەغەکردبوو تەنانەت سزای قرسی ئابووری بەسەر پێشێلکاراندا دەسەپاند، بەلام ئەو راپۆرتانەی کە میدیاکانی ئێرانو تورکیا بلاویان دەکردەوە دەریخست تەوری سەرەکی گفتوگۆکانو رێککەوتنەکە پرسی کورد بەگشتی و پرسی پ ک ک بەتایبەت بووە، سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە میانەی دوو دانۆستانی ئەو کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە وەرگێڕەکان کەسیتر لە دانیشتنەکاندا بەشدار نەبووە.

پاش شکستی کونفرانسی درڤیدا لە ئێستادا ئێران رۆڵی سەرەکی دەبینێ لەگەمە سیاسییەکانی باکووری عیراق، هەفتەیەک بەر لەسەردانی ئەربەکان بۆ تاران سپای ئەو ولاتە لەرێگای ئۆپەراسیۆنێکەوە تا قوولایی ٩٠ کیلۆمەتر خاکی عیراقی بڕیو بەمەش هێزو هێژمونی خۆی نیشانی رکابەرەکانیدا، ئەربەکانو ڕاوێژکارە نزیکەکانی پێش ئەوەی سەردانی تاران بکەن رایانگەیاند تەنیا چوار دەولەتی تورکیا، ئێران، عیراقو سوریە کەکوردیان تێدایە دەتوانن پرسی کورد چارەسەر بکەن، هەلوێستی ئەنقەرە یان لانیکەم هەلوێستی حزبی ڕەفا ئەوە بوو کە پرسی کورد دەبێ پێش هەموو پرسو کێشەو گرفتێکیتر لە نێوان ئەم چوار ولاتەدا چارەسەر بکرێت. بەلام لە هەمانکات میدیاکانی تورکیا هەندێ لە نیگەرانییەکانی تورکیایان لەپەیوەندی لەگەڵ ئێراندا خستەڕوو کە بەرچاوترینیان ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەبوو[1]
پێش هەمووشتێک نیگەرانی تورکیا لە سیاسەتەکانی ئێران ئەوە بوو مەبادا ئێران ڕێگر بێت لەبەردەم ڕاکێشانی بۆری نەوتو گازی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست لەڕێگای تورکیاوە وەک ڕێگایەکی ترانزیتی، بۆ ئەو مەبەستە تاران لەگەڵ روسیا هاوبەشی سیاسییە، تورکیا نیگەرانە لە سیاسەتی پشتگیریی ئێران بۆ ئەرمەنستانو دوورکەوتنەوەی لەئازەربایجان لەکاتێکدا لەئەنجامی شەڕەکانی دەیەی ١٩٩٠ هێشتا ٢٠٪ی خاکی ئازەربایجان لەلایەن ئەرمەنستانەوە داگیر کراوە، هەڵبەتە ئێرانیش بەشی خۆی نیگەرانە لەو کۆنسێرسیۆمە جۆراوجۆرانەی کە بۆ گواستنەوەی نەوتو گازی دەریای خەزەر پێکهاتوون، لەوەش گەرێین ئەم دوو دەوڵەتە نیگەرانی زیاترو توندتریشیان هەبوو کە پەیوەندی بەپرسی کورد لەنێوانیاندا بوو، تورکیا پێیوابوو ئێران بێجگە لە هاندان، یارمەتی لۆجستیکی دەگەیێنێتە پ ک ک و بنکەو بارەگا سنوورییەکانیو لەڕووی پزیشکییەوە یارمەتی دەدات، ئەنقەرە سوور بوو لەسەر ئەوەی ئێران لەباکووری عیراق لە پ ک ک وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی هێژمونی خۆی سوود وەردەگرێت، سەرەڕای ئەم ڕەخنانە تورکیا لەجونی ١٩٩٦ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئێران لەپشت

(١) حریت، ١٠ اوت ١٩٩٦

ئـەو ڕێکەوتنەیـە کـە لەنێـزان پارتـی دیموکـرات و پ ک ک ئیمـزا کـراو ئـەم کارەشـی لـە ڕێـگای سـوریاوە بـە ئەنجـام گەیانـدووە، لـەو کاتـەدا هاوکاریـی پ ک ک و پارتـی دیموکـرات ڕێڕەوێکـی دروسـت دەکـرد کـە بەهـۆی باکـووری عیراقـەوە ئێـران‌و سـوریا بـە یەکـەوە دەبەسـترانەوە.بەکورتی چالاکیـی ڕووو لەگەشـەی ئێـران لەباکووری عیـراق و لەسـاڵی ١٩٩٥ بەمـلاوە ئـەو وڵاتـەی کردۆتـە کارەکتەرێکـی سـەرەکی لـەو ناوچەیـەو ئەمـەش بـە تورکیـا هـەرس نەدەکـرا.

ئەنقـەرە لـەو باوەڕەدابـوو بوونـی بەرچـاوی ئێـران لەباکـووری عیـراق کـە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە زیادبووندایـە ڕێـگای بـۆ پ ک ک بـۆ دەسـت خسـتنی چەکـی ڕوسـیاو کڕینـی چـەک لەبازارەکانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت ئاسـان کـردووە، هەروەهـا ئەندامانـی پ ک ک دەتوانـن لەڕێـگای ئێرانـەوە ڕاسـتەوخۆ خۆیـان بگەیێننـە باکـووری عیـراق، هـەر لـەو پەیوەندییـەدا ئەنقـەرە پێیوابـوو ئامادەبوونـی ئێـران لـە باکووری عیـراق ئـەو هاوسـەنگییە گەردونییـەی کـە لەشـەڕی کەنـداو بـەم لاوە جێگرببـوو تێکـداوە، هاوسـەنگییەک کـە تـا سـاڵی١٩٩٥ بـە قازانجـی تورکیـا دەشـکایەوە.

هەوڵـی ئەربـەکان لـە تـاران بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگاچارەیـەک بـە مەبەسـتی ڕێگـری لـە مەترسـییەکانی پ ک ک بـە ناردنـی شـاندێک بـۆ بەغـدا کـە پێکهاتبـوو لـە

شـەوکەت کازان وەزیـری داد، محەمـەد سـاگلام وەزیـری پـەروەردە بەدواداچوونـی بۆکـرا. ئـەم دوو نوێنـەرە کەمتمانـە پێکـراوی ئەربـەکان بـوون چەنـد بازرگانێـک هاورێیەتیـان دەکـردن.

بەلەبەرچاوگرتنی کردنەوەی هێڵی بۆریی گواستنەوەی نەوتی »کەرکـووک -یومـور تالیـک» کـە ئەنقـەرە هیـوادار بـوو بەخێرایـی جێبەجـێ بکرێـت تـا کۆتایـی هەمانسـاڵ واتـە ١٠ی سپتەمبەری ١٩٩٥خایاند، داهاتی ئـەم پرۆژەیـە و پرسـی شکسـت پێهێنـان بـە هەڕەشـەی ناسـیۆنالیزمی کـورد بـۆ سـەر هەرسـێ وڵاتـی تورکیـاو ئێـرانو عێـراق تـەوەری سـەرەکی گفتوگـۆی شـاندەکەی کازانو سـاگلام بـوو لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی بەغـدا.

هـەر لـەو پەیوەندییـەدا هەنـدێ راپۆرتیش لەسـەر سـەردانی شـێخ عۆسـمان رێبـەری بزوتنـەوەی ئیسـلامی کوردستان لـە باکووری عێراق بۆ ئەنقـەرە بڵاو کرایـەوە کـە ئامـاژە بـوو بـۆ جیـدی بوونـی حزبـی ڕەفـا، وا بـڵاو بـوەوە لـە رۆژانـی ١١-١٢ی ئاگۆسـتی هەمانسـاڵ شـێخ عۆسـمان بەمەبەسـتی بەشـداریکردن لـە پرۆسـەی هاوسـەرگیری دۆسـتێکی بەنـاوی ئیحسـان ئەسـلان کـە بەرێوەبـەری یەکێـک لـە ئۆرگانەکانـی حزبـی ڕەفـا بـوو و پەیوەندییەکـی نزیکـی لـە گـەڵ تەریقەتـی نەقشـبەندی هەبـووە سـەردانی ئەنقـەرەی کـردووە، ئەربـەکانو شـێخ عۆسـمان وەک موریـدی نەقشـبەندی رێـزی تایبەتیـان

هەبوو بەڵام سەردانەکەی شێخ عۆسمان کاتێک بوو کە ئەربەکان بەسەردانێک لەتاران بوو*.

سێیەمین نمونەی ئەم نمایشە دپلۆماتییە لە ١١-١٢ی ئاگۆست ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانە بوون کە باسیان لەوە دەکرد حافیز ئەسەد بە مەبەستی وتوویژ لەسەر هەندێ پرسی هەڵپەسراو بانگهێشتی ئەربەکانی کردووە بۆ دیمەشق، بۆیە ئەربەکان لە تاران رایگەیاند مانگی سپتەمبەر کونفرانسێک بە بەشداری چوار وڵاتی گەورەی ناوچەکە لە دیمەشق بەرێوە دەچێت، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند زانیارییەکانی راپۆرتی لەوجۆرە ناڕاستو بێ بنەمایە! لەڕاستیدا ئەو سەردانە لەبەر ناڕازیبوونی بەرپرسانی باڵای سەربازی تورکیا هەڵوەشێنرایەوە.(١)

ویستو حەزی ئەربەکان بۆ تێکشکاندنی پ ک ک پەیوەندی بە رەهەندە سیاسییە بەهێزەکانی سیاسەتی ناوخۆیی تورکیاوە هەبوو، یانزە نوێنەری کورد لە پەرلەمانی تورکیا کە سەر بەحزبی ڕەفا بوون پاش ئەوەی لەمانگی جولای لەگەڵ سەرۆک وەزیر ئەربەکان کۆبوونەوە رایانگەیاند: ئەگەر هەندێ لە

---

(١) پێدەچێت نووسەر زانیارییەکانی تێکەڵ کردبێت چونکە شێخ عۆسمان کە ئەو بەرێبەری بزوتنەوەی ئیسلامی باسی دەکات بە شێخ نەناسراوە بەڵکو بەمەلا عۆسمان دەناسرێتو نەمانبیستووە موریدو دواکەوتووی تەسەوفی نەقشبەندی بوو بێت!(و- کوردی)

داخوازییەکانی کورد لەوانە: خوێندن بە زمانی کوردی، فەراهەم کردنی زەمینەی کار بۆ چینی بێکاری کورد، رێگادان بەدامەزراندنی کانالی تەلەفزیۆنی کوردی و پێداچوونەوە بە دەسەلاتی دادوەری‌و. .. جێبەجێ نەکرێت ئەوان لەگەڵ ٢٥-٤٥ نوێنەری پارێزگاکانی خۆرهەلاتی تورکیا یەکدەگرن‌و لەوانەیە لە حزبی رەفا بکشێنەوە، وازهێنانی ٣٣ نوێنەر لە حزبێکدا واتە دابەزێنی ٢٥٪ کورسییەکانی لە پەرلەمان کە ئەمەش بۆ حزبی رەفا شتێک نەبوو بێجگە لە کۆتایی هاتن بە زۆرایەتی ئەو حزبە لە دەسەلاتی بەرێوەبردندا، بێگومان تاران لەمیانەی گفتوگۆکانی مانگی ئاگۆست لەم گۆڕانکارییانە بەئاگا بوو و زانیاریی تەواوی هەبوو لەسەر دۆخی ناجێگیر چاوەڕوانکراوی حزبی رەفاو شەخسی ئەربەکان لەناوخۆی تورکیاو گرنگی بازنەکانی هەڵبژاردن لە کوردستان، بەلام سەرەڕای ئەو دۆخەش لە یەکەمین دیداری ئەربەکان بۆ تاران لە ئاگۆستی ١٩٩٦ بۆ فیبریوەری ١٩٩٧پەیوەندییەکانی نێوان دوو ولاتی جیران بەرەو باشبوون ڕۆشت، کەچی دوودلی سەبارەت بەنییەت‌و ئامانجی یەکتر لەباکووری عیراق‌و ئەو تۆمەتە بەردەوامانەی تورکیا لەسەر پاڵپشتی پ ک ک ئاراستەی ئێرانی دەکرد وەک خۆی مایەوە، هێرشی٣١ی ئاگۆستی(ئاب) ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان بەپاڵپشتی بەغدا بۆ سەر یەکێتی

نیشتمانی کوردستان کە هاوپەیمانی ئیران بوو ناکۆکی تازەی لەنێوان تورکیاو ئێران نایەوە.

هاوکاری سێ لایەنەی تورکیا، پارتی دیموکراتو عیراق لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ بۆ دەرپەڕاندنی هاوپەیمانی ئیران واتە یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەهەولێرو ناوچەکانی دەوروبەری کە لەوە دەچێ لەداهاتوودا ببێتەهێڵی گواستنەوەی بۆری نەوت بۆ تورکیا ناکۆکییەکی زۆری لەنێوان ئێرانو تورکیادا دروست کرد. دەست خستنەدەستی پارتی دیموکراتو بەغداو هێرشی هاوبەشیان بۆ سەر یەکیتی نیشتمانیو سەرکەوتنی خێرایان لەو هێرشە ئێرانی تووشی شۆک کرد، بەمەش نفوزی ئیران لەباکوور کەم بوەوە کە لەئەنجامی رێکەوتنی درڤیداو بەماندووبوونێکی زۆرەوە ئەو پێگەیە بەدەست هێنابوو، هاوپەیمانێتی بارازانی لەگەڵ بەغدا چەند هۆکارێکی هەبوو لەوانە: ١-پارتی دیموکرات لە پەیوەندیی نزیکی ئیرانو یەکیتی نیشتمانی هەستی بەمەترسی دەکرد ٢-بارزانی بەهۆی بڕیاری تاک لایەنی تاڵەبانی بۆ جێگیرکردنی ٣-٥ هەزار چەکداری شیعەی سەربە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عیراق بە رێبەری باقر حەکیم تا قوڵایی ٥٠ مایل بەکردەوە ناوچەکانی ژێر کونترۆڵی بارزانی و بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی بەروڕووی مەترسی کردبوەوە کە لەدەرەوەی هێڵی

٣٦دا بـوون.

بارزانـی پێـی وابـوو ئـەم هێزانـە کـە ئۆپۆزسـیۆنی شـیعەی عیـراق بـوون لـەدوارۆژدا دەبنـە پاڵپشـتی یەکیتی و لەئەگـەری شـەڕ لەناوچەکانـی باشـوور هێزەکانـی پارتـی دەکەونـە ژێـر فشـارو مەترسـییەوە ئـەوەش دەرفەتێـک دەبێت بۆ باڵادەستی پ ک کو کەمکردنـەوەی تواناکانـی پارتـی و تورکیـا لـە دژی ئـەو هێزانـە[1] تەنانـەت بەرلـەم ڕووداوە پارتـی دیموکـرات ئـەوی دەزانـی تورکیـا بـۆ ڕێگریکـردن لـە نفـوزی پ ک ک و جێگربوونـی لەناوچـە سـنوورییەکان لەهەوڵدایـە سـنووری نێودەوڵەتـی خـۆی ٩-١٥ مایـل بەئاراسـتەی قوڵایـی حاکـی عیـراق بێنێتـە پێشـەوە بەمـەش چاوەڕی دەکـرا تورکـەکان ناوچەیـەک بـۆ خۆیـان ملیتاریـزە دەکـەن کـە بوونـی پارتـی تێیـدا بوونێکـی رواڵەتـی و شـکڵی بێـت. پێـش ٣١ی ئاگۆسـتی ١٩٩٦ بارزانـی ئەگـەری ڕوودانـی ئـەم گۆڕانکارییانـەی کـە پێدەچـوو لەلایـەن تورکیـاوە بکرێـتو ئـەو وڵاتـە لـە هەیمەنـەو پانتایـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پارتـی لەناوچەکانـی باشـوورو باکـوور کـەم بکاتـەوەو بێگومـان ئەوەشـی دەزانـی کـە بەئەنجامگەیاندنـی پـرۆژەی بـۆری نەوتـی کەرکـووک- یومـور تالیـک و دەرنجامەکانـی پێگـەی خـۆیو پارتەکـەی لەبەرامبـەر یەکیتـی نیشـتمانیدا

(١) رابرت السن، «چرا حزب دموکرات کردستان؟» گزارش کردستان، شماره ٢٤، نوامبر ـ دسامبر ١٩٩٦، ٢٣.

لاواز دەکات.[1]

سەرۆکی پارتی دیموکرات بەدروستی بیری لەوە کردبوەوە کە ئەمریکاو هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی و هەروەها ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری ئەواندان لەپرۆسەی»دابینکردنی خۆشگوزەرانی»یارمەتی نادەن بۆ بەهێزکردنی ئەو پێگەی سیاسیو ئابوورییەی کە مەبەستییەتی! بارزانی لەوە تێگەیشتبوو کردنەوەی هێڵی بۆری نەوتو زیادبوونی قەوارەی بازرگانی و ئابووریی تورکیا لەگەڵ عیراق بەو واتایە دێت کە چیتر پارتەکەی بارزانی ناتوانێ ڕۆژانە ٢٥٠-٣٠٠ هەزار دولار باجو داهات لەگومرگی خابور وەرگرێت.[2]لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٦ تورکەکان ڕەزامەندییان دەربڕیبوو پارتێک بەناوی «پارتی موحافیزکاری کورد»دابمەرزێت، ئەم پارتە پێکهاتبوو لەگروپێکی بچووک لەخەڵکی باکووری عێراق کە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە موسڵ بوون بەجۆرێک کە ئەو کوردو عەرەبانە لەخۆ بگرێت لەگەڵ تورکیادا دۆستو هاوکاربن و

(١) پێدەچێت نووسەر زانیارییەکانی تێکەڵ کردبێت چونکە ئەو هێزانە هێزی عیراقی بوون وەک ئەوەی خۆی دواتر ئاماژەی پێداوە هەروەها دەبێ ئەوەش بوترێت بنکەوبارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەزۆری لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدا بوون لە کۆیە!

(٢) همان.

وەک قەڵغانێک لەبەرامبەر عیراقی سەرو کلک بڕاودا بوەستنەوە.

هەروەها تورکیا بەدرێژایی سالانی ١٩٩٦-١٩٩٧ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکمانەکانو پارتی نەتەوەیی تورکمان کە ناوەندی بڕیاریان لە ئەنقەرە بوو بەهێزو پتەو کرد، تورکمانەکان کە ژمارەیان زیاتر لە ٥٠٠هەزار کەس مەزەندە دەکرێت بەزۆری لەباکووری عیراق گیرساونەتەوەو چاویان لە پشتیوانیو هاوکاریی تورکیایە، تاران بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەو دەستێوەردانو نزیکایەتییەی تورکیاو تورکمانەکان لە پ ک ک نزیک بوویەوە، هەرچەند کە تورکیا نزیک بوونەوەی خۆی و تورکمانەکانی بەواتای دروستکردنی بەربەست لەئاست ویستی جیاخوازییو ناسیۆنالیستی کورد ناودەهێنا بەڵام بۆ تاران نزیکایێتی ئەنقەرەو تورکمانەکانو هەروەها پارتی دیموکراتو بەرەی تورکمانی قەبووڵکراو نەبوو[١]

تاران لەخێرایی رێکەوتنی نێوان پارتی دیموکراتو رژێمی بەعس غافڵگیر ببوو، هەرچەند کە لەوە ئاگا بوو بەغدا پێویستیەکی زۆری هەیە بەکردنەوەی هێڵی بۆری نەوت لەگەڵ تورکیاو بەرزکردنەوەی قەوارەی

(١) فیبە مار ( Marr (Phebe «ترکیە و عراق» در نوشتە هنری بارکی بنام همسایە ناراضی، نقش ترکیە در خاورمیانە، (واشینگتن، دی. سی نشر مؤسسة آمریکایی پیشرفت صلح، ١٩٩٦)، ٦١.

ئاڵوگـۆڕە بازرگانییەکانـی لەگـەڵ ئـەو وڵاتـەو شـکاندنی ئـەو گەمـارۆ ئابوورییـەی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەسـەریدا سـەپاندبووی. بەغدا بۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە پێویستی بە پارتی دیموکرات بوو چونکە ئەم نزیکایەتییە لەگـەڵ پارتـی دەرفەتـی ئـەوەی بـە سـەدام حسـێن دەدا خـۆی لەشـەڕی ئـەو چەنـد هـەزار کـوردەی کـە لەگـەڵ ئەمریـکاو پرۆسـەی»دابینکردنی خۆشـگوزەرانی»و ڕێکخـراوە ناحکومییـە ڕۆژئاواییـەکان هاوکارییـان دەکـرد ڕزگار بـکات بەمـەش لەئەگـەری پەلامـارو پیلانـی دژ بەخـۆی و حکومەتەکـەی کـەم بکاتـەوە.

ئێـران لەبەرامبـەر هاوپەیمانـی و ڕووداوی ٣١ی ئـاب کـە لەلایـەن تورکیـاو عیـراق‌و پارتـی دیموکراتـەوە بەرێـوە چـوو هەڵوێسـت‌و کاردانـەوەی خێـرای نەبـوو، لـەو کات‌و سـاتەدا ڕەفسـەنجانی سـەرۆک کۆمـاری ئێـران بـە سـەردانیکردنی وڵاتانـی ئەفریقاییـەوە سـەرقاڵ بـووو تـاران لەپشـتگیریکردنی یەکیتـی نیشـتمانی کوردسـتان لەبەرامبـەر پارتـی‌و هاوپەیمانەکانـی خـۆی دەدزییـەوە! هێزەکانـی یەکیتـی نیشـتمانی بـەرەو ئێـران هەڵهاتبـوون، بـەڵام لەکۆتایـی ١٩٩٦ یەکیتـی پـاش خۆرێکخسـتنەوە بـە پاڵپشـتیی ئێـران زۆربـەی ئـەو شـوێنانەی لەلایـەن پارتـی دیموکـرات‌و حکومەتـی عیـراق لێـی داگیـر کرابـوو خسـتنیەوە ژێـر کونترۆڵـی خـۆی، شـەڕی نێوان یەکیتـی‌و پارتـی کـە دوو هێـزی کاریگـەرو پێکهێنـەری قـەوارەی

هەرێمی کوردستان بوون بەدرێژایی ١٩٩٧ بەردەوام بوو بەجۆرێک کەمەترسی خستە سەر ئەو قەوارەیەو تا لێواری لەناوچوون نزیک بوویەوە.

لەکۆتایی ١٩٩٦ تورکیا هەوڵیدا هەردوو لایەن لێک نزیک بکاتەوەو کێشەکانیان لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر بکەن، کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە کە بەبەشداری تورکیاو ئەمریکاو بەریتانیا ساز دەکرا لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ دەستیان پێکردو تا بەهاری هەمانساڵ درێژەیان کێشا بەڵام ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان لەمانگی مایسی هەمانساڵ هۆکارێک بوو بۆ شکست پێهێنانی ڕەوتی گفتوگۆکانی ئاشتی ئەنقەرە، هۆکارێکیتری شکست هێنانی ئەو کۆبوونەوەیە ئێران بوو چونکە ئەو دەوڵەتە بەئامادە بوونی ئەمریکا لە دانیشتنەکاندا زۆر نیگەران بوو و پێوابوو ئامانجی ئەو وتووێژانە داڕشتنی پیلانی جۆراوجۆرو دروستکردنی پێگەیەکی سیخوڕی ئەمریکییە لە ناوچەکەدا(١) تاران وەک هەمیشە سوور بوو لەسەر هەڵوێستە دوژمنکارانەکەی بەرامبەر بە ئەمریکاو بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو وڵاتە لە هەوڵی دامەزراندنی ئیسراییلی دووەمە لە باکووری عیراق لە ریگای کوردەکانەوە! بەڵام دواجار شەڕی

---

(١) حسن الصالح، «مداخله آمریکا بر شدت کشمکش خواهد افزود»، کیهان اینتر نشنل ١٣ مارس ١٩٩٧

ئاگۆستی ١٩٩٦ی نێوان پارتی دیموکراتو یەکیتی نیشتمانی بوو بە یارمەتیدەرێک بۆ دروستبوونی بالآنس لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیران، بەهۆی ئەک شەڕەوە هەردوو لا لەرێگای هاوپەیمانەوەکانیانەوە واتە لەرێگای پارتیو یەکیتیەوە ناوچەکانی ژێر هێژمونی خۆیان پاراستو دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندن پرسە جیۆپۆلیتیکەکانی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە باکووری عیراق چارەسەر بکەن، ئەم بالآنسو هاوسەنگییەە لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەولەتە ئەوەندەی نەبرد بەهۆی ڕووداوی «سنجان»وە لە فیبریوەری ١٩٩٧ تێکچوو.

**ڕووداوی سنجانو دەرنجامەکانی:**

سنجان شارۆچکەیەکی ٣هەزارکەسییە کە لە چل کیلۆمەتری ئەنقەردا هەڵکەوتووە، لە پشووی کۆتایی هەفتەدا لە ٣١ی جنیوەری ١٩٩٧لەکاتیکدا دانیشتوانەکەی ریۆڕەسمی رۆژی قودسیان بەرێوە دەبرد کە لەسەر ڕاسپاردەی ئایەتولآ خومەینی ریبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەسەر هەموو مسڵمانان فەرز کراوەو دوا هەینی مانگی ڕەمەزانی بۆ دیاریکراوە ئامادە بووان بە پاڵپشتی بەکر یەڵدیز سەرۆکی شارەوانی سنجان وەک لایەنگرانی پارتی ڕەفا پۆستەری عەباس موسەوی، مووسا سەدر، فەتحی شکاکی ریبەرانی

حزبولڵا و حەماسیان بەرز کردبووەوە، هەر لەدرێژەی ئەو ریۆرەسمەدا محەمەد رەزا باقری باڵیۆزی ئێران لەتورکیاو مەحمود بن یاسین نوێنەری رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی شارەوانیو بەرێوەبەرانی ریۆرەسمەکە وتاری خۆیان ئاراستەی ئامادەبووان کرد، باقری هێرشی کردە سەر ئیسرائیلو ئەو دەوڵەتەی بە منداڵی نامشروعی ئینگلیز ناو برد و گوتی ئەم منداڵە حەرامزادەیە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پەروەردە کراوەو ئێستا خەریکە گەوری دەکەنو هێزو دەسەڵاتی پێدەبەخشن!ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی نەدەکرد ئەم حەرامزادەیە لەشەڕی وڵاتانی عەرەبیدا بەرگەی مانەوەی نەدەگرت[١]

بەپێی زانیارییەکان باقری لەوتارەکەیدا لەبەردەم ئامادەبوواندا وتبووی: ترستان نەبێ لەوەی بە بنەماخوازو بونیاتگەرا ناوتان بهێنن، ئیسلام بکەن بە سەرچاوی ژیانتانو پەیرەوی لە شەریعەت بکەن.

ڕووداوی سنجان ئاگری بەردایە تورکیاو کۆتایی ژیانی سیاسی ئەربەکانی لێکەوتەوە، پارتە نەیارەکانی ئەربەکانو سپای ئەو وڵاتە رایانگەیاند ئەوەی لە سنجان کراوە پلاماردانی پەرنسیپەکانی پرسی جیایی دین لەدەوڵەتە کە بنەمای سەرەکی کۆماری تورکیای

(١) من مطالب مربوط به واقعه سنجان را از روزنامههای حریت و جمهوریت، و اینترنت «اخبار ترکیه» گرفته ام.

لەسەر دامەزراوە، سپا ئەو ڕووداوەی بە ڕووداوێکی قەبووڵنەکراو دایە قەڵەم بۆیە لە ٤ی فیبریوەری ١٩٩٧ نزیکەی ٥٠تانکو زرێپۆش لەشەقامەکانی شاردا بەناوی نمایشی سەربازی ئاتاتورک پەیامی خۆی گەیاندە ئەربەکان، بەکر یلدز سەرۆکی شارەوانی سنجان درایە مەحکەمەو ١٩ساڵو نیو حوکمی زیندانی بەسەردا سەپێنراو ١١ کەسیتر لە کارمەندانی شارەوانیی وەک شەریکە تاوان بە دەساڵ حەبس مەحکووم کران.

ئیران رایگەیاند دەستی لەڕووداوەکەی سنجان نەبووەو ئەوەش وتراوە هەمان ئەو شتانەیە بەدرێژایی ١٧ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبۆنەو کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا وتراوەتەوە، دەوڵەتی ئەربەکان هەوڵیدا لەدەرکردنی باقری باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ریگری بکات لەکاتێکدا بەرپرسانی بالای سپا سووربوون لەدەرکردنی، بەلام ئەربەکان دەیویست هەرچۆنێک بووە ئەم کارە دوابخات، رێبەری حزبی مام میهەن کە پاش ئەربەکان بوو بەسەرۆک وەزیری تورکیا رایگەیاند: باقری باڵیۆز نییە بەڵکو تیرۆریستە بۆیە داوایکرد لەگەڵ محەمەد ڕەزا راشید سەرکونسوڵی ئیران لە ئەستەمبوڵ بەبێ دواکەوتن دەربکرێنو بنیردرێنەوە بۆ ولاتەکەیان! پاش ئەوەی یەڵمازو هێزی سەربازی سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ئەربەکان وەلانرا لە١٩ی فیبریوەری ١٩٩٧ باقریو

راشـید لەتورکیـا دەرکـران، وەک کاردانەوەیـەک ئێـران ڕایگەیاند ئـەم دوو دیپلۆماتکارە پاش مانەوەیەکی کورت لەئێـران دووبـارە دەگەڕێنـەوە سـەر ئەرکەکانیـان بـەڵام هیچـکات نەگەڕانـەوە!

سـەرەڕای باقـری‌و ڕاشـید، سـەعید زارع کونسـوڵی ئێران لـە ئـەرزڕووم لـە ١ی مارچی هەمانسـاڵ بە هـۆی ڕەخنەگرتن لەلێدوانی جەنراڵ «چیڤیک بیر» لە واشنتۆن دی سی لەتورکیا دەرکرا، جەنراڵ بیر کە لـە سـەرەتای قیبریـوەرو لەمیانـەی کۆبوونـەوەی سـاڵانەی بازرگانیـی تورکیاو ئەمریکا ئـەو قسانەی کردبوو گوتبووی: «ئێران پاڵشتی لەتیرۆریزم دەکات « زارع ویرای هەلکوتنە سـەر جەنراڵ بیر ڕەخنـەی لـە پەلاماری سنجان‌و ناردنی تۆپ و تانک گرتبوو لە لایەن سپای ئەو وڵاتـەوەو گوتبووی» ئایا بـەکار بردنی تانک کاری توندو تیژیی نییـە«[1]

وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران دوابـەدوای دەرکردنـی زارع باڵیـۆزی تورکیـای بانگهێشـت کـردو پێـی ڕاگەیانـد قسـەکانی جەنـراڵ بیـر ناشـیرین بـووە و لەئاسـتی کەسـایتی بەرپرسـێکی بـاڵای تورکیـا نەبـووە بۆیـە بـە دەرکردنـی عۆسـمان کوروتـورک بالیـۆزی تورکیـا لـە تـاران‌و ئوفـوک ئوزسـنجاک کونسـولی تورکیـا لەورمـێ تۆڵـەی دەرکردنـی بالیۆزکانـی ئیرانـی لەتورکیـا کـردەوە. جیگـری وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا لەمیانـەی وتارێکـدا

(١) ایران تایمز ٧ مارس ١٩٩٧.

لـه دامـەزراوەی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی واشـنتۆن بـۆ پرسـی خۆرهەڵاتـی نزیـک کـە دامەزراوەیەکـی نزیـک لـە ئیسـرائیلە پـاش بریـاری تورکیـا بـۆ دەرکردنـی دوو دپلۆماتتـاری ئیـران لەوڵاتەکـەی وتـی: « هەرچەنـد پێویستە بەزمانی سیاسیو دپلۆماتی لەگەڵ ئیراندا قسـە بکەیـن بـەڵام ئـەم شـێوە تەعمولـە لەگـەڵ ئیراندا تـا ئێسـتا ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نییە، پاڵپشتی ئێران لەتیرۆریزم ناچێتـە قاڵبـی پەیوەنـدی دۆسـتانەوە، ئێمـە دەتوانیـن دۆسـتەکانمان هەڵبژێریـن بـەڵام ناتوانیـن دراوسـیکانمان هەڵبژێریـن! نیـوەی گەلـی ئێـران بەتورکـی قسـان دەکـەنو لەگـەڵ تورکیـا پەیوەندییەکـی پتەویـان هەیـە، بـەڵام لـەوە گەرێیـن پێویستی تورکیا بە هەناردەکردنی نەوت بوونی پەیوەندییەکـی باشـتر لەگـەڵ ئێـران زەروری دەکات.[١]

---

(١) سـرویس خبـری ترکیـه مبتنـی بـر اینترنـت (TRANSL) ٢١ فوریـه ١٩٩٧.

# بەشی شەشەم

## ئیسرائیل، ئیسلامگەراکانو بڕیاری دادگای میکۆنوس
## (هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیلو کارلێکەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران - تورکیا)

کارو کاردانەوەکانی مەسەلەی سنجان دامرکابوەوە بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران بەردەوام خراپتر دەبووو ساردی تێدەکەوت، هۆکەشی سەردانی جەنراڵ «ئیسماعیل حەقی قەرەداغی» سەرۆک ئەرکانی سپای تورکیا بوو بۆ ئیسرائیل کە لە ٢٤- ٢٨ی فیبریوەری ١٩٩٧ واتە شەش رۆژی خایاند ئەمە یەکەمین دیداری بەرپرسێکی باڵای سپای تورکیا بوو بۆ ئیسرائیل، سەردانەکە لەگەرماوگەرمی زەنجیرە رێکەوتنێکی سەربازی، ئابووری، پەروەردەیی‌و بازرگانیدا کرا کە لەنێوان دوو وڵاتدا بە ئیمزا گەیشتبوون، هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیل شەکو گومانی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم جەمسەرە نوێیەی هێز لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە پاڵپشتی دەکرا هێنایە ئاراوە کەگوماندەکرا مەبەست لێی کونترۆڵکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و خۆرهەڵاتی مەدیترانە بێت. (١)

جەنراڵ قەرەداغی پێش ئەوەی لەتورکیاوە بەرەو ئیسرائیل بڕوات جەختی لەسەر ئەوەکردەوە یەکێک لەو پرسانەی لەگەڵ لایەنی ئیسرائیلیدا باسی دەکات سەرەڕای پرسی پەیوەست بەجێبەجیکردنی رێککەوتنە

---

(١) برای آگاهی بیشتر از این جریان نگاه کنید به نوشت رابرت السن تـ عنوان: «اسرائیل و ترکیه: تحکیم مناسبات» در مجله میدل ایست اینترنشنل، شماره ٥٤٧، ٤ آوریل ١٩٩٧، ١٦-٧.

ئیمزا کراوەکان، ناردنی مووشەکی کورت مەودای ئۆسکادی ڕوسییە لەلایەن ئیرانەوە بۆ سوریا، سەرۆک ئەرکانی سپای تورکیا گوتی: ئەم مووشەکانە لە ڕێگای فرۆکەی بارهەڵگرەوە دەنێردرێنە سوریا لەکاتێکدا ئیران دەڵێت ئەو فڕۆکانە یارمەتییە ئینسانییەکان دەگوازێننەوە، قەرەداغی وتیشی جیگیر کردنی ئەم مووشەکانە لە سنوورەکانی سوریاوە دەتوانێ هەڕەشە بێت بۆ سەر بنکەو بارەگاکانو شارەکانی ئیسرائیلو بیانکاتە ئامانج، بۆیە نیگەرانیی خۆمان بەلایەنی ئیسرائیلی ڕادەگەیێنین چونکە مەترسی ئەوەمان هەیە ئەم مووشەکانە بگاتە دەستی پارتی کرێکارانی کوردستانو لەدژی وڵاتەکەمان بەکاریان بێنێ! ئەمە لێدوانی قەرەداغی بوو بەڵام ئاخۆ ئیسرائیل بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنی ئەم مووشەکانە بۆ سوریا چ ڕێوشوێنێک دەگرێتە بەر؟ وەڵامەکەی جێدێڵین بۆ خوێنەران بەڵام ئەوەی ڕوونە پێدەچێ تورکیا ڕازی بە وەشاندنی گورزی سەربازی نەبێت[1]

هاتوچۆی سیاسیو بەردەوام لە نێوان تورکیاو ئیسرائیل لە بەهاری ١٩٩٧ تارانی لەڕادەبەدەر تووڕەو نیگەران کرد، لەرۆژانی ٨-١٠ی ئەڤریلی هەمانساڵ»دەیڤید لۆی»وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بەسەردانێک گەیشتە تورکیا، پاشان «تورهان تایان» وەزیری بەرگری لە ٣٠ی ئەڤریل بۆ ٢١ی مایس بەسەردانێک چوو بۆ

(١) همان ١١؛ حريت ٢٤ فوريه ١٩٩٧.

ئیسـرائیل، پـاش سـەردانەکەی تورهـان تایـان جەنـراڵ «چیڤیک بیر»هاتە تورکیا کە دوو ڕۆژ لە تورکیا مایەوە، دەیڤیـد لـۆی لەمیانـەی سـەردانەکەیدا بـۆ تورکیـا لەگـەڵ خاتـوو چیللـەر وەزیـری دەرەوە کـۆ بـوەوە، لەمیانـەی ئـەم چاوپێکەوتنـەدا هـەردوولا جەختیـان لەسـەر ئـەوە کـردەوو» ئیـران‌و سـوریا دو بنەکـەی حەشـاردان‌و ئاراسـتەکردنی تیرۆریسـتان‌و ئەمـەش هەڕەشـەیە بـۆ سـەر ئاسایشـی تورکیـاو ئیسـرائیل، هەروەهـا تورهـان تایـان لەمـاوەی سـەردانەکەیدا بـۆ ئیسـرائیل لەشـوێنی مانەوەیـدا چەنـد دانیشـتنێکی لەگـەڵ سـەرۆک وایزمـەن‌و سەرۆک وەزیر ناتانیاهو سازدا کە لەو دانیشتنانە دیسان جەختکرایـەوە کـە رێککەوتنەکانـی ئیسـرائیل‌و تورکیـا زیاتـر بـۆ بـەرەو ڕوو بوونەوەیـە لەگـەڵ تیرۆریزمـدا کـە لەئێسـتادا سـوریاو ئێـران ئاراسـتەی دەکـەن هەروەهـا ئیـران‌و سـوریای بـەوە تۆمەتبـار کـران بوونەتـە کـۆگای چەکـی قەدەغەکـراوی بالسـتیک.

تایـان وەبیـری نەیارانـی خسـتەوە ئامانجـی سـەرەکی نزیک بوونـەوەی تورکیاو ئیسـرائیل ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگـەڵ تیرۆریـزم کـە ناوەنـدی پەروەردەکـردن‌و ئاراسـتەکردنی دیمەشـقە، تایان وتـی : ئیـران لـە پاڵپشـت‌و هانـدەری هێرشـەکانی پ ک کـو حەماسـەو پڕچەکـی کـردوون، هـەروەهـا رایگەیاند:ئەنقـەرەو تـەل ئەبیـب بـەردەوام لـە پەیوەندیـدان‌و لەبـارەی ئـەو هەڕەشـە

هاوبەشانەی بەرەوڕوویان دەبێتەوە ئاڵوگۆڕی زانیاریی ئەمنیو سەربازی دەکەن چونکە پاڵپشتیی ئیرانو عیراقو سوریە لە تیرۆریزم نەتەنیا هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیاو ئیسرائیل بەڵکو هەموو وڵاتانی ناتۆ دەخاتە بەر مەترسی، وەزیری بەرگریی تورکیا هەوڵیدا لە ڕێگای ئیسرائیلەوە پرسی کورد بکرێتە پرسێکی نێودەوڵەتی، ناوبراو سەبارەت بە باکووری عیراق رایگەیان: تورکیا بێدەنگ دانانیشێتو ڕێگا نادات باکووری عیراق ببێتە ناوەندێک بۆ تیرۆریستان.(١)

لە٥ی مایسی ١٩٩٧ میدیاکانی ئیران کەبەزۆری زمانحاڵی دەوڵەتن لەکاردانەوەکانیاندا بڵاویانکردەوە: بوونی تایان لەئیسرائیل یارمەتیدەری باشتر بوونی پەیوەندیی دراوسێیەتی دوو وڵاتی ئیران و تورکیا نییە! تاران تایمز نووسی:»دواجار تورکیا لەوانەیە هەمان ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە کە لەئەلجەزایر ڕوویدا» تاران بەتایبەتی لە لێدوانەکەی تایان کە باسی لەوەکردبوو ئیرانو سوریە سەرقاڵی دروستکردنو کۆکردنەوەی چەکی کیمایی و بالیستیکن زۆر تووڕەو نیگەران بوو، بۆیە تاران تایمز لە درێژەی راپۆرتەکەیدا دەلێت» سەرەڕای هەوڵەکانی سەرۆک ئەربەکان بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتێکی سەرخۆ کەچی جەنراڵەکانی

(١) حریت، ٥ مه ١٩٩٧؛ سرویس خبری ،ترکیه، ٢، ٣ و ٤ مه ١٩٩٧.

سپا لەهەوڵدان وڵاتەکەیان بکەن بە پاشکۆی ئیسرائیل.[1]

بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٧ نیگەرانیی ئێران‌و سوریە لە نزیکبوونەوەی تورکیاو ئیسرائیل ئەو دوو وڵاتەی والێکردبوو بیر لە هاوپەیمانێتییەک بکەنەوە لەبەرابەر هاوپەیمانێتەکەی ئیسرائیل‌و تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە بەرپرسانی باڵای ئەو دوو وڵاتی بەردەوام لە هاتوچۆی نێوان تاران‌و دیمەشقدا بوون، لەکۆتایی جولای ١٩٩٧ حافیز ئەسەد سەرۆک کۆماری سوریە بۆ دەربڕینی ڕێزو ماڵئاویی کردن لە هاشمی ڕەفسەنجانی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی سەرکۆماری‌و پیرۆزبایی لەخاتەمی سەرۆکی تازەی ئێران سەردانی ئەو وڵاتەی کرد، لەم سەردانەدا کە ژمارەیەک بەرپرسی باڵای سەربازی یاوەرییان دەکرد هەردوو لا لەسەر پرسە ستراتیژییەکانی ناوچەکەوو چۆنیەتی بەرووڕوو بوونەوە لەگەڵ هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیل گفتوگۆیان کرد.[2]

ناتوانرێت دەرکەوتەکانی هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیل بەتەواوەتی لەم نووسینەدا جێ بکەینەوەو بە تێرو تەسەل باسی بکەین بەڵام هەندێ لەو دەرکەوتانە ڕوون‌و ئاشکران لەوانە:

١-ئەنقەرە دەیەوێ پشتگیریی‌و ڕەزامەندی ئەمریکاو ئیسرائیلی هەبێت بۆ بنەبڕکردنی چالاکییەکانی پارتی

(١) تهران تايمز، ٤ مه ١٩٩٧.

(٢) مايكل يانسن «سفر اسد» ميدل ايست اينترنشنل ٨ اوت ١٩٩٧.

کرێکارانی کوردستان‌و ناسیۆنالیزمی کورد.
٢-تورکیا پشتی بەوە بەستووە کە بەنزیکبوونەوە لە ئیسرائیل کۆتایی بەو ڕەخنەو گوشارانە بێنێت لەسەر جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی کورد کە لەلایەن یەهودییەکانی ئەمریکاوە بەرو ڕووی دەبێتەوە
٣-ئەنقەرە خوازیارەپاڵپشتی یەهودییەکان بەدەست بێنی بۆ گوشارخستنە سەر سوریاو کۆتایی هێنان بە پشتیوانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ پ ک ک و پەنادانیان لە حاکی ئەو وڵاتە.
٤-بەرپرسانی باڵای سەربازی تورکیا ئۆمێدوارن لەرێگای ئەو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ ئیسرائیل کردویانە سەرەڕای ڕووخانی یەکیتی سۆڤییەت‌و کەمبوونەوەی گرنگی جیۆستراتیژیکی تورکیا پێگەی خۆی لای ئەمریکاو ڕۆژئاواییەکان بەبەهێزی بهێڵێتەوە.
٥-نوخبە کەمالیستەکان‌و بەرپرسانی سەربازیی تورکیا هیواداران بەهۆی ئەم هاوپەیمانێتیەوە بتوانن لەرێگای پەیروکردنی سیاسەتی جیایی دین لەسیاسەت‌و رێگریکردن لە بەدەسەڵات گەیشتنی پارتە ئیسلامییەکان پێگەی وڵاتەکەیان لەئاستی نێودەوڵەتی بەهێز بکەن.
٦- نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل لەکاتێکدا دەوڵەتێکی ئیسلامی دەسەڵاتی گرتبووە دەست دەربڕی ئەوەیە دەوڵەتێکی دژە ئیسرائیلی ئەگەر بە قسەش بێت ناتوانێ بەر بەم نزیکایەتییە بگرێت

٧- تورکیا هەم لەپێناوی بەهێزکردنی سپای وڵاتەکەی‌و هەم لەڕووی گەشەی ئابووریی پێویستی بە توانا‌و تەکنۆلۆجیای ئیسرائیل هەیە

٨-هەم ئەنقەرەو هەم تەل ئەبیب هەردوو بەرەو ڕووی کێشەی ناسیۆنالیستی بوونەتەوەو سەرقاڵی سەرکوت‌و پاکتاوکردنی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستین لە وڵاتەکانیانداو ئەو هاوپەیمانێتییە تا ڕادەیەک لەڕەخنەو کاردانەوەی نێودەوڵەتی‌و ناوچەیی کەم دەکردەوە.

٩-هەردوو وڵات دەکۆشن سەرکوت‌و پاکتاوکردنی نەتەوەیی لەوڵاتەکانیان بەپاساوی پێویستی ئابووریی‌و گەشەدان بەو بوارە بشارنەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانێکی پەسەندکراوو شیاو بن لای ڕۆژئاواییەکان.

١٠- پێدەچی ئیسرائیل بە ئۆمێدی سەرمایەگوزاری زیاترو بەشداریی چالاکانە لە پرۆژەی گاپ‌و دەستڕاگەیشتن بە ئاوی فورات، وێرای دابینکردنی سەرچاوەی وزە بۆ وڵاتەکەی ئاو وەک کارتی فشار بەرامبەر بەنەوتی وڵاتانی عەرەبی بکار بەرێت‌و لەبەرامبەر ئەم ئیمتیازاتەش یارمەتی تورکیا بدات بۆ لەناوبردنی پ ک ک و کونترۆڵی پرسی کورد.[1]

(١) برای بررسی پاره ای از تجزیه و تحلیلهای مربوط به این اتحاد نگاه کنید به نوشته رابرت السن تحت عنوان روابط «ترکیه و سوریه» ١٧٨-٧٩؛ برای بررسی مشروح روابط اسرائیل و ترکیه نگاه کنید به نوشته آلن ماکوفسکی تحت عنوان روابط اسرائیل و ترکیه: «استراتژی حاشیه ای» ترکیه؟ در نوشته هنری بارکی به نام همسایه

فلیپ ڕۆبێنز، لەو باوەڕەدایە هۆی نزیکبوونەوەی ئیسرائیلو تورکیا لێکچوونی کەلتووری سیاسیی ئەو دوو وڵاتە بێت چونکە هەردوولا خاوەن سیاسەتێکی دامەزراوەییو سەقامگیرو بەردەوامن کە لەئاستێکی زۆر زیاتر لەسیاسەتی وڵاتانی عەرەبی سیستماتیکترە، دەگمەنن ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیان هەبێت! رۆبێنز پێیوایە دامەزراوەیی بوونی سیاسەت لەتورکیاو ئیسرائیل یارمەتیدەری سیاسەتی ئەو وڵاتانەیە، بەڵام بەردەوام نەبوونی سیاسەتو پشت بەستنی بە کەسەکان لەوڵاتانی عەرەبی مایەی نیگەرانیی چینی نوخبەی کەمالیستییە لە تورکیا.[1]

---

ناراضی: نقش ترکیه در خاورمیانه (واشینگتن دی.سی نشر مؤسس آمریکایی برای پیشرفت صلح، ١٩٩٦)، ١٤٧-٧٠؛ رابرت السن، «پیمان ترکیه و اسرائیل و مسأله کرد» مجله میدل ایست اینترنشنل، شماره ٥٢٦ ٢٤ مه ،١٩٩٦ ، ١٨ - ١٩؛ رابرت السن «کشمکش اسرائیل و کردها؟» مجله میدل ایست ،اینترنشنل، شماره ٥٢٩، ٥ ژوئیه ١٩٩٦، ١٧؛ رابرت السن «تحکیم روابط ترکیه و اسرائیل»، میدل ایست اینترنشنل، شماره ٥٤٧ ٤ آوریل ١٩٩٧، ١٦-١٧؛ رابرت السن، «اسرائیل و :گردها هدف پ ک ک» میدل ایست اینترنشنل شماره ٥٤٤، ٢١ فوریه ١٩٩٧، ١٤ رابرت السن، «ترکیه اسرائیل و یهودیان آمریکا» میدل ایست اینترنشنل شماره ٥٥٩ ٢٦ سپتامبر ١٩٩٧، ١٦-١٧.

(١) فیلیپ رابینز «گریز از مسأله» در چاپ هنری جی. بارکی «همسایه ناراضی: نقش ترکیه در خاورمیانه» (واشینگتن دی سی نشر مؤسسه آمریکایی پیشرفت صلح)، ١٨١-٢.

دەرهاوێشتەکانی هاوپەیمانێتی ئیسرائیلو تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ سوریاش ڕوونو ئاشکرایە! یەکێک لەم دەرهاوێشتانە ئەوەیە بەو ڕێگایەوە بیانەوێ سوریە ناچار بکەن مل بدات بۆ ویستو داخوازییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لە پرۆسەی گفتوگۆکانی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنقەرە ئۆمێدوارە بتوانێ لە رێگای کارتی فشاری ئیسرائیلەوە فشار بخاتە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی دیمەشق ناچار بکات رێگا بەعەبدوڵا ئۆجالان و پارتەکەی نەدات لەو وڵاتە بمێننەوەو چالاکیی سیاسی بکەن! ئەمەش لە هێزو توانای سوریا بۆ سوود وەرگرتن لە پ ک ک وەک کارتی فشار لەدژی تورکیاو بەدەست هێنانی پشکی بەرامبەر لە ئاوی فورات کەم دەکاتەوە، ویرای ئەوەش ئەگەر ئەمە ڕوو بدات تواناو رۆڵی سوریە وەک ئەکتەرەێکی سەرەکی لە سیاسەتی باکووری عیراق بێ کاریگەر دەبێتو لەسووودمەندبوونی سوریا بۆ ئێران وەک هاوپەیمانێک لە مەدیتەرانەی خۆرهەڵات کەم دەکاتەوە. هەروەها ئەم مەسەلەیە کارایی ئەو ئامرازانە لەناو دەبات کە تارانو دیمەشق بۆ هاندانی تورکیا لەپێناو پرسی ئاو و سەودای بازرگانیو هاوپەیمانێتی ناوچەییو جیۆستراتیژی بەکاریان دەبرد، بوونی پ ک کو بەکار بردنی لەدژی تورکیا بۆ تارانو دیمەشق کارتێکی زەروریو بەسوودە نەک بەو هۆیەوە کە شەڕ لەگەڵ ئەم هێزە لەتورکیاو

باکووری عیراق بۆ دەسەڵاتدارانی تورک تێچویەکی زۆری بەدواوە بووە بەڵکو بەو هۆیەوە کە کێشەی کورد لەتورکیا زیاتر ئاڵۆز دەکاتو وەک کێشەیەکی گەورە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئارامیو سەقامگیری تورکیا، کێشەی دابینکردنی کارو سەرپەناو چاودێری بەسەر خوردو خۆراک بۆ سێ ملیۆن هاووڵاتیی کورد کە بەهۆی شەڕەوە ئاوارەی شارە خۆرئاواییەکانی تورکیا بوونەتەوە کێشەیەکی لەڕادەبەدەر گەورەیە.[1]

هەرچەندە کە ئیرانو سوریا پێیانباش پ ک ک وەک کارتێکی فشار لە دژی تورکیا بەکار بەرن بەڵام نایانەوێ تا ئەو ڕادەیە کێشەی بۆ دروست بکەن کە ناچار بێت بۆ بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ پ ک ک سنووری ئەو وڵاتانە ببەزێنێت یان بنکەو بارەگاکانیان لەناو قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتانەدا بۆردومان بکات وەک ئەوەی لە باکووری عیراق ئەنجامیدا، ئەم دوو وڵاتە خوازیاری ئەوەن پرسی کورد ئیدارە بدرێت بەڵام هاوپەیمانێتی و نزیکبوونەوەی تورکیاو ئیسرائیل چارەسەری ئەم

(١) کمال کیرشجی و گارت ام. وین رو در بررسی تازه ای بنام مسأله گرد در ترکیه: نمونه ای از کشمکش فراکشوری پارامترهای مشکل گرد ترکیه را به شیوه ای محققانه (هر چند در چشم اندازی ملی گرایانه و ترکی) مورد بررسی قرار داده اند (لندن: فرانک کاس، ١٩٩٧). ترجمه ترکی اثر تحت این عنوان منتشر شده: کورت سورونو: کوکنی و گلیشیمی (استانبول: تایخ وقفی یورت یاین لری، شماره ٤٧، ١٩٩٧).

پرسەی سەختو دژوار کردوە!
ئیرانو سوریا دەتوانن ئەم پرسە ستراتیژییە ئاراستە بکەن چونکە پێیانوایە کێشەی کورد بۆ ئەوان چەندان گەورە و ئاڵۆز نییە وەک ئەوەی لەتورکیادا هەیەو پێدەچێ ئەو لێکدانەوەشیان هەڵە نەبێت.
بەڵام نزیکبوونەوەی ئیسرائیلو تورکیا لەوانەیە وا لەئەنقەرە بکات توندتر لەرابردوو لە دژی ئیرانو دیمەشق کاردانەوە نیشان بدات، ئەمەش ئەو سیاسەتەی سوریاو ئیران لەبەرامبەر تورکیادا گرتویانەتە پێش بەروڕووی مەترسی دەکاتەوە.
خەونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەباکووری عیراق لە١٩٩٤ بەدواوە تاڕادەیەک لەخەونێکی مەحاڵ دەچێت بەڵام ئەم پرسە کوردەکانی تورکیای زیاتر لەکوردی ئیران وروژاندووە، وەک ئاماژەم پێدا هیچ یەک لەو سێ دەوڵەتە رازی نابن شتێکی وا ڕوو بدات، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە سوریەو ئیرانەوە هەیە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی واتە سەرهەڵدانی ئیسرائیلی دووەم، بەڵام ڕەهەندەکانی سەرو سنوورەکانی پرسی کورد بە ئەگەری فراوان کاریگەرییەکی وا دەخاتە سەر تورکیا کە ئەم وڵاتە خۆزگە بخوازێت هەموو کوردی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەتورکیا ببوایا! بۆ ئەوەی وەک کارتێکی فشار لەدژی ئەو وڵاتە بەکار نەبرابان! بەڵام سیاسەتی ئیرانو سوریە هەمیشە بەرو

ڕووی مەترسییەک بە ناوی دەستێوەردانی ئیسرائیل بۆتەوە، بەوەی کە تورکیا بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسی کورد هەمیشە پەنای بۆ ئیسرائیل بردووەو لەو وڵاتە نزیک بۆتەوە بۆ ئەوەی بیکات بەدەرفەتێک بۆ گرتنە بەری سیاسەتی دڕندانەترو کاریگەرتر لەبەرانبەر پرسی کورد لەوڵاتەکەی، ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتەیە ئەنقەرە لە ١٩٩٦وە بە شێوەیەکی جیدی پراکتیزی دەکات، هەرچەند کە تورکیا ساڵانێکی زۆرە لەبواری جۆراوجۆردا پەیوەندی گەرمو گوڕی لەگەڵ ئیسرائیدا هەیە.

ئەگەر یەکێک لەهۆکارەکانی نزیک بوونەوەی تورکیا لەئیسرائیل پاڵپشتیو یارمەتی ئەو وڵاتە بێت بۆ کونترۆڵکردنو تەنانەت لەناوبردنی پ ک ک، لەم حاڵەتەدا تارانو سوریە لەبەرامبەر پشتگیریکردنیان لە پ ک ک دەستکەوتێکی زیاتر و بەرچاوتریان بەرکەوتووە! سیاسەتی سوود وەرگرتن لە پ ک ک وەک کارتێکی فشار لە دژی تورکیا بووە هۆی لێک نزیکبوونەوەو دۆستاتییەکی بەرینو قووڵ لە نێوان ئەو وڵاتانەی پرسی جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیژیکیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەو کاریگەریەکانی لە کاریگەریی پرسی کورد لە ناوخۆ و لەدەرەوە زیاتر دەبێت.

لەم جەمسەربەندییە سیاسییە نوێیەدا گرنگە بزانین ئیسرائیل خۆی کێشەیەکی بەناوی کێشەی

کورد نییەو ڕاستەوخۆ ناکەوێتە ژێر کاریگەرییە سەرو ناوچەییەکانی پرسی کوردەوە، بەڵام لە پێگەو دۆخێکدایە کە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ئەو پرسانە (جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیژیک) دابنێت. ئەم مەسەلەیە نموونەیەکی باشە بۆ نیشاندانی کێشەی نەتەوەیی دوولایەنە و تەنانەت ئەگەر سوریاش بخەینە ئەم هاوکێشەیەوە دەبێت بڵێین ئەو پرسە سێ لایەنەیە کە سنوورە لۆکاڵییەکانی تێپەڕاندووەو سیمای ناوچەیی بەرینتری بەخۆوە گرتووە هەر بەم هۆیەشەوە لەئاستی نێونەتەوەییدا ڕۆڵی هەیە، خاڵی دوایی ئەم پرسە کاریگەریی لە سەر ڕەوتی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا هەیە، بۆیە کاریگەریی ئەم ڕەهەندە بوو کە لەجولای ١٩٩٧ سەرۆک ئەسەد ناچار بوو سەردانی تاران بکات.

سەرەڕای دەرکردنی دپلۆماتتارەکان لە فیبریوەرو سەرەتای مارچی ١٩٩٧ سەرۆک سلیمان دەمیرێل‌و تۆگان لە گەڵ بروجردی جیگری وەزارەتی دەرەوەی ئیران بۆ کاروباری وڵاتانی ئاسیای دەوروبەری زریای هێمن کۆبوونەوە، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بروجردی سپاسی تۆگانی کرد و گوتی: «ناردنی نوێنەری تایبەت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دربڕی ئەوەیە تورکیا ڕۆڵی گرنگی ئیرانی لەبەرچاو گرتووە، وەک چۆن ئیرانیش بەهەمانشیوە ئەو ڕۆڵە گرنگە بۆ تورکیا لەبەر چاو

دەگرێت».

پێشتر لەهەمان رۆژدا حەسەن رۆحانی وتەبێژی بالآی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیران رایگەیاند: «ئەو کێشانەی لەبەردەم ئیران‌و تورکیا دروست بووە بەهۆی دەستێوەردان‌و پیلانەکانی ئەمریکاوەیە»[1]

پەیامی سەرەکی تۆگان بۆ تاران ڕەخنەو نارەزایەتی دەربڕین نەبوو لە دەرکردنی دیلۆماتتارانی تورک لەتاران بەڵکو خستنەڕووی نیگەرانیی تورکیا بوو لە پاڵپشتییە بەردەوامەکانی ئەو وڵاتە لە پ ک ک، نوێنەری تایبەتیی سەرۆک کۆماری تورکیا لە دانیشتنە دوو لایەنە تایبەتییەکانی لەگەڵ لایەنی ئێرانی جەختیکردەوە ئێران پابەند نەبووە بەو رێککەوتنە ئەمنییانەی کەسەبارەت بە کێشە سنوورییەکانی نیوانیان ئیمزایان کردوون، بەپێی ئەو ڕاپۆرت و زانیارییانەی بڵاو بوونەوە تۆگان بە رەفسەنجانی گوتووە: ئەگەر تاران بۆ بنەبڕ کردنی پ ک ک لە گەڵ تورکیا هاوکاری نەکات‌و بەردەوام بێت لەپشتگیری ئەو گروپەو دەستێوەردان لە ناوخۆی تورکیا ئەوا پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو خراپی دەچێت.[2]

---

(١) اطلاعات ٤ مارس ١٩٩٧.
(٢)

**پرسی کورد، چالنجی ئیسلامگەرایانو ڕووخانی کابینەی ئەربەکان:**

هـۆکاری دەرکردنـی دپلۆماتتارانـی دوو وڵات زیاتـر دەرهاوێشـتەی نیگەرانیـی ئەنقـەرە بـوو لـە زیادبوونـی دیـاردەی ئیسـلامی سیاسـیو گەشـەکردنی «سـەرمایەی ئیسـلامی» واتـە دەرکەوتنـی بـۆرژوای لۆکاڵیـیو ڕوو لـە گەشـە لـە ئاناتۆلـی کـە دەیویسـت ئـەو کـۆتو بەندانـەی سـەرمایەداریی نەتەوەیـیو نێودەوڵەتـی لـە شـارە گەورەکانـی خۆرئـاوای وڵاتەکەیانـدا لەدەسـتو قاچیانـی داوە بپچرێنێت، یەکگرتنی ئیسـلامی سیاسـیو سـەرمایەی ئیسـلامی پێکهاتەیەکی بەهێزی دەهێنایە ئاراوە کەمەترسـی بـوو بـۆ سـەر نوخبـەی سـەرمایەداریی نیودەوڵەتـی پشـت ئەسـتوور بـە سـپای ئـەو وڵاتـە. ڕووداوی سنجان سـپای ئـەو وڵاتـەی بـۆ ڕووخاندنـی دەوڵەتـی ئەربـەکان هانـداو بەمـەش پـاش چوارمانـگ لەتێپەڕبوونـی ئـەو ڕووداوە دەسـەڵاتدارانی سـەربازی توانییـان ئەربـەکان لـە کورسـی دەسـەڵات لاببـەنو کابینەکـەی بڕوخێنـن، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێکرا دەرکردنـی دپلۆماتتـاران لـە کۆتایی مانگـی فیبریوەرو مارچـی ١٩٩٧ دووەمین کاری لـەو شـێوە بـوو پـاش هاتنەکایـەی شـۆڕشـی ئیسـلامی ئیـران لـە ١٩٧٩ بەمـلاوە.

یەکەمین هەنگاوی دپلۆماتتاران لە ١٩٨٩ روویدا کاتێک تورکیا مەنوچەهر موتەقی باڵیۆزی ئیرانی لە وڵاتەکەی دەرکرد، هۆکاری ئەو دەرکردنە دەگەڕایەوە بۆ نارەزایەتی دەربڕینی موتەقی بەرامبەر بە پرسی سەلمان روشدیو بڵاو بوونەوەی کتێبی ئایەتە شەیتانییەکان، هەروەها تورکیا نیگەران بوو لەوەی دپلۆماتەکانی ئیران پشتگیری باڵاپۆشی ئیسلامییان دەکرد بۆ ژنانی تورکیا.

بەپێچەوانەی ئیران کە باڵاپۆشی ئیسلامی لەوانە پەچەو عەبایەکی ڕەش و سەرتاپاگیر بۆ ژنان پێویست بوو، لەتورکیا بەشێک لەژنان بە ئارەزوی خۆیان پەچەیەکی سووکیان بەسەردا دەکرد، میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە عەلی ئەسغەر شەفیعی کونسوڵی ئیران لەئەرزرووم هەندێ نوسخەی لەفتواکانی ئایەتوڵا خومەینی بۆ کوشتنی سەلمان روشدی لەئاناتولی خۆرهەلات لەناو کوردە عەلەوییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.[1]

یلدریم ئاکبلوت، سەرۆک پەرلەمانی تورکیا، پەرلەمانی ئیرانی بەهۆی نامەیەکەوە کە بە ئیمزای ١٥٩ پەرلەمانتار گەیشتبوو و بەتوندی قەدەغەبوونی باڵاپۆشی ئیسلامییان مەحکووم کردبوو، هەستیاریی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بەپرسی باڵاپۆشی ئیسلامی

(١) میدل ایست جرنال، «شرح وقایع بە ترتیب، تاریخ»، جلد ٤٣، شمارە ٣ (١٩٨٩): ٥٠٤.

کـە لەڕاسـتیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ٢٨ی دیسـەمبەری ١٩٨٩ واتـە کاتێـک ئـەم پرسـە بـوو بـە پرسـێکی سـەرەکی کۆمەڵـگای تورکیـا».

تۆرگـۆت ئـۆزاڵ پێیوابـوو دەبـێ ژنـان لەهەڵبژاردنـی باڵاپۆشـی ئیسـلامی ئـازاد بـن بـەڵام پرسـەکە خرایـە بـەردەم دادگای پەیوەسـت بـە دەسـتووری وڵات کـە سـەرۆکەکەی» نەجدەت سیزەر»سـەرۆک کۆمـاری ئێسـتا بـوو، بۆیـە دادگا لابردنـی یاسـای قەدەغـەی باڵاپۆشـی ئیسـلامی بـە پێچەوانـەی دەسـتووری وڵات لەقەڵەمـداو قەدەغەبوونەکـە بەبەردەوامـی مایـەوە«.

پرسـی ئایەتـە شـەیتانییەکان بـەردەوام کاریکردبـووە سـەر پەیوەنـدی نێـوان ئێـرانو تورکیـا، لـە٢ی جونیـوەری١٩٩٣ تونـدڕەوە ئیسـلامییەکان هۆتێلێکیـان لـە سـیواس ئاگـر تێبـەردا، سـیواس شـارێکی چەنـد سـەد هـەزار کەسـییە لـە ناوەڕاسـتی خۆرهەڵاتـی تورکیـا کـە لـە نێـوان سـوننەکانو کـوردی عەلـەوی کـە شـیعەن دابەشـبووە، زۆرینـەی دانیشـتووانەکەی کـوردو تورکـن، ئـەم شـارە بەمەکـۆی رۆشـنبیرو نووسـەرە چەپگەراکانـی تورکیـا دەناسـرێت کـە بـەزۆری کـوردی عەلەویـن، ئیسـلامگەراکان کـە بەشـێوەی گشـتی سـوننەن، پـاش ئـەوەی ئاگریـان بەردایـە هۆتێلەکـە ئامادەبووانو مێوانانـی هۆتێلەکەیـان بـە بڵاوکردنـەوەی بیـرو بـاوەڕ و بلاقۆکـی دژە ئیسـلامیی تۆمەتبـار دەکـرد، یەکێـک لـەو کەسـانەی

لەلایـەن ئیسـلامگەراکانەوە کرابـووە ئامانـج عەزیـز نەسـین بـوو کـە پێشـتر چەنـد بەشـێک لـە کتێبـی ئایاتـی شـەیتانیی وەرگێرابـووە بـۆ تورکـی! نەسـین بەسـەلامەت لـەو ڕووداوە دەربـاز کـرا بـەڵام چـل کەسـیتر بـوون بـە قوربانـی.

ئـەو ئاڵۆزییـەی کـە ڕووداوەکـەی سنجانی لێکەوتـەوەو کاریکـردە سـەر پەیوەندییەکانـی ئیـرانو تورکیـا بەهـۆی ڕێککەوتنی نێوان تورکیاو ئیسـرائیل لـە ١٩٩٦و هەروەهـا لێدوانێکـی جەنـرال «چوییـک بیـر»وە کـە ئیرانـی بـە پەنـاگای تیرۆریسـتان نـاو دەبـرد بـە بەردەوامـی وەک خـۆی مابـوەوە، چـوار رۆژ پـاش گەرانـەوەی «کـورو تـۆرک» باڵیـۆزی تورکیا لـە ئیران، لـە٦ی مـارچ ی ١٩٩٧ ویلایەتـی وەزیری دەرەوەی ئیران بـە سـەردانێک گەیشـتە تورکیـاو بانگهێشـتنامەیەکی ئاراسـتەی سـەرۆک دەمیریـڵ کـرد بـۆ بەشـداریکردن لـە کۆبوونـەوەی رێکخـراوی ولاتانـی ئیسـلامی کـە بڕیـار بـوو لەمانگـی دیسـەمبەر لـە تـاران بکرێـت، پـاش وەرگرتنـی بانگهێشـتنامەکە دەمیریـڵ رایگەیاند:»لـە کونفرانسـی رێکخـراوی وڵاتانـی ئیسـلامی لەتـاران ئامـادە دەبێتو لـە هیـچ کۆششـێک بۆ سـەرخستنی کونفرانسـەکە دریـغـی نـاکات» ناوبـراو رایگەیانـد پەیوەندییەکانـی ئیـرانو تورکیـا هـەر لـە ڕێککەوتنـی ١٦٣٩قەسـری شـیرین بەمـلاوە بـاشو دۆسـتانە بـووە« لەبەرامبـەر ئـەم قسـانەی دەمیرێـڵ ویلایەتـی جەختـی

لەسەر هەوڵدانی هەردوولا بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی نێوانیانو پتەوکردنو گەشەدان بەو پەیوەندییانە»[1]بانگهێشتکردنی دەمیریل هەوڵێک بوو لە لایەن دەوڵەتی نوێی ئێران بە سەرۆکایەتی خاتەمی ریفۆرمخواز بۆ بەهێز کردنی پێگەی خۆی.

هەر لەو پەیوەندییەدا رجایی کوتان وەزیری وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا جەختیکردەوە لەسەر باشتر کردنی پەیوەندییەکانی نێوانیانو رایگەیاند کە ئەو پەیوەندییانە لەئاستی باڵیۆزخانەکاندا بەردەوامەو سەرەڕای ئەو ساردییەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بەڵام چالاکییە ئابووریی‌و بازرگانییەکان وەک خۆی بەرێوە دەچێت، هەروەها کوتان گوتی: «تورکیا لە٢٠٠٠ بەملاوە ساڵانە پێویستی بە ٢٧ملیارد مەتر چوار گۆشەی گاز هەیەو ئێران دابینکەری سەرەکیی ئەم بڕە گازەیە»[2] لەسەر ئەم بنەمایە لە١٩٩٧ تورکیا ٨ملیارد مەتری چوارگۆشە گازی لەئێران هاوردە کرد.

دەرکردنی باڵیۆزکانی یەکتر لە لایەن ئێرانو تورکیا لە ١٩٨٩و ١٩٩٧ تەنیا دووحاڵەتی ساردو سڕی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات بوو کە لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ روویدا. هەردوو حاڵەت دەرنجامی ئەو هەستیارییەی تورکیا

---

(١) اطلاعات ١٢ مارس ١٩٩٧.

(٢) همان، ١٧ مارس ١٩٩٧.

بـوو بەرامبـەر بەرۆڵـی بەرپرسـانی ئێـران لەهاندانـی ڕێکخـراوە ئیسـلامگەراکان کـە بەدڵنیاییـەوە لـە ١٩٨٩ ئـەو هەسـتیارییەی تورکیـا لەجێـگای خۆیـدا بـوو، لـە ڕووداوەکانـی ١٩٩٧ بەرپرسـانی ئیـران دەوری باڵایـان هەبوو لـە پـەرەدان بەبزاڤی ئیسـلامی لەتورکیا، هورچەند کـە پشـتگیریی ئیـران لـە پ ک ک ناشـاردرێتەوەو بـە پشـکی خـۆی ڕۆڵـی هەبـوو لـەو سـاردو سـڕیانە، بۆیـە لـە١٩٩٧ بەرپرسـانی بـاڵای سـەربازی تورکیـا بـەزۆری کاریـان لەسـەر ئـەوە دەکـرد خاڵـە هاوبەشـەکانی ڕەوتـە ئیسـلامییەکانو پ ک ک بدۆزنـەوە! ئۆجـالان گەشـبین بـوو بـە هەڵسـوکەوتی ئەربـەکانو سیاسـەتو کارو کاردانەوەکانـی حزبی ڕەفاو تەنانەت پشـتگیری خۆی بۆ ئـەو هەوڵانـەی دەوڵەتـی ئەربـەکان دەردەبڕی، هەرچەنـد کـە پێیوابـوو ئەربـەکان کەسـێکی کەمالیسـتەو دەمامکـی ئیسـلامی بەسـتووە!.

لـە ٢٨ی ئەڤریلـی ١٩٩٧ سـپای تورکیـاو ئەنجومەنـی ئاسایشـی ئـەو وڵاتـە لـە بەیاننامەیەکـدا بەمەبەسـتی تۆمەتبـار کردنـی دەوڵەتـی ئەربـەکان کـە بەبەیانی»حسـن تدبیـر» نـاو نرابـوو دابەزینـە سـەر دەوڵەتـی ئەربـەکانو رایانگەیانـد ئـەوەی وڵاتـی تورکیـای خسـتۆتە بەرمەترسـییەوە پ ک و ئیسـلامگەرایی نیـن بەڵکـو سیاسـەتی کۆنەپەرسـتانەو دواکەوتووانـەی ئەربـەکانو دەوڵەتەکەیەتـی، ئـەو بـوو پـاش دەرکردنـی چەندیـن

بەیاننامـەی لـەم چەشـنە دواجـار کەمتـر لەشـەش هەفتـە دوای ئـەو هەڕەشـانە دەوڵەتـی ئەربەکانیـان وەلانـا.

بڕیاری دادگای میکونوس

بڕیـاری دادگای ناسـراو بەمیکونـوس لەئەڵمانیـاو لەسـاڵی ١٩٩٧ کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییەکانـی ئێـران‌و تورکیـا دانەنـا، میکونـوس کـە ریسـتۆرانێتێک بـوو لـە شـاری بێرلەنـدی ئەڵمانیـا ئـەو شـوێنە بـوو سـادق شـەرەفکەندی رێبـەری تەمەن٥٤سـاڵەی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران‌و فاتێح عەبدولـی نوێنـەری حـزب لـە ئەوروپـاو هومایۆنـی ئـەردەڵان نوێنـەری حـدکا لـە ئەڵمانیا تێیـدا تیـرۆر کـران، پێشـتریش دکتـۆر قاسـملۆ رێبـەری پێشـوتری حـدکاو چەنـد سـەرکردەیەکی کـورد بەهەمانشـێوە تیـرۆر کرابـوون! بەپێـی لێکۆلینەوەکانـی دادگای میکونـوس یەکێـک لەتیرۆریسـتەکان کازمـی دارابـی کارمەنـدی وەزارەتـی ئیتلاعاتـی ئێـران بـووەو ئۆپەراسـیۆنەکە بەفەرمانـی عەلـی خامەنەیـی رێبـەری ئێـران‌و هاشـمی رەفسـەنجانی سـەرۆک کۆمـاری ئـەو وڵاتـە گەڵاڵـە رێـژی بـۆ کـراوە.[1]

بڕیـاری داگای میکونـوس هەمـوو پەیوەندییـە دپلۆماتییەکانـی یەکێتـی ئەوروپـاو ئێرانـی هەڵپەسـاردو ئـەو وڵاتانـە باڵیۆزەکانـی خۆیـان لەئێـران کشـاندەوە،

---

(١) «میوه های تلخ میکونوس» نوشته سعید برزین در میدل ایست اینترنشنل، شماره ٥٤٨، ١٨ آوریل ١٩٩٧، ١٦.

ئیرانیش بەهەمانشێوە وەک کاردانەوەیەک باڵیۆزەکانی خۆی لەو وڵاتانە بانگهێشت کردەوە، ئەم بڕیارە کۆتایی بەو گفتوگۆیانە هێنا کە بەپێچەوانەی سیاسەتی «کونترۆڵی دولایەن»ی ئەمریکا لە دژی ئیران لە نێوان وڵاتانی ئەوروپایی‌و ئیراندا لەئارادا بوو.بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٧ تاران‌و بۆن بەلێشاو تۆمەتیان بەیەکتر دەبەخشییەوەو قسەی نەشیاویان ئاراستەی یەکتر دەکرد، تەنانەت هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ٤ی ئاگۆستی ١٩٩٧ نەیتوانی کۆتایی بەم ئاڵۆزییەوساردو سڕیەی نیۆانیان بێنێت، کلاوس کینگل وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند:»ئەو سیاسەتە نەرم‌و مامناوەندەی خاتەمی باسی لێدەکات بێجگە لەتروسکەیەکی کەم لە ئاسۆی پەیوەندییەکانماندا هیچیتر نییە«[١]

بەلام پاش ماوەیەک ئەم تروسکاییە کەمە ڕووناکاییەکی لێکەوتەوەو لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ یانزە باڵیۆزی وڵاتانی ئەوروپایی گەڕانەوە بۆ کونسوڵخانەکانیان لە تاران‌و لەسەر داوای ئیران‌و بەو پاساوەوە کە ئاڵمانیا بەئاسانی‌و بەپەلە بڕیارەکانی دادگای میکونوسی وەرگرتووە! لە٢٥ی نۆڤەبەری هەمانساڵ باڵیۆزی ئەڵمانیاش گەڕایەوە تاران! یەکیتی ئەوروپا بۆ ئابڕو بەخشین‌و وەک رێزو حورمەتێک هاورێیەتی باڵیۆزی ئاڵمانیای کرد لەگەڕانەوەی بۆ

---

(١) ایران تایمز، ٨ اوت ١٩٩٧.

تـاران!.

سویسـرا کـه لەیەکیتـی ئەوروپـادا ئەنـدام نییـەو وەک هاوەدەنگییـەک بـۆ یەکیتـی ئەوروپـا باڵیـۆزی خـۆی لەئیـران کشـاندبوەوە وەک هاوپەیمانەکانـی باڵیـۆزی خۆی ناردەوە بۆ ئیران، بەمجۆرە تا کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ هەمـوو وڵاتانی ئەوروپایی باڵیۆزەکانیـان ناردەوە ئیـران، هەڵبەتـە بەریتانیـا لـە ١٩٩٨ بەهـۆی نارەزایەتـی دەربریـن بەرامبـەر بەفتـوای کوشـتنی سـەلمان روشـدی لەلایـەن ئایەتـولا خومەینییـەوە باڵیۆزخانـەی خـۆی لـە ئیـران داخسـتو تەنیـا کارمەندێکـی هێشـتبوەوە.

بڕیـاری دادگای میکونـوس لەگـەڵ ئـەوەی سـاردو سـڕیو ناکۆکـی لەپەیوەندییەکانـی نێـوان یەکیتـی ئەوروپـاو ئیـران دروسـت کردبـوو بـەڵام ئالوگۆڕێکـی وای لەپەیوەندیـی نێـوان ئیـرانو تورکیـا نەهێنایـە ئـاراوە، هەڵسـوکەوتی هـەردوو وڵات بەشـێوەیەک بـوو وەک بڵێـی ڕووداوەکانـی فیبریـوەرو مارچیـان فەرامـۆش کـردووە، وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا رایگەیـان: «هەڵسـەنگاندنی بڕیـاری دادگای میکونـوس و ئەنجامەکانـی پێویسـتی بەکاتی زیاتـر هەیـە«، عومـەر ئاکبێڵ وتـە بێژی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا گوتـی:» پەیوەنـدی نێـوان ئیـرانو تورکیـا لەگـەڵ پەیوەنـدی نێـوان تورکیـاو ئەڵمانیـاو وڵاتانـی ئەوروپایـی جیـاوازە چونکـە پەیوەنـدی ئـەوان نزیکتـرو ڕاسـتەوخۆترە« بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تورکیـا

سوودی دەبینی لە بڕیاری دادگای میکونوس بەهۆی بێزاریی دەربڕینی لەڕادەبەدەری بەرامبەر بە دیاردەی تیرۆریزم کە تورکیا بە قازانجی خۆی دەیقۆستەوە!.[1]

(١) حریت، ١٥ آوریل ١٩٩٧.

# بەشی حەوتەم

# پرسی کورد لە١٩٩٧ و
# هێرشی تورکیا بۆ باکووری عیراق

لەمایسی ١٩٩٧ ئەو پرسەی کێشەی لەبەردەم پەیوەندییەکانی ئیران‌و تورکیا دروست کرد بڕیاری دادگای میکونوس نەبوو بەڵکو وەک هەمیشە پرسی پ ک ک بوو، لە ١٣ی مایس تورکیا جارێکیتر بە بیانووی لە ناوبردنی بنکەو بارەگاکانی پ ک ک هێرشی کردەوە سەر باکووری عیراق، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە هەموو ئۆپەراسیۆنەکانیتر لەوانە ئۆپەراسیۆنی ١٩٩٢و ١٩٩٥ بەرینترو بەهێزتر بوو، سپای ئەو وڵاتە زیاتر لە ٥٠–٦٠ هەزار سەربازی بەپاڵپشتیی ٢٠٠–٣٠٠ تانک‌و سەدان زرێپۆش‌و ١٠ هەزار چەکداری پارتی دیموکرات هێرشەکەی دەست پێکردو بەدرێژایی ١٠٠ تا ١٢٥ مایل سنووری عیراقی بەزاند، ئەنقەرە لەکۆتایی جولای هەمانساڵ واتە لەو کات‌و ساتەی زۆربەی هێزەکەی کشاندبوەوە رایگەیاند: سپای تورکیا بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ٣٠٠٠ گەریلای پ ک ک کوشتووەو ژمارەیەکی بەدیل گرتوون و هەموو بنکەو بارەگاکانی لەوانە ئەشکەوتەکانیشی تەقاندۆتەوە!

قووڵایی نفوزی تورکیا لە باکووری عیراق ئیرانی نیگەران کردو ئەو پرسیارانەی وروژاند کە پێشتریش بۆی هاتبووە پێش واتە: ئایا بوونی تورکیا لە باکووری عیراق تا ئەوە ڕادەیە زیاد دەبێت کە کار بکاتە سەر سیاسەت‌و گۆڕانکارییەکانی کەنداو؟ ئەو شتەی تاران پێی

قەبووڵ نەدەکرا ئەوە بوو وڵاتێک لە دەرەوەی وڵاتانی لێواری کەنداو لەپرسو سیاسەتەکانی پەیوەست بەو ناوچەیە دەستوەر بدات، تاران لەم ڕووەوە نیگەران بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر کاریگەریی‌و هەیمەنەو بڕیارەکانی تورکیا، چونکە پێی وابوو لەئەگەرێکی وادا هەلومەرجو دەرفەتییێک بۆ تورکیا دەڕەخسێت کەبەهۆیەوە دەتوانێ نەوتو گازی باکووری عیراق بخاتە ژێر کونترۆڵی خۆیەوە، بۆیە تاران نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بەبوونی سەربازیی تورکیا لە باکووری عیراقو نزیکبوونەوە لەسنوورەکانی ئەو وڵاتە و دەست تێوەردان لەکێشەی نێوان کوردو ئازەرییەکان وەک هەمیشە دووبارە دەکردەوە.

بەپێچەوانەی زۆرێک لە سیاسییەکانی تورکیا سەرۆک ئەربەکان لە هەوڵی نزیک بوونەوەو باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی بوو لەگەڵ ئێران بۆ ئەو مەبەستەش بە درێژایی ئۆپەراسیۆنەکانەکانی سپای ئەو وڵاتە لەباکووری عیراق لە مانگەکانی مایسو جولای، هەوڵیدەدا لەلایەن جەنرال قەرەداغیو جەنراڵەکانیتر دڵنیا ببێتەوە سپای ئەو وڵاتە لەسنوورەکانی ئێران نزیک نەبێتەوە، بۆیە دژی داوای فەرماندەکانی سپا وەستابوەوە کە سووربوون لەسەر ڕاوەدونانو بوردومانی بنکەو بارەگاکانی پ ک ک لەسنوورەکانی ئێرانو تەنانەت لە ناوخاکی

ئـەو وڵاتـەدا، دواجـار ئەربـەکان توانـی ئـەو ڕۆڵـە ببینـیو سـپای وڵاتەکـەی لەبڕیارێکـی لەوجـۆرە پاشـگەز بکاتـەوە، ئەمـەش لەسـەردانەکەی ئەربـەکان بـۆ تـاران ڕەنگیدایـەوە کاتێـک هەواڵنێـرو ڕۆژنامـەکان دەیانویسـت پرسـیاری ئاڵـۆز نیگەرانـی دروسـتکەر بکـەن بـەڵام ئەربـەکان ڕێگای پێنـەدان، دەوترێـت قەرەداغـی گوتویەتی:»کاتێـک پلانـی هێرشـەکانی باکووریـان داڕشـتووە لەترسـی ئـەوەی ئەربـەکان نهێنییـەکان بـۆ پ ک ک نەدرکێنێـت لەپـلانو ئامانجـی ئۆپەراسـیۆنەکان ئاگاداریـان نەکردۆتـەوە!«.

تورکیـا لەدرێـژەی ئـەو ئۆپەراسـیۆنانەدا گەریلاکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانی لەهەمـوو شـوێنێک بوردومـان دەکرد بـەڵام دیـار نییە ئـەم هێرشـانە تاچەندە کاریگەرییـان هەبـووە، تورکـەکان بـەردەوام گلـەو بناشـتی ئەوەیـان هەبـووە کـە ئێـران نەتەنیـا دەرگا بـۆ چەکدارانـی پ ک ک دەکاتـەوەو پەنایـان دەدات بەڵکـو چـەکو تەقەمەنیشـیان بـۆ دابیـن دەکات. بـەڵام تـاران لەبەرامبـەر ئـەو تۆمەتانـە ڕایگەیانـدووە هیـچ پاسـاوێک نابـێ ببێتـە هـۆی ئـەوە وڵاتێکـی دراوسـێ سـنووری وڵاتەکەیتـر ببەزێنێـتو سـەروەری نیشـتمانیی پێشـێڵ بـکات! لـە ٢٩ی مایـس تورکیـا ڕایگەیانـد: ١٤ گەریـلای کوشـتووەو گەریلایەکیشـی بەدیـل گرتـووە کاتێـک ویسـتویەتی لەسـنووری داماتـی ئیرانـەوە بچێتـە نـاو حاکـی تورکیـا، سـپای ئـەو وڵاتـە ڕایگەیانـد: ئـەم هێرشـەی تورکیـا تەنیـا

یەکێک لەو ١٥ هێرشانەی پ ک ک بووە کە ئەم هێزە لە خاکی ئیرانەوە لە دژی تورکیا بەڕێوەی دەبات.(١)

ئەنقەرە ڕایگەیاند: لە ئاگۆستی ١٩٩٧ بەملاوە پەنجاە چەکداری پ ک ک لە سنووری دامباتی خاکی ئیرانەوە هاتوونەتە ناوخاکی تورکیا، ئەو چەکدارانەی بەدیل گیراون ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە ئیران نەتەنیا ڕێگری لێنەگرتوون بەڵکو یارمەتیشی داون، لە ٤ی جولای جارێکیتر ناکۆکییەکانی ئیرانو تورکیا پەرەیان سەند، ئەمەش لەو کاتەوە بوو ئەنقەرە ڕایگەیاند: دوو کۆپتەری وڵاتەکەی بەهۆی مووشەکی «سام ٧ »ی دروستکراوی روسیاوە کە لەوانەیە پ ک ک لە ئیران وەریگرتبێت خراونەتە خوارەوەو تەواوەی سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستداوە، کەوتنە خوارەوەی ئەم کۆپتەرانە بوو بەپرسێکی توندو ئاڵۆز بەتایبەت کاتێک قسان کەوتە زارێ گوایا چوار ئەفسەری باڵای ئیسرائیل لەناو کوژراواندان(٢)

ئەنقەرە پێیوابوو ئیران یەک لەو وڵاتانەیە کە پێدەچێت ئەو مووشەکانەی گەیاندبێت بە پ ک ک، وڵاتانیتر کە ئەنقەرە گومانی هەبوو لەسەریان

---

(١) سرویس خبری ترکیه (TRKNWS-L) ٢٩ مه ١٩٩٧، ترکیه میگفت که سه تن از تروریستها ایرانی، یکی سوری و دیگری ارمنی بوده.

(٢) این جریان در بخش عربی رادیو مونت کارلو اعلام شد، لیکن به سندی در این زمینه دست نیافتم (نویسنده).

بریتیبوون لە: روسیا، قوبرۆس، سیربیا، سوریا[1] مەسعود یەڵماز ڕێبەری پارتی «مام میهەن»و جێگرەوەی ئەربەکان پاش لەسەر کار لابرانی، لە ١٨ی جولای ١٩٩٧ رایگەیاند:»ئەگەر دەربکەوێت ئێران ئەو مووشەکانەی خستۆتە بەردەست پ ک ک ئەوە بۆی هەیە نیگەرانی سەرهەڵدانی شەڕی لێکەوێتەوە[2]

بەڵام وەک دەرکەوت کەوتنەخوارەوەی ئەو کۆپتەرانە کاریگەریی نەگەتیڤی نەکردە سەر پەیوەندییەکی گەورەتر بەناوی جیۆپۆلیتیک، لە ١٣-١٤ی مایس هەم دەمیرێڵو هەم رەفسەنجانی لە میانەی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی هاوکارییە ئابوورییەکان»ئیکۆ»کە لەعەشق ئابادی تورکەمەنستان بەڕێوە چوو وێرای بەشدارییکردنیان لەسەر پرسی جۆراوجۆر ئەو پرسەیان خستە بەرباسو گفتوگۆ[3]

لەم گفتوگۆیەدا پرسی هێرشی تورکیا بۆ باکووری عیراق گرنگی پێنەدرا بەڵکو ئەوەی زیاتر قسەی لسەر کرا نیگەرانیی ئێران بوو لە هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیلو هەوڵدانی ئێران بۆ دروست کردنی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ سوریاو میسر وەک

---

(١) حریت، ٧ ژوئن ١٩٩٧.

(٢) سرویس خبری ١٠ ژوئن ١٩٩٧.

(٣) «اکو» مرکب از ده کشور است: پنج کشور آسیای مرکزی و ایران و پاکستان و ترکیه و افغانستان و آذربایجان.

کاردانەوەیـەک، هەروەهـا دەمیرێـڵ دیسـان هۆشـداری دایـە ئێـران‌و داویکـرد دەسـت لەهانـدان‌و بڵاوکردنـەوەی ئەفـکاری ئیسـلامگەرایی بکێشـێتەوە.[1]

هۆشـداری دەمیرێـڵ لەعەشـق ئابـاد بەڕادەیـەک جیـدی‌و توندبـوو کـە لەڕۆژانـی ٩-١٠ جـولای عەلادیـن بروجێـردی جێگـری وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران خـۆی گەیانـدە ئەنقـەرە بـۆ ئـەوەی لەنیگەرانییەکانـی تورکیـا کـەم بکاتـەوە، لەمیانـەی سـەردانەکەی بەروجێردیـدا وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا ئاشکرایکرد:لەسـاڵی ١٩٩٧ لەسـەر چۆنیەتـی بـەرەو ڕووبوونـەوە لەگـەل تیرۆریزمـدا ٤٩ دانیشـتن لەنێـوان بەرپرسـانی بـاڵای تورکیـاو ئێـران بەرێـوە چـووە، ئەنـوەر ئویمـەن جێگـری وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا گوتـی: «پێنـج کاتژمێـر تـەواو لەگـەڵ بەروجـەردی دانیشـتووەو دۆسـیەی ئەسـتوورو گـەورەی ئـەو چالاکییـە تیرۆریسـتیانەی پـێ نیشـانداوە کـە لەخاکـی ئیرانـەوە ئاراسـتە کراون[2]هـەر لـەو ماوەیـە بروجێـردی لەئەنقـەرە سـەرقاڵی گفتوگـۆ بـوو هـەردوو قایمقامـی شـاری وان لەخۆرهەڵاتـی تورکیـاو قایمقامـی شـاری خـۆی لەئیـران چواردەمیـن کۆبوونـەوەی ئەمنییـان بـۆ دابینکردنی ئاسایشـی سنووری نێوان دوو دەوڵەت سـازدا، ئـەم کۆمیسـیۆنانە بـەو مەبەسـتە پێکهێنـران بـۆ ئـەوەی

---

(١) حریت، ١٣ مە ١٩٩٧.

(٢) سرویس خبری، (ترکیە) ١١ ژوئن ١٩٩٧.

هەردوو وڵات یارمەتیدەری یەکتربن لە کونترۆڵکردنی چالاکییەکانی پ ک ک، سەرەڕای ئەو ناکۆکییانەی هەردوو لا لەبەرامبەر بە پرسی پ ک ک هەیانبوو بەروجەردی تورکەکانی لەوە ئاگادار کردەوە سەرۆک هاشمی رەفسەنجانی بەمەبەستی بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی ١٥-١٦ی جولای گروپی ٨ لە ئەستەمبوڵ ئامادە دەبێت.

لەماوەی کۆتایی مانگی مایس بۆ ١٨ی جولای ١٩٩٧ کە هاوکاتبوو لەگەڵ ڕووخانی کابینەی ئەربەکان سپای تورکیاو میدیاکانی ئەو وڵاتە هەوڵیاندا ئەربەکان بەجۆرێک بۆ ڕای گشتی دەربخەن کە لەئیران نزیک بووەو لە پشتەوە خیانەتی لە هەوڵ و تێکۆشانی سپای وڵاتەکەی کردووە لە دژی پ ک ک، وەک لە ڕابردووش بینیومانە ئەمە شێوازێک لە ریکلامو پروپاگەندەی لایەنە سیکۆلارو کەمالییەکان بوو بۆ راکێشانی پاڵپشتی شەقامو ڕووخاندنی دەسەڵاتی حزبی ڕەفا.

لەناو بەرپرسانی باڵای تورکیا کەسیان وەک مەسعود یەڵماز بەرامبەر بە ئەربەکان هەڵوێستی توند نەبوو، وەک دەرکەوت یڵماز بەئەگەرێکی زۆرەوە دەیزانی پێش ڕووخانی ئەربەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕاسپێراوە بۆیە بەردەوام کابینەکەی ئەربەکانی بەوە تۆمەتبار دەکرد وەک پێویست گوشاری نەخستۆتە سەر ئیرانو سوریەو ئەرمەنستان بۆ ئەوەی مووشەک

ڕادەستی پ ک ک نەکەن، ئەو تاوانی ئەم بێ تەدبیرییەی دەخستە ئەستۆی ئەربەکان‌و ئەو ئۆمێدە پووچو بێ ئەنجامەی لەسەر گفتوگۆکانی گروپی ٨ هەڵیچنیبوو، یەڵماز بەئاماژەدان بەتێکشاکانی کۆپتەرەکان دەیگوت: ئەربەکان بۆ ئەوەی ئێران نەڕەنجێنێت بووە هۆی گیان لەدەستدانی ١٣ کەس! سەرۆک کۆماری چاوەڕوانکراو بەردەوام وتەکانی پێشوتری خۆی دووبارە دەکردەوە و دەیکوت ئەگەر ئەوە راست بێت ئێران مووشەکی گەیاندبێتە پ ک ک لەم حاڵەتەدا ئەو وڵاتە دوژمنی سەرەکی تورکیایە، یەلماز لەبارەی دانیشتنەکانی گروپی ٨ کە بڕیار بوو رۆژانی ١٥-١٦ی جونی ١٩٩٧ لە ئەستەمبوڵ بەرێوە بچێت گوتی: ئەربەکان لەم دانیشتندا لەمەدحوستایشی برا ئێرانییەکانی سوود وەردەگرێت، بۆیە نابێ لەمە چاوپۆشی بکرێت‌و بێگومان گەل بەرو ڕووی دەبێتەوە[1]

پاش ئەم هەڵوێست‌و لێدوانانەی یەڵماز ئەوە بوو لە ١٨ی جون واتە دوو رۆژ دوای کۆبوونەوەی "گروپی ٨"لەئەستەمبول ئەربەکان لەلایەن سپای ئەو وڵاتەوە وەلا نراو یەلماز گەیشتە ئارەزوو دەسەڵاتی گرتە دەست.

---

(١) حریت، ١٠ ژوئن ١٩٩٧.

## داڕووخانی حزبی ڕەفا لە دەسەڵات

پرسی کوردو پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەسەر هەڵوێستو کاردانەوەی بەرپرسانی باڵای سپای تورکیاوپارتە لایەنگرەکانیان لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی حزبی ڕەفا، لەمانگی فیبریوەر بۆ ١٨ی جونی ١٩٩٧ لێشاوی تۆمەتو هۆشداری بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی باڵای سەربازی و دامەزراوە نهێنییە جۆراوجۆرەکان و هەروەها پارتە بچووکەکانی نزیک لەسپا بەرەو ڕووی ئەربەکانو حزبی ڕەفا دەبووەوە، هەموو ئەمانە پێیان وابوو بەهۆی ئەو ئۆمیدە بێ بنەمایەی دەوڵەتی ئیسلامگەرای تورکیە بە دانیشتنەکانی گروپی ٨، ئەربەکان دەرفەتی بۆ ئێران ڕەخساندووە لە ڕووی سیاسیو سەربازیو مادییەوە یارمەتی پ ک ک بدات.

ئەو شتەی کەببووە مایەی نیگەرانیو ئازاردانی ئێرانو تورکیا ناکۆکی ئەو دوو دەوڵەتە نەبوو لەسەر سیاسەتی تورکیا لەباکووری عیراق بەڵکو وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا هاندانو یارمەتییەکانی ئێران بوو بۆ ئیسلامگەرایانی تورکیا لەدژی کەرتی تایبەتو سەرمایەدارانی لایەنگری ڕۆژئاواو چالاکڤانانی بواری جیایی دین لەسیاسەت، لە١٩٩٧ ئێران نزیکەی ١٢٠٠ کارمەندی لەژێر ناوی دپلۆماتتارو سیاسیو بازرگان

لەتورکیا جێگیر کردبوو، ئەمانە توانیبوویان لەناو دانیشتووانی تورکیادا نفوز بکەن و خەڵکی نزیک لەخۆیان کۆبکەنەوەو ئاراستەیان بکەن، سەرەڕای ئەمانەش ١-١,٥ملیۆن هاووڵاتی ئیرانیی لە تورکیادا دەژین کە بەشێکی زۆریان پاش شۆڕشی ١٩٧٩ هاتبوونە تورکیا، ئەم راستییە حاشای لێناکرێت کە کێشەی نێوان ئیسلامگەرایی و کەمالیزم و بەرپرسانی سەربازیی تورکیا کێشەیەکی ناوخۆییە.[١]هێرشی بەرپرسانی باڵای سەربازیی و میدیاکانی نزیک لەو هێزە بۆ سەر ئەربەکان دەربڕی ئەو کێشەو نیگەرانییانەیە کە لەنێوان ئەو لایەنانەدا بوونی هەیە، ئەو تۆمەتانەی بەرپرسانی باڵای سپا ئاراستەی ئێرانی دەکەن گوایا ئیران لەپشت ئیسلامگەرایی تورکیادایە کە ئەوان بە کۆنەپرستی و دواکەوتوویی ناوی دەبەن بەڵام دەربڕی ئەوەیە ئەم هێزانە نەیانتوانیوە بەر بەو شەپۆلە ئیسلامگەراییەی بۆرژوای ئیسلامی و شاری بگرن، بۆیە ئەم شەپۆلە تا دێت بەرفراوانترو بەهێزتر دەبێت و ئایدۆلۆجیای کەمالیستی خستۆتە بەر کێشەو گرفت، ئەم نوخبە ئیسلامگەرا لۆکاڵە لەناو حزبە فەرمیی و رێبەرە تەکنۆکراتە شارییەکانیاندا ئەو ئامرازەیان

---

(١) برای آگاهی بیشتر در این مورد نگاه کنید به نوشت کاهان یاووس، تحت عنوان ترکیه سازمان مخالف آزادسازی (لیبرالیزاسیون) میدل ایست اینترنشنل، شماره ٥٥٦ مورخ ٨ اوت ١٩٩٧، ١٨.

دەبینی کە بەهۆیەوە بەهاو ویستو داخوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو ئاینیەکانیان دەرببڕن.[1]

ئازادسازیی ئابووریی تورکیا لەساڵی ١٩٨٣بەدواوە ئەم نوخبە نوێیەی زیاتر لەجاران بەهێز کرد، ئەم چینە نوخبەیە لەبوونی ئیراندا نموونەگەلێکیان دەبینی کە دەرخەری ئەوە بوو وەک چینە هاوشێوەکانیان لە ئابووریو سیاسەتدا دەور دەبینن، نوخبە کەمالیستەکانو هێزە چەکدارەکان واتە ئەو هێزانەی کەپاڵپشتیان بوون بێگومان بەبوونی کوردەکان لەناو بۆرژوای ئاناتۆلیدا و لەچوارچێوەی جووڵانەوەی ئیسلامگەرایانەو حزبی ڕەفادا سەخت نیگەران بوون.

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا حزبی ڕەفا ٤٠-٤٥ نوێنەری کوردی لە پەرلەماندا هەبوو، بۆیە یەکێک لەو هۆکارانەی لە فیبریوەری ١٩٩٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە ڕابگەێنێ مەترسی گەورە پ ک ک نییە بەڵکو هاوکاریو نزیک بوونەوەی پ ک کو ئیسلامگەراکانە ئەم ئامادەبوونەی

(١) برای آگاهی، بویژه از نقش مهندسان در جنبش اسلامی ترکیه نگاه کنید به نوشته نیلوفر گله، تحت عنوان «اسلامگرایی و سکولاریسم در ترکیه: پیدایش نخبگان و ضد نخبگان» میدل ایست اینترنشنل، جلد ٥١، شماره ١ (١٩٩٧، ٥٧-٤٦ و «سکولاریسم اقتدارگرا و سیاستهای اسلامگرایان: مورد ترکیه» به قلم همین نویسنده در جامعه مدنی در خاورمیانه به سردبیری آوگستوس ریچارد نورتن (نیویورک، ای جی. بریل (١٩٩٦) ١٧- ٤٣.

کوردەکان بوو لەناو حزبە ئیسلامییەکان بەتایبەت لەناو حزبی ڕەفادا. ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی رایگەیاند لە بڵاوکراوەیەکدا لەژێر ناوی»ناوەرۆکی ستراتیژی نەتەوەیی» مەترسییە ناوخۆییەکانی خستۆتە ڕوو کە گەلێک گەورەو پڕمەترسیترن لەهەڕشە دەرەکییەکان. هەروەها سپای ئەو وڵاتە رایگەیاند: بەڵگەو دۆکیۆمێنتی لەبەردەستدایە کە دەردەخات جیایی خوازانی پ ک کو هێزە ئیسلامییە کۆنە پارێزەکان زانیاری ئەمنی ئاڵوگۆڕ دەکەن و لەدژی بەرژەوەندی وڵات بەکاری دەبن.[1]

رووداوەکانی ساڵی ١٩٩٧و کودەتا لەدژی ئەربەکان دەریخست سپای تورکیاو نوخبەی کەمالیستی ناچارن پرسی کورد کە پرسێکی ناوخۆییەوە وەک پرسێکی نێودەوڵەتی نیشان بدەن کە بەهۆی ئێرانو سوریاوە کێشەی بۆ هەمووان دروستکردووە، لە شۆرشی شیخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ بەملاوە ئەمە یەکەمینجار بوو کەمالیستەکان بەناچاری پرسێکی وایان هێنابووە گۆرێ، بەلەبەرچاوگرتنی قووڵایی کێشەی ناسیونالیزمی کورد و مەترسییەکانی بۆ سەر سیستمی کەمالیزمو سەرمایەداریی کەمالیستی کە بەشێکە لەسەرمایەداریی رۆژئاوا لە ڕوانگەی کەماییەکانەوە حزبی ڕەفا بەمەترسییەک دادەنرا بۆ نوخبەی کەمالیستیو کۆمەڵگای تورکیا، بۆیە وادەردەکەوت

(١) حریت، ٢٩ آوريل ١٩٩٧.

سەرەتا ئەم نوخبە کەمالیستییەو سپای تورکیا ڕێگایان لەبەردەم گروپە ئیسلامگەراکان کردبێتەوە بۆ ئەوەی لایەنگرانی پ ک ک و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد بەرەو خۆیان ڕابکێشن بەمجۆرە بەر بە نفوزو پەرەسەندنی پ ک ک بگرن‌و لەگرنگی‌و بایەخی کەم بکەنەوە، بەڵام پاش ساڵیک لە حوکمڕانی ئەربەکان‌و حزبی ڕەفا دەرکەوت ئەم بیرۆکەیە خەیاڵ پڵاوەو نەتەنیا لەکاریگەریی و نفوزی پ ک کەم نەبوویەوە بەڵکو بەهۆی پەرەسەندنیەوە زەمینەی ڕووخانی دەسەڵاتی ئەربەکان‌و حزبی ڕەفای فەراهەم کرد.

سەرەڕای ئەو ڕۆڵەگرنگەی کە پرسی کورد وەک ڕەهەندێکی نیودەوڵەتی گرنگی پێدراو کێشەی کورد وەک فاکتەرێکی ناوخۆیی کاریگەریی لەسەر سیاسەت و ڕەهەندە سیاسییەکانی ئیران‌و تورکیا دانا ئەم پرسە کاری نەکردۆتە سەر ویست‌و ئاراستەی جیۆپۆلیتیکی ئەو دوو وڵاتە لە سەردەمی عوسمانی‌و سەفەوییەوە بیگرە تا سەردەمی پاش شەری جیهانیی‌و دروستبوونی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیاو ئیران، لەسالانی دەیەی ١٩٩٠ باسێک کە بەربەردەوامی لەلایەن ڕێبەران‌و بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵاتەوە دووبارە دەکرایەوە ئەوە بوو دەیانگوت: پەیوەندییەکانی ئیران‌و تورکیا پاش ڕێککەوتنی ١٦٣٩ی قەسری شیرین بەمەلاوە باش بووە ! هەڵبەتە ئەمە قسەیەکی

ڕاستە چونکە سنوورەکانیان بێجگە لە ناوچەی قەوقاز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووەو وەک خۆی ماوەتەوە، ئەم وتەیە لەپەیوەندی لەگەڵ سنووری نێوان عیراق و تورکیا کە پاش شەڕی جیهانی یەکەم دیاریکراوە ڕاستە، کێشمەکێش‌و ململانێی سەرەکیی نێوان ئەم وڵاتانە لەسەر باکووری عیراقە!

سلێمان دەمیرێڵ بە درێژایی دەیەی ١٩٩٠ چ لەو سەردەمەی سەرۆک وەزیر بوو (١٩٩١-٩٣) چ لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی (١٩٩٣) لەگەڵ بوڵەند ئەجویت سەرۆکی پارتی سوسیال دیموکراتی تورکیا کە پاش ولانانی ئەربەکان لە کابینەی «یەڵماز»دا جێگری سەرۆک وەزیران بوو، خوازیاری ئەوە بوون سنووری نێوان عیراق‌و تورکیا ١٥ مایل بەئاراستەی باشوور واتە بۆ ناو خاکی عیراق بچێتە پێشەوە![1]

ئەم پێشنیارە بەو مەبەستە خرایە ڕوو کە ئەو ناوچانەی تورکیا لەرێگای ئۆپەراسیۆنی ١٩٩٢ بەبیانوویی دەرکردنی پ ک ک وەک ناوچەی ئەمنی چاوی لێدەکرد بەپراکتیکی داگیری بکات، بەڵام سەبارەت بەسنوورەکانی ئیران تورکیا تەماعێکی وای نەبوو، ئەمەش پێچەوانەی ئەو راستییەیە کە سنوورەکانی ئێستای نێوان ئەو سێ وڵاتە لەژێر کاریگەریی پرسی

(١) از ١٩٩٢ تا ١٩٧٧ دمیرل و اجویت کرارا از این امر حمایت کردند.

کوردا ڕەنگریێژ نەکرابێت! ناوچە سنوورییەکانی نێوان عیراقو تورکیا بە گشتی کورد نشینن، لەلایکیتریشەوە بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانەوە کە دەوڵەتی ئیران بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم بەتایبەت سالآنی پاش شەڕی جیهانیی یەکەم لەپەیوەندی لەگەڵ پرسی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە کە بەرۆکی گرتبوون هەردوو وڵات ئەو راستییەیان قەبوڵکردووە کاریگەرییەکانی ئەم کێشە ناوخۆییەو دەستتێوەردانی لەلایەن هەریەک لەو وڵاتانەوە دەتوانیّ دەسکەوتە کورت مەوداکانیان بەبا بدات!

سروشتیە لەگەڵ تێپەربوونی زەمەندا ئەو پرسانەی کە ئیمپراتۆریەتی عۆسمانیو ئیران بەرەو ڕووی ببوونەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت، بەڵام ئەم پرسانە جیاوازن لەگەڵ ئەو پرسانەی کە لە وڵاتە تازە بونیاتنراوەکاندا لەسەر بنەمای بیرۆکەی نەتەوەیی هاتوونەتە ئاراوە، ڕێککەوتنی ١٦٣٩ بەدەر لەو گۆڕانکارییە بچووکانەی کە تێیدا کرا دەربڕی لێک تێگەیشتنێک بوو کە تەنانەت کێشەی نادرشای ئەفشار لە ١٧٣٠-١٧٤٧ کاری نەکردە سەری.

ئارنێست توکێر لەڕوونکردنەوەی ئەو دۆخو هەلومەرجە مێژوییەی کە وەبیرهێنەری ئەو دۆخەیە لەسەدەی بیستەم هاتە ئاراوە دەڵێت: »لە١٧٣٦ بەرەو پێشچوونێک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیرانو عۆسمانیدا

هاتـه ئاراوه، تۆكێر دەڵێت ئەم گۆڕانكارییە ئەنجامی ئەو تێگەیشـتنه بـوو كـه لەسـەر بنەمـای بیرۆكەی:زەرورەتـی یاسـایی» هاتـه دی! ئەمـەش جێی ئـەو شـەڕو ململانێیـەی گرتبـوەوه كەبەهـۆی ناكۆكـی لەسـەر ئاشـتەواییی لەسـەر بنەمـای شوناسـی هاوبەشـی ئیسـلامیدا سـەریهەڵدەدا. ناسـینی ئـەم ئامانجـه یارمەتیـدەر بـوو بـۆ پاراسـتنی بیروبـاوەڕی» یـەک نەتەوە«یـی، ئەمـەش لەكاتێكدابـوو بیرۆكـەی لەوچەشـنه سـەربەخۆبوونی وڵاتانـی ئیسـلامیی‌و دۆخ‌و هەلومەرجـه تایبەتییەكانیانـی بـه فەرمیـی دەناسـیی‌و قەبوڵـی دەكـرد.[1]

لـەم پەیوەندییـەدا پێویسـته لەسـەر ئـەم خاڵـه جەخـت بكەینـەوه كـه بیرۆكـەی یـەک نەتەوەیی»امـت واحده«كـه سیاسـەتی مامناوەنـدی‌و هێـوری لەمـەڕ پەیوەندییەكانـی نێوان هـەردوو ئیمپراتۆریەتی عۆسمانی‌و ئێراندا هێنابووه گۆڕێ، لەگەڵ هاتنەئارای سیتمی نوێی دەوڵـەت- نەتـەوه كـه پاش شـەڕی یەكەمـی جیهانـی خۆی دەرخسـت كارایـی نەمـا! هـەردوو دەوڵەتـی ئێـران‌و توركیـا تـا سـاڵی ١٩٧٩ بەهۆی تێگەیشـتن لـه ناسـنامەو شناسـی نەتەوەیـی یەكتـر

(١) بـرای آگاهـی بیشـتر از چالـش نادرشـاه در پیونـد بـا پیمـان قصـر شـیرین نـگاه كنیـد بـه نوشـته رابـرت السـن بنـام محاصـره موصـل و روابـط ایـران و عثمانـی، ١٧١٨ – ١٧٤٧(نشـر دانشـگاه ایندیانـا، ١٩٧٥) ١٨٥–٩٩؛ نوشـته ارنسـت تاكـر: «مذاكرات صلـح سـال ١٧٣٦ نقطه عطفی در روابـط ایـران و عثمانـی»، در بولتـن مطالعـات مربـوط بـه تركیـه، جلـد٢٠، شـماره ١ (١٩٩٦): ١٦–٣٧

خوازیاری پاراستنی سنوورەکانی نێوانیان بوون، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران دۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، ئێران جارێکیتر گەڕایەوە بۆ بیرۆکەی تاک نەتەوەیی‌و بنەما ئیسلامییەکان، بەڵام ئەم تێروانینە تێروانینێکی سەخت ناسیۆنالیستی‌و شیعی بوو، هەرچەند کۆماری ئیسلامی بۆ دوو دەیە توانیی کەمەنەتەوەی گەورەی کوردی وڵاتەکەی کە بەزۆری سوننە بوون کونترۆڵ بکات، بوونی نزیکەی ١,٥ملیۆن کوردی شیعە بۆکونترۆڵکردن یان هیچ نەبێت لاوازکردنی ناسیۆنالیزمی کورد یارمەتیدەری رژێمی ئیسلامی بوو بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٨٣، بۆ ئازەریەکانیش دۆخەکە بەهەمان شێوە بوو و شیعە ئازەرییەکان یارمەتیدەری کونترۆڵی ناسیۆنالیزمی ئازەریی بوون بەتایبەت ئەو ئەو چینە ئاینییەی کەلە جومگە سیاسییەکانی بەرێوەبردندا بەشدار بوون، ئەم راستیەش کاتێک دەردەکەوێت کە پاش ساڵی ١٩٨٩ کاتێک سەرۆکی ئێستای ئێران ئایەتوڵا خامەنەیی کەخۆی کەسایەتییەکی ئایینی ئازەرییە لەو پۆستەدا دانرا هەڵبژاردنێکی بەرێکەوت نەبووەو توانیویەتی لەدامرکاندنی هەستی ناسیۆنالیستی تورکەکاندا کاریگەریی دابنێت.

لەتورکیا دۆخەکە بەمشێوەیە نەبوو، لەساڵانی ١٩٨٠-٩٠ قسە لەسەر ئەوە بوو حکوومەت چۆنچۆنی‌و لەچ رێگایەکەوە دەتوانێ کێشەی ناسیۆنالیزمی کورد

چارەسـەر بکات، لـە١٩٨٤ تاوەکو ئێستا تەنیا چارەسـەر لای تورکـەکان شـەڕ بـووە! بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـە لەتورکیـا پێشـکەوتنێکی وا لەدۆزینـەوەی چارەسـەری پرسـی کـوردو دابینکردنـی مافـە کەلتوورییەکانـی لەبواری زمـانو خوێندنو نووسـینو ئازادی ڕادەربڕیـنو پەخـشو وەشـانی چاپەمەنیـی، رادیۆیـیو تەلەفزیۆنیـدا بەدیناکرێـت، حەشـیمەتی کـورد لـە تورکیـا ٢٠٪ کـۆی دانیشـتووانی تورکیـا پێکدەهێنێـت لەکاتێکـدا ئـەم ڕێژەیـە لەئیـران کەمتـر لـە ١٠٪ ە کـە نزیکـەی ١٥٪ لەهاوولاتیانـی کـورد شـێعە مەزهەبـن، بـەڵام لەتورکیـاش ١٠-١٥٪ عەلـەوی مەزهەبـن کـە لقێکـی شـێعەی دوانـزە ئیمامیـنو لەئیرانـەوە نزیکـن بـەڵام هـەر لەتورکیـادا ٢٠٪ شـێعەی عەلـەوی بـە ڕەگـەز تـورک بوونیـان هەیـە ئەمـەش هاوکێشـەی ئاینیی لەتورکیا ئاڵۆزتـر کـردووە، ئـەم داتایـە دەردەخـات ئـەو بانگەشـە ئیسـلامییەی ئیـران لەتورکیـا دەیـکات بـۆ ژمارەیەکـی زۆر لەکـوردو تەنانـەت تورکـی عەلەویـی سـەرنجڕاکێشو ویسـتراوەو ئـەم کەمینـە ئاینییـە هەسـت بـەوە دەکات لەلایـەن حکومەتـی کەمالیسـتی تورکیـاوە جیاوازیـیو ناحەقییـان بەرامبـەر دەکرێـت، بەمـەش هەرچەنـدە لەسیسـتمی تورکیـادا جیایـی دیـن لەسیاسـەت پەیـرەو بکرێـت بـەڵام هێشـتا باڵادەسـتیو هێژمونـی سـوننە لـەو وڵاتـە هەسـتی پێدەکرێـت! لەتورکیـا سـەرەڕای کێشـەی باڵادەسـتیو هێژموونـی سـوننەگەرایی

لەسیستمی سیاسی ولاتدا چالنجی ناسیۆنالیزمی کورد بە ڕێبەریی پ ک ک بەرەو ڕووی چینی نوخبەی کەمالیزم بۆتەوە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا لەماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا بۆنە ئاینیی و نەتەوەییەکانی کەمینەی عەلەوی لەوانە: نەورۆزی بەفەرمیی ناسیوەو بۆ کەمکردنەوەی نارەزایەتی ئەم کەمینەیە ڕێگایداوە ئەو بۆنەیە بەریوە بچێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە عەلەوییە کوردو تورکەکان بەردەوام نارازییین و دژ بەدەسەڵات وەستاونەتەوە.

ئیران ئەگەر هیچ نەکات و ئەم گروپانەش هاننەدات کە دەتوانێ بیکات! دیسان سروشتییە دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا تۆمەتباری بکات بەهاندانی عەلەوییەکان بۆ ئەوەی بتوانێ کێشەکە بکات بەکێشەیەکی نێودەوڵەتیی و سەرو ناوخۆیی! لەوتا کەمالیستەکان لەسەر بنەمای بیرو باوەڕی نەتەوەیی تورک سیاسەت دەکەن بەئاسانی دەتوانن ئەو تۆمەتانە بەروڕووی ئێران بکەنەوەو بەهاندانی عەلەوییەکان و پشتگیریی پ ک ک تۆمەتباری بکات ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوو باشە بۆ ئەوەی بزانین تورکیا چۆن توانیویەتی ئەو هەڕەشە ناوخۆییانە بداتە پاڵ لایەنێکی دەرەکی.

# بەشی هەشتەم

## پرسی کوردو کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتو خواستی جیۆپۆلیتکیو جیۆستراتژیکی ئیران لە دەیەی ١٩٩٠

پرسی کورد لەڕەهەندە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکەیدا لەدەیەی ١٩٨٠–١٩٩٠کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سیاسەت‌و خواستە جیۆپۆلیتیک‌و جیۆستراتژییەکانی ئێران‌و تورکیا نەبوو[١]بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە لێرەدا ئاماژە بە بەچەند لایەنێکی سیاسەتی دەرەکی ئێران دەدەین کە کاری کردۆتە سەر پرسی کورد یان پەیوەندی پێوەوە هەیە.

پرسی کورد لەژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکدایە، ئێران نایەوێ پرسی کوردو کێشەی کوردی ئێران بەشێوەی سەرەکی کاربکاتە سەر پرسی ئازەرییەکان یان سیاسەتی تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسەدا چ لە ئازەربایجان بێت یان لەناو ناوچەئازەرییەکانی ئێراندا تێکەڵ بەو پرسە بێت، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئێران هەوڵیداوە پێش بەو ئەگەرە بگرێت چونکە تاران لەوە دەترسێت نزیکبوونەوەی تورکیاو ئیسرائیل پەیوەندی نێوان ئیسرائیل‌و ئازەربایجان بەرێتە قۆناخێکی نوێوەو پەرەی پێبدات، تاران پێیوایە هاوپەیمانێتی تورکیاو ئیسرائیل زەمینە بۆ حزوری ئیسرائیل لەناوچەی قەوقاز بەتایبەت لەئازەربایجان خۆش دەکات، ئەم ترسەی تاران

---

(١) برای ادراک بهتر سیاست خارجی ایران از انقلاب به این سو در مفهومی گسترده تر نگاه کنید به نوشته انوشیروان احتشامی بنام بعد از خمینی، جمهوری دوم ایران نیویورک راو تلج، (١٩٩٥) ١٢٦–٩٦.

کاتێک بووە ڕاست سەرۆک ناتانیاهو لە ٢٩ی ئاگۆست ١٩٩٧ لەکاتی گەڕانەوەی لەسەردانیکردنی ولاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیاو باکۆی بەسەر کردەوەو لەبارەی ئەگەری هاوردەکردنی نەوتی ئەو ولاتە لەرێگای بۆری نەوتی ئازەربایجان- بەندەری جیهانەوە لەگەل «ئیلهام عەلی ئۆف»گفتوگۆی کرد، بەپێی ئەو پرۆژەیە نەوتی ئازەربایجان لەرێگای بۆرییەوە لەژێر بەحری مەدیتەرانەدا تێدەپەرێتو بەبێ ئەوەی بچێتە سوریاوە لە بەندەری جیهانەوە دەگاتە حەیفای ئیسرائیل.

بە بیستنی ئەم هەواڵە، خێرا تاران بەهۆی ڕازیبوونی علی ئۆف بەرامبەر داواکارییەکەی ئیسرائیلو دانیشتنی لەگەڵ ناتانیاهو بەتوندی عەلی ئۆفی سەرکۆنە کرد! رادیۆ تاران لەهەواڵەکاندا رایاگەیاند:»باکو بەپێشوازیکردنی لە سەرۆک وەزیرانی رژێمی داگیرکەری زایۆنی یارییەکی مەترسیداری دەست پێکردووەو بەم کارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ئیسلامی ناوچەکەو جیهاندا لاواز کردو ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەم کارەی دوور نییە گەلی موسڵمانی ئازەربایجان هاوشێوەی گەلی میسرو تورکیا کاردانەوەیان هەبێتو گوشار بخەنە سەر دەوڵەت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رژێمی زایۆنیدا بپچرێنێت.[1]

(١) سرویس خبری ترکیه، ١ سپتامبر ١٩٩٧.

لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەردا ئیـران هێرشـی ڕاگەیاندنـی لـەدژی ئازەربایجـان توندتـر کـردو کەمـال خـەرازی وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتـە رایگەیاند:»پەیوەندییەکانـی ئازەربایجـانو ئیسـرائیل قابلـی قەبـووڵ نییـە بـۆ ئێـران»، ناوبـراو زۆمـی خستەسـەر هاوکاریـی ئـەو دوو وڵاتـە لەبـواری ئەمنیـداو گوتـی» بوونـی ئیسـرائیلییەکان لەسـنووری وڵاتەکەمانـداو هاوکارییەکانـی لەگـەل ئازەربایجـانو تورکیا دژ بە بەرژەوەندی خۆمـان دەزانین بۆیـە بـەم کارە ڕازی نیـنو ئەمـەش مافـی سروشـتی ئێمەیـە کـە لـە پرسـێکی وادا هەسـت بەنیگەرانـی بکەیـن، ئێمـە پێمانوایـە ویسـتی ئیسـرائیل بـۆ ئامـادە بوونـی لـەم ناوچەیـە بەسـوودی گەلانـی ناوچەکـە نییـە«.(١)

دیـارە ئـەو شـتەی کـە ئێـران نایـەوێ ڕوو بـدات ئـەم دەسـتوەردانە بـێ پاسـاوەی ئیسـرائیلە لەکاروبـاری ئازەربایجـان بۆیـە لەکۆتاییەکـەی پرسـی ئازەربایجـان پەیوەنـدی بەخۆیـەوە هەیـەو ئـەم پشـتگیریە پێچەوانـەی ئـەو پشـتگیریەیە ئیسـرائیل لەدەیـەی ١٩٦٠و سـەرەتای ١٩٧٠ بـۆ کوردەکانـی عیـراق کـردی!

لـە راسـتیدا تـاران ئەگـەر بـۆی دەربکەوێـت پەیوەندییەکانـی نێـوان ئازەربایجـان و ئیسـرائیل ڕوو لەگەشـەیە لەوانەیـە کار بـۆ وەلانانـی عەلـی ئـۆف لەدەسـەڵات بـکات، دژایەتـی تـاران لەئاسـت

(١) سرویس خبری ترکیه، ١٦ سپتامبر ١٩٩٧.

پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئازەربایجان بەڕادەیەکە تەنانەت دژیەتیکردنی لەگەڵ هاوپەیمانێتی «ئیسرائیل-تورکیا- ئەمریکا»ی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێران نایەوێ تورکیا بەمەبەستی کەمکردنەوەی رۆڵی ئەو وڵاتە لەبەشداریکردنی پرۆژەی نەوتو گازی دەریای خەزەرو راکێشانی هێڵی بۆری گواستنەوەی وزە پرسی کورد وەک کارتێکی فشار لەدژی تورکیا بەکار بەرێت، ئیران بۆ بەهێزکردنی رۆڵو پێگەی خۆی پێویستی بەوەیە لەپرۆژەی دەرهێنانو گواستنەوەی نەوتو گازی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاستدا بەشدار بێت بۆیە بەگرتنەبەری ئەم سیاسەتە لەتواناودەسەڵاتی ئەمریکاو ئەوروپا بۆ پەراوێزخستنی لەرێگای سیاسیو ئابوورییەوە کەم دەکاتەوە، ئەمەش دەرفەت دەخاتە بەردەم ئیران بۆ ئەوەی ئەمریکاو ئەورپا بەرەو ڕووی یەک بکاتەوە وەک چۆن لە پرسی دادگای میکونوسدا روویداو وڵاتانی ئەوروپایی پاش دەرچوونی بڕیارەکە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئێران پچڕاند! بەڵام ئەمریکا لەبەرامبەر بەشداری ئیران لەپرۆژەی راکێشانی هێڵی بۆری گازی «تورکەمەنستان - تورکیا» نەتەنیا نارەزایی دەرنەبڕی بەڵکو ئۆکەیشی بۆ کرد.

ئەم کارەی ئەمریکا کاتێکدا بوو کە ئەو وڵاتە سزای ئابووری بەسەر ئیراندا سەپاندبوو کە لە١٩٩٦ بڕیاری

لەسەر دابوو! یەکێک لەو هۆکارانەی ئەمریکای ناچار بەو کارە کرد هاوپەیمانە بەهێزەکەی واتە تورکیا بوو کە لەڕووی سەرچاوەی وزەوە کێشەی گەورەی هەبوو، ئەمریکاش لەوە تێگەیشتبوو راکێشانی هێڵی بۆری نەوتو گاز لەباکووری خۆرئاوای ئێران یان خۆرهەڵاتی تورکیادا تێدەپەڕێتو بەهۆی مەترسی هەردوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیا لە ئەگەری تەقاندنەوەی لەلایەن پ ک ک وە هەردوو وڵات ناچار بەهاوکاریکردنی یەکتر بوون، پێویستی تورکیا بەوزە لە ١٩٩٠ ئەم دەرفەتەی دەخستە بەردەم ئێران خۆی لەو گۆشەگیرییەی توشییان کردبوو ڕزگار بکاتو لەقازانجی ئەمریکاو ئابووریی جیهانیی(سەرمایەداریی جیهانیی) بێتە ناو ئەو پرۆژانەوەو لەگەڵ تورکیا سەودای بازرگانی بکات. ئەم ڕەوتە لەبیچمگرتنی ستراتیژیی پاش شەڕی کەنداوو هێنانە ئارای قەوارەی هەرێمی کوردستان لە باکووری عیراق دەوری کاریگەری هەبوو، هەروەها ئەو گومانانەی تورکیاو ئێرانی ڕواندەوە کە پێیانوابوو پاش شەڕی کەنداو ئەمریکاو ئەوروپا لە هەوڵی ئەوەدا دەبن هێدی هێدی هاوشێوەی دروستبوونی ئیسرائیل لەسەدەی بیستەم دەوڵەتێکی کوردی لەباکووری عیراق پێک بێنن! ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئێران بۆ ئەوەی سەرەڕای ئەو کاریگەرییە نەگەتیڤەی کە لەئەنجامی ئەوجۆرە بانگەشانە دەکەوێتەوە لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی

ئایدیۆلۆجیای شۆڕشگێڕانە کە لەشۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت بزوتنەوە نەتەوەیی‌و سۆسیالیستییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەخۆی نزیک بکاتەوە واتە سیاسەتێک کە ڕەنگبێت محەمەدی خاتەمی سەرۆک کۆماری نوێی ئێران درێژەپێدەری بێت.[١]

ئێران نایەوێ بەهۆی پرسی کوردەوە سیاسەتە درێژ مەوداکانی ئابوورییەکان‌و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بوەستێنێت، خوێندنەوەی ئەو پرسە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئێران نەیهێشتووە ئەم ئەگەرە ڕوو بدات! بەڵام تەعامولی ئەم دوو وڵاتە لەپەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد بەوشێوەیە کە ئەنەوشیروانی ئیحتیشامی باسی دەکات ئەوەندە گەرم و گوڕ نەبووە؟ ڕاستە لەئاستی جیۆپۆلیتیک‌و جیۆستراتیژیکدا هاوکاریی یەکتریان کردووە.[٢]

لەجولای ١٩٨٩ کاتێک باڵیۆزی ئێران بەتۆمەتی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی تورکیا دەرکرا هاشمی ڕەفسەنجانی بەرلەوەی ببێتە سەرکۆمارهۆگرییی‌و ویستی خۆی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تورکیا دەربڕی‌و رایگەیاند:» ڕەفای ئابووری ئێران‌و سەقامگیریی سیاسی لەکەنداو پەیوەندیی

---

(١) همان.

(٢) همان.

ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیەو دروستکردنی متمانەی دوولایەنە لە نێوان دراوسێکان لەپاڵ دابینکردنی ئاشتیو ئارامی لەناوچەکەدا بەشێوەیەکی سیستماتیک دەتوانێت زۆرێک لەکێشەو گرفتەکان چارەسەر بکات.[1] لەماوەی هەشت ساڵ سەرۆکایتی هاشمی رەفسەنجانیدا (١٩٨٩-١٩٩٧) تاران ئەم سیاسەتەی بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو پرسی کورد لەو دوو وڵاتەدا پەیرەو کرد، لەپاڵ ئەم پرسانەدا دەبێ ئاسۆی ئابووریی ئیرانیش وێنا بکەین چونکە لە ١٩٨٩ هاوبەشە سەرەکییەکانی ئابووریی ئیران هێشتا وڵاتانی غەیری ئیسلامی بوون، ئەم ڕەوتە ئابوورییە لەدەیەی ١٩٩٠ تا ڕادەیەک کۆتایی پێهات، پێشتر لە١٩٨٩لەناو ٢٠ شەریکی ئابووریی ئێران تەنیا یەک وڵاتیان ئیسلامی بوو کە ئەویش تورکیایەو لە پلەی دەیەمی سەودا ئابوورییەکانی ئیران لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بوو، هەناردەی ئیران بۆ تورکیا ٤,٥٪ ی کۆی هەناردەی ئەو وڵاتەی پێک دەهێنا لە بەرابەردا رێژەی هاوردەی ئیران لەتورکیا پاش ژاپۆنو ئەڵمان لە پلەی سێیەمدا بوو.[2]

لەساڵی ١٩٩٢ هەناردەی ئیران بۆ تورکیا خۆی دابوو لە ٣٢٥ملیۆن دولار لەکاتێکدا بڕی ٤٠٢ملیۆن دولار

---

(١) همان، ١٤٦.

(٢) همان، ٢١٣.

کالاو شمەکی هاوردە دەکرد، بەلام لەسالی ١٩٩٧ ئەم ڕێژەیە واتە ئالو وگۆڕی ئابووریی نێوانیان گەشتبووە ١ ملیاردو پێشبینی دەکرا تا سالی ٢٠٠٠ بۆ ٢ ملیارد بەرز ببێتەوە، بەکۆتایی هاتن بەپرۆژەی راکێشانی هێلی بۆری گاز لەتورکەمەنستانەوە بۆ تورکیا لە ١٩٩٨ڕێژەی ئەم ئالوگۆڕە بازرگانییە لەوەش بەرزتر دەبێتەوە، سەرەڕای دابەزینی ئالوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و ئیران لە سالی ١٩٨٥ بەملاوە ئیران پتر لەهەموو ولاتێکی ئیسلامی لەتورکیا سەرمایەگوزاریی کرد، کۆمپانیا دەرەکییەکان بەسەرمایەی ئیران لەئابووریی تورکیادا سەرمایەگوزارییان دەکرد لە سالی ١٩٨٦، ٤٣ کۆمپانیا، ١٩٨٧، ٨٨ کۆمپانیا، ١٩٨٨، ١٣٤ کۆمپانیا، ١٩٨٩، ١٦٧ کۆمپانیا، ١٩٩٠، ١٨٣ کۆمپانیا، ١٩٩١، ١٩٢کۆپانیاو لەسالی ١٩٩٢، ٢٠٢ کۆمپانیای سەر بەئێران لەتورکیا کاریان دەکردو پێشبینی دەکرێ ئەم ژمارەیە بۆ سالانی دواتر زۆر لەوەش زیاتر بێت.

دەبێ ئەوەش بزانین لەماوەی ئەم ٢٠سالەی دواییەدا ١,٥ ملیۆن هاوولاتی ئێرانی دانیشتووی تورکیا هاوشێوەی پەنابەرانیتری ئیرانی لە ولاتانی ئەمریکاو فەرەنسا و ئەلمانیا دەستیان داوەتە بازرگانیو سەرمایەگوزاری لە ولاتانو لە ڕێگای نووسینگەو ئۆفیستو کانالە فەرمیو نافەرمییەکاندا توانیویانە لەئیران سەرمایەگوزاری بکەن.

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئێران نایەوێ پێگەو دەسەڵاتی تورکیا لەباکووری عیراق لەوەی کەهەیە زیاتر بێت چونکە ئەگەر ئەنقەرە بتوانێ هیژمون‌و پێگەی خۆی لەباکووری عیراق بەهێزترو بەرینتر بکات بێگومان لەسیاسەتی پەیوەست بە کەنداو رۆڵی زیاتری بەر دەکەوێت‌و وەک ئەکتەرێکی سەرەکی دەور دەبینێت! وەک ئەو رۆڵەی ئیسرائیل سەرەڕای دوور بوونی لەکەنداودا دەیگێڕێت، کەچی تورکیا نزیکتریشە بۆیە تاران پێیخۆش نییە تورکیا کاریگەریی هەبێت لەسەر ڕەوت‌و گروپە ناسیۆنالیستەکانی کورد لەباکووری عیراق‌و بەهۆی ئەوانەوە دەست بگرێت بەسەر سیاسەت‌و بەرژەوەندییەکانی ئەو ناوچەیەو لەمەیدانی سیاسی عیراقدا بەهێزتر لەوەی کەهەیە دەربکەوێت!

ئەم ترسەش وا لەئیران دەکات پشتگیریی پ ک ک‌و یەکیتی نیشتمانی بکات کە هەم لەباکووری عیراق‌و هەم لە باکووری خۆرئاوای ئیراندا بوونیان هەیە، دواجار بوونی بەهێزو کاریگەری تورکیا لە باکووری عیراق چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەهۆی خۆیەوەو چ ناڕاستەخۆ لەرێگای هاوپەیمانەکانییەوە لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکاتە سەر ئازەرییەکانی ئیران‌و تورکمانەکانی باکووری عیراق، بەم هۆیەوە ئیران ناڕازییەو هەرای ناوەتەو لەدژی نزیکبوونەوەی تورکیاو

ئیسرائیل وەستاوەتەوە، ئەم کارو کاردانەوەیەش لە ١٩٩٦ زیاتر دەرکەوت، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل ڕەهەندی زیاتریشی بەخۆوە گرتووە لەسەر پەیوەندییەکانی ئیران‌و تورکیاش کاریگەریی نەگەتیڤی داناوە چونکە ویرای هەڕەشە بۆ سەر ئیران هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتێکی عەرەبیی گەورە وەک سوریە کە هاوپەیمانی ئیرانە بۆ ئەوەی تەسلیمی ویست‌و داخوازییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بێت بەتایبەت لە ڕەوتی ئاشتی نێوان وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسرائیلدا.(١)

تورکیا بەهۆی ئەم ڕێکەوتنەی لە گەڵ ئیسرائیل هیواداره بتوانێت بەسوود وەرگرتن لە پێگەو نفوزی ئیسرائیل‌و هاوپەیمانەکانی بەتایبەت ئەمریکا سوریا ناچار بکات لە پشتگیریی و پەنادان بە پ ک کو ئۆجالان بکێشێتەوە، ئەمەش لە کاریگەریی‌و توانای سوریا لەگەمەسیاسییە ناوچەیی‌و ناوخۆییەکانی تورکیا کەم دەکاتەوە کە بەهۆی کارتی فشاری پ ک ک دەوری تێدا دەبینێت! سوریە لە کارتی پ ک ک نەتەنیا بۆ وەرگرتنی پشکی شیاوی خۆی لە ئاوی فورات سوود وەردەگرێت بەڵکو لەوەش تێگەیشتووە نەتەنیا پ ک ک بەڵکو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد گەورەترین کێشەیە کە

---

(١) احسان گورکان، «روابط ترکیه و ایران تحرکات در حال ادامه و دگرگونی» مجله ترکی مطالعات خاورمیانه، جلد ٧ (١٩٩٣): ٦٣.

بەرەو ڕووی تورکیا بۆتەوەو پشتگیریی کردن لە پ ک ک و ناسیۆنالیزمی کورد هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی ئەو دەوڵەتە! بۆیە دیمەشق توند دەستی گرتووە بەم کارتی فشارەو نایەوێ لەدەستی بدات، دەبێ لەبیرمان نەچێت زۆرێک لەرێبەران‌و فەرماندەکانی پ ک ک بەدرێژایی سالآنی ١٩٨٠-١٩٩٠ لەسوریا پەروەردەکراون‌و هاوولاتی کوردی سوریەن، لە هەمانکات پشتگیریکردن لە پ ک ک لەکاریگەریی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ناسیونالیستی کورد لە سوریە کەم دەکاتەوە، دیمەشق بە پشتگیریکردنی لە ئۆپەراسیۆنەکانی پ ک ک لەتورکیاو شوێنەکانیتر، وەکچۆن تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ کوردو ئیراندا هەوڵیداوە کێشە ناوخۆییەکانی بکات بەکێشەی نیودەوڵەتی ئەویش دەیەوێ بەهەمانشێوە سیمای دەرەکی ببەخشێت بەکێشەناوخۆییەکانی خۆی.

ئەگەر تورکیاو ئیسرائیل و تەنانەت ئەمریکا سوریا ناچار بکەن بەوەی واز لەو کارتی فشارە بهێنێت! لەحاڵەتێکی وادا سوریە لەبەرامبەر داواکارییەکانیتری ئیسرائیل و تورکیا لاواز دەردەکەوێت‌و لە پرسی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیراندا سوودی بۆ ئیران نامێنێت، لە ئەگەرێکی وادا سوریە چیتر ناتوانێت بەرامبەر بەسیاسەتی تورکیا لەباکووری عیراق پشتی ئیران بگرێت چونکە هیچ کارتی فشارێکی بەدەستەوە نامێنێت‌و تەنیا ئەوە نەبێت بیەوێ راستەخۆ لەململانییەکاندا

بـەلای ئیراندا بشـکێتەوە! ئیـران لـەوە ئاگایـە ئیسـرائیل لەدەیەکانـی ١٩٦٠-١٩٧٠ بەلێزانییـەوە پرسـی کـوردی لـەدژی ئـەو وڵاتـە بـەکار بـردووەو ئێسـتا دەیـەوێ وەرەقـی یارییەکـە بەشـێوەیەکیتر هەڵگەڕێنێتـەوە.[١]

هاوپەیمانێتـی تورکیـاو ئیسـرائیل لـە توانایدایـە بـە ناچارکردنـی سـوریە لەمـەڕ قەبووڵکردنـی داخوازییەکانـی ئیسـرائیل، تورکیاو ئەمریکا، لە کاریگەریی‌و توانای سـوریە وەک هێزێکـی مامناوەنـدی ناوچەکـە کـەم بکاتـەوەو چیتـر ئـەو دەوڵەتـە نەتوانـی درێـژە بەسیاسـەتە ناوچەییەکانـی بـدات، پشـتگیریی ئیـران لەسـوریە وک فاکتەرێکـی ڕێگیـر دەتوانـێ بـەر بـەم ڕووداوە بگرێـت‌و ئەمـەش بـۆ سـوریە لەڕادەبـەدەر گرنگـە، سـەرەڕای نیگەرانییەکانـی تـاران لەپەیوەنـدی لەگـەڵ لێـک نزیکبوونـەوەی تورکیـاو ئیسـرائیل‌و ئەو نمایشـە سەربازییە دەریاییانەی بڕیار بوو لـە ناوەڕاسـتی ئۆکتۆبـەردا بـە هاوبەشـی ئەمریـکا بیکـەن بەهـۆی نارەزایتـی وڵاتانـی عـەرەب دوا کـەوت‌و ئەنجـام نـەدرا! هەروەهـا سـەرەڕای هەڵسـوکەوتی دوژمنکارانـەی ئەنقـەرە بەرامبـەر بـە سـوریەی هاوپەیمانـی ئیـران، کەمـال خـەڕازی وەزیـری دەرەوەی ئیـران بەبەردەوامـی

---

(١) جاناتـان سـی. رانـدل. بـا ایـن رسـوایی چـه بخشایشـی: (نیویـورک، فـارار اسـتراوس و جـرو ١٩٩٧) بهتریـن و تـازه تریـن گزارش از فعالیتهای اسـرائیل را در میـان ک□ردهـای عـراق در ایـن دوره ارائـه مـی کنـد، بویژه در صفحـه هـای ١٨٤- ٢٠١ ایـن کتـاب ترجمـه شـده و منتشـر شـده اسـت. (یادداشت (مترجم)

لەسـپتەمبەری ١٩٩٧ خوازیـاری پەیوەنـدی باشـتر بـوو لەگـەڵ تورکیـاو گەڕاندنـەوەی باڵیۆزەکانیـان‌و کردنـەوەی کونسـوڵخانەکان، خـەرازی پابەنـدی بەڵێنەکانـی بـوو، کاتێک لـە٢٢ی سپتەمبەر بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنـی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەردانی نیۆیۆرکی کرد لەگەڵ ئیسماعیل جەم وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوویـەوەو هـەردوولا رێککەوتن لەسـەر ئـەوەی باڵیۆزەکانیـان بگەرێننـەوە سـەرکارو ڕاییکردنـی ئەرکـە پـێ سـپێردراوەکانیان، لەسـەرەتای دیسـەمبەری ١٩٩٧ ئەنقـەرەو تـاران رایانگەیانـد: بالیۆزەکانیـان لەدەسـپێکی ١٩٩٨دەگەرێنـەوە سـەر کارەکانیـان، بـەلاّم سـەرنجڕاکێش ئـەوە بـوو تـا بالیۆزەکانی وڵاتانی ئەوروپایی نەگەڕانـەوە تـاران، هـەردوولا باڵیۆزەکانیـان نەگەڕانـدەوە!.

## پرسی کوردو کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتو خواستی جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتیژیکی تورکیا لە ١٩٩٠

تورکیا نایەوێ پرسی کورد وەک پرسێکی نێودەوڵەتیو گەورە لەناوخۆی ئەو وڵاتە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیژییەکانی لەگەڵ ئێران دابنێت، تورکیا تا ئاستێکی زۆر پێویستی بە دابینکردنی سەرچاوەی وزە هەیە، جووڵەی خێرای بەپیشەیی بوونی تورکیاو بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی، پێویستیی وزەی کردۆتەوە دووەمین کێشەی گەورەی ئەو وڵاتە، تورکیا بۆ دابینکردنی وزە پێویستی بەهاوکاریی ئێران هەیە هەرچەندەش پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەزۆر بواردا بەرەوڕووی کێشەو ئاڵۆزی بوونەتەوە، تورکیا دەیەوێ لەسەرچاوەکانی نەوتوگازی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاست بەشدارو خاوەن پشک بێت، ئەم وڵاتە پتر لەئێران پێویستی بە گازو نەوت هەیە، بەڵام تاران پێویستی بەوەیە بەرهەمی نەوتو گازی خۆی بفرۆشێتو کڕیاری بۆ بدۆزێتەوە، هەروها دەیەوێ وەک تورکیا لە پرۆژە نەوتیو گازییەکانی ئاسیای ناوەڕاستو دەریای خەزەر بەشدار بێت، بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێویستییە دوو لایەنەیە تورکیا دەبێ هەوڵ بدات لەم ناوچانەو بەتایبەت لە ئازەربایجان کێشە بۆ ئێران دروست نەکاتو ئەو وڵاتە لەدژی خۆی

نەوروژێنێت! ئێران ئامادەی هاوکاریو دۆستایەتییە لەگەڵ تورکیا و نایەوێت یەک لایەنە دژ بەهاوپەیمانێتی تورکیاو ئەمریکاو ئیسرائیل بوەستێتەوە، ئەمەش بەو واتایەیە کە تورکیا نابێ بەهیچ جۆرێک ئازەربایجانو ناسیۆنالیستە ئازەرییەکان لەدژی ئێران بوروژێنێت چونکە بۆ تاران قەبووڵکراو نییە تورکیا پشتگیریی ناسیۆنالیزمی ئازەریو ئازەربایجان بکات بەتایبەت بەدیاریکراویی وەک سەردەمی حوکمڕانیی»ئەبولفەزل ئیلچی بی» لەساڵانی ١٩٩١-٩٣ واتە بەرلەوەی حەیدەر عەلی ئۆف لەرێگای کودەتاوە جێگای ئیلچی بی بگرێتەوە[١]سەرەڕای ئەوەی تاران پێشوازی کرد لە ڕووخانی دەوڵەتی ئیلچی بی بەڵام ڕاستەوخۆ لەپلانی دوورخستنەوەی بەشدار نەبوو، بەڵکو ئەوە تانسۆ چیللەر بوو بەوە تۆمەتبار کرا ژمارەیەک لە پیلانگیڕانی بە فڕۆکەی دەوڵەتی لە تورکیاوە ناردووە بۆ باکۆ.[٢]

سیاسەتی تورکیا لەئاست ئازەربایجان لەسەردەمی دەسەڵاتی «ئەبولفەزل ئیلچی بی» نموونەیەکی باشی ئەو سیاسەتەیە کەبۆ ئێران قەبووڵکراو نییە، تاران وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە سیاسەتی دەست

(١) رابرت السن، «مسأل کرد و چچن: ترکیە در مقابل روسیە». مجلە سیاست خاورمیانە، جلد ٤، شمارە ٣ (١٩٩٦) ٨- ١١٧.

(٢) رابرت السن: «گل سرخ استانبول» میدل ایست اینترنشنل، شمارە ٥٥٦، ٨ اوت ١٩٩٧، ٤؛ حریت ٢٤ ژوئیهە ١٩٩٧» این اتهام از سوی دوگو پرینجک، رهبر حزب کارگران بر او وارد شد.

تێوەردەرانەی تورکیا لە ئازەربایجان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەرمەنستاندا بەهێزو تۆکمە کردو لەبەرامبەردا هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ چارەسەری کێشمەکێشی نێوان وڵاتەکەیو باکۆ، عەلی ئۆف پاش گەیشتنی بەدەسەڵات تەنانەت پاش هەوڵی تورکیا بۆ دوورخستنەوەی لەدەسەڵات! بە تێگەیشتن لە سیاسەتو خواستی جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتیژیکی ئیرانو تورکیا هەوڵیدا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەردوو وڵاتدا دابمەرزێنێت.

تورکیا بەهۆی پێویستیەکانی بەوزە لەهەوڵی ئەوەدایە رێگا لە هاوکاریی نێوان روسیاو ئیران بگرێت بۆ ئەوەی ئەو هاوکارییە نەبێتە بەربەستێک لەبەردەم دەستپێڕاگەیشتنی بەناوچە نەوتی و گازییەکانی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاستو بەتایبەتیتر تورکمانستانو کازاخستان. مۆسکۆ هەڕەشەی لەتورکیا کردووە ئەگەر بێتو هاوشێوەی پرسی چیچان هەنگاو بۆ سیاسەتی دەستێوەردان لە کارو باری ناوچەی قەوقاز بگرێتە پێش روسیا «کارتی کورد» لەدژی ئەو وڵاتە بەکار دێنێت. بۆیە کاتێک تورکیا هێزو چەکی نارده چیچان مۆسکۆ نوێنەرایەتی «پ ک ک»ی لەو وڵاتەو لەوڵاتانی هاوبەرژەوەندی ئەوروپا بەفەرمیی ناساند.[1]

---

(١) همان.

سوودوەرگرتنی هاوکاتی ئێران‌و ڕووسیا لەپرسی کوردو بەکاربردنی لەدژی تورکیا گورزێکی کەمەرشکێنە بۆ تورکیا، تورکیا لەگەڵ ئەوەی سیاسەتێک پەیرەو دەکات کە بتوانێت ڕێگا بگرێت لە تاران‌و مۆسکۆ سوود لە کارتی کورد وەربگرن‌و لە کاریگەریی ئەو پرسە بۆ سەر وڵاتەکەی کەم بکاتەوە، پێگەی تورکیا لەئاستێکدایە کە دەتوانێ بەم سیاسەتە تاران بوەستێنێت بەڵام لەئاستێکدا نییە بەو سیاسەتە بەگژ ڕوسیادا بچێتەوە.

هەم ئێران‌و هەم تورکیا لەوە تێگەیشتوون هاوکاریی نێوانیان بۆ بەشداریکردن لەپرۆژە نەوتی‌و گازییەکانی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاست بەقازانجی هەردوو لایانە چونکە ئەم کارە لەنفوزو کاریگەریی روسیا لەناوچەکە کەمدەکاتەوە، نفوزی روسیا لەناوچەی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست هەرچەندە کەم ببێتەوە ئەوەندەش پێگەو دەسەڵاتی تورکیاو ئێران لەو ناوچانە بەهێز دەبێت.

لەپەیوەند لەگەڵ پرسی کوردا توانای ئێران بۆ کاریگەریی دانان لەسەر سیاسەتی تورکیا لەناوچەی مەدیتەرانەی خۆرهەڵات کەمتر لەناوچەکانیترو دەوروبەری ئەو وڵاتە نییە، وەک باسکرا ئێران هەوڵیداوە بەدروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوریاو کۆماری یۆنانی قوبرۆس، تورکیا لەسەرەڕۆییەکانی بوەستێنێت، بەڵام ئێران بە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوریە

نایـەوێ تورکیـا بـەو ئەنجامـە بگات کـە ئیـران بـەم کارە بەرژەوەنـدی جیۆپۆلیتیکـی تورکیـا لـە دەریـای «ئیجـە« یان مەدیتەرانـەی خۆرهـەلات کە بۆ ئەو ولاتـە گرنگتر لە ناوچـەی قەوقـازو دەریای خـەزەرە بخاتـە بـەر مەترسـی!
بێجگـە لـە نیگەرانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد سـەرنجی سـەرەکی تورکیـا لەسـەر ئەوەیـە هێـزو توانـای جیۆپۆلیتیکی خۆی لەدەریای ئیجە بەرامبەر بە قوبرۆس بپارێزێـت. بـۆ نموونـە ئەگـەر ئێـران وەک روسـیا کـە لەجۆنیـوەری ١٩٩٧ مووشـەکی ڕادەسـتی قۆبـرۆس کـرد، مووشـەکی بـەو ولاتـە بفرۆشـتبا وەلامـی تورکیـا گەلێک بەهێزتـر بـوو لـەو ولامـەی کـە بەروسـیای دایـەوە!و تەنانـەت ئەگـەری ئـەوەش دەکـرا کـە بـەو بیانـوەوە شـەڕ لـەدژی ئـەو ولاتـە ڕابگەیێنێت؟ وەک وتـرا مەسـعود یەڵمـاز پاش بەدەست گرتنـی دەسـەلات لەجونـی ١٩٩٧ڕایگەیاند:» ئەگـەر دەربکەوێـت ئیـران ئـەو مووشـەکانەی ڕادەسـتی پ ک ک کـردووە کـە بەهۆیانـەوە دوو کۆپتـەری ولاتەکـەی لـە باکـووری عیـراق تێکشـکێنرا ئـەوا ئـەم کارە دەتوانـێ ببێتـە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕ لەنێـوان دوو ولاتـدا».
سـەرەتا وادەردەکەوێـت دەسـتی دەوڵەتـی ئیـران لەگرتنەبـەری سیاسـەتی دژە تورکیـی خـۆی لەمەدیتەرانـەی خۆرهەلاتدا والاتـر بێت لـەو سیاسـەتانەی کـە لەناوچـەی قەوقـازو باکـووری عیـراق دژ بـەو ولاتـە دەیگرێتـە بـەر بـەلام ئیـران بەهـۆی ئەگـەری زیـان

بەرکەوتنی لە پەیوەندییە بەربڵاوەکانی لەگەڵ تورکیا لەقەوقازو ئاسیای ناوەڕاست تا دەگاتە ئازەربایجان توانای پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتەی نییە! ئەنقەرە پێیوایە دەتوانێ کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئێران لە مەدیتەرانەی خۆرهەڵات بەهۆی باڵادەستی وڵاتەکەی لەقەوقازو دەریای خەزەرو ئازەربایجان کەم بکاتەوە، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەمەدیتەرانەی خۆرهەڵاتو قەوقازو ئاسیای ناوەڕاستدا زۆر لەوە نزیکترە کە شرۆڤەکاران لێی دەنوارن، تەنیا ناوچەیەک کە بۆ بەکاربردنی سیاسەتو ستراتیژی جۆراوجۆر لەبەردەم هەردوو وڵاتدا کراوەیە باکووری عیراقە کە لەئێستادا بۆتە مەیدانی تەراتێنی ئەم دوو لایەنە بۆ باڵادەستی لەبەدەست هێنانی پێگەو هیژمونی زیاترو دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکانیان.

## ئەنجام گیریی

ئـەم تویژینـەوە تاووتۆیکردنـی پەیوەندییەکانـی ئیرانو تورکیـا لەمـەڕ پرسـی کـورد لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی عۆسـمانی تـا سـەردەمی پـاش شـەڕی جیهانـی یەکـەمو دروسـتبوونی دەوڵـەت -نەتەوەکانـی ئیـرانو تورکیـا لەچاخـی نویـدا دەخاتـە بـەر بـاس، ئەمـەش لـەم ڕووەوە جێگای بایـەخو گرنگـی پێدانـە کـە نەتەنیا هەندێ ناوچـەو وڵاتـی سـەر بـەو ئیمپراتۆریانـە گۆڕانکارییـان بەسـەردا دێـتو دەگەنـە سـەربەخۆیی بەڵکـو لـەو ڕووەشـەوە سەرنجراکێشـە کـە ئـەم گۆڕانکارییـە لـە گەرمـەی ئاڵۆزییـەکان و کێشـەو گرفتـە زۆرو زەوەنەکانـی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـەدا هاتەئـاراوە.

سـەبارەت بە تورکیا دەبێ ئـەوەش بڵێین: کەبەشـێکی زۆری قەڵەمـڕەوی ئـەم وڵاتـە لێـی دابڕێـندرا یـان خرایـە سـەر وڵاتانیتـر یـان وڵاتـی نوێـی لێدروسـت بـوو، لـە قۆناخـی پـاش شـەڕی جیهانـی یەکـەم هیـچ یـەک لـەم دوو وڵاتـە ڕێگایـان بـە ناسـیۆنالیزمی کـورد نـەدا لەسـەر ئـەو بنەمایـە کەخۆیـان لەسـەری دامـەزران واتـە بنەمـای دەوڵـەت -نەتـەوە ببێت بـە هەڕەشـە لەسـەریان، ئـەم دوو وڵاتـە لەسـەر پرسـی کـوردو کێشـەو گرفتەکانـی دەیـەی ١٩٢٠و دەیـەی ١٩٩٠ لـە تورکیا و هەروەهـا پرسـی کوردو دەرهاوێشتەکانی لـە ئیران بەدرێژایی سـاڵانی ١٩٤٥-٤٦و

پاشـان لەسـەردەمی شۆڕشـی ئیسـلامیدا واتـە لـە ١٩٧٩-٨٣ و تـا ئێسـتاکەش نەیانتوانـی بگەنـە ئەنجامو بنەماکانـی ناسـیۆنالیزمی نەتەوەیـی ئـەو نەتەوەیـە بـەرەو ڕووی مەترسـی بکەنـەوە، هەرچەنـد کـە ناسـیۆنالیزمی دەوڵەتیـی ئێـران پـاش شـۆرش ١٩٧٩ چەنـدان لەسـەر بنەمـای نەتـەوە خـۆی پێناسـە نەکـرد بـەڵام لەتورکیـا بەدرێژایـی دەیـەی ١٩٩٠ ناسـیۆنالیزمی کەمالیسـتی لەسـەر بنەمـای نەتـەوەی تـورک و بیـرو باوەڕی نوخبـە کەمالیسـتەکان لـە ئەنجامـی خەباتـی شـێلگیرانەو بەردەوامـی کـورد ترسـی لێنیشـتو سـەقامگیریی خـۆی لەدەسـتدا، هەرچەنـد ئـەم ناسـیۆنالیزمە تـا ئـەم سـەردەمەش خـۆی بـەلاواز نیشـان نـەداوەو لەبەرامبـەر شۆرشـی کـورد پاشەکشـەی نەکـردووە بـەڵام لـە کۆتایـی ١٩٩٧ دا بـۆی ئاشـکرا بـوو چیتـر ناکرێ لەبەرامبـەر جوڵانـەوەی ناسیۆنالیسـتی کوردا پشـت بـە هێزو ئامرازی سـەرکوت ببەسـتێتو بـەو شـێوە کلاسیکییە پێش بـە ڕەوتـی ناسـیۆنالیزمی کوردی بگرێت.

ئـەم لێکۆڵینـەوە پێماندەڵێـت: هەنـگاوی سـەرەکی تورکیـاو ئێـران بـۆ ئیدارەدانـی پرسـی کـورد زەرورەتـی گرنگیدانیانـە بـەو کێشـەو گرفتانـەی کـە هەڕشـەیە لەسـەر ویسـتو خواسـتە باڵاکانـی ئـەو دوو دەوڵەتـە، ئـەم ئەنجامگیرییـە جەختکردنەوەیـە لەسـەر ئـەو ڕاو بۆچوونانـەی کـە لەسـەرەتای باسـەکەدا دەرمانبـڕیو گوتمان:»بـۆ ڕوونکردنـەوەی نەخشـەرێگاو سیاسـەتی

دەرەکی هەریەک لەم دوو دەوڵەتە تا ئەو شوێنەی پەیوەست بە پرسی کورد لە ڕەهەندە سەرو ناوچەییەکەیەوە بێت، «هاوسەنگی گشتگیر» باشترین نموونەو سەرمەشقە، هاوسەنگی گشتگیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مادام هەڕەشەی دەرەکی گرنگترە چۆنکە هەڕەشە ناوخۆییەکان کونترۆلکردنیان ئاسانترە کەواتە دەبێ سیاسەتی کونترۆلکردنی هەڕەشە دەرەکییەکان لەسەروی هەڕەشە ناوخۆییەکاندا پەیرەو بکرێت، ئەم بیرکردنەوەیە بۆتە سەرمەشق بۆ چارەسەری پرسی کورد لە نێوان تورکیاو ئیران پاش شەڕی جیهانی یەکەم، هەڕەشەی ناوخۆیی کیشەی کورد واتە بەرجەستەبوونی ناسیۆنالیزمو شوناسی گەلی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا لە١٩٢٣-١٩٩٧ مۆدێلیو سەرمەشقی «هاوسەنگی گشتگیر» دەگۆرێتو پێیدا دەچێتەوە.[١]

دەکرێ هاوسەنگی گشتگیر بەچەشنێک دەربېڕی کە لەخۆگری سێ تیۆری پەیوەندیدار بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بێت واتە: هۆکاری مەعقول، هۆکاری نامەعقولو هۆکاری سەرمایەکۆکەرەوە، لەوەتا ئەم سێ تیۆرە سێ توخمو فاکتەری گرنگن کە بۆ مانەوەو

---

(١) لێرەدا پێناسەی من بۆ «هاسەنگی گشتگیر» کە لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا ئاماژەم پێداوە ، درێژەی ئەو پێناسە و بۆچونی ئیحتشامی و (هینس بوش) ە بۆ ئەم تیۆرییە(١٩-٢٠)

بەردەوامـی ئەوهـۆکارە کاریگەرانـەی کـە بنەمـای دارشـتنی سیاسـەتن پێویسـتن لەوانـە:
- ئامانجـە نەتەوەیـەکان کـە دەرهاوێشـتەی پرسـی جیۆپۆلیتیـکو هەرەشـەی دەرەکیـن
-سیاسـەتی ناوخۆیـی و پێویسـتییە ئایدیۆلۆجیکیـەکان کـە بـۆ مەشـروعییەتو ڕەوایـی بەخشـین بـە سیسـتمی سیاسـی وڵات زەرورن.
-پێویستییە ئابوورییەکان
ئەنەوشـیروان ئیحتیشـامیو ریمۆنـد هینـس بـوش دەڵێـن:» لەهـەر زەمـەنو سیسـتمێکی دیاریکـراودا ئـەم جـۆرە هەڕەشـانە(دەرەکیو ناوخۆیـی) لەئاسـت هـەر یـەک لـەم هۆکارانـە لەوانەیـە لەسـەر لێکدانـەوەی بڕیاربەدەسـتان کاریگەریـی دروسـت بـکات! هەرچەنـد کـە دواجـار ئەگـەر یەکێـک لـەم سـێ هـۆکارە لەبەرچـاو نەگیردرێـت لەوانەیـە سیسـتمی سیاسـی وڵات تووشـی هەڕەشـەو مەترسـی ببێتـەوە.[1]
ئـەم توێژینـەوە جەخـت لەسـەر ئـەو بۆچوونانـە دەکاتو ئیحتیشـامیو هینس بوشـیش دەڵێـن: ئەندیشـەی هاوسـەنگی گشـتگیر دەکـرێ لەرێـگای تێگەیشـتن لەمەعقوولییەت»رێبـازی عەقڵگەرایـی» بەرفراوانتـر بکرێـت واتـە نەتەنیـا لەخۆگـری پرسـی هەڕەشـە ناوخۆیـیو دەرەکییـەکان بێت بەڵکو ئـەو هەڕەشـانەش لەخـۆ بگرێـت

(١) همان، ١٩.

کە لەبەردەم کۆکردنەوەی سەرمایەو مشەخۆری(ڕانت) دا سەرهەڵدەدەن.

لەوەتا ئەم هۆکارە جیاوازانەوە کە پێکهێنەری حکوومەتن لەوانەیە لە کاتو زەمەنێمیشدا دژ بەیەک بوەستنەوە بۆیە هیچ سیاسەتێک بۆی نییە لە هەموو روێکەوە مەعقولو بێ خەوش بێت، لەبەر ئەمەش باشترین شێوازی مەعقولییەتو ڕەوایی بەخشین بەحکوومەت لەپێشگرتنی سیاسەتی «off-Trade "یان ئەو سیاسەتەیە کە لەسەر بنەمای زەرورەتی «زەمەنی - شوێنی» رێکارە سیاسیەکان دیاریی دەکاتو بەپێی گرنگی و زەرورت پاشو پێشیان دەخات. ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ ئەو شیکارییەی بۆپرسو کیشەی کورد لەڕووی ڕەهەندە دەرەکیو دەرهاوێشتە ناوخۆییەکانی کە وەک مەترسییەک دەرکەوت بۆ سەرەپەیوەنییەکانی نێوان ئێرانو تورکیا، یەکدەگرێتەوە.

نیگەرانییە جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژییەکانی تورکیاو ئێران لەسالآنی ١٩٩٠ بە ئاشکرا دەریخست ئەم نیگەرانییانە پەیوەندییان بە پێویستییە ئابوورییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەوە هەیە، چونکە ئەم پێویستییە ئابوورییانە ئەو دوو وڵاتەی ناچار کرد لەبواری جیۆپۆلیتیکییەوە جۆرێک رێک بکەون هیچ کامیان نەتوانن لەرێگای بەکاربردنی کارتی کوردەوە مەترسی لەسەر مانەوەو مەشروعییەتو تەنانەت پێکهاتەی سیستمی سیاسی

یەکتر دروست بکەن، ئەم ڕەنگدانەوەیە دەربڕی مۆدێلی »هاوسەنگیی گشتگیر»بوو کەرەنگە لەمانشێتی ڕۆژنانەکانی هەردوو وڵات لە٤ی ئاگۆستی ١٩٩٧ بە باشترین شێوە نیشاندرابێت کاتێک ڕۆژنامەکانی ئێران سەبارەت بەوتاری دەسپێکی سەرۆک کۆمار خاتەمیدا بڵاویانکردەوە:»سەرۆک خاتەمی لەکۆی ئەو وتارەی پێشکەشی کرد ١٠٪ی تایبەت بوو بە سیاسەتی دەرەکیو ١٥٪ بۆ سیاسەتی ئابووری وڵات تەرخان کرد» هەمان ڕۆژ ڕۆژنامەکانی تورکیا نووسیان:» تورکیا ئۆمێدوارە هەناردەی خۆی بۆ ئێران لە ٣٣ملیارد دولارەوە لە ساڵی ١٩٩٧ بەرز بکاتەوە بۆ ٥٠ملیارد دولار بۆ ساڵی ٢٠٠٠.[1]

نموونەو مۆدێلی «هاوسەنگی گشتگیر» پێماندەڵێت تورکیاو ئێران ئەگەر بیانەوێت وەک هەمیشە لەو ناوچانەی کە جێگای ململانێو دەستێوەردانن وەک هێزی ماماوەند بمێننەوە بە قازانجیانە لەبەرامبەر پرسی کورد بەجۆرێک تەعامول بکەن بەرژەوەندییە باڵا جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتیژییەکانیان بەرەو ڕووی مەترسی نەکەنەوە، ئەم دوو وڵاتە دەبێ لە ئیدارەدانی پرسە جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیژیەکانیان بەجۆرێک لەگەڵ پرسی کورد لەناوخۆیاندا بجوڵێنەوە کە ئەم پرسە کاریگەریی خراپ نەکاتە سەر کێشە هەنوکەیەکانیان، بەتایبەت بۆ تورکیا کە دەبێ زیاتر گرنگی بەم پرسە

(١) ایران تایمز، ٤ اوت ١٩٩٧، حریت، ٤ اوت ١٩٩٧.

بدات، ملنەدانی ئەم دوو وڵاتە بۆ ئەم راستییە دەتوانێ ئەو هێزو دەسەڵاتە مامناوەندیەشیان کە لەنەتیجەی هەوڵو ماندووبوونێکی زۆرەوە بەدەستیان هێناوە بخاتە مەترسییەوە.

# پاشکۆ

## پەیوەندییەکانی ئیرانو تورکیا لە١٩٩٧-٢٠٠١
## پرسی کوردو ئیسلام

لـەم بەشـەدا شـەش ڕەوتـی سـەرەکی پەیوەندیـدار بەکێشـەی کـوردو ئیسـلامگەرایانی تورکیـا کـە لەمـاوەی ٢٠٠١-١٩٩٧ لـە تـاران‌و ئەسـتەمبۆل سـەریانهەڵداوە دەخەینـە ڕوو، مەبەسـت لـەم بابەتـە دەرخسـتنی ئـەو رۆڵەیـە کەبـە مەبەسـتی نیشـاندانی پارامیتـەرە (بگۆڕەکانی)جیۆپۆلیتیـک‌و جیۆسـتراتیژییەکانی ئـەم دوو وڵاتـە سـەبارەت بـە کێشـەی کـوردو ئیسـلامگەرایان گیراوەتـە بـەر[1] یەکەمیـان ئـەو پرسـەیە کـە مـن نـاوم لێناوە«قسـەو باسـی دوو سـەرۆک شـارەوانی»واتە ئـەو هەرایـەی لەبـارەی دوو سـەرۆک شـارەوانی تـاران‌و ئەسـتەمبوڵ بـەرز بـوەوە!

١. هـەرای غوڵامحسـێن کەرباسـچی سـەرۆکی شـارەوانی تـاران‌و رەجـەب تەیب ئەردۆگان سـەرۆکی شـارەوانی ئەسـتەمبوڵ.
٢. ماجـەرای کاواکچـی کـە پەیوەنـدی بـە مەسـەلەی

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر پەیوەندییەکانـی ئیـران‌و تورکیـە تـا پێش ئـەو سـەردەمە سـەرنجتان رادەکێشـم بـۆ ئـەم ژێدەرانـە:
- رۆبێرت ئۆڵسۆن، پرسی کوردو پەیوەندی نێوان ئێران‌و تورکیا
- لەشـەڕی یەکەمـی جیهانییـەوە تـا ١٩٩٨، کۆسـتا میسـا، کالیفۆرنیـا، چاپـی مـەزدا، ١٩٩٨
- نـادر ئینتیسـار، پەیوەندییەکانـی ئیـران و تورکیـا بـەرەو کـوێ؟، گۆڤـاری توێژینـەوەکان‌و لێکۆلینەوەکانـی پەیوەسـت بـە ئێـران، بەرگـی ١٦، ژمـارە١، ئەڤریلـی ٢٠٠٠، ل ١١٠-١٢٢

مروه کاواکچی نوێنەری پەرلەمانی تورکیاوە هەیە کە لە ئەڤریلی ١٩٩٩ بە پەچەوە لە پەرلەمان دەرکەوتو ئەمەش هەراو هوریایەکی لەپەرلەمانو لە کۆمەڵگای تورکیا بەدوای خۆیدا هێنا.

٣. خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ئیران بەتایبەت لە تاران لەجولای ١٩٩٩

٤. بوردومانی خاکی ئیران لەلایەن تورکیاوە لە ١٧ی جولای ١٩٩٩

٥. ماجەرای حزبوڵا لەتورکیا

٦. دەستبەسەرکردنی بکوژانی کەسانی وەک ئوگور مومجو، ئەحمەد کیشالی تانەر، موعەمەر ئاکسوی، بەحریە ئوچۆک لەمایسی ٢٠٠٠ کە دەوترا ئیران دەستی هەبووە لەم کوشتنانەدا.

ئەم رووداوانە سەرەڕای ئەوەی کاریگەریی بەرچاو یان لەسەر ڕووداوە ناوخۆییەکان داناوە بە بڕوای من هیچ یەک لەو ڕووداوانە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر پەیوەندییە جیۆپۆلیتک و جیۆستراتیژییو جیۆئیکۆنۆمییەکانی نێوان دوو وڵاتی ئیرانو تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، قەوقاز، ئاسیای ناوەڕاست یان مەدیتەرانەی خۆرهەڵات دانەناوە. من ئەم ئەنجامگیرییەم لەسەر بنەمای تیۆری «هاوسەنگیی گشتگیر» لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەربڕیوەو پێموایە ئەم تیۆرە باشترین ئامرازە بۆ بەیانکردنی سیاسەتی

دەرەكـی هــەر یــەک لــەو دوو وڵاتــە بەتایبــەت تـا ئــەو جێگایـەی کـە پەیوەسـتە بـە پرسـی کـوردو ئیسـلامگەرایی لــە ڕووە ســەرو نەتەوەیــیو ســەرو ســنووورییەکەیەوە.

تیۆریی»هاوسـەنگیی گشـتگیر»جەخت لەسـەر ئــەوە دەكاتــەوە لــەو شــوێنەی مەترســییە دەرەكییــەكان لەمەترسـییە ناوخۆییـەكان گرنگتـرو لەپێشـترن دەبـێ كاری لەپێشـینەی سیاسـەتی دەرەكـی كونترۆڵكردنـی ئــەو مەترســییانە بێــت چونكــە مەترســیە ناوخۆییــەكان ئاسـانتر كونتـرۆڵ دەكرێـن، لـەو شـوێنانەش مەترسـییە ناوخۆییـەكان گرنگتـرن دەبـێ چارەسـەرو كونترۆڵكردنـی ئــەم مەترســییانە لەپێــش ئەركەكانیتــری سیاســەتی دەرەوەی وڵات بێــت، ناســیۆنالیزمی كــورد بەدرێژایــی دەیــەی ١٩٨٠و دەیــەی ١٩٩٠ گەورەتریــن مەترســی بــوو بـۆ سـەر دەوڵەتـی توركیـا، ئـەم مەترسـییە تا سـاڵی ٢٠٠٠و ماوەیـەک پاش ئـەوەش بەردەوام بوو، بەڵام ناسـیۆنالیزمی کـورد بـە پێچەوانــەی ئەگەرەكانــی تیۆریی»هاوســەنگی گشـتگیر» تاكـە مەترسـییەک نەبـوو لەبـەردەم دەوڵـەت یان سیسـتمی كەمالیـزم یـان هەردوویـان، بەڵكـو هەڕشـەیەک بـوو لەبـەردەم خـودی دەوڵەتـی توركیـەو ناسـیۆنالیزم[1]ی

---

(١) ئیسـتیڤن ئـار، دیڤیـد، ڕوونكردنـەوەی جەمسـەربەندبەكانیوڵاتانی جیهانـی سـێیەم، سیاسـەتی جیهانیی، بەرگـی ٤٣، ژمـارە٢(١٩٩١) ل ٥٦- ٢٣٣

-ئەنەوشـیروان ئیحتیشـامی- ریمۆنـد هێنـس بـوش، سـوریەو ئێـران، هێـزی مامناوەنـدی ناوچەیـی...

تورکی کە دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئەو بنەمایە پێک هێنراوەو ڕەوایی خۆی لەو بنەمایانەوە وەرگرتووە.

تیۆریی»هاوسەنگی گشتگیر» بۆ روونکردنەوەی رێژەیی سیاسەتی دەرەکی ئێرانیش هەمان ئامانج دەپێکێت بەو واتایە کە لەو وڵاتانەی هۆکاری دەرەکی گرنگترن‌و دەتوانرێت هەڕەشە ناوخۆییەکان ئیدارە بدەیت کاری لەپێشینەی سیاسەتی دەرەکی چارەسەری کێشەو گرفتە دەرەکییەکانە، سیاسەتی دەرەکی ئێران پاش ١٩٨٣ لەژێر کاریگەریی هێزە دەرەکییەکان بە تایبەت ئەمریکادا بوو کە دەیویست لەرژێمی ئێران ئاڵوگۆڕ بکات یان ئەگەر بۆی لوا بیڕوخێنێت.

لەم لێکدانەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە لە ناوەڕاستی ساڵانی دەیەی ١٩٩٠ بەملاوە مەترسییەکانی سەر ئێران ناوخۆیین و زاڵن بەسەر پرسەکانیتردا، مەترسییە ناوخۆییەکان تەنیا پەیوەندییان بە جۆری ئیسلامگەراییەوە نەبوو کە لەنێوان ریفۆرمخوازان و موحافیزەکاراندا لە ئارادا بوو، بەڵکو وەک خۆپیشاندانەکانی جولای ١٩٩٩ ی خوێندکاران دەریخست، ئەگەری ئەوەی لایەنگرانی پرسی جیایی دین لە سیاسەت لەوانە نەتەوەییەکان هاودەنگو هاوڕای خوێندکاران بن زۆر بوو، ئەم ڕووداوانە ئاماژە بوون بۆ

---

-پرسی کوردو پەیوەندییەکانی ئێران‌و تورکیا، نیۆیۆرک، راوتیلج، ١٩٧٧-٧٨، ل ٥-٧

زاڵبوونی هەڕەشەی ناوخۆیی کە هەڕەشە دەرەکییەکان لە هەمووشیان گرنگتر هەڕەشەکانی ئەمریکای دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، لەبارەی مەترسییە دەرەکییەکان دەبێ بەتایبەت ئاماژە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری عیراق بدەین کە پاش ١٩٩١ هەڕەشە بوو بۆ سەر دۆخی جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتژیکی ئیران لە باکووری عیراقدا.

### ماجەرای دوو سەرۆک شارەوانی

دوو سەرۆک شارەوانیی بەرجەستە کە هەریەک لەوان گەورەترین شاری وڵاتەکەیان ئیدارە دەکرد کەچی لەساڵی ١٩٩٨ لەلایەن وڵاتەکانیانەوە خرانە زیندان! رۆڵێک کە ئیسلامگەرایان لەپەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی ئیرانو تورکیا دەیگێڕن بە ڕوونی ئاشکرای دەکات رەجەب ئەردۆگانو غوڵامحوسێن کەرباسچی کە لە ١٩٩٨ سەرۆک شارەوانی تارانو ئیستەمبول بوون توانییان بۆ ماوەیەک دەسەڵات بگرنە دەست، ئەردۆگان لە ١٩٩٤ وە و کەرباسچی لە ١٩٩١ بەدواوە ئەو پۆستەیان وەرگرتبوو، کەرباسچی لە ئەڤریلی ١٩٩٨ دەستبەسەر کراو لە ٢٥ی جولای هەمانساڵ بە تۆمەتی بەرتیل وەرگرتنو تەخشانو پەخشانو کاری نایاسایی سزای زیندانی بەسەردا سەپێنرا، ناوبراو لەدادگا داوای پێداچوونەوەی کرد بەبڕیارەکە بەڵام

داواکـەی رەتکرایـەوەو لەسـەرەتای ١٩٩٨ خرایـە زینـدان، راسـتە ژووری زیندانەکـەی قەنەفـەی لێبـوو و تەلەفۆنیـان خسـتبووە بەردەسـتی بـەڵام هـەرچۆنێک بێت زینـدان هـەر زیندانـە! لەولاشـەوە ئـەردۆگان لەنۆڤەمبـەری ١٩٩٨ بـەدە مانـگ زینـدان مەحکـووم کـرا، بـەڵام بـە پێداچوونـەوە بـە بڕیارەکـە لـە فیبریـوەری ١٩٩٩ پـاش چوارمانـگ زینـدان ئـازاد کـرا، هـۆی زیندانـی خرانـی ئـەردۆگان وتارێکـی بـوو کـە لەشـاری کـوردو عـەرەب نشینی «سێرت»دا پێشکەشـی کـرد، ئـەردۆگان لەوتارەکەیـدا گوتبووی:«منـارەکان سـەرەنێزەی ئێمـەن‌و قوبـەکان مەغفـەرە(کڵاوی سـەربازی)و مزگەوتەکانیـش سـەربازگەمانن.»[1]

فەرماندە باڵاکانـی سـپا ئـەم وتانـەی ئەردۆگانیـان بـە

---

(١) تورک نیوز، ٢٢ی ئەڤریل، ١٩٩٨

١- ویراڵ سـاواش دادوەری گشـتی دادگای دسـتووریی تورکیا(یارگیتای) نەرمـی نواندنـی زیاتـری حزبـی تەقـوای لەبـەر چـاو نەگـرت‌و لـە ٧ی ئۆکتۆبـەری ١٩٩٨ رایگەیانـد: ئەگـەر حزبـی تەقـوا» ٩٩,٩٪ دەنگـی خەڵـک بەدەسـت بێنێـت دایدەخەین(حورییـەت، ٨ی ئۆکتۆبـەر، ١٩٩٨)، سـاواش هۆیەکیتری بۆ خۆشـحاڵبوون دۆزییەوە کاتێک لە ئۆکتۆبـەردا دادگای پێداچوونـەوە بڕیاریـدا عەبدوڵا گـوڵ سـکرتێری گشـتی حزبـی تەقوا دەبێ لەبـری ئـەو سـووکایەتییەی بـە کەسـایێتی دادوەری گشـتی کـردووە ١,٥ ملیـۆن لیـرە غەرامـەی بداتێ(حورییـەت، ١٧ی ئۆکتۆبـەری ١٩٩٨)

٢- ۆڵسـۆن، پرسـی کـورد، ل ٥٦-٥٨

٣- کاهـان یاووز-موجیـب خـان، تورکیـاو تۆپەکانـی مانگـی ئاگۆسـت، میدیـل ئینتەرناشـنال، ژمـارە ٥٧٣، جـولای ١٩٩٨-ل ٩

هاندانـی ئیسـلامگەراو کۆنەپارێـزەکان لـە قەڵەمـدا، ئەبـێ ئاماژە بەوە بکەین وشـەی (ئیرتجاعی لیک) کە تورکەکان بـەکاری دەبـەن تەنیـا واتـای بونیاتگەرایـی ئیسـلامی ناگەیێنێت بەڵکـو نەریـت گەرایـیو دواکەوتوویـش لەخـۆ دەگرێت، بۆ نموونـە: دەکرێ ئامـاژە بێت بـە جلوبەرگـی نەریتـی کـوردەکان، دادگای ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا بـەو هۆیـەوە بڕیـاری محاکمەکردنـی ئەردۆگانـی بـە تۆمەتی نانـەوەی پشـێویو فیتنـە پەسـەند کرد، ئـەردۆگان هاوشـێوەی کەرباسـچی ڕێگای پێدرا داوای پێداچوونەوەی بـکات بـۆ بڕیارەکـەی دادگا، ئەمـەش لەبـەر ئـەوە بـوو هـەردوو دەوڵەتـی ئیـرانو تورکیـا دەیانویسـت وا نیشـان بـدەن پابەنـدی یاسـان، ئـەردۆگان بەناچارییو بەبڕیـاری دادگای دەسـتووریی تورکیـا لەحزبی»تەقـوا» کـە بەهـۆی وابەسـتە بوونـی بەحزبـی ڕەفـا چالاکییەکانـی قەدەغەکـرا بـوو لـە ١٦ی جنیـوەری ١٩٩٨ دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی ڕاگەیانـدو لـە ٦ی نۆڤەمبـەر ١٩٩٨ لەسـەرۆکایەتی شـارەوانیی ئەسـتەمبۆل دەرکـرا.

ئـەردۆگان سـەرکردەیەکی بەناوبانـگو زۆرگەنجـی حزبـی ڕەفـا بـوو، کاتێـک خرایـە زیندانـەوە ٤٣ سـاڵ تەمەنـی بـووو کەڵکەڵـەی ڕێبەرایەتـی حزبـی تـازە دامـەزراوی «تەقـوای» لەسـەردا بـوو پێشـبینی دەکـرا جێگای ئەربـەکان بگرێتـەوە کـە لەچالاکیی سیاسـی مەنـع کرابـوو، بـەڵام بێدەنگـی حزبـی تەقـواو ڕێبـەرە نوێیەکـەی

واتە«رجایی کوتـان» لەکاتـی زینـدانـی بوونـی ئەردۆگانـدا ئـەوەی دەرخسـت ناکۆکییەکانـی نێـوان ئەربـەکانو ئەردۆگان لەماجـەرای گیـرانو زینـدانـی کردنی ئەردۆگانـدا بـێ کاریگـەر نەبـووە، کوتـان لەنەسـڵی هاوچەرخـی ئەربـەکان بـوو وەک پاڵپشـتو لایەنگری پاراسـتنی بەهـاو سـیمبولە دینییـەکان خـۆی دەردەخسـت [1]

هەڵبەتـە هەردووکیـان دەیانویسـت بەجۆرێـک خۆیـان دەربەخـەن کـە حزبـی تەقـوا نەبێتـە هـۆی تووڕەیـی بەرپرسـانی بـاڵای سـپاو مەجالـی چالاکیی بۆ بڕەخسـێت، لەمایسـی ٢٠٠٠ کوتـان توانـی لەنەتیجـەی رکابەرییەکـی نزیـکو تونـد لـە گـەڵ «محەمـەد گیول»جارێکیتـر رێبەریـی حـزب بەدەسـت بگرێتـەوە، محەمـەد گیـول رێبـەری باڵـی ریفۆرمخـوازی حزبـی تەقـوا بـوو و بەعالـی جەناب»خوڵەمێشـی پـوش»[2] نـاوی دەرکردبـوو.

سـەرەڕای ئـەوەی حزبـی تەقوا ڕۆژلـەدوای رۆژ دەبوو بەحزبێـک کەشـانی لەشـانی حزبەگـەورەکان دەدا، بـەڵام ئەگـەر ئـەردۆگان یـان تەنانـەت محەمـەد گـول رێبەریـی ئـەو حزبەیـان بکردبـا دەیتوانـی دۆخێـک بخولقێنـێ کـە کەمالیسـتەکانو سـپای ئـەو وڵاتـە پێیـان هـەزم نەکرێت.[3]

---

(١) راستییەکەی MotifsوRhetoris

(٢) نـاوی خـوازەی فرانسـوا لۆکلریـک دو ترامبلـە(١٥٧٧-١٦٣٨) بـوو کـە ئۆسـقۆفێکی متمانـە پێکـراوی سـەرۆک ریشـیلۆ بـوو و کاریگەریـی لەسـەر دادەنـا.

(٣) لەمایسـی ٢٠٠٠ ئـەو رۆژنامەیـە کەرباسـچی سەرنووسـەری بـوو

ئەو پشتگیرییەی بەرپرسانی باڵای ئێران‌و میدیاکانی ئەو وڵاتە پێش بوونی بە سەرۆک وەزیری‌و پاش ئەوەش لە ئەربەکانیان کرد لە ئەردوگان نەیانکرد، گومانی تێدا نییە ئەم هەڵوێستەی تاران بەو هۆیەوە بوو کە تاران پێیوابوو دەورو کاریگەریی سەرۆک وەزیر پتر لەو دەورو کاریگەرییەیە کە سەرۆک شارەوانییەک تەنانەت سەرۆک شارەوانییەکی وەک ئەستەمبول هەیەتی، لەم نێونجەدا میدیاکانی لایەنگری خاتەمی‌و ریفۆرمخوازان لەگەڵ میدیاکانی بنەماخوازان ڕوانینی جیاوازیان هەبوو، لەرواڵەت وادەر دەکەوت کە پێدەچێ میدیا کانی نزیک لەریفۆرخوازان پشتگیریی ئەربەکان بکەن بەلام وەک بینیمان خاتەمی‌و لایەنگرانی زیاتر خوازیاری پەیوەندی باشتر لەگەڵ باڵی توندڕەوو موحافیزەکاری دەوڵەتی دژە ئیسلامیی یەڵمازو سەرۆک دەمیریل بوون کە بەشێک بوون لەڕەوتی نەتەوەگەرای ڕاستگەرا! جیا لەوەش دەوڵەتی خاتەمی چەندین پرۆتۆکۆڵی ئەمنی لەگەڵ تورکیا واژۆ کردو بەڵێنی پێدان لە سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا دەست وەرنەدات!

ئەو تۆمەتانەی کەتورکیا ئاراستەی ئێرانی دەکردو پێیوابوو دەستوەردانی ئێران لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا هۆکارێک بووە بۆ ئاڵۆزییەکانی نێوانیان‌و

---

و لەدەرچوونیەوە ٩٠ رۆژی لی تێنەپەریبوو بە بڕیاری دادگای ژێر دەسەڵاتی موحافیزکاران داخرا

دەرکردنی دوو باڵیۆزی ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ کە یەکەمیان ساڵی ١٩٨٩ روویداو دووەمیشیان ساڵی ١٩٩٧.[١] هەڵبەتە لەئێران هەندێ لە میدیاکان بەزمانێکی لایەنگرانە لەسەر ئەردۆگانیان دەنووسیو بڵاویاندەکردەوە بەڵام ئەم بابەتانە بەزۆری ڕووکەش‌و بێ ناوەرۆک بوون، پێدەچوو هەڵبەزو دابەز لەسیاسەتی ئەو دوو وڵاتە مەجالی ئەوەی نەئەدا سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکانیان هەندێ لەو ئەکتەرانە بخرێنە بەرباس‌و خواستی میدیاکان، بەتایبەت ئەردۆگان و کەرباسچی کە تاڕادەیەک بەنوێنەری ئازادیخوازیی دەناسران. میدیاکانی تورکیا گرنگییەکی ئەوتۆیان بەڕەوتی کەرباسچی نەدەدا کە بەتوندی لەبەردەم هێرشی موحافیزکارانی ئیراندا بوو، کەرباسچی راوێژکاری نزیکی خاتەمی بووو لەکەمپینی هەڵبژاردنی ئەڤریلی ١٩٩٧ وەک ستراتژیسیەنی ریفۆرمخوازان رۆڵێکی گرنگی هەبوو، هەرچەند کە زۆربەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکرا ناوەرۆکی سیاسییان پێوە دیار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وادەردەکەوت ئەو تۆمەتەی ئاراستەکرابوو گوایا پارەیەکی زۆری شارەوانی بۆ سەرخستنی خاتەمی خەرجکردووە تۆمەتێکی ناڕاست نەبوو، سەیر لەوەدایە کە پێویستی بەو کارە نەدەکرد!چونکە خاتەمی

---

(١) ئیران تایمز، ٢٨ی جونیوەری ٢٠٠٠

بـه بەدەسـت هێنانـی ٧٠٪ دەنگـی خەڵـک زۆر لەپێشـی ڕکابەرەکانـی کەوتبـوو، بـەڵام مەسـەلەکە زیاتـر بـۆ ئـەوە دەگەڕایـەوە کەرباسـچی لـە سیاسـەتە ریفۆرمخوازانەکـەی خاتەمـی کـە پـاش بوونـی بەسـەرکۆمار لـە ئاگۆسـتی ١٩٩٧ لەپێشـی گرتبـوو داکۆکـی دەکـرد، بـۆ نەیارانـی خاتەمـی بـەرەو ڕووبـوون لـە گـەڵ کەرباسـچی ئاسـانتر بـوو لـە بەگژاچوونـەوەی خاتەمـی، خاتەمـی بەتایبـەت خوازیـاری سـووک کردنـی ئـەو کـۆت‌و بەنـدە سـەخت گیرانەیـە بـوو کـە بـۆ باڵاپۆشـی ژنـان ڕەچـاو دەکـراو بەتایبـەت ناچارکردنیـان بـە لەسـەرکردنی پەچـەو عەبـا[1] هەروەهـا یەکێکیتـر لـە بڕیارەکانـی خاتەمـی ئـازادی زیاتـری چالاکـی میدیایـی‌و سـینەمایی بـوو، مافـی ژنـان لـە نەپۆشـینی چارشـێو داخوازیـی بەشـێک لەلایەنگرانـی خاتەمـی بـوو، سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە مافـی بەکاربـردن‌و پۆشـینی باڵاپۆشـی ئیسـلامی بەتایبـەت پەچـە یەکێـک لـەو مـاف‌و داخوازیانـە بـوو کـە لایەنگرانـی ئـەردۆگان خوازیـاری بـوون، ئاشـکرایە لەنێـوان ئـەم دوو دەسـتەواژەیە واتـە چارشـێوو پەچـە جیـاوازی هەیـە، پەچـە بـە پێچەوانـەی چارشـێو تەنیـا سـەرو مـل دادەپۆشـێت بـەڵام چارشـێو سـەرو مـل‌و شـانەش دادەپۆشـێت

لەهاوینـی ١٩٩٨ مافـی ئـازادی باڵاپـۆش بەیەکێـک لەهێماکانـی خەبـات‌و تێکۆشـانی نێـوان ئیسـلامگەرایان‌و

---

(١) پۆشینی عەبا زۆرەملی نییە(وەرگێری فارسی)

سیکۆلارەکان دادەنرا، دابینکردنی ئەم هێمایە ئیمتیازێک بوو بۆ هەریەک لەو لایەنانە کە لەململانێو ڕکابەرایەتی یەکتردا بوون بۆ گەیشتن بەدەسەڵات.[1]

وادەردەکەوت کە نەیارانی خاتەمیو کەرباسچی پێشوازیو پشتگیری لەم ڕەوتە ئیسلامگەرایانە بکەن کە ئەردوگانو لایەنگرانی بەمەستی جێگیرکردنی بەها ئیسلامییەکان خەباتی بۆ دەکەن یان بەلاکەیتردا کەمالیستە توند ڕەوەکانی لایەنگری جیایی دین لەسیاسەت پشتگیری لە کەرباسچی بکەن کەخوازیاری لابردنی کۆتو بەندەکانی بەردەم ئازادی باڵاپۆش بوون کە دەسەڵاتی «مەلارشی» بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبووی» کەمالیستەکان پێیانخۆش بوو رژێمی ئیسلامی ئێرانو تەنانەت خاتەمیش بە مەلارشی ناو بەرن».[2] کەرباسچی دەیویست ولاتەکەی لانیکەم تا ڕادەیەک لەژێر هێژمونی کۆتو بەندە ئیسلامییەکان دەر بێنێت، هەرچەند کە تا ئەو شوێنەی من بزانم هەرگیز خوازیاری ئەوە نەبوو کە ژنان بەتەواوەتی چارشێو فرێدەن.[3]

کەرباسی کەدەکرێ وەک نەیارو دژبەری ئیسلامی

---

(١) ئۆڵسۆن، پرسی کورد، ل ٧٧-٧٨

(٢) مەلارشی: حکومەتی مەلاکان وەک مونارشی کە بە واتای دەسەڵاتی پاشایەتی بەکار دەبرێت

(٣) وەک ئاماژەم پێدا چارسێو لە ئێران زۆرە ملی نییە پێدەچێت مەبەستی نووسەر باڵاپۆشی ئیسلامی بێت(وەرگێر فارسی)

موحافیزەکارو توندڕەو لەئێران ناوی بەرین هیچ پاڵپشتییەکی لەلایەن میدیای نەتەوەگەرای کەمالیستی لێنەکرا، ئەو پاڵپشتیەش کە لەلایەن میدیاکانی نزیک لەئیسلامگەراکانەوە لێکرا زۆر کەمو بێ کاریگەر بوو، جێگای سەرنجە کاتێک کەرباسچی لەلایەن ئایەتوڵا خامەنەیی ڕێبەری شۆڕش فەرمانی لێبوردنی بۆ دەرچوو لە ٢٥ی جنیوەری ٢٠٠٠ ئازاد کرا، ئەم ئازادبوونەی کەرباسچی سەرەڕای ئەوەی دەیتوانی کار بکاتە سەر ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیار بوو لە ٢٦ی فیبریوەر بەرێوە بچێتو ناوبراو ڕۆڵی گرنگی تێدا ببینێت کەچی لەمیدیاکانی تورکیا گرنکییەکی ئەوتۆی پێنەدرا.[١] بەربوونی کەرباسچی لەزیندانو ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی لەو هەڵبژاردنانەی کە لەپێش بوو مشتو مڕی تایبەت بەرۆڵی ئیسلام لەسیاسەتدا زیاد کرد ئەمەش پرسێک بوو کە تورکیای تووشی گرفت کردبوو.[٢]

ئەو سیاسەتانەی ئیران لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بەر لەڕووداوەکەی سنجان لەپێشی گرتبوو، هەروەها ئەو لێدوانە توندانەی یەرپرسانی باڵای تورکیاو میدیاکانی سەر بەباڵی ڕاستی نەتەوەگەرایان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەردەمی دەسەڵاتی

(١) لە مایسی ٢٠٠٠رۆژنامەیەک کە کەرباسچی سەرنووسەری بوو پاش ٩٠ ڕۆژ لە دەرچوونی لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە داخرا

(٢) ئێران تایمز، ٢٨ی جۆنیوەری ٢٠٠٠

یەک ساڵەی ئەربەکان‌و ماوەیەک پاش رووخانی لە ١٨جینیوەری ١٩٩٧ تا ڕادەیەک هێوریی بەخۆیەوە بینی، ئەنقەرە چاوەڕێ بوو بزانێ سیاسەتی نوێی خاتەمی ریفۆرمخواز چۆنچۆنی دەبێت، بەڵام هیچ یەک لەو لایەنانە مەیلێکی ئەوتۆی نەبوو لەچارەنوسی سەرۆک شارەوانییەکانیان بکۆڵێتەوە.

سیاسەتی دەستێورنەدان لەکاروبارو پرسە ناوخۆییەکانی یەکتر کە بە فەرمیی ڕاگەیێنرابوو چەند هۆکارێکی لەپشتەوە بوو، هەریەک لەو دوو دەوڵەتە پرسی سەرۆک شارەوانییەکانیان وەک پرسێکی گرنگ سەیر دەکردو بەدووریان نەدەزانی لەدوارۆژدا ببێتە هۆکارێکی چارەنووسساز، چینی دەسەڵاتدار بەتایبەت لەئیران موحافیزکارەکان سەرکەوتنی هەریەک لەو دوو سەرۆک شارەوانیانەی بە هەڕەشەیەک دەزانی بۆ سەر دەسەڵات‌و پۆست‌و پلەسیاسی‌و ئیدارییەکانی خۆیان، سەبارەت بەکەرباسچی دەبێ بڵێین نەیارە سەرەکییەکانی موحافیزکاران‌و لایەنگرانیان بوون واتە ئەو گروپە سیاسییەی دژ بە سیاسەتی ریفۆرمخوازانەی خاتەمی وەستابوونەوە، پرسی کەرباسچی پرسی ناکۆکی نێوان موحافیزکاران‌و ریفۆرمخوازان بوو کە بەبەردەوامی‌و تائێستاکەش واتە بەدرێژایی سالی ٢٠٠٠ لەئارادایە، ململانێی ئەم دوو باڵە بەتایبەت پاش خۆپیشاندانی خوێندکاران لەسەرتای جولای ١٩٩٩

بەتەواوەتی خۆی دەرخست، ئەم خۆپیشاندانە کاریگەریی بەرچاوی دانا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران بەڵام نە ئەنقەرەو نە تاران هیچکامیان خوازیاری ئەوە نەبوون ئەم هەڵکشانو داکشانە ناوخۆییانەیان کاریگەریی دابنێت لەسەر پرسی ئاسایشو بازرگانیو ڕەوتی گفتوگۆکانی نێوانیان لەبارەی هێڵی ڕاکێشانی بۆری گاز، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا هەردوو وڵات جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە ناکۆکییەکانیان لەمەڕ پرسی کورد لەدەرەوەی سنوورەکانی دوو وڵات واتە لەباکووری عیراق چارەسەر بکەن.(١)

پاش دەرکردنی عەبدوڵا ئۆجالان لەسوریە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ و دەستگیرکردنی لە فیبریوەری ١٩٩٩و پاشان مەحکوومکردنی بەئێعدام لە٢٩ی جولای دەرکەوت ئامانجی سەرەکی تورکیە لەوەبەدوا گوشارخستنە لەسەر ئیران بە تۆمەتی داکۆکی کردنی ئێران لە تیرۆریزم و پەنادان بە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەمەش ئەو سیاسەتە بوو کە لەجولای ١٩٩٨ لەپێش گیرا.

(١) ئۆڵسۆن ، پرسی کورد ، ل ٧٧-٧٨

## ماجەرای کاواکچی:

تەقینـەوەی دواتـر کەلەپەیوەندییەکانـی ئیـران‌و تورکیـا ڕوویـدا ماجـەرای کاواکچـی بـوو لـە ١٩٩٨! ئـەم ماجەرایـە پەیوەنـدی بەپرسـی باڵاپۆشـییەوە بـوو، کاتێـک تورکیـا خەریکـی ئامادەکردنـی دۆسـییەی دادگاییکردنـی ئۆجـالان بـوو، مـروە کاواکچـی کەکچێکـی گەنجـی سـەر بەحزبـی ڕەفـا بـوو و توانیبـووی کورسـی پەرلەمانـی بەدەسـت بێنـێ، بەڵێنـی دابـوو لـە ڕێوڕەسـمی کردنـەوەی یەکـەم کۆبوونـەوەی پەرلەمانـدا پەپەچـەوە ئامـادە بێـت، کاتێـک مـروە کاواکچـی چـووە نـاو پەرلەمـان لایەنگرانـی سـیکۆلاریزم‌و نەتەوەگـەراکان هۆیـان لێکـردو بەتونـدی سـەرزەنشـتیان کـردو لەپەرلەمـان وەدەریـان نـا! ئـەم کێشـەیە تـا چەنـد هەفتەیـەک بـەردەوام بـوو بـەڵام لەمانگـی جـوی هەمانسـاڵ کاتێـک هەراوهوریـا دامرکابـوەوە دەرکـەوت کاواکچـی ئیقامـەی ئەمریکاشـی هەیـەو تەنانـەت لەئەمریـکا لەدایـک بـووە، باوکـی پزیشـکی کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامی بـوو لەتەکـزاس، کاواکچـی کـە خاوەنـی ڕەگەزنامـەی دوو وڵات بـوو و ئەمـەش بـۆ وەرگرتنـی مافـی ئەندامێتـی لەپارلەمانـی ئـەو وڵاتـە قەدەغـە بـوو کێشـەیەکی دەسـتووریی لـەو وڵاتـە دروسـتکرد، لایەنگرانـی کاواکچـی بەخێرایـی کەوتنـە بەڵگەهێنانـەوەو رایانگەیانـد ئـەم مافـە هاوچەشـنی ئـەو

مافەیە کە تورکیە بۆ تورکەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا داوای دەکات، بەڵام دەوڵەتی تورک ئەم بەراوردەی قەبووڵ نەبووو رەتیدەکردەوە! لە٢٠ی سپتەمبەری ١٩٩٩ دیوانی بالای تورکیە بە هۆی ئەوەوە کاواکچی هاوولاتی ئەمریکییە ڕەگەزنامەی تورکیی لێسەندەوەو رێگای نەدا بچێتە پەرلەمانەوە!کەچی ئەوەی میدیاکانی جیهانو تورکیا پشتگوێیان خستو ئاماژەیان پێنەدەدا ئەو تێروانینە بوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەوڵەت لەپشتی ئەم سەربەندانەوە« ڕوخساری پیاوانێک دەبینێت کە کوردن! ئەم دوو ڕووداوە هاوکاتە واتە: دادگاییکردنی ئۆجالانو پرسی پەچەی کاواکچی نزیکی و پەیوەندی ئەم دوو پرسەی بە باشی نیشان دەدا، واتە پەیامەکەیان ئەوە بوو کە دەبێ هەردووکیان پێکەوە لەناو بەرن! چ باشتر ئەم کارەش هاوکات ئەنجام بدرێت.

ماوەیەک دواتر کاواکچی هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ ئەوەی جارێکیتر مافی هاوولاتی بوونی تورکیە بەدەست بێنێتەوە بۆیە لەگەڵ بازرگانێکی سەرکەوتووی ئەو ولاتە بەناوی «بەکرئیلدرێم» ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناو ڕەگەزنامەی وەرگرتەوە بەلام ئەمجارەیان نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ پەرلەمان بەدەست بێنی، میدیاکانی تورکیا بۆ بێبایەخ کردنی ئەو هاوسەرگیرییە دەستەواژەی «حولەیان» بۆ بەکار برد کە بەواتای هاوسەرگیری کاتی یان»سیغەی موەقەت» دێت،

هەروەها گومانیان دەخست سەر ئیسلامگەرایی ئەم خانمە چونکە پێیانوابوو لەکاتی مارەبرینەکەیدا کڵاویکی رۆژئاوایی جوانی لەسەر داناوە!.

ماجەرای کاواکچی ئالۆزیی‌و ناکۆکی خستە ناو پەیوەندییەکانی ئیران‌و تورکیاوە، «بلێند ئەجوێت» سەرۆک وەزیری تورکیە جارێکیتر هێرشی کردە سەر ئیران‌و تۆمەتباری کرد بەوەی سەرەڕای رێککەوتنە سنوورییەکانی ئەم دواییە لە هەوڵەکانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و پشتگیریکردن لە پ ک ک بەردەوامە.[1] هەروەها گوتی ئیران ئەو رۆڵە دەبینێ کە پێشتر سوریە لەپاڵپشتیکردنی پ ک ک دەیبینی! لەوەش زیاتر رایگەیاند ئێران مێوانداری‌و ئامادەکاری کونگرەی شەشەمی پ ک ک کردووە؟

دوو هەفتە پاش ئەم لێدوانەی ئەجویت میدیاکانی هەردوولا هێرشی راگەیاندنیان بۆ سەر یەکتر دەست پێکرد، کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئیران رایگەیاند:» ئیران پرسی جیایی دین لە سیاسەتی تورکیا پەسەند ناکات» هەروەها وتی» دیموکراسی واتە رێزگرتن لە بەهاو باوەڕە جۆراوجۆرەکانی خەڵک»[2]هەر لەوپەیوەندییەدا لەرۆژانی ٩-١٠ی مایسی ١٩٩٩ سەدان خوێندکاری ئێرانی کە پێدەچوو لەلایەن بەرپرسانی

---

(١) تورک نیوز، ٩ی مایسی ١٩٩٩

(٢) تورک نیوز، ١٠ی مایسی ١٩٩٩

بالای وڵاتەوە هاندرا بن لەدژی سیاسەتەکانی تورکیا خۆپیشاندانیان سازداو داوای مافی ئازادی باڵاپۆشی ئیسلامییان دەکرد بۆ ژنانی تورکیا، ئەم خۆپیشاندانە لە جۆری خۆیدا سەرنجراکێش بوو چونکە دووەمانگی بەسەردا تێنەپەڕیبوو خوێندکارانی ریفۆرمخوازی ئێرانی ڕژابوونە شەقامەکانو داوای لابردنی عەبایان دەکرد[1] فایزە هاشمی رەفسەنجانی کچی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانو ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتە لەنامەیەکدا پشتگیری خۆی بۆ کاواکچی دەربڕی کە لەوڵامدا کاواکچی نووسیبووی:»پێویستی بە پاڵپشتی وڵاتێکی وەک ئێران نییە کە تێیدا مافی ئازادی ڕادەربڕین قەدەغە کرابێت.!* کاواکچیو فایزە هاشمی لەزۆر ڕووەوە دەربڕی دۆخێکی ناخۆش بوون کە ئازادیخوازانی هەردوو وڵات تێی کەوتبوون، هەردووکیان ئیسلامگەرابوون، لەلایەک فایزە هاشمی لایەنگری ریفۆرمخوازانی ئێران بوو و لەلاکەیتریش کاواکچی بەهەمانشێوە داکۆکی لە ریفۆرمخوازانی ئیسلامی تورکیا دەکرد، لە ئێران موحافیزکارانی ئیسلامی دژ بەریفۆرمخوازیی خاتەمی وەستابوونەتەوەو لە تورکیاش خوێندکارە کەمالیستەکانی لایەنگری سیکۆلاریزم سەرکۆنەی کاواکچییان دەکرد، کێشەی

(١) لەئێران چارشێو(عەبا) زۆرە ملی نییە
(٢) ئیران تایمز، ٢١ی مایسی ١٩٩٩

ئـەم دوو ژنـە ئـەوە بـوو پشـتگیرییان لەیەکتـر یـان لەوهێزانـەی نوێنـەری بزوتنـەوەی ریفۆرمخـوازیو گـەل سالاریی(دیموکراسـییەت) وڵاتەکانیـان بـوون نەدەکـرد، بۆیـە هەریـەک لـە ئیـرانو تورکیـا نەیاندەویسـت خۆیـان تووشـی سـەرئێشـەو کێشـەی ئـەو دوو ژنـە بکـەنو ئـەو کێشـەیە کار بکاتـە سـەر پرسـە جۆراوجۆرەکانـی سیاسـەتی دەرەکـی وڵاتەکانیـان.

ئەنقـەرە لەگەرمـەی ماجـەرای کاواکچیـدا لـە کێشـەی پ ک ک غافـڵ نەبـوو، سـپای ئـەو وڵاتـە رایگەیانـد عۆسـمان ئۆجـالان لەگـەڵ چەنـد فەرماندەیەکـی پ ک ک پەنایـان بردۆتـە بـەر ئیـران، لـە تورکیـا تەلەفزیۆنـی ئەو وڵاتـە داناپێدانانـی چەنـد گەریلایەکـی بڵاوکـردەوە کـە ئاماژەیـان بـەوە دەدا لەئێـران ڕاهێنـراون! لـە٢٢ی مایسـی ١٩٩٩ لـە پەرچەکـرداردا میدیاکانـی ئێـران بڵاویانکـردەوە: سـەربازانی سـەر سـنووری تورکیـا ٩ هاووڵاتـی ئێرانیـان کوشـتووەو تەرمەکانیـان لەمیلەمەرزیـدا فرێـداوە !کـە ویسـتویانە لەسـنووری ئـەو وڵاتـەوە بپەڕنـەوە

نەجمەدیـن کالـکان جێگـری پارێـزگای وان رایگەیانـد: بەداخـەوە کـوژراوەکان لـە ئۆپەراسـیۆنی دژ بـە پ ک ک کەوتوونەتـە نـاو شـەڕەکەوەو کـوژراون! وەلحاسـڵ لـە گەرمـەی پرسـی کاواکچیـدا پێدەچـوو هـەردوو وڵات بڕیاریـان دابێـت رێککەوتنـە سـنوورییەکانی نێوانیـان جێبەجـێ بکـەنو رێـگاش بـە لیژنـە سـەربازییەکان بـدەن

لەسەر شێوازی کوژرانی ئەو هاووڵاتیانە بکۆڵنەوە.
جەنراڵەکانی سپای تورک دەیانویست پشتگیریی ئیران بۆ کاواکچی بقۆزنەوەو بیکەن بەکارتی فشار بۆ ئەوەی ئیران واز لەپشتگیریکردنی پ ک ک بهێنێت وەک چۆن لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو بەرامبەر بە سوریا سیاسەتێکی هاوشێوەیان پەیرەو کرد، بەرپرسانی باڵای سەربازی تورکیا بەو ئەنجامە گەیشتبوون پشتگیریی ئیران بۆ کاواکچی زیاتر بەمەبەستی شاردنەوەی کێشە ناوخۆیەکانێتیو بەهێزکردنی مەشروعییەتی رژێمی ئیسلامی ئەو دەوڵەتە کە لەم دواییە بەهۆی نارەزاییو خۆپێشاندانەکانەوە لاواز ببوو، ئەمەش ئەو خاڵە لاوازە بوو کەلایەنگرانو نەیارانی خاتەمی هۆکارێک بوون بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی بەڵام کێشەی سەرەکی تورکیا بەردەوام پ ک ک بوو.
تورکیە پێیوابوو دەوڵەتی ئێران سەرەڕای رێکەوتنە سنوورییەکانی ئەم دواییە مەیلی نییە واز لەپشتگیریکردنی پ ک ک بێنێت، چونکە دەیەوێ وەک کارتێک بۆ بەهێزکردنی پێگەو هێژمونی خۆی لەباکووری عیراق بەرمبەر بە تورکیا بەکاری بەرێت، ئەم بانگەشەیە کەلەلایەن تورکیاوە دەکرا باوەڕ پێکراو بوو چونکە پاش دەرکردنی ئۆجالان لەسوریە ئێران پشتگیرییەکانی خۆی بۆ پ ک ک زیاتر کردو رێگای بە پارتی کرێکاران دا شەشەمین کونگرەی خۆی (فیبریوەری ١٩٩٩)لەناو

خاکی ئێراندا ببەسێت، دەزگای ئیتلاعاتی ئیران یارمەتی پ ک ک دەدات بۆ ڕێکخستنو ڕاکێشانی کوردی تورکیا بۆناو ڕیزەکانیو ئەنجامدانی چالاکی لە ناوخۆی ئەو وڵاتەدا، دانپێدانانی ئۆجالان لەزیندان چ لەژێر فشارو ئەشکەنجەدا بووبێتو چ ئازادانە تورەیی تورکیای چەند ئەوەندەتر کرد! چونکە دەریخست ئیران چەکو تەقەمەنی دەداتە پ ک کو ڕێگایان پێدەدات لەڕێگای وڵاتەکەیەوە دەستیان بگات بەچەکی پێشکەوتووی رووسی کە لەڕێگای ئەرمەنستانەوە دەنێردرێت بۆیان، هەروەها ئیران زەختی لە تاڵەبانی کردووە ڕێگا بدات پ ک ک لە باکووری عیراق بنکەو بارەگا بکاتەوەو چالاکی بکات، لەبەرامبەردا هەڕەشەی لەپارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق واتە هاوپەیمانەکەی تورکیا دەکرد ڕێگری لەبەردەم پ ک ک دروست نەکات! لە زۆر ڕووەوە ماجەرای کاواکچی لەناو ئەو کێشەو گرفتە جیۆپۆلیتیکە زۆرو زەبەنەکانیتری نێوان دوو وڵات کە لەسەر ڕۆڵو پێگەو هێژمونیان لە باکووری عیراقدا هاتبوونە پێش تەنیبوەوە.

## ئایا كێشمەكێشی نێوان ئێرانو توركیا شەڕی لێدەبێتەوزە؟!

ئێـران بـە درێژایـی مانگـی جـولای بانگەشـەی ئـەوەی دەكـرد توركیـە چەنـد شـوێنیكی خاكـی وڵاتەكـەی بۆردومـان كـردووەو ئەمـەش كاریكـردووە سـەر پەیوەندییەكانـی نێـوان دوو وڵات، لـە ١٨ی جـولای ئێـران رایگەیانـد بەهـۆی بوردومانـی چەنـد ناوچەیەكـی وڵاتەكەیـەوە لەلایـەن فڕۆكەكانـی توركیـا پێنـج هاووڵاتـی بوونەتـە قوربانـی، ئـەم بوردومانـەی توركیـە هەفتەیـەك پـاش ئـەو خۆپیشـاندانە گـەورە جەماوەرییـە بـوو كـە لـە دژی رژێم بە رێوە چوو بەمـەش جارێكیتر پرسـی كورد و مەشـروعییەتی سیاسـی رژێـم لـە ناوخـۆدا پێكـەوە گرێـدران، خۆپیشـاندەران لەسـەرەتادا ٢٠٠-٣٠٠ كـەس بـوون بـەڵام بەگوێرەی هەواڵـەكان ڕۆژانـی دواتـر بـۆ ١٠ و ١٠٠ هـەزار بـەرز بـوەوە.[١]

خۆپیشـاندەران خوازیـاری ئـازادی بەیـانو كـۆڕو كۆبوونـەوەی ئازادانـەو وەلانانـی باڵاپۆشـی ئیجبـاری بـوون، ئـەم خۆپیشـاندانە هێـزە یـارو نەیارەكانـی كۆمـاری ئیسـلامی بـەرو ڕووی یەكتـر كـردەوە، چەنـد رۆژ دواتـر لایەنگرانـی دەوڵـەتو رێبـەری شـۆڕش (ئایەتـوڵا خامەنەیـی) كـە خۆیـان بـە پەیـرەوكاری

---

(١) گۆڤاری –journal، بەرگی ١٥، ژمارە ٢، نۆڤەمبەری ١٩٩٩

بنەماکانی ویلایەتی فقیەو نەیاری ریفۆرمخوازیان دەزانی ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەمەش لەکاتێکدا بوو خۆپیشاندەرانی ریفۆرمخواز خوازیاری کەمکردنەوەی کۆتو بەندەکانو سەرکوت بوونو لەبەرامبەر توندو تیژی هێزی پۆلیس داوایان ئەوە بوو بەرپرسانی پۆلیس لەکار لاببرێن! خۆپیشاندانەکەی مانگی جولای ١٩٩٩ بەئاشکرا خەبات بوو بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ مافەکان هاوولاتیان، ئەم خۆپیشاندانە نەتەنەنیا چالنج بوو لەبەردەم سیاسەتی موحافیزکاران بەڵکو دەوڵەتی ریفۆرمخوازی خاتەمیشی کردبووە ئامانج.[(١)] پانتایی ئەم نارەزایەتییانە کاتێک دەرکەوت کە لە ناوەڕاستی سپتەمبەردا دەوڵەتی ئیران رایگەیاند ١٥٠٠ خۆپیشاندەر دەست بەسەرکراونو لە نێوانیاندا ٢٠٠ کەسیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی زیندان کراون، لەناو ئەم ٢٠٠ کەسە ٤٥ کەسیان بڕیاری زیندانیان بۆ ماوەی جیاواز بەسەردا سەپێنرا، ٢١ کەسیان لە تۆمەتەکانیان بەری کرانو ٤ کەسیان سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپاو ٣١ کەسیتریان چارەنووسیان بە

(١) ئیران تایمز، ١٦ی جولای ١٩٩٩
-ئەسۆشیتێدپرێس، ١٦ی جولای ١٩٩٩
-میدیل ئیستریچ ئینفۆر مەیشن، پرۆجێکت، راپۆرتێکی تایبەت سەبارەت بە ئیران، ١٥ی جولای ١٩٩٩
-نیۆیۆرک تایمز، ١٥ی جولای ١٩٩٩

نادیاری مایەوە!

پاش ئەو خۆپیشاندانە پارتە ناسیۆنالیستە کوردییەکان رایانگەیاند: خۆپیشاندانی جولای لە کوردستان کە بەروالەت وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە رادەستکردنەوەی ئۆجالان بەرێوە چوو بیانوویەکە بۆ هێنانە ئارای ویستو داخوازییە جەماوەرییەکانو نارەزایەتی دەربرین لە دژی رژێم، کوردەکان دەیانگوت ئەو سەرکوت و زەبرو زەنگەی بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی تاران کرا وەبیر هێنەری ئەو سەرکوتو زەبرو زەنگەیە لەمانگی فیبریوەر دژ بەخۆپیشاندانی کوردەکان کرا، دەکرێ بلێین خۆپیشاندانەکانی کوردستانو کوژرانی خۆپیشاندەران هۆکارێک بوو دواتر ناسەقامگیریو پشێوییەکانی تارانی لێکەوتەوە چونکە ئەم خۆپیشاندانانەی کوردستان لەباتی ئەوەی ببێتە وانەیەک بۆ دوورکەوتنەو خۆپاراستن لەبەرامبەر درندەییو سەرکوتی هێزە سەرکوتگەرەکان کەچی بوو بە هاندەر بۆ شارەکانیتر بەتایبەت خویندکارانی تاران کە لەدژی رژێم راپەرن.(١)

تورکیا بەرامبەر بە خۆپیشاندانکەکان بێدەنگ نەبوو و خۆی هەڵقورتاندە ناو ئەو کێشە ناوخۆییەی ئیران بۆ ئەو مەبەستە سەرۆک وەزیر ئەجویت رایگەیاند:»توندو تیژی کاردانەوەی سروشتی گەلی ئیرانە لەبەرامبەر رژێمێکی سەرکوتگەر» هەروەها رایگەیاند: گەلی ئیران گەلێکە

---

(١) ئەنیستیتۆی کورد، ١٧ی جولای ١٩٩٩

خاوەن پێشینەیەکی کەلتووری‌و مێژویی دەوڵەمەند بۆیە نابێ چاوەڕێیان لێبکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەردەم رژێمێکی بەسەرچوو و سەرکوتگەر بێدەنگ بن.[1]میدیاکانی نزیک لەکەمالیستەکان بەخۆشحاڵییەوە باسی ئاڵۆزییەکانی ئیرانیان دەکردو ئەوەی ڕوویدەدا نەیاندەشاردەوە، ئەمەش پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە زمانی زبرو غروری میدیاکانی ئیران لەماجەرای کاواکچی! ئێستا ئەوە ژنانی ئیران بوون کەخوازیاری فڕێدانی لەچکو باڵاپۆشی زۆرەملیی ئیسلامی بوون، واتە هەمان ئەو داخوازییە کە ژنانی تورکیە لەبەرامبەر مروە کاواکچی پیشانیاندەدا! خۆپیشاندانەکانی ئیران تا ئەو جێیە پەیوەندی بەمیدیاکانی تورکیاو کەمالیستەکانەوە هەبوو جەختکردنەوەو پاڵپشتێک بوو بۆ شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوان بەرامبەر بەکۆنەپەرستی‌و ئیسلامگەرایی لەتورکیا. لەکات‌و ساتێکدا کە هەراوهوریای کاواکچی لەمانگی جولای ١٩٩٩ گەرم بوو وەک ئاماژەی پێدرا ئێران تورکیای بەوە تۆمەتبار کرد چەند شوێنێکی ناو ئێرانی بوردومان کردووە و بەهۆیەوە ٥ هاووڵاتی ئیرانی بوونەتە قوربانیی، دەگوترا ئەو شوێنانەی بوردومان کراون کەوتوونەتە پیرانشارکە شارێکە لە ٤٠مایلیی

(١) ئیران تایمز، ١٦ی جولای، ١٩٩٩
-حورییەت، ١٤ی جولای ١٩٩٩

سنووردا سێگۆشەیەکی لەنێوان هەرسێ وڵاتی عیراق‌و تورکیەو ئێران پێکهێناوەو دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە، سەیر لەوەدایە ئەم شوێنە لە نزیک ناحیەی قتوور هەڵکەوتووە کە لەنێوان تورکیاو ئێراندایەو دەوڵەتی ئێران لە١٩٣٢ کاتێک پەیماننامەی سنوورییان ئیمزا کرد لە تورکیا وەریگرتبوو، ناوچەی قتوورو دەوروبەری لەبری بەخشینی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئارارات بە تورکیا خرایە سەر ئیران، ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئارارات لەساڵی ١٩٣٠ مەکۆی سەرهەڵدان‌و راپەرینی کوردەکان بوون، بۆردومانی جولای ١٩٩٩ لەلایەن تورکیاوە جارێکیتر هەموو ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی پەیوەندییان بەپرسی کوردەوە هەبوو زیندو کردەوە، بەپێچەوانەی بانگەشەی تورکیا ئیران دەیگوت: هیچ بنکەو بارەگایەکی پ ک ک لەناو خاکی ئێراندا بوونی نییەو تورکیا بە ئەنقەست خاکی ئێرانی بۆردومان کردووە !سەرەڕای ئەوەش پێیوابوو تورکیاو ئیسرائیل لەپشت ئەو خۆپیشاندانەدان کە لەتاران کرا، بەرپرسانی باڵای ئیران بۆ پشتراستکردنەوەی ئیدیعاکانیان دیداری سلیمان دەمیریڵ و بەرپرسانی ئیسرایلیان دەکردە بەڵگە کە تەنیا چەند رۆژ پێش ئەو رووداوە بەرێوە چوو.[1] بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایانگەیاند:» تا ئەوکاتەی دەوڵەتی تورکیا قەرەبووی مادی‌و مەعنەوی

(١) دەمیریل، ١٤-١٦ی جولای سەردانی ئیسرائیلی کرد

قوربانیـان نەکاتـەوە دەوڵەتـی ئێـران مافـی وەڵامدانـەوە بۆ خۆی دەپارێزێتو سـەربازە بەدیلکراوە کانی تورکیا بـەر نـادات».[1]

تورکیاش لای خۆیەوە هەموو ئەو تۆمەتانەی ئیرانی ڕەتدەکـردەوەو گاڵتـەی بـەو تۆمـەتو هێرشـانە دەهـات کەبەهۆی بۆردومانی خاکی ئێرانو کوژرانی هاووڵاتیانی ئـەو وڵاتـە ئاراسـتەی دەکـرا، ئەجویت لـە بەرامبـەر ئـەو تۆمەتانـەدا گوتی:»ئەگـەر بمانویسـتبا دەسـتدرێژی بکەیـن بۆ سـەر خاکی ئێران بە دوو سـەرباز نەماندەکرد» حسـێن کیـورک ئۆغلـۆ جەنراڵـی پلەبـەرزی تـورک وتـی» تورکیـە هیچ خاڵێکی ئیرانی بۆردومان نەکردووەو ئەو شـوێنەی بۆردومـان کـراوە خاکـی عیراقـە، مەحاڵـە فرۆکەوانانـی تـورک ئامانجێـک بـە هەڵـە بپێکـەن.[2] چونکـە هەمـوو ئـەو ئامانجانەی دیاریکراون بەپێی نەخشـەی ورد پلانداریژییان بۆ دەرکرێتو لەکۆمپیۆتـەر زەخیـرە دەکرێن بۆیـە هەڵـە هەڵناگرێـت! لەهەمانـکات کیـورک ئۆغلـۆ وتـی: لەوانەیـە سـەربازەکانی ئێـران هاتبنـە خاکـی عیراقـەوەو کەوتبنـە بـەر ئـەم هێرشـە! بەهەرحـاڵ ئـەم ناوچەیـەی بۆردومانکرا لەهەرکـوێ هەڵکەوتبێـت بنکـەو بـارەگای «پ ک ک»ی لێبـووە، کاتێـک ڕۆژنامـە نووسـان پرسـیاری ئەوەیـان لـە کیـورک ئۆغلـۆ کـرد کەئاخـۆ نییەتـی ڕاسـتەقینەی ئێـران

(١) حورییەت، ٢٠ی جولای ١٩٩٩

(٢) هەمان سەرچاوە

لـەم جـۆرە تۆمەتانـە چـی بێـت، ناوبـراو وتـی:» نییـەتو ئامانجەکانـی ئێـران گۆڕانیـان بەسـەردا نەهاتـووە! لەسـاڵی ١٦٣٩ بەمـلاوە هیـچ شـەڕیک لەنێوانمانـدا ڕووی نـەداوە بـەڵام ئێـران قـەد نەیویسـتووە تورکیایەکی بەهێـز ببینێـت، ئامانـج لەئاراسـتەکردنی ئـەم جـۆرە تۆمەتانـەش ئەوەیـە ئێـران دەیـەوێ تورکیـا وەک حکوومەتێکـی دەسـتدرێژیکەرو سـەرەڕۆ بەجیهـان بناسـێنێت!»کاتێک پرسـیارکرا لەجەنـراڵ ئۆغلـۆ سـەبارەت بەبانگەشـەی ئێـران لەمـەڕ هاتنـی یەکـە سـەربازییەکانی ئەمریـکا بـۆ باکـووری عیـراق ناوبـراو گوتی:»ئەمـە ئیدیعایـە دوورە لەڕاستییەوە« سـەرۆک دەمیرێل لەوەلامـی ئـەم پرسـیارە کـە ئایـا ناکۆکییەکانـی نێـوان ئێـرانو تورکیـا هاوشـێوەی ئـەو ناکۆکییانەیـە ئۆکتۆبـەری ڕابـردوو لـە نێـوان تورکیـاو سـوریەدا هاتنـە پێش؟ سـەرۆک دەمیرێل گوتی:»کاتـەکان جیـاوازنو دۆخەکـەش ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا هاتـووە، کاناڵـی پەیوەندییەکانـی نێوانمـان کراوەیـەو لەئێستاشـدا لـە گفتوگۆدایـن.»[1]

ئێران سـەبارەت بـە هەڵسـەنگاندنی تورکیـاو مەبەسـت لـە بۆردومانـی خاکـی ئێـران جیـاواز بیـری دەکـردەوە، بۆیـە لـەو پەیوەندییـەدا بەهمەنـی ئەخـەوان ئەندامـی کۆمیسـیۆنی پرسـی بەرگریی لـە پەرلەمـان گوتی:»هێرشـی تەرکیـا بـۆ سـەرخاکی ئێـران سـتراتیژیکیو سـیناریۆی

(١) حورییەت، ٣٠ی جولای ١٩٩٩- ئیران تایمز ٣٠ی جولای ١٩٩٩

تازە دارێـژراو بـوو لەسـەر بنەمـای لێکدانـەوەی میدیـا دەرەکییـەکان، واتـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە کـە شۆڕشـێکی نـوێ لـە ئێـران لەئارادایـە، چونکـە بـە لەبەرچاوگرتنـی سـەردانی ئـەم دواییـەی ڤیلیـام کۆهێـن وەزیـری بەرگریـی ئەمریـکا بـۆ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتو چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ سـەرۆک کۆمـاری تورکیـاو بەسـەرکردنەوەی فەلەسـتینی داگیرکـراو ناکـرێ ئـەم جموجوڵانـەی تورکیـا لەوانـە بۆردومانـی خاکـی ئێـران بـە ڕووداوێکـی لاوەکـی تێبگەیـن.»[1]

ئێـران تەنانـەت بەرامبـەر بەچالاکیـی ئیسـرائیلو یەهودییەکانـی ئەمریـکاو لەگـەڵ ئەوەشـدا جووڵـە سیاسـییەکانی خـودی ئەمریـکا زۆر هەسـتیارتر لەهەمیشـە بـوو! چونکـە ئـەم سـێ لایەنـە بەبەردەوامـی هێرشـێکی ڕاگەیاندنـی بەردەوامیـان لەسـەر کەیسـی دەستبەسـەکردنی ١٣ هاووڵاتـی یەهـودی کـە بەتۆمەتـی سیخوڕی بۆ ئەمریکا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە گیرا بوون وەگەڕ خستبوو، شـەڕی ڕاگەیاندنی ئـەم سێ لایەنـە بەمەبەسـتی ئازادکردنـی گیـراوان بەدرێژایـی مانگـی جولایو لەکاتـی بۆردومانەکانی تورکیـا بـۆ سـەر ئێـران بـە گەرمـی لەئـارادا بـوو.[2]

لەکاتـی خۆپیشـاندانەکانی مانگـی جـولایو هێرشـی

(١) تاران تایمز، ٢٠ی جولای ١٩٩٩
(٢) ئیران تایمز، ١٨ی جونی ١٩٩٩

ئاسمانی تورکیا بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران چارەنووسی ١٣ی یەهوودی دەست بەسەرکراو هێشتا نادیار بوو، وادەردەکەوت دەستبەسەرکردنی ئەو ١٣ یەهودییە بەشێک بێت لە ململانێی نێوخۆیی گروپە سیاسییەکانی ناو دەسەڵات، لەمانگی جولای ٢٠٠٠ لەکاتێکدا هیچ ئاسۆیەک بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی گیراوان بەدینەدەکرا ئەمەش لەکاتێکدا بوو لەڕەوتی دادگایی کردنیان لەمانگی جولای کە لەشیراز بەرێوە چوو ٩ لەم گیراوانە دانیان بەوەدا نابوو کە سیخوڕییان کردووە بۆ ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەش ئیسرائیلو ئەوروپاو ئەمریکاو یەهودیان بەجیدی هەوڵی ئازاد کردنیانیان دەدا.[١]

وەک سەرۆک دەمیریلو جەنراڵ ئۆغلۆ رایانگەیاند: بێگومان هۆکارو ڕەهەندی جیۆپۆلیتیکیو جیۆستراتژیکی جۆراوجۆر لەئارادا بوو کە پاش ٣٦٠ساڵ بەسەر رێککەوتننامەی ١٦٣٩ی نێوانیان ئەو دوو وڵاتەی لەئەگەری شەڕ پاراستبوو. لەمانگی ئاگۆست هەردوو وڵات لیژنەی سەربازییان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بۆردومانەکەی تورکیا بۆ سەر خاکی ئێران پێکهێنا،

(١) ئیسحاق نیک نەوا سەرۆکی کۆمەڵەی یەهودییان لەشیراز بۆ ئەسۆشێتێد پرێس» دەست بەسەکراوەکان بریتین لە چەند بازرگانیک، گەنجێکی تازە پێگەیشتووی ١٧ ساڵ، چەند کەسایەتییەکی ئاینی، دوو کارمەندی دەوڵەت» – ئیران تایمز ٧ی جونیوەری ٢٠٠٠

تورکیا دانی بەوەدانا کە لەوانەیە چەند بۆمبێک بەهەڵە ئاراستەی خاکی ئێران کرابن، ئێرانیش بەو ڕازیبوو قەبوڵ بکات بۆردوومانەکە بەهەڵە بەر خاکی ئێران کەوتووە، بەقەبووڵکردنی ئەم پاساوانە دەرکەوت دوو وڵات لەقازانجی خۆیان نابینن کێشەکە لەوە زیاتر پەرە بسێنێت، ئەوە بوو لە ١٩ی ئاگۆست دوو سەربازی دیلکراوی تورک لە لایەن ئێرانەوە بەردران ئەمەش لەکاتێکدا بوو پێشتر لە ١٠ی ئاگۆست غوڵامحوسێن بڵندیان جێگری وەزارەتی ناوخۆی ئێران کە بەسەرۆکایەتی لیژنەیەک بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی پرسە پەیوەندیدارەکانی نێوانیان ڕۆشتبووە تورکیا ڕایگەیاند:»من پێمباشە هەموو جیهان ئەو ڕاستییە بزانێت کە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران هێدی هێدی لەئاسایی بوونەوەدایەو ناکۆکییەکانمان چارەسەر کردووە.(١)

لە١١ی ئاگۆست هەردوو وڵات پەیمانێکی ئەمنی سنووری تریان ئیمزا کرد، هەفتەیەک پاش چارەسەری پرسی بۆردومانەکەی تورکیا بوومەلەرزەیەکی ماڵوێرانکەر لە١٧ی ئاگۆست لەتورکیا ڕوویدا کە بەهۆیەوە٢٠٠٠٠ کەس بوونە قوربانی، بەمەش بەشێوەی کاتی شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان دوو وڵات کۆتایی هات، میدیاکانی تورکیا ڕایانگەیاند ئێران

(١) تورک نیوز، ١٠ی ئاگۆستی ١٩٩٩

یارمەتییەکی بەرچاوی گەیاندۆتە زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزەکەی تورکیا، بەڵام چەند رۆژ پاش ئەو بوومەلەرزەیە ئێران نمایشێکی هەوایی‌و زەوینی وەک پەیامێک بۆ بۆردومانەکەی ١٨ی جولای بەرێوە برد بەڵام لە مارچی ٢٠٠٠ چیتر پرسی بۆردومان نەهاتە گۆڕێ‌و دەر نەکەوت ئاخۆ تورکیا وەک بەڵێنی دابوو قەرەبووی قوربانیانی کردۆتەوە یان نا؟ بۆردومانەکەی تورکیا بۆ سەرخاکی ئێران کاریکردبووە سەر دۆخی جیۆپۆلیتیک‌و جیۆستراتیژیکی ئیران لەباکووری عێراق و تەنانەت پەیوەندییە بەربڵاوەکانی ئەو وڵاتە لەکەنداوو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە کاردانەوەی ئێران بەرامبەر بەم ڕووداوە لە کاردانەوەی بەرامبەر بە کاواکچی زیاترو توندتر بوو. لەسەرەتای ٢٠٠٠ بێجگە لەئیمزاکردنی تێگەیشتننامەی ئەمنی‌و هاوکاریی کردن لە دژی گروپە تیرۆریستییەکان لە ١١ی ئاگۆست هەروەها بەدوای ئەوە بوومەلەرزەکەی ١٧ی ئاگۆست، تا کۆتایی ١٩٩٩و تۆمەتبارکردنی هەیشەیی ئیران بە پاڵپشتی کردنی پ ک ک لەلایەن تورکیاوە چیتر قەیرانێکی ئەوتۆ لەپەیوەندییەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا نەبینرا. تورکیا بەدانانی «توران مورالّی»وەک باڵیۆزی نوێی وڵاتەکەی لەتاران رایگەیاند: « هەندێ تێگەیشتنی خراپ نابێ ببنە رێگر لە رۆڵی بەرجەستەی دوو وڵات لە دابینکردنی ئارامی‌و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکەدا»لەوەڵامی ئەم

پەیامەی تورکیا سەرۆک خاتەمی گوتی:»زۆرێک لە وڵاتان نایانەوێ پەیوەندی نێوان ئێران‌و تورکیا باش بێت‌و هەوڵدەدەن ببنە بەربەست لەبەردەم پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەگەلێک لە بوونی نیگەرانیی نێوان ئیران‌و تورکیا بەدی دەکران، لە٢٠ی ئۆکتۆبەر پۆلیسی تورکیە ٩٢ ئەندامی حیزبولای کە بەوتەی میدیاکان‌و سەرچاوە دەوڵەتییەکان رێکخراوێکی کوردی دژ بە پ ک ک بوو دەستبەسەرکردو زۆرێک لەم گیراوانە دانیان بەوەدانا لەئێران پەروەردە کراون.[2]کوژرانی ئەحمەد تانێر کیشالی لە٢١ی ئۆکتۆبەری لەرێگای بومبێکەوە کەلەئۆتۆمبیلەکەی دانرا بوو هەرایەکی زۆری نایەوە، کیشالی مامۆستای زانکۆ و رۆژنامەنووسێکی بەرجەستەو لایەنگری سەرسەختی کەمالیزم و جیایی دین لە سیاسەت بوو، ئەم ڕووداوە رۆژێک پاش گیرانی ئەو ٩٢ ئەندامەی حیزبۆڵا ڕوویداو میدیاکانی تورکیا ئێرانیان بەوکارە تۆمەتبار کردو بەهێرشی توند بۆ سەر ئەو وڵاتە وەک هەمیشە نەتەنیا بەپاڵپشتی پ ک ک ناویان دەبرد بەڵکو بڵاویانکردەوە یارمەتی حیزبۆڵای ترسناک دەدات! بەپێی ئەو لێدوانانە ئێران بەدرێژایی دەیەی ١٩٩٠ هەوڵیداوە دەوڵەتێکی کوردی

(١) تورک نیز، ١٤ی سپتەمبەری ١٩٩٩– ١٨ی ئۆکتوبەری ١٩٩٩

(٢) تورک نیوز، ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

-ئیسلامی لەباشووری خۆرهەڵاتی تورکیا دابمەرزێنێت، رێک پاش کوژرانی کیشالی سێ هاووڵاتی ئێرانی کە دەوترا ویستویانە لەتورکیا دەرباز بن لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ دەستبەسەر کران.[1]

کوژرانی «کیشالی» بەخێرایی لەگەڵ کوژرانی مومجو بەراورد کرا کە یەکیکیتر بوو لە رۆژنامەنووسانی لایەنگری کەمالیزمو لە٢٤ جونیوەری ١٩٩٣تیرۆر کراو تۆمەتی تیرۆرەکە درایە پاڵ ئێران، کوژرانی کیشالی تووڕەیی لایەنگرانی کەمالیزمو سیکۆلارەکانی زیاتر کرد، نەیاری کۆنی ئیران مەسعود یەڵماز کە سەرۆکی حزبی «مام وەتەن»و یەکێک لە سێ سەرۆکی کابینەی هاوپەیمانێتی بوو رایگەیاند:»ئێستا بۆمان ڕوون بۆتەوە رێکخەرانی ئەم پیلانە ئیرانین‌و کوژرانی کیشالی لەلایەن»بەرەی ئیسلامی هێرشبەرانی خۆرهەڵات» جێبەجێ کراوە.»[2]

لە وەڵامی ئەم تۆمەتانەدا ئیران رایگەیاند: دەستی لە کوشتنی کیشالیدا نەبووە، نەرمی نواندنی ئێران لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانە ڕەنگ بێت پەیوەندی بەسەرقاڵبوونی ئێرانەوە بووبێت بەسەردانەکەی خاتەمی بۆ فەرەنسە.[3] بەڵام هەرچۆنێک بێت تاران تورکیای

---

(١) تورک نیوز، ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩
(٢) یونایتێد پرێس ئینتەر ناشناڵ، ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠
(٣) حاتەمی لە ٢٧-٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ سەردانی پاریسی کرد

بەوە تۆمەتبار کرد کە سێ ئێرانی دەستبەسەرکراو بەهۆی نفوزو دەستوەردانی بەرپرسانی ئیسرائیلی گیراون، چونکە هەرکات پەیوەندی نێوان ئیران‌و تورکیا بەرەو باشە دەڕوات هەندێ لایەن هەوڵدەدەن کۆسپ بخەنە بەردەم ئەو بەرەو پێشچوونە.[1] نێگەرانی دەربڕین بە وەڵامدانەوەکەی ئێرانەوە دیار بوو چونکە تاران تا چەندەش یارمەتی پ ک ک یان تەنانەت حزبوڵای دابێت بەدوور دەزانرێت لە پاییزی ۱۹۹۹ لەبەرژەوەندیدا بووبێت کارێکی وا بکات.بەرێز ئەجویت سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە۲۲ی ئۆکتۆبەردا لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەپرسی پەیوندی ئێران بە کوژرانی کیشالی خۆی دزییەوەو باسی نەکرد. ئەمەش سەرەڕای ئەو هەراو هوریایە بوو کە لەسەر ئەو تیرۆرە تورکیای گرتبووەوە، ئەنوەر جویک سەرنووسەری دەسترۆشتووی «تورکیا نیوز» جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی « تورکیا دەبێ پرۆژەی گازی تورکیا- ئێران بخاتە سەرو کارەکانیەوە نەک پرۆژەی ئاوی»ماوی ئاکیم» ناوبراو بەرپرسانی تورکیای بەهۆی دواخستنی ئەو پرۆژەیە سەرزەنشت کرد، لەبەرامبەر ئەو لێدوانەدا ئێران رایگەیاند:»لەلایەن خۆیەوە کاری ڕاکێشان‌و بیناسازی ئەو هێڵەی پێی سپێردرا بوو لە ناوەڕاستی ۲۰۰۰دا تەواو دەکات‌و چاوەڕوانی لە تورکیا ئەوەیە بەشەکەی خۆی خێراتر

---

(۱) تاران تایمز، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ۱۹۹۹

کۆتایی پێبێنێت».[1]

ئارامیو سەقامگیریی لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات کە لە کۆتایی ١٩٩٩ هاتبووە ئاراوە بەردەوام نەبووو نەگیشتە هەزارەی سێیەم چونکە لە ناوەڕاستی جنینیوەری ١٩٩٩ پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانی تورکیا چەندین هێرشی کوتو پڕو هاوکاتیان کردە سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبوڵا لەسەرتاسەری ئەو وڵاتەدا، حیزبوڵا ڕێکخراوێک بوو کەدەزگا ئەمنیوسیخورییەکانی تورکیا لەدژی پ ک کو بەمەبەستی لەناو بردنی سەرکردە نەتەوەخوازەکانی کورد بەتایبەت لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لە دامەزراندنیدا دەستیان هەبوو، بەڵام دواتر پاش ئەوەی هەندێ کارو کردەوەی چاوەڕواننەکراویان ئەنجامدا ئەندامەکانیان گیرانو دانیاننا بە هەندێ لەو تیرۆرو ڕفاندنانەی کە لەو ماوەیەدا ئەنجامیان دابوو، ئەم ڕێکخراوە دڕندەیە لەو ماوەیەدا سەدان کەسیان کوشتبوو و لاشەکانیانیان لە ژێرزەویو لەحەوشەی ماڵاندا شاردبوەوە، ئەم ڕووداوە ترسناکە دەریخست تورکیا لەساڵانی دەیەی١٩٩٠ بۆ لەناوبردنی پ ک کو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە هیچ کردەوەیەکی قیزەونی تیرۆریستی سڵی نەکردۆتەوەو لەزەلکاوی گەندەڵیدا چەقیوە، دامەزراندنی حیزبوڵا بەواتای هاوکاریکردنو دەست تێکەڵکردن بوو لەگەڵ

(١) تورک نیوز، ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩

تیرۆریزمی جیهانیو تاوانە پلان بۆدارێژراوەکانی گەورە تیرۆریستانی وەک عەبدوڵا چاتلیو عەلاعەدین جاکیجی. [1]

ئەو ئاشکراکردنو قاودانانەی کە هەندێ لەسیاسەتمەدرانو رۆژنامەنووسان دەریاندەبڕی لەسەر پەیوەندی نێوان حزبوڵا و سپای ئەو وڵاتە مشتو مڕێکی زۆری لە نێوان کەمالیستەکانو ئیسلامگەرایان نایەوەو ناکۆکی نێوانیانی زیاتر کرد، بۆ نموونە کاتێک لەرجای کوتان سەرۆکی حزبی تەقوایان پرسی: بۆچی ئەوانەی بەرپرسی هاوسەنگی دیموکراتی لەوڵاتدان لەباتی ئەوەی تانکو زرێپۆشەکانیان بەرەو ڕووی حیزبوڵا بکەنەوە ناردنیانە سەر خەڵکی سنجان؟ ئایا سپا هیچ باڵانسو هاوسەنگییەکی لەخۆی نیشاندا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستیو کۆنەپەرستاندا؟[2]

لەوەها دۆخێکدا سروشتی بوو زۆرێک لەسیاسەتمەدارانو رۆژنامەنووسانی تورکیا دیسان ئێران تۆمەتبار بکەن بە دابینکردنی پاڵپشتی دارایی‌و ڕاهێنانی حیزبوڵا، کنعان ئێڤرین سەرۆک کۆمارو سەرۆک ئەرکانی پێشووی سپای تورکیا(١٩٨٣-١٩٨٩) رایگەیاند:» حیزبوڵا دروستکراوی ئێرانەو ئەم وڵاتە

(١) رۆبێرت ئۆڵسۆن، پەیوەندی تورکیاو سوریە لە شەری کەنداو بەدواوە تا دەرکردنی ئۆجالان

(٢) حورییەت، ٢٢ی جونیوەری ٢٠٠٠

هەمیشە بۆ ئێمە کێشەو گرفت بووەو رۆژێک لەڕۆژان یارمەتی نەداوین، لەسەردەمی (یاووز سلیم)دا تاکو ئێستاکە دژ بەتورکیا بوو، کاتێک حیزبولڵا لەسالآنی دەیەی ١٩٨٠ گەشەی کردو بەهێزبوو من مەترسی ئەو هێزەم راگەیاند بەلآم سیاسەتمەداران تەنیا نیگەرانی بیروڕایان بوون! بەمجۆرە حیزبولڵایش وەک ئەوانیتر گەشەی کرد.»[١]

بێجگە لەکەنعان ئورون شەپۆلی تۆمەتەکان بەرەو ڕووی ئێران دەکرایەوەو هەمووان ئێرانیان بە دروستکەرو هاندەری حیزبولڵا دەزانی لەوانە دەیانگوت: «حسێن ئوغلۆ کە سەرکردەی گروپێک بوو لەڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پۆلیسی ئەستەمبوڵ کوژرا، لەئێران ڕاهێنراوە« ژمارەیەک لە ئەندامانی دەست بەسەرکراوی حیزبولڵا لەمحاکمەدا دانیان بەوەدانا سەرکردەکانیان لەلایەن سپای پاسدارانەوە لەشوێنێکی نزیکی تاران پاش ڕاهێنان‌و پەروەردەردنیان دەنێردرێنە شاری قوم: مەلا ئەنوەر کە کوردەو خەڵکی سیلوانە لەباشووری خۆرهەلآت، هەروەها گوکهان ئایدنێر فەرماندەی گشتی حیزبولڵا لە باشووری خۆرهەلآت، دەیانگوت: حیزبولڵا سەرەڕای شەڕی پارتیزانی‌و ئەو تیرۆرانەی ئەنجامی دەدات کاری سیخوڕیش بۆ ئێران دەکا، ئایدنیر ئەوەشی وت: بەرنامەو تاکتیکەکانی حیزبولڵا نوسخەی کۆپی

(١) حورریيەت، ٢٤ی جونیوەری ٢٠٠٠

کـراوی هێزەکانـی سـپای پاسـدارانە، ئـەم فەرماندەیـە گوتـی: حیزبـوڵا لـە بەرنامەیدایـە هاوشـێوەی ئێـران رژێمێکـی ئیسـلامی لەتورکیـا بونیـات بنێـت.[1]

کەمـال ئەسـکەندەر لێپرسـراوی دەزگای ئاسایشـی ئەنقـەرە گوتی»بچـەکو تەفاقی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنقـەرەو بەشـی ناوەنـدی ئاناتۆلـی لەئەسـتۆی سـەرکردایەتی حیزبوڵایـە کـە هەرهەموویـان لەئێـران راهێنـراون، ئەمانـە بەمەبەسـتی راهێنانـی سیاسـی، سـەربازی رۆشـتوونەتە ئێـرانو ئـەو وڵاتـە ئـاگاداری هەمـوو جموجوڵانیانە«.بۆیـە دوور نییـە تیـرۆری» ئۆگـور مومجـو» کاری حیزبـوڵا بوو‌بێـت.

سـەرەڕای ئـەو تۆمەتانـەش ئێران بەتوندی لە پەیوەندی لەگەڵ کوشـتنی «کونجا کوریش» سـەرکۆنە کرا، کوریش ژنێکـی گەنـجو چالاکڤانـی بـواری مافـی ژنـان بـوو کـە بـوو بـە قوربانـی دەسـتی ئەندامانـی حیزبـوڵا، ئـەم ژنـە چالاکڤانـە پێشـتر بـۆ ماوەیەکـی کـورت ئەندامـی حیزبـوڵا بـووو تەنانـەت لـە ١٩٦١ بـە نوێنەرایێتـی ژنانـی موسـڵمانی تـورک لـەرۆژی جیهانـی ژنانـی موسـڵمان کـە لەتـاران بەرێوەچـوو بەشـدار بـوو، سـەیر لەوەدایـە پـاش ئـەو دیـدارە وازی لـە ئەندامێتـی حیزبـوڵا هێنـاو چاودێـران پێیانوایـە هـۆکاری کوشتنەکەشـی پەیوەنـدی بـەو دیـدارەو وازهێنانەکەیـەوە هەبـوو بێـت، پـاش ئەسـپەردەکردنی کونجـا، عەبـدوڵا

(١) حورییەت، ٢١ی جونیوەری ٢٠٠٠

کوریشی خەزووری تاوانی زیادەڕۆییەکانی کونجا لەمەڕ مافی ژنان خستە ئەستۆی ئێران‌و گوتی: «ئەگەر کونجا نەڕۆشتبا ئێران بەم ڕۆژە نەدەگەیشت».[1]

پەیامی میدیاکانی تورکیا ڕوون بوو:» ڕۆشتن بۆ ئێران‌و شوێنکەویی‌و پەیرەوییکردن لە ژنانی ئێران واتە پێشوازیکردن لە مەرگ ئەوەش نەک بۆ ژنانی لایەنگری سیکۆلاریزم بەڵکو تەنانەت بە ژنانی ئیسلامگەرا» چارەنووسی مروە کاواکچی بە بەراورد لەگەڵ ئەم ڕووداوە واتە کوژرانی کونجا کوریش گرنگییەکی وای نەبوو.

باشبوو کاتێک پرسی حیزبولا لەمیدیاکانی تورکیا وروژێنرا کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئێران لەئەستەمبوڵ سەرقاڵی گفتوگۆ بوو لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای تورک، ناوبراو زۆر ڕاشکاوانە حاشای لەوە کرد یارمەتی حیزبولایان دابێت! هەروەها گوتی:»چ پ ک ک و چ حیزبولا کەسیان یارمەتی لە ئێران وەرناگرن‌و ئێمە کردەوەی ئەم گروپانە پەسەند ناکەین» کاتێکیش لێیان پرسی: ئێران لەبەرامبەر ڕێکخراوی تیرۆریستی پ ک ک چ ڕێوشوێنێکی لەپێش گرتووە؟ گوتی» هەردوولا دەمانەوێ وڵاتەکەمان لە کردەوەی ترسناکی لەمجۆرە دوور بخەینەوە، ئێمەو تورکیا سنووریکی دوورو درێژمان هەیە خەڵکانێک هەن کە سوودی

---

(١) هەمان سەرچاوە

خراپ لەم سنووورە درێژە وەردەگرن، بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە ئاڵوگۆڕی زانیاریی ئەمنی بەهێز لەنێوانماندا هەبێت، ئێستا لەرێگای هێڵی تەلەفۆنەوە پەیوەندی راستەوخۆمان هەیەو لەئەگەری بوونی هەرجۆرە ڕووداوێک دەتوانین یەکتر ئاگاداربکەینەوە.»(١)

وەزیری دەرەوەی ئێران بەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتەی کەبۆی ڕەخسابوو سەرکۆنەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیلو تورکیا کرد لەبواری سەربازییەوەو گوتی:» ئەوە ئیسرائیل بوو لەپشت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو لەباکووری عیراق» ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کاری پرۆژەی گازی نێوانمان ڕانەگیراوە بەڵکو بەشێوەی کاتی وەستێنراوەچونکە تورکیا نەیتوانیوە بودجەی تازە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە دابین بکات، خەڕازی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە«گازی سروشتی دەبێتە هێمای پەیوەندییەکانی ئێرانو تورکیا چونکە ئەم پرۆژەیە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە ئەو وڵاتە تەنیا پشت بەیەک سەرچاوە نەبەستێت.(٢)

سەرنجراکیشە ئەوەیە مشتومڕ لەسەر هێرشو بوردومانی فرۆکەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی ئێرانو دەربڕینی پشتگیری بڵند ئەجویت بۆ خۆپیشاندانەکانی جولای لەشارەکانی ئێرانئ ماجەرای جنیوەر - فیبریوەری

---

(١) حورییەت، ٢٤ی جونیوەری ٢٠٠٠

(٢) حورییەت، ٢٠ی جونیوەری ٢٠٠٠

٢٠٠٠ی حیزبولا، دەرکردنی باڵیۆز یان بەرپرسانی بالای دوو ولاتی لەخاکی یەکتر لێنەکەوتەوە!ئەمەش پێچەوانەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٧و ١٩٩٨ بوو کە تورکیا ئێرانی بەدەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی ولاتەکەی‌و پشتگیریکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی‌و بزوتنەوەی ئیسلامگەرایی دەکرد، سەرەڕای هەندێ وێکچوون کە لەنێوان ماجەرای کاواکچی‌و ماجەرای حیزبولادا هەبوو بەلام ئەم دوو ڕووداوە نەگەیشتە ئەوەی دوو ولات بالیۆزەکانی یەکتر دەربکەن، بەلام ئەم جارەیان لێدوانی لەواسانی بالیۆزی ئێران لەئەنقەرە سەبارەت بەماجەرای کاواکچی زۆر وریایانەترو موحافیزکارانەتر بوو لەلێدوانەکانی محەمەد باقری لە سنجان، لەوەش گەڕێین زۆربەی ئەم تۆمەتانەو هەروەها ئەو تۆمەتانەی لەجولای ١٩٩٩ ئاراستەی یەکتریان دەکرد لەچوارچێوەی دوو ولاتدا تێنەدەپەری و بەپێچەوانەی سالانی ١٩٩٧و ١٩٨٩ لەناو ولاتانی مێواندار یان لایەنی سێیەمدا دەریان نەدەبڕی.

ئەو ئالۆزییەی لەئەنجامی ماجەرای کاواکچی‌و بۆردومانی خاکی ئێران‌و پرسی پەیوەندیدار بە حیزبولا لەنێوان دوو ولاتدا سەریهەڵدا دەریخست ئەو دوو ولاتە نەیاندەویست کێشەی دەرکردنی باڵیۆزەکانیان جارێکیتر دووبارە بکەنەوە، تێگەیشتنی دوو ولاتە لەو ڕووداوانە ئەوە بوو ماجەرای کاواکچی‌و خۆپیشاندانەکانی ئێران

و مەسەلەی حیزبوڵا پرسگەڵێکن لەناو خۆی ئەو وڵاتانەدا سەریانهەڵداوەو پەرەیان سەندووە، ئەو هەموو هەراو هوریایەی سەبارەت بە بۆردومانی خاکی ئێران هەبوو دەگەرایەوە بۆ ئەوەی کە ئیران واتێگەیشتبوو تورکیا لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران و دۆسیەی یەهودییە دەستبەسەرکراوەکان ویستویەتی گوشار بخاتە سەر ئیران بۆ ئەوەی واز لەپەیوەندییەکانی بێنێت لەگەڵ پ ک ک چونکە پ ک ک بەهەڕشەی ناوخۆییو دەرەکی دادەنرا بۆ تورکیا، ئێران لەوە گەیشتبوو بێدەنگ بوونو بێهەڵوێستی لەبەرامبەر ئەو کارەی تورکیا زیان بە بوونی لەباکووری عیراق دەگەیێنێتو پێگەی ئەو وڵاتە لە باکووری عیراق لاواز دەکات. هەروەها بەشێوەی گشتی کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەو وڵاتە لە کەنداوو قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست.

بۆردومانی خاکی ئێران لەلایەن تورکیاوە چ بەرێکەوت بووبێت یان نا بۆ سەرجیۆپۆلیتیکی ئیران گەلێک لەخۆپیشاندانە ناوخۆییەکانی مانگی جولای گرنگتر بوو چونکە هەر رژێمێک لە ئیران لەئارادا بێت چ ئیسلامی یان غەیری ئیسلامی دەبوو لە دۆخی جیۆپۆلیتیکی ئێران لەباکووری عیراق بەرگریی بکردبا، ئەمەش بەو واتا دێت کە ئەم کارە کاریگەریی لەسەر کۆی پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئیران لەرۆژهەڵاتی

ناوەڕاست دادەنێت، بەڵام لەماجەرای حیزبوڵادا ئێران تەنانەت خۆشحاڵ بوو لەبەر ئەوەی پێیوابوو ئەم تۆڕە ترسناکە کە تورکیا لە دژی پ ک کو ناسیۆنالیزمی کورد هێناویەتی ئاراوە بە زیانی خۆی دەشکێتەوە(ئەو خانووە مەقەباییەی کە خۆی دروستیکردبوو ڕووخا بەسەرخۆیدا ).

بەڵام دواجار سەرەی ئێرانیش گەیشتو ئەو خانووە مقەباییە کە بەبێ پلان دروست کرابوو بەسەر ئەویشدا ڕووخا، لەسەرەتای مانگی مایس لەکاتێکدا ئۆپەراسیۆنی پۆلیس لەدژی حیزبوڵا و هەڵدانەوەی گۆڕی قوربانیانی دەستی ئەو گروپە لەگۆڕێدا بوو، لەمیدیاکانی تورکیا ڕاگەیێنرا بکوژانی ١٧ ڕۆژنامەنووس‌و سیاسەتمەدارو مامۆستای زانکۆ و کەسایەتییە دیارەکان گیراون‌و دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە کە لەبەرگی :جەنگاوەرانی قودس» کە ڕێکخراوێکی ڕاهێنراوی سپای پاسدارانە ئەو کارەیان ئەنجام داوە! ئەم کردەوەیەو ئاشکرابوونی بکەرەکانی قەیرانێکی نوێی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران‌و تورکیا هێنایە ئاراوە، قەیرانی کردەوە تیرۆریستییەکان جیدیتر لە هەموو ئەو قەیرانانە بوو کە پێشتر ڕوویاندا چونکە تا ئەو ئاستەی پەیوەندی بەمیدیاکانەوە بوو ئەم تیرۆرانە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ و تاوانکارانە لەکاروباری ناوخۆی تورکیا لەقەڵەم دەدرا!

تورکەکان بەهۆی پەیوەندی ئێران بە کوشتنی

پرۆفیسۆر «بەحریە ئۆچیک»لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠، موعەمەر ئاکسۆی لە ٣١ی جانیوەری ١٩٩١، ئۆگۆر مومجۆ لە ٢٤ی جانیوەری ١٩٩٣ و ئەحمەد تانیر کیشالی لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ بەتوندی تووڕە بوونو رایانگەیاند: دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا لەرێگای تاقیکردنەوەی بالیستیکیو لەیزەرییەوە جۆری ئەو چەکو بۆمبانەی کەشف کردووە کە لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا بەکار هێنراون، هەروەها رایانگەیاند ئەو زانیاریانەی کە بەهۆیانەوە ئەندامانی حیزبولّا دەستبەسەر کراون لەرێگای دانپێدانانی خودی ئەو ئەندامانەوە وەریگرتوون، بەرپرسانی تورک هەوڵی زۆریان دەدا هەرچۆنێک بووە بکوژەکان وەک ئەندامی حیزبولّا بناسێنو ئەمەش بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنن پەیوەندییان بە ئیسلامگەراکانەوە هەیە، ئەم هەولّانەشیان کاتێک سەری گرت کە بڕێکی زۆر مادەی تەقینەوەی پلاستیکیو بۆمبی سەعاتیو مەگنێت(مانیو یان ئامرازی تەقینەوە) لەشاری سنجان دۆزرایەوە، واتە ئەو شوێنەی کە شەوی قودس لە ٣١-٢ی جانیوەری- ئیسلامگەراکان رێورەسمیان بەرێوە بردو محەمەد باقری باڵیۆزی ئێران د بە ئیسرائیل لێدوانی توندی ئاراستەی بەشداربووان کرد کە دواجار بەوهۆیەوە لەگەڵ هەیەک لە رەزا راشد، سەعید زارع کارمەندانی ئێران لە کونسوڵخانەکانی ئەستەمبولو

ئـەرزرووم لەتورکیـا دەرکـران.[1]

دوابـەدوای وتارەکـەی محەمـەد باقـری سـپای تورکیـا بەمەبەسـتی نیشـاندانی هێـزو ترسـاندنی ئیسـلامگەرایان ژمارەیەکی زۆر تانکو زرێپۆشـی لەشـەقامەسـەرەکییەکانی سنجان نمایش کرد، ئـەم ڕووداوە شـەپۆلی ڕاوبۆچوونو هەلوێستی جۆراوجۆری لەمیدیاکانـی تورکیـای لێکەوتـەوە، میدیاکانـی نزیـک لـە کەمالیسـتەکان بڵاویانکـردەوە: ڕێکخـراوی تەوحیـدی ئیسـلام کـە بارەگاکـەی لـە شـاری مەلاتییەیـە هـۆکارو ئەنجامـدەری ئـەو ڕووداوەو کوشـتنی خەڵکـی سـڤیلە، ڕۆژنامـەی ئـەم ڕێکخـراوە ئیسـلامییە بەنـاوی «سـەلام» لـە ١٩٧٩ واتـە پـاش سـەرکەوتنی شۆرشـی ئیسـلامی ئێـران لەلایـەن نورەدیـن شـیرین دەردەچـوو، دەوتـرا شـیرین یەکێـک بـووە لـە ئامـادەکارانو ئامادەبووانـی ڕێوڕەسـمەکەی سـنجان، هەروەهـا میدیـاکان بڵاویانکردەوە:»هـەم تەوحیـدی ئیسـلامو ڕۆژنامەکەیـانو هـەم جەنگاوەرانـی قـودس هـۆکارو ئەنجامـدەری ئـەو کۆمەڵکوژییـەن کـە لـە ڕێگای بریگاردو میلیشـیاکانی مرۆڤ کوشـانی سـەر بەسـپای پاسدارانی ئێران ئەنجامیـان داوە.[2] لەراپۆرتـەکان ژمـارەی ئەندامـە کوردەکانـی «تەوحیـدی ئیسـلام «ئاشـکرا نەدەکـرا بـەڵام بەلەبـەر چاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییە کەبنکـەو ناوەنـدی سـەرەکی ئـەم ڕێکخـراوە

---

(١) ئۆڵسۆن، پرسی کورد، ل ٥٦–٥٨

(٢) حورییەت، ٩ی مایسی ٢٠٠٠

لـه مەلاتییەیـە کـە ناوچەیەکـی کوردنشـینە دەتوانیـن بڵێـن ئەگـەری ئـەوە هەیـە بەشـێک لـەو ئەندامـە دەسـت بەسـەرکراوانەی تەوحیـدی ئیسـلام کـورد بـن.

بەرپرسـانی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا نەرمتـرو موحافیزکارانەتـر لەمیدیـاکان مەلەفـی ئـەو پرسـەیان هەڵدایـەوەو رایانگەیاند:»تـا بەڵگـەو دیکۆمێنتـی تـەواو کـۆ نەکرێتـەوە هیـچ دۆسـییەک لەپەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم کـردەوە تیرۆریسـتییانە ئارسـتەی تـاران ناکرێـت» هەرچەنـد کـە بەوتـەی یەکێـک لەدپلۆماتتـاران ئەگـەر بەڵگـەو زانیـاری پێویسـت بکەوێتـە دەسـت وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا ئـەوکات دەتوانرێـت گوشـار بخرێتـە سـەر تـاران بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بهێنـێ بەوپشـتگیریانەی لـە پ ک ک دەیـکات.»[1]

میدیـاکان پێیانوابـوو بەرپرسـانی سـەربازیی تورکیـا دەیانـەوێ بـەر لەسـەرقاڵبوونیان بەکێشـە گـەورەو قووڵەکانی باشـووری خۆرهـەڵات کۆتایـی بێنـن بەهەمـوو ئـەو پەیوەنـدیو دەسـت تێکەڵکردنانـەی پ ک لەگـەڵ وڵاتانـی جیـران.[2] میدیاکانـی تورکیـا پێیانوایـە تـا ئێسـتاش دەوڵەتـی ئێـران نزیکـەی ١٥٠٠چەکـداری پ ک کـو ٥٣ ئەندامـی حیزبوڵایـان لـە خاکـی ئێـران جێگیـر کـردووەو پەنـای پێـداون، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا نیگەرانیـی

(١) حورییەت، ١٤ی مایسی ٢٠٠٠

(٢) TDN، ١٣ی مایسی ٢٠٠٩

سەرەکی تورکیا بەبەردەوامی ئەو پشتیوانیو پشتگیریانەیە کە بەوتەی تورکەکان ئێران بۆ پ ک ک دەیکات.

توندترین رەخنە کە بەرەورووی ئێران کرایەوە لەلایەن سەرۆک وەزیر بلێند ئەجویت بوو، ئەجویت کە لەسەر چۆنیەتی بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێران لەگەڵ ئیسمائیل جەم وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ناکۆک بوو لە ١٧ی مایس واتە ئەوە رۆژەی ئەحمەد نەجدەت سیزەر سوێندی دەست بەکار بوونی خوارد، لەکونفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند:» ئێران ساڵانیکە تیرۆریستە جیاخوازەکانی پەناداوەو هێشتا بیر لە هەناردەکردنی پەیامو بنەماکانی شۆرشی ئیسلامی دەکات بۆ وڵاتانیتر، لەئامێزگرتنی ئەوانەی کاری تیرۆریستی دەکەن لەتورکیا بەکردەوە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەمان، بەداخەوە هەندێ لەو تیرۆریستە جیایی خوازانەو رێکخراوە ئیسلامگەراکان بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن ئێرانەوە پێشوازییان لێدەکرێتو لە هەوڵەکانی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆرشەکەی سوود وەردەگرن».[1]

بەهەرحاڵ ئەجویت وەک ماباقی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هەوڵیدا بە جیاوازیی دانان لەنێوان بکوژانو پشتیوانە ئێرانییەکانیانو دەوڵەتی

(١) حورییەت، ١٧ی مایسی ٢٠٠٠

خاتەمـی بـە شـێوەیەکی نەمتـرو ئاشـتیانەتر هەڵوێسـتی خـۆی دەرببرێـت، «ئیلنـور جەویـک» وەک رابـردوو لـە شـرۆڤەی لێدوانەکانـی ئەجویتـدا نووسـیی: «بەرپرسـانی دەوڵەتـی تورکیـا لەسـەر گرنگـی پاراسـتنی پەیوەنـدی دۆسـتانە لەگـەڵ ئێـران ئـاگادارن چونکـە ئێـران نەتەنیـا لەخۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەڵکـو لـە قەوقـازو ئاسـیای ناوەنـدی بەیەکێـک لـە شـەریکە گرنگەکانـی تورکیـا دادەنرێـت، ئێـران نەتەنیـا دەتوانـێ شکسـت بەپلانەکانـی تورکیا بۆ بوون بە شاڕیی هێڵی گواستنەوەی وزە بهێنێت بەڵکو بەکردەوە دەتوانێ ببێتـە ڕێگر لەگەیشتنی تورکیا بەئاسیای ناوەڕاست، ئەوەندی تورکیا پێویستی بەئێران هەیە ئێرانیش بەهەمانشێوە پێویستی بەتورکیایە، تورکیا ئەگەر بیەوێ دەتوانێ زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران بگەیێنێت لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەگەر توندڕەوەکانی ئێران دەستیان لەو تاوانانەدا هەیە کە لەتورکیا ئەنجامدراوە دەبـێ رژێمـی ئێـران ئـەو تاوانبارانـە بگرێـتو راپێچـی دادگایـان بکات، بۆیـە تەنیا لەوکاتەدایـە کـە دەکرێ بـاس لـە جیدیەتـی خاتەمـی بکرێـت، بـەڵام بـەر لەهەمووشـتێک تورکیـا دەبـێ لـەم پرسـەدا بـۆ سـەلماندنی بەشـداریی توندڕەوکانو ئـەو کەسـانەی بەشـدارن لـە کوشـتنی هاووڵاتیانـی تـورک بەڵگـەو دۆکیۆمێنتـی بەهێـزو بـاوەڕ پێکـراوی لەبـەر دەسـتدا بێـت.[١]

---

(١) TDN، ١٨ی مایسی ٢٠٠٠

محەمـەد عەلـی بیرانـد یەکێـک لەرۆژنامەنووسـە بەرجەسـتەکانی تورکیـا سـەبارەت بەرۆڵـی ئێـران ڕایگەیاند:»بەپێـی هەنـدێ سـەرچاوە پـاش هاتنەکایـەی کۆماری ئیسـلامی لـە١٩٧٩ ئەم رژێمە لەچالاکیی سیاسی ٤٠٠-٥٠٠ هـەزار ئێرانـی پەنابـەر لەتورکیا نیگـەران بـوو، زۆربـەی ئـەم پەنابەرانـە بـە هاوکاریـی و هاوسـۆزیی ئێرانییـە دەوڵەمەنەکانـی دانیشـتووی ئەوروپـاو ئەمریـکا لەدژی ئێران چالاکییان دەکرد، بۆیە تاران بە مەبەستی ترسـاندنیان نزیکـەی ١٠ هـەزار دارو دەسـتەی خـۆی بـە نـاوی پەنابـەر ڕەوانـەی تورکیـا کـردو دەسـتیانکرد بـە تیـرۆری نەیارانـی کۆمـاری ئیسـلامی، زۆربـەی ئەوانـەی لەتورکیـا تیـرۆر دەکـران ئەندامانـی ڕێکخـراوی موجاهدینـی خەلـق بـوون، بیرانـد دانـی بەوەدانـا تەنیـا پاش ڕووداوەکـەی مانگی مایس بوو کـە بۆی دەرکـەوت دەسـتو پێوەندەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی هەوڵیانـدەدا بەپشـتگیریو هاریکاریکردنـی لایەنگـرە توندڕەوە تورکـەکانو تیرۆریسـتانو مافیـاکان بـەلای خۆیانـدا ڕایانبکێشـن.[1]

بیرانـد پێشـنیاری کـرد تاکـە چارەسـەر بـۆ کونترۆڵـی هاتوچۆی بەکرێگیراوانی ئێران پێدانی ڤیزایە بە پەنابـەرە ئێرانییـەکان بـەڵام لایەنیتـری ئـەم مەسـەلەیە ئـەوە بـوو لەحاڵەتێکـی وادا ئێرانیـش بەهەمانشـێوە پرسـی پێدانـی

(١) حورییەت، ٢٩ی مایسی ٢٠٠٠

ڤیزای بە هاووڵاتیانی تورکیە دەهێنایە گۆڕێ، بەمەش هاتوچۆو گواستنەوەی شمەکی لە تورکیاوە بۆ کەنداو کەبەئێراندا تێدەپەڕی تووشی بەربەست دەکرد!

رۆژنامەیەکیتر کە توندتر لە دژی ئێران وەستابووەوە رۆژنامەی رادیکاڵ بوو، ئەم رۆژنامەیە نووسیبووی:» ئەنقەرە گرنگی نەداوە بەبوونی کەسانی گێرەشێوێنی سەر بەئێران لە وڵاتەکەی، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو زیاتر لە ۲۰۰ ئێرانی ناڕازیو پەنابەر لە تورکیا تیرۆر کراون بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە کە بەزەحمەت کراوە سەرچاوەو هاندەری ئەم تیرۆرانە ئێران بووە، رۆژنامەی رادیکاڵ لە درێژەی راپۆرتەکەیدا دەڵێ: ۸۳ ئێرانیی ناڕازی کە گەڕێندراونەتەوە ئێران حەکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنراوە! رۆژنامە کە وەک پرسیارێک دەپرسێ ئاخۆ تورکیا بۆچی ئەم پەنابەرانەی نەنارد بۆ ئەوروپا ؟«(۱)

بەڵام تورکیا لە بەرامبەر کوژرانی ئەو پەنابەرانەی دەیناردنەوە بۆ ئێرانو ئەوانەشیان لە تورکیا تیرۆر دەکران بێدەنگی هەڵبژاردبوو! ئایا مەبەستی تورکیا لەم کارە ئەو بوو لەبەرامبەردا ئێران پشتگیریی پ ک ک نەکات؟ بە ئاشکرابوونی زەنجیرە کوشتنە یەک لەدوای یەکەکان لە ساڵی ۲۰۰۰ ئایا تورکیا لەو باوەڕەدا بوو بەشکست پێهێنانی پ ک کو سەرهەڵدانی ململانێی

(۱) رادیکاڵ، ۲۹ی مایسی ۲۰۰۰

دەسەڵات لە ئێران دەتوانێ گوشار بخاتە سەر کابینەی خاتەمی بۆ ئەوەی کۆتایی بێنێت بەو یارمەتییانەی پێشکەشی پ ک ک یان دەکات؟

تاران ئەو تۆمەتانەی ئەجویت ئاراستەی وڵاتەکەی دەکرد ڕەتدەکردەوە، لە ١٨ی مایس کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئێران لەوەڵامی ئەجویتدا وتی:»لێدوانەکەی ئەجویت دەستوەردانە لەکاروباری ناوخۆیی ئێرانو ئەمەش قەبووڵکراو نییە« میدیاکانی ئێران نووسییان:» ئەجویت بەتایبەتی دەبێ ئەوە بزانێت پ ک ک دەرهاوێشەی جیاوازیی نەتەوەیی لەتورکیایە لەلایەکیتریشەوە گەشەی ئیسلامگەرایی لە تورکیا هیچ پەیوەندییەکی بە ئێرانەوە نییە، بەڕێز ئەجویت نابێ ملکەچی ناوەندە زایۆنییەکان بێت، بەڵگەو زانیاریی دەزگا فەرمییەکانی تورکیا دەریدەخات پاڵپشتو پاڵنەری ئەفکارو ئەندێشەی هەندێ ڕێکخراوی وەک حیزبوڵا خودی دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەن»[1]

لەیەکێک لە سەروتارەکانی تاران تایمز ئاماژە بەوە درابوو: ئێران تێناگات تورکیا لەبەرچی لەئاست ئەو تاوانانەی ٧ یان ١٠ساڵ پێش ئێستا ڕوویانداوە ئەوهەموو هەرایەی ناوەتەوە! تاران تایمز دەڵێ:» زۆرێک لەچاودێران لەوباوەڕەدان ئەو هەڵایەی تورکیا سەبارەت بە پەیوەندی ئێران لەگەڵ تیرۆرەکانەوە

---

(١) دەنگی کۆماری ئیسلامی ئیران، ١٨ی مایسی ٢٠٠٠،

بەهۆی گوشاری ئیسرائیلەوەیەو مەبەست لێی بەلاڕێدا بردنی سەرنجی وڵاتانی جیهانە لە دادگاییکردنی ئەو یەهودیانەی کە لەئێراندا گیراون‌و دانیان بە سیخوڕی ناوە بۆ ئیسرائیل».

«قەیرانی تیرۆر» نەتەنیا شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان ئێران‌و تورکیاو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیانی لێکەوتەوە بەڵکو کێشەشی بۆ سەرۆک کۆمار ئەحمەد نەجدەت سیزار نایەوە، لەیەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونیدا کاتێک سیزەر لەکۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا پرسیاری لێکرا:»ئایا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زانیاریانەی کە باس لەبەشداریی ئێران لەتیرۆرە یەک لەدوای یەکەکان دەکات دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە بەشداری کۆبوونەوەی ئیکۆ»ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری، » بکات کە بڕیارە لە ١٠ی جون لەتاران ببەسترێت ؟ نەجدەت سیزەر لەوەلامدا گوتی:»لەوە دەچێ نەڕۆم « ئەگەری بەشداریکردن یان نەکردنی سەرۆک کۆماری تورکیا لە دانیشتنەکانی ئیکۆ بە درێژایی مانگی مایس تا سەرەتای جون لەبەردەم نەگەرنەگەرو باس‌و خواستی میدیاکاندا بوو.زۆربەی سەرنووسەران‌و وتار نووسانی میدیا بەناو بانگەکانی تورکیا لەگەڵ بەشداری ئەحمەد نەجدەت سیزەر سەرۆک کۆماری تورکیا بوون لەو دانیشتنەدا، ئەم شرۆڤەکارانە لەپاساو هێنانەوە بۆ بۆچوونەکانیان دەیانگوت:

١. ئەمە یەکەمین سەردانی دەرەکی سەرۆک کۆمارەو نیشاندەری ئەوەیە تورکیا نایەوێ پەیوەندییە بەرفراوانەکانی نێوان دوو وڵات کێشەی تێبکەوێت
٢. ئەم دیدارە نە تەنیا دیدارێکی فەرمییە بەڵکو دیدارێکە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئیکۆ «رێکخراوی هاوکارییە ئابوورییەکان»
٣. لەم سەردانە سیزەر لەپۆستێکی نافەرمیی لەپێگەیەکدایە دەتوانێ بەڕاشکاوانە بەئێران بڵێت هەوڵدن بۆ برەودان بە تیرۆرو کوشتن لە تورکیا قەبووڵکراو نییە
٤. دۆخی پەیوەندییەکانی ئێران‌و تورکیا هەرچۆنێک بێت نەجدەت سیزەر دەتوانێ لەمیانەی ئەم کۆبوونەویەدا بەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی دێنە پێشەوە لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست‌و ئازەربایجان کۆ ببێتەوەو لەسەر مژارەکان بە تێرو تەسەلی قسە بکات کە هەر هەموویان لە ڕووی ستراتیژیکییەوە بۆ تورکیا گرنگن[1]
٥. سەرۆک کۆمار دەتوانێ بەسوود وەرگرتن لەدانیشتنەکانی ئیکۆ لەسیاسەتی وڵاتانی بەشدار و دەوڵەتی ئێران لەبەرامبەر روسیاو سەرۆک کۆماری نوێی ئەو وڵاتە ڤلادیمیر پۆتین کە دەیەوێ

(١) تاران تایمز، ٢١ی مایسی ٢٠٠٠

هێژمونی روسیا لەئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز بگەرێنێتەوە جۆرێک لەکۆدەنگیو هاوئاهەنگی دروست بکات

٦. بۆ نەجدەت سیزەر پیویستە مۆرو نیشانی سیاسەتی دەرەکی خۆی دیاری بکات واتە ئامانجەکانی دەست نیشان بکات و سیاسەتی خۆی لەسیاسەتی سلێمان دەمیریل کە رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە جیا بکاتەوە.

٧. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و وەزیری دەرەوە ئیسماعیل جەم هاوڕابوون لەگەڵ بەشداریکردنی سەرۆک کۆمار لە کۆبوونەوەی ئیکۆ.

٨. ئامادە بوونی ئەحمەد نەجدەت سیزاری سەرۆک کۆمار لەو دانیشتنەدا بەو واتایە دێت تورکیا تێدەگات خاتەمی و ریفۆرمخوازان دەسەڵاتو چاودێرییان بەسەر دامو دەزگا ئەمنیو زانیارییەکاندا نییە!و وەک دەگوترا ئەو دامو دەزگایانە یارمەتیدەری ئاژاوەگیڕان و گروپە تێکدەرەکانی ناو تورکیا بوون(١)

٩. ئەگەر سەرۆک نەجدەت سیزەر لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا کەسایەتی خۆی زیاتر لەکەسانی پێشخۆی لەوانە ئەجویت بەرجەستە

---

(١) حورییەت، ١٨ی مایسی ٢٠٠٠

نەکات ئەو کات وەک سەرۆک کۆمارێکی لاواز دەردەکەوێت.[1]

حسێن باگجی لەسەر وتاری «تی دی ئین» بەڕوونی دەڵێت: سیزەر دەبێ لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی وڵات لەکۆبوونەوەی ئیکۆ بەشدار بێت[2] هەر لەو کاتەوە کە میدیاکان لەسەر بەشداریکردن یان نەکردنی سەرۆک نەجدەت سیزەر لەمشتومڕدا بوون‌و لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانیان هەڵدەسەنگاند، لەکۆتایی مانگی مایس راگەیێنرا: تورکیاو ئێران لەسەر هەندێ خاڵی هاوبەش رێککەوتوون کە بەپێی ئەو رێککەوتنانە باجی گومرگەکانیان لەدەروازە سنوورەکانیاندا کەم کردۆتەوەو بڕیاریانداوە دروازە سنوورییە گرنگەکانی وەک «قەرەبۆلاغ»و بازرگان بیست‌وچوار سەعاتە کراوە بن ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر هەردوولا بەتەمابوون بۆ کەمکردنەوەی قاچاخ لەنێوان سنوورەکاندا باجی گومرگ نەمێنێت‌و هاوکاری‌و ئاسانکاریی زیاتر لەنێوان بانکەکانی هەردوو وڵات بکرێت، هەروەها هەوڵ بدەن هاوکارییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئیکۆ بکەن بە بازاری هاوبەش»ئۆرتێک پازار».[3]

ئەم رێککەوتنە لەمیانەی سەردانی «کورساد

(١) حورییەت، سیدات ئەرگین، ٢١ی مایسی٢٠٠٠
(٢) TDN، ١ی جولای ٢٠٠٠
(٣) حورییەت، ٢١ی مایسی ٢٠٠٠

تۆزمێـن» وەزیـری بازرگانیـی تورکیـا بـۆ تـاران هاتـە بەرهـەم کـە بەیـاوەری ١٢٠ بازرگانـی ناسـراوی تورکیـا سـەردانی تارانـی کـرد.(١)

تۆزمێـن رایگەیانـد: تورکیـا سـەرەڕای ئاشـکرابوونی سـەرچاوەکانی تیـرۆر، سـوورە لەسـەر بەردەوامیـدان بـە پەیوەندیـی گرنگـی خـۆی لەگـەڵ ئێـران، لەبەرامبـە ئـەو لێدوانـە هاوتـا ئێرانییەکـەی واتـە رەزا شـەفێعی وتـی:» تورکیا نابێ کابینـەی نـوێ وەک کابینـەی پێشـوو»کابینەی رەفسـەنجانی» چـاو لێبکات! سـەرۆک خاتەمـی بەرپرسـی میراتـی ڕابـردوو نییـەو بەڵکـو ئێمـە دەمانـەوێ لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە پەیوەندییەکانمـان هەڵدەینـەوە.(٢)

بەیاننامـەی جـون لەسـەر بەشـداری نەکردنـی نەجـدەت سـیزەر لەکۆبوونـەوەی ئیکـۆ لەتـاران بـووە هـۆی سـەرنجو تێڕامانـی میدیاکانـی تورکیـا، هـۆکاری ئـەم بەیاننامەیـە کوژرانـی کەسـایەتییە بەرجەسـتەکانی تورکیـا نەبـوو بەڵکـو ڕووداوێکـی نـوێ بـوو کـە باسـی لـەوە دەکـرد ئەحمـەد بێهبەهانـی رێکخـەری کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی ئیـران لـە دەرەوەو لـە نـاوەوەی ئێـران لـە سـەردەمی رەفسـەنجانیدا خـۆی بـە میتـی تورکیـا ناسـاندووەو داوای داڵدەدانـی کـردووە، ناوبـراو دانـی بـەوەدا نابـوو سـالی ١٩٨٩بەشـدار بـووە لـە کوشـتنی

---

(١) TDN، ١ی جولای ٢٠٠٠

(٢) حورییەت، ٣٠ی مایسی ٢٠٠٠

دکتۆر قاسملۆ سرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەنای ئۆتریش(نەمسا). [1]

میدیاکانی تورکیا دەیانگوت: بێهبەهانی بۆ ماوەیەک لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا هاوکاری کردووەو بە یارمەتی ئەو زۆرێک لەبکەرانی کارە تیرۆریستییەکانی تورکیا دەستگیر کراون، دەوترا بێهبەهانی وردەکاری زۆری لەسەر حزبەکانو چالاکیی گروپەنهێنییەکانی کورد کە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە لەتورکیا هەیەو هەموو ئەو نهێنیانە ئاشکرا دەکات.[2]

لە بەرامبەردا ئێران بێهبەهانی بە کەسێکی قۆڵبڕو تاوانبارو ئەندامی موجاهدینی خەلق ناو دەبرد.[3]

لە ناوەڕاستی جون دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا و «SIA» رایانگەیاند: بێهبەهانی کەسێکی زۆرزانو فێڵبازە! لە٥ی جون دەوڵەتی ئێران، حسێن عادلی جێگری وەزارەتی دەرەوەی ڕەوانەی ئەنقەرە کرد بۆ ئەوەی داوا لە نەجدەت سیزەر بکات لەکۆبوونەوەی ئیکۆ بەشداری بکات، بەڵام وەک وتمان لە ٧ی جون سیزەر بڕیاریدابوو لەو دانیشتنەکانی ئیکۆ ئامادە نەبێت، بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵای تورکیە لەو کونفرانسو ڕێککەوتنانەی پێش دانیشتنی

(١) بێهبەهانی، ٤ی جولای ٢٠٠٠
(٢) کوردیش میدیا، ٥ی جولای ٢٠٠٠
(٣) ئەسۆشێتێد پرێس، ٩ی جولای ٢٠٠٠

سەرانی ئیکۆ لەلایەن بەشداربووانەوە ئیمزا کران وەک چۆن سیاسەتمەدران‌و رۆژنامەنووسانی تورکیاپێشتر ئاماژەیان پێدا:»دەربڕی ئەوە بوو پەیوەندییەکانی ئێران‌و تورکیا کەوتۆتە سەر سکەو رێڕەوی ئاسایی بوونەوەو بەشدارینەکردنی نەجدەت لەنمایشێک زیاتر هیچیتر نەبووە.

تا کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە ڕوون نەبوو ڕووداوەکانی ئەم دواییە چ کاریگەرییەکیان لەسەر دۆخی پەیوەندییەکانی ئێران‌و تورکیا دەبێت بەڵام ئاشکرابوو قەیرانی» کوشتن‌و تیرۆر» تورکیا لە بەرامبەر ئێراندا بەهێزتر کردووە بۆ ئەوەی بەبیانووی پەیوەندی ئێران بەو کوشتنانەوە گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتەو لە پشتگیریی پ ک ک چ لەئێران‌و چ لەسوریا یان تەنانەت ئەوروپا بکشێتەوە، هەروەها ئەم قەیرانە ناکۆکی‌و ململانێیەکانی نێوان ریفۆرمخوازان‌و گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئێران زیاتر کرد، گومانیش لەوەدا نییە تورکیا بەسوود وەرگرتن لەم دەرفەتە، کارتی تیرۆرە یەک لەدوای یەکەکان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی زیاتری ئیسلامگەرایی بەکار دەبات.

## ئەنجامگیری

سـەرەڕای مەترسـیداربوونی شەشـەمین‌و دواییـن قەیـران لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـران‌و تورکیـا وەک لـەم نووسـینەدا ڕوونکرایـەوە ئەگـەری زۆرە ئـەم دوو وڵاتـە ئـەم قەیرانـەش وەک قەیرانەکانـی پێشـوو تێپەڕێنـن، قەیرانـی شەشـەم کـە لـە ١٩٩٧-٢٠٠٠ بـەردەوام بـوو دەریخسـت تورکیـا لەئەنجامـی قەیرانەکانـی پێشـوو لـە دۆخ‌و پێگـەی بەهێزتردایـەو توانیویەتـی ئـەم قەیرانانـە بەقازانجـی بەهێزکردنـی پێگـەی جیۆپۆلیتیکـی خـۆی بەرامبـەر بـە ئێـران بشـکێنێتەوەو پ ک کو گروپـە کوردی‌و ئیسـلامییەکانی پێ لاواز بکات! لـە٢٨ی فیبریـوەر وادەرکـەوت پلانـی سـپای تورکیـا بـۆ سـەرکوتکردنی ئیسـلامگەراکان‌و کۆتایـی هێنـان بـە پ ک ک تاجـولای ٢٠٠٠ سـەرکەوتوو بێـت! لێدوانەکانـی رەجـەب تەیـب ئەردۆگانیـش ئـەم بۆچوونـەی زیاتـر پشتڕاسـت دەکردەوە کاتێـک لـە گەرمـەی ئاشـکراکردنی قەتڵـە زەنجیرەییـەکان‌و لەمیانـەی پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانـی حیزبـی تەقـوا بـۆ دانانـی رێبـەری نوێـی ئـەو حیزبـە گوتی:»حیزبـی تەقـوا لەمـەودوا بـۆ بەرزکردنـەوەی هۆشـیاریی گـەل‌و تێگەیشـتنیان لـەوەی ئاخـۆ بەرژەوەنـدی ڕاسـتەقینەیان

کامەیە ئامرازی ئایینی بەکار نابات»[1]

لەلایەکی دیکەوە پ ک ک پاش دەست بەسەر بوونی عەبدوڵا ئۆجالان لە فیبریوەری ١٩٩٩ چیتر ئەو کاراییەی بۆ ئێران نەبوو، لەکاتێکدا تورکیا هێزو توانا سەربازیوئەمنیو پۆلیسییەکانی لەئاست ئیسلامگەرایانو ناسیۆنالیستە کوردییەکان بەهێزتر دەبوو، بەڵام دەوڵەتی ئێران بەردەوام لەبەردەم ناکۆکیو ململانییە ناوخۆییەکان بوو، سەرۆک خاتەمی لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەئاگۆستی ١٩٩٧تا ناوەڕاستی هاوینی ٢٠٠٠ هێشتا نەیتوانیبوو هێزەسەربازیو ئەمنییەکانو سیستمی دادوەریی وڵات بخاتە ژێرکونترۆڵی خۆی، ئەم داموو دەزگایانە بەرپرسی هەموو ئەو ڕووداوانە بوون کە لەدروستکردنی قەیران لەپەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی ئێرانو تورکیادا دەوریان دەگێڕا.

جێگای سەرنجو سەرسوڕمان بوو لەپرسی دەخیل بوونی ئێران لەو شەش قەیرانەی ئاماژەیان پێکرا ئەم قەیرانانە کاری دەوڵەتمەدارە کەمالیستییەکانی تورکیای بۆ بەدەست هێنانی کارتی فشار بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەی بزوتنەوەی کوردو ئیسلامگەرایان ئاسانتر کرد. ئێران هۆکارێک بوو بۆ لاوازبوونی ئەم دوو کارتی فشارە واتە پ ک کو ئیسلامگەرایان کە

(١) حورییەت، ١٥ی مایسی ٢٠٠٠

کەمالیستەکانو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تورکیای بەرەو ڕووی کێشە کردبووەوە، تاران بەلاوازکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی تورکیا کە لەئامانجو سیاسەتی دوورمەودا لێک نزیک بوون یارمەتی تورکیای دا ئەمەش دوو هۆکاری هەبوو:

-یەکەم ئەوەی تورکیا بەهۆی ناتوانایی لە دروستکردنی سیستمێکی دروست بەمەبەستی باڵادەستی لەکاروباری سیاسی نەیدەتوانی خۆی بە بەهێزی دەربخاتو لەلایەکیتریشەوە لەبەر لاوازی پێگەی سیاسی نەیدەویست بەپشتگیریکردنی بۆ بزوتنەوەی کوردیو دژ بەکەمالیستی تورکیە بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیژییەکانی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز بەخاتە مەترسییەوە.تورکیا بەو ئۆمیدەوە کە تاران چیتر بەهۆی پشتگیریی جیدی لەبزوتنەوەی کوردییو ئیسلامگەرایان، دەست ناخاتە ناو کاروباری تاوخۆیی وڵاتەکەی بۆیە ئامادە بوو لەگەڵ ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی ئێران هاوکاری بکات. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەنقەرە نەیدەویست ئێران سیاسەتێک پەیرەو بکات کە ڕێگر بێت لەبەردەم دەست پێڕاگەیشتنی تورکیا بە سەرچاوەکانی وزەو بازاڕەکانی ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز، هەردوو وڵات بەختی ئەوەیان لەبەردەمدا بوو بتوانن بەشێکی زۆر لەناکۆکییە جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیژییەکانی خۆیان

لەباكووری عیراق چارەسەر بكەن.[1]

ئەم لێكۆڵینەوە بوونی سیاسەتی»هاوسەنگی گشتگیر»وەک باشترین تیۆریی بۆخستنەڕووی سیاسەتی دەرەكی توركیاو ئێران دەسەلمێنێت، بۆیە دەكرێ بەو واتایە لەسیاسەتی»هاوسەنگی گشتگیر»تێبگەیت كە سێ تیۆریی پەیوەست بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی لەخۆ گرتووە لەوانە:» هۆكاری مەعقول، هۆكاری نامەعقول، كۆكردنەوەی سەرمایە «لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سێ تیۆرە ناسێنەری سێ هۆكاری هەمیشەیین كەبۆیان هەیە سیاسەتیان لەسەر بونیات بنرێت لەوانە: سیاسەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی كەئاكامی جیۆپۆلیتیكو هەڕەشەی دەرەكیە، ٢-سیاسەتی ناوخۆییو زەرورەتە ئایدیۆلۆژییەكان كە بۆ سەلماندنی مەشروعییەتی رژێم لەناوخۆدا پێویستە، ٣-سیاسەتی پێویستییە ئابوورییەكان.

دوو بەرگریكاری ئەم ئێۆرییە واتە ئەنەوشیروان ئیحتیشامیو ریمۆند هێنس بوش دەڵێن:» لە هەر سیستمو لەهەر كاتێكی دیاریكراودا بوونی هەڕەشە لەسەر هەریەک لەم فاكتەرانە دەتوانێ لێكدانەوەی بڕیاردەران بخاتە ژێر كاریگەریی خۆیەوەو بەسەریدا زاڵ بێت هەرچەند لە كۆتاییدا گرنگی نەدان بە هەریەک لەو خاڵانە سەقامگیریی سیستم تووشی مەترسی

(١) رۆبێرت ئۆڵسۆن، پرسی كورد، ل ٧٦-٨٧

دەکات. [1]


ئـەم لێکۆڵینـەوە ڕاسـتی ئـەم ئیدیعایـە دەسـەلمێنێتو تیۆریسییەنەکانیشـیان پێیانوایـە: ئەندێشـەی» هاوسـەنگی گشـتگیر»بۆی هەیـە بەجۆرێـک بەرفـراوانو گەشـەی پێبـدەی کـە مەکتەبـی عەقڵگەرایی(نیۆریالیـزم) نەتەنیـا وەک چەمکـی هەڕەشـەی ئەمنـی ناوخۆیـی یـان دەرەکـی سـوودی لـێ ببینێـت بەڵکـو کۆکردنـەوەی سـەرمایەو زەرورەتـی دەسـت پێڕاگەیشـتن بـە ڕانـت (مشـەخۆری) لەخـۆ بگرێـت.

لەوەتـا هەلومەرجـی پێویسـت بـۆ دروسـتبوونی دەوڵـەت لەوانەیە لـە دۆخێکی تایبەتدا نەگونجـاو و ناتەبا بێـتو هیـچ سیاسـەتێکیش بەتەواوەتـیو بـێ کەموکـوڕی گشـتگیر نەبێـت بۆیـە ئامانجـی کۆتایـی عەقـڵ بـاوەڕی هێـزو توانایەتـی لەدەسـتبردن بـۆ زەنجیرەیـەک ( Trade–off بڕیـاری پێویسـتو پێشـوەخت بەلەبـەر چاوگرتنی دۆخ و چۆنیەتـی مەترسـییەکان)

نیگەرانییـە جیۆپۆلیتیـکو جیۆسـتراتیژییەکانی تورکیـا لەدەیـەی ١٩٩٩٠و سـەرەتای ٢٠٠٠ ئاشـکرا لەگـەڵ پێویسـتییە ئابوورییەکانـی هـەردوو وڵات گرێـدراون، ئـەم پێویسـتییە ئابوورییانـە هـەردوو وڵاتـی ناچـار کـردووە لـە بـواری جیۆپۆلیتیکو جیۆسـتراتیژیکدا لێک نزیک ببنـەوەو پێکـەوە بسـازێن، لەیارمەتیدانـی نەیارانـی یەکتـر لەوانـە

(١) ئیحتیشامی– هینس بوش، سوریەو ئیران، ل ٥–٧و ١٩٨

کوردەکان‌و ئیسلامگەرایان خۆ بوێرن، بۆ ئەوەی مەترسییەکی دەرەکی نەبێتە هەڕەشە لەسەریان، ئەگەر ئەم وڵاتانە نەتواننبەشێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ئەم کێشەو گرفتانە بەرەوڕوو ببنەوە دۆخو پێگەیان وەک هێزێکی مامناوەند لاواز دەبێت، بۆیە لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ئەو شەش قەیرانەی کە لەم تەوەرەدا باسیان لەسەر کرا زیاتر بەرژەوەندی ئێرانیان لاواز کردووە تا بەرژەوەندی تورکیا.



## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

### بەرهەمە چاپکراوەکان :

١. حــــەوت وتار دەربــارەی وەرگێـــڕان، ن- کـــــورش سەفـــەری، خــــانـــەی وەرگیران - ٢٠٠٥
٢. گرنـگی کـورد و کوردسـتان... ، چاپخانـەی روون، مەنسـور مەخـدووم
٣. ئایین، زمان و رەچەڵەکی کورد، ٢٠٠٨ ن-حشـمەتوڵا تەبیی، چاپ و بلاوکردنەوەی سلیمانی- ٢٠٠٨
٤. بـڕی گەندەڵـی، چـاپ _مەکتەبـی بیـرو هۆشـیاری ٢٠٠٦-عەلـی رەبیعـی.
٥. ئـا، سوسـیالیزم چەپـی نـوێ- چـاپو بلاوکردنـەوەی سـلیمانی-٢٠٠٧
٦. چەپکـە گوڵێکـی رەنگاڵـە، نامیلکـە شـیعر، مەڵبەنـدی رۆشـنبیری هەورامـان
٧. نـزای بەرخـەکان، چـاپ ,بڵاوکردنـەوەی سـلیمانی، رەزا قاسـمی،
٨. بارگـە (لێکۆڵینەوەیـەک لەسـەر ئەدەبوهونـەری گۆران(ماچـۆ- هەورامـی)، چـاپ و بـڵاو کردنـەوەی

سلێمانی - ٢٠١٢
٩. ئا، پێشینەو ئێستای دیاردەی پان تورکیزم، بەهرام میر ئەحمەدیان، چاپ- ئاکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ٢٠١٤
١٠.مێژوی هاوچەرخی ئێران (بیرەوەرییەکانی ئەفسەرێکی کورد – مەحمود ئیرانپەنا)ن چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٨
١١. شۆرشی رۆژئاوا چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٩
١٢. فەرهەنگی هەورامی – سۆرانی لهۆن، چاپی سلیمانی – بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلیمانی ٢٠١٩
١٣. توحفەی ناسری، میرزا شوکرولا سنندجی، چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٢١